

بڵقوكەف

يەك دوو

گومانی سەلەف






ماموستا کرێکار

له بڵاوکراوەکانی: پێگەی فەرمیی ماموستا کرێکار

www.Krekar.co

بڵق و کەفی

یەک دوو

گومانی سەلەفی

ناوی کتێب: بڵق و کەفی یەک دوو گومانی سەلەفی
نووسینی: محمد بوننێت
وەرگێڕان و لەسەر نووسینی: ماموستا کرێکار
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: پێگەی فەرمیی ماموستا کرێکار
نۆبەتی چاپ: سێیەم- ١٤٤٧ك / ٢٠٢٥ز








بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ



بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ ونَسْـتَعينُهُ ونَسْـتَغْفَرُهُ، ونَعوذُ بالله منْ شُرور أنْفُسـنا ومنْ سَـيِّئات أعْمالنا، مَنْ يَهْـده اللهُ فَلا مُضـلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلـلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْـهَدُ أَنْ لا الَهَ إلا اللهُ وأشَـهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُـولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴾ النسـاء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا * يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ الاحـزاب: ٧٠-٧١

أمَّـا بعدُ: فـإنَّ أصْدَقَ الحَديـث كتابُ اللـه، وخَيرَ الهَدي هَـدْيُ محمد صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وشَرَّ الامُـورِ مُحْدَثاتُهـا، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَـةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالـةٍ في النَّارِ.

پێشکەشە:





بەو موسوڵمانە زیتەی
دین و بەرەو مافی سەلەف
لە دید و بەڕەو لافی مەدخەلیزم
جوێ دەکاتەوە...





کرێکار

ئەم کتێبە:

ساڵی ٢٠٠٤ بوو لە ماڵی برایەکی جەزائیری لە ئۆسلۆ کتێبێکم بە ناوی (كشف الشبهات .. عقيدة السلفين في ميزان أهل السنة و الجماعة) بینی، لەو کاتەی من سەیرێکی سەرپێیم دەکرد، خاوەن ماڵەکە وتی: نوسەری ئەم کتێبە محمد بوننێتە، نوسەرێکی ئیسلامیی تازە پێگەیشتوو و دەرکەوتووە، بەڵام بە داخەوە پار لەژێر ئەشکەنجەی جەللادانی وڵاتی مەغریبدا شەهید بووە. دوایيش کتێبەکەی پێشکەش کردم.. کتێبەکە لە ناوەڕۆکیدا بەو هەموو بەڵگانەی پشتی پێ بەستوون دەوڵەمەند بوو، بەڵام لە ڕووی ڕێکخستن و چاپکردنیەوە سەرەتایی و زۆر نارێک بوو..

دواتر زانیم کە نوسەرەکە مامۆستای زانکۆیەو دکتۆرای لە (ئیبنوحەزمی زاهیریی)دا هێناوەو ناسراوێکی ڕەوتی سەلەفیی جیهادییەو ئەم کتێبەش چاپێکی تری جوانتر کراوەتەوەو بە ناوی (عقيدة أدعياء السلفية في ميزان أهل السنة و الجماعة) بڵاو بۆتەوە، بینیم کە ئەبو محمدی مەقدیسی پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیووە..

لە ٢٠٠٤ - ٢٠٠٩ کە گۆڤاری دووربینمان لە نەرویج دەر دەکرد، مەلا عومەری مۆکەبەیی هەندێک بابەتی لەو کتێبە دەرهێناو بە ناوی (گەڕەلاوژێی سەلەفییەکان) کردی بە چەندین مەقالەیەک بۆ دووربین لەوێدا وەکو بابەتێکی موناقەشە بڵاو کرانەوە، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوەشدا کە دەقە ئەسڵی کتێبەکەی هەموو وەرگێڕدرابوو، بەڵام تانەو تەشەری خۆی بە شێوازێکی ئەدەبی خستبووە سەر، من نوسینەکەی ئەوم بۆ لێک جوێ نەکرایەوەو بۆیە وەک خۆی بە ناوی (چەند هەڵوێستەیەک) دامنایەوە..

دواتر بەداخەوە مەلا عومەر هەر لە پێشەکییەکەیەوە وازی لە وەرگێڕانی کتێبەکە هێناو، ئەو ئەرکەش کەوتە سەر من..

منیش پار (٢٠٠٩) کە بیستم وا کۆمەڵێک سەلەفیی ناحاڵی لە دین و سیاسەت لە کوردستان کەوتوونەتە شۆق هەڵدان لە ئەهلی ئیسلام و دیدی مورجیئەیەتی خۆیان کردۆتە دینی خوا، گەڕامەوە سەر کتێبەکەی بونێتی ڕەحمەتی و هەموویم کردە کوردی.. بەو هیوایەی سوودێک بە ڕەوتەوان و هاوبیرانمان بگەیێنێت بە تایبەتی لەم کاتەدا کە ڕووەو ڕووی ئەو سەلەفییە داماوانە بوونەتەوە.

کەوابوو ئەو بابەتەی بە ناوی (چەند هەڵوێستەیەک) لێرەدا دەبینرێت هەر نوسینی دانەرەکەیە بەڵام لە داڕشتنەوە کوردیەکەیدا بە شێوازێکی تانەو تەوس نیشاندراوەتەوە.. ئەمما بابەتەکانی دوو بەشی (پێناسەی باوەڕ) و (پێناسەی کوفر) هەر نوسینەکەی محمد بونێتی مەراکیشییەو وەکو خۆی کراوە بە کوردی..

لەبەر ئەوەی باسەکانی بوونێتی ڕەحمەتی دووردورێژ بوون، ناچار بووم بەش بەشیان بکەم و ناونیشانی تریان بۆ دابنێم، بۆ نموونە پێشەکییەکەی خۆی کە بە یەک ناونیشان نوسیبووی؛ بۆتە چوار هەڵوێستە، پێناسەی باوەڕ کە بۆتە بەندی یەکەم، هەر هەمووی بە یەک ناونیشان نووسیبوو، خوێنەر لە بەردەوامبوون و تەواوکردنی سارد دەبۆوە، بۆیە ئەویشم کردووە بە چوار باس.. هەروەها پێناسەی کوفرو وەڵامدانەوەی گومانەکان..

هەروەها زۆر لە پەراوێزەکان کە نووسەر بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەندێک بابەت کردبوونی، دووردورێژ بوون، پەراوێزی وا هەبوو پەڕەو نیوێک بوو، حەتمەن بە کوردییەکەی زیاتر لە سێ لاپەڕە دەردەچوو، دیتم جیاوازییەکی وایان لەگەڵ دەقەکە نییە، لەبەر ئەوەی هەردووکیشیان بۆچوونی کەسێکن، بە باشم نەزانی وا لێک دوور بن. بۆیە زۆرینەیانم لە کوردییەکەدا کردەوە بە دەقی کتێبەکە.

کتێبەکە زیاتر لە سەد زاراوەو ناوی زانایانی سەلەفی تێدایە، نەدەکرا بۆ کتێبێکی وا بچووک هەموویان بناسێنم، نەشدەکرا وازیان

لێ بهێنم بە تایبەتی زاراوەکان، بۆیە هەوڵمداوە ئەوەی بە زەڕووریم زانیووە، پێناسەیەک یان شەرحێکی کورتی بۆ بکەم.

ئەم کتێبە هەرچەندە ناونیشانەکەی هەزەلییانەیە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی زۆر زانستییانەیەو بە پێی دیدو بۆچوونی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەو وردەکارانە پێناسە سەقەتەکەی مورجیئەکان و (مەدخەلی و سەلەفییەکانی بەر سێبەری حاکمەکانی ئەمڕۆ) بۆ باوەڕ ڕەت دەکاتەوە..

ئەوەی بۆ شێخی ئەلبانی نووسراوە (ڕەحمەتی) یان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەوە من نوسیوومە چونکە ئەو کاتی نوسەر ئەم کتێبەی نوسیووە ئەلبانی ڕەحمەتیی مەزن لە ژیاندا مابوو..

خوا پاداشتی نوسەرو وەرگێڕو بڵاوکاری بداتەوەو هەروەها ئەو کەسەی کە بە دەرس دەیڵێتەوەو لێی بڵاو دەکاتەوە، ئامین..

*** ... *** ... ***

ڕێڕەوی باس

کرێکار

هەمـــوو موســـوڵمانێکی پابەند بە ئیســـلامەکەیەوەو زۆر لە کەسـانی تریش وشەی سـەلەفییان بیستووەو دەیبیستن و شـتێکی هەر لێ دەزانن.. هەر نەبێ نەبێ ئـەوە دەزانن کە سـەلەفی؛ ئەو گەنجە موسـوڵمانانەن کە بایەخ بە یەکخواپەرسـتی دەدەن و دژی شـیرکن و ناهێڵن خەڵک هاوار بۆ شێخ و مشـایەخ و شـەخس و مەرقەدەکان ببەن. هەروەها بایەخیان زۆر بە پابەنـد بوونە بە حەدیس و سـوننەتی پاکی پێغەمبـەرەوە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆیە لە ڕواڵەتیانـدا نوێژیان وەک هی ئەوەو ـ گەر دەسـەڵاتدارە تاغووتەکانیش لێیـان گەڕێن ـ ڕیشـی درێـژ دەهێڵنەوەو سـیواک بـەکار دەهێنن و لە ئەحکامی شەرعیشـدا شـوێن مەزهەبێکـی دیاری کراو ناکـەون.. ئەوی لە نزیکیشـەوە دەیانناسـێت دەزانێت ئەمانە لەسـەر ڕاو بۆچوونی زانایانی پایەبـەرزی ئەم سـەردەمەن وەکو شـێخ محمد ناسروددینـی ئەلبانی و بن بـاز ـ ڕحمەتیان لـێ بێت ـ و زانایانی سـەلەفیی تر.

ناوی سـەلەفێتی لە وشـەی سـەلەفەوە هاتووە کە بە مانای پێشـینە، بۆیە دەبینیـت هەندێک لە سـەلەفییە کوردەکانی سـلێمانی و هەندێک لە کەلار و بادینان وشـەی پێشـینیان بۆ خۆیان و پێناسـەی ڕێباز و بەرنامەو کەسـایەتییەکانی خۆیان بـە کار دەهێنا.. ئەمە لـە ڕووی زمانەوانییەوەیە، بـەڵام لـە ڕووی زاراوەوە سـەلەفی بەو کەسـە دەڵێن کە لەسـەر ڕێباز و بەرنامەی سـەلەف دەڕوات کـە بریتین لـە ئەسـحابەکانی پێغەمبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و تابعیـن (واتە نـەوەی دوای ئەوان) و تابیعـی تابیعین (واتە نەوەی سـێهەمی دوای پێغەمبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەکو چـوار ئیمامەکەی ئەهلی سـوننەت و ئیمامی ئەوزاعی و مەکحول و قەتادە و هەردوو سـوفیانەکە و عەتائی کـوڕی ئەبو ڕەبـاح و ..) هەروەها ئەوانەش کە لە سـەردەمەکانی تردا لەسـەر بەرنامەی ئـەوان ڕۆیشـتوون وەکو ئیمامی ئیـبن تەیمییەو ئیبنـول قەییم و ئیبنـو ڕەجەب و ئیبنـو کەثیر و هتد... چونکـە پێغەمبەر

صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەتحەی یاوەرانی خۆی و دوو نەوەی دواتریشیانی فەرموو کە یەکسەر بە دوایاندا دێن، بە حەدیسی خیر القرون کە دەفەرمووێ: (خَيرُ النَّاسِ قَرْنِي ثُمَّ الذينَ يَلونَهُمْ ثُمَّ الذينَ يَلُونَهُمْ) الالباني / الصحيحة ژمارە ٦٩٩.

بەڵام ئەم وشەیە ـ وەکو هەر وشەیەکی تر کە لە قورئان و سوننەتدا بۆ ئەو مەبەستە بەکار نەهاتبێت ـ ئیختیلافاتێکی زۆری لەسەر دروست بووەو سەلەفییەکانی لانی کەم کردۆتە چوار بەش، هەر بەشێکیان دەڵێ: لەسەر ڕیوایەتی خەتەکەی ئیبنو مەسعودم! هەر یەک دەڵێ: سەلەفی هەر خۆمم بەڵێ، کە من هاتم ئەتو هەڵێ! کەس نازانێت ئەمیان بەچی چۆتە لوتکە؟! ئەدی ئەویان بۆچی کەرە؟ ئەوی ئەولاشیان توتکە؟! سەدانیان هەن هەر بۆ جووتن، هەزارانیش لە لای موخابەرات جووتن..

بەڕاست ئاوان، بۆیە کەوتوونە ناو ناوان.. بۆیە سەلەفێتیی سەردەم بۆتە هەورو هەڵاو و تەم.. لە هەموو ڕەوت و بزاڤێکی تر هەڵوەشاوترو گەڕەلاوژێترە.

بە هەرحاڵ بۆ خۆم زۆرم لێ پرسیوون، لێک جوداو دوورم ناسیوون، بۆیە وەکو ڕێبازو دید لە چوار خانانەم پەستیوون: سەلەفیی حەق، سەلەفیی زەق، سەلەفیی دەق، سەلەفیی لەق..

١ـ **سەلەفیی حەق:** ئەوانەن کە باوەڕیان وایە کە پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە وەسفی (الطائفة المنصورة)ی کردووە بەرنامەو کارکردنەکەشی دیاری کردووە. ئەمانە باوەڕیان بە سەلەفێتی جیهادی هەیە. لەسەر سیرەی عبداللەی کوڕی موبارەک دەڕۆن و باوەڕیان وایە گێڕانەوەی حوکمی دین بێ جیهاد ناکرێت.. لەمانەش: شێخ حمود العقلاء و ئیبن جەبرین و عبدالله عزام ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، هەروەها عومەر عبدالرحمن و فیزازی مەغریبی و دکتۆر عبدالقادر عبدالعزیزو شێخ علی بن الحاج فكّ الله اسرهم..

٢ـ سەلەفیی زەق: باوەڕیان وایە کە دەبێت سەلەفییەکانیش وەکو ئیخوان و ئەوانی تر ڕێکخراوی سیاسییان هەبێت و بەشداری ژیانی سیاسی و گۆڕانکاری دەستوور بکەن. ئەمانە ئەوانەن کە دەچنە هەڵبژاردنە سیاسییەکانی وڵاتانیانەوە. وەکو سەلەفییەکانی کوەیت و پاکستان و سودان و ناوداریشیان ئیحسان ئیلاهی زەهیری ڕەحمەتی و شێخ عبدالرحمن عبدالخالقی کوەیتە..

٣ـ سەلەفیی دەق: ئەو زاناو تالیب عیلمانەن کە بایەخ هێندە بە سیاسەت و گۆڕانکاری و شەڕەپاڵی سیاسەت نادەن: هەر خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەو عیلمە شەرعیانەن کە زەرەری بۆ حکومەتەکان نییە. وەک هەندێک لایەنی تەوحید و زانیاری حەدیس و توێژینەوەی کتێبی زانایانی کۆن. باوەڕیشیان وایە کە پەروەردە کردن بەسە بۆ هێنانەوەی حوکمی شەرع! لەوانەش شێخی ئەلبانی و بن بازو بن عوسێمین ـ رحمهم الله ـ وزانایانی تری سعودیە و شێخ بدیع الدین سندی پاکستان و شێخ موقبیل الوادیعی یەمەن و هتد... لە ڕاستیدا ئەمانە خۆیان دوو پۆلی تێک ئاڵاون: پۆلێکیان چاک حەق دەناسێت و چاکیش دەزانێت عەقیدەی سەلەف چییەو چی داوا دەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی هەر دوانزە عیلمەکەی کۆنە و هیچ لە واقیعی ئەم زەمانە ئاڵۆزە نازانێت، خپە. ئەوەی تریش زۆر لێزانەو قڕو قەپە، خۆی لێ مت کردووە! نەبادا حکومەتێک تووڕە کات!

٤ـ سەلەفیی لەق: ئەمانە کە مەدخەلی و جامیشیان پێ دەڵێن ئەوانەن کە موخابەراتی وڵاتان بە تایبەتی هی سعودیە (ڕاستەوخۆ) و ئەمریکی (لاوەکیانە) قابیلیەتی ئیستیعماری تێدا ڕواندوون و جەنجەڕی لێبەستوون. لە ڕاستیدا ئەمانە باڵی (دینداری!) موخابەراتی هەموو حکومەتێکن! دژی هەر هەموو کۆمەڵە ئیسلامییەکانن. ئەمانە هەر کۆمەڵێکی خواریان دیبێت یان بیستبێت سیفەتە دزێوەکەیان لێ وەرگرتووە! بۆ نموونە:

- لە غولاتی مورجیئە (مُسَمَّى الايمان).
- لە جەهمیە (مُسَمَّى الکفر).
- لە قادیانی (پەک خستنی جیهاد).
- لە ئەحباش (زمان درێژی).
- لە ئیخوان (تەعەسووبی حیزبی).
- لە زانایانی ڕەسمی حکومەتان (جوێ کردنەوەی دین لە دەوڵەت).

مەلای مەشـــهووری ئەمانە، عبدالموحســـين عوبێكانـــە.. ئیمامی ئەوحەدی دەورەو موستەشـــاری هـــەرە گـــەورەو ئـــەوەی بۆتـــە خـــاوەن پـــاوەن، ڕەبیع بـــن هـــادی المدخلیە..

ئەم کتێبە وەڵامێکی زانســـتیانەی (ســـەلەفی دەق) دەداتـــەوە، ئەدەب و ڕەفتاری خۆشـــیان لەگەڵیاندا ڕەچـــاو دەکات. موناقەشـــەکە زیاتر لەگەڵ (شـــیوخ)ی ئەم تەوژمە ســـەلەفییەیە بە تایبەتی شـــێخی ئەلبانی ڕەحمەتی و محمـــد ئیبراهیم شـــەقرەی ئـــەردەن و (عەلیلی حەلەبی) عەلی حەســـەن عەلـــی ئەلحەلەبـــی و هێندێکـــی تریان.. جا بـــۆ ئەوەی خوێنەر ســـوود لە ڕای جوێـــی زانایـــان وەرگرێـــت، ڕا پێچەوانەکانیشـــی بـــە ئەمانەتەوە لە خاوەنەکانیانـــەوە هێنـــاوە ـ تـــا توانیبێتی تەئویلی باشـــی بۆ کـــردوون ـ دادو ئینســـافیش لای زانایانی ئیســـلام وای خواســـتووە.. ئینجا موناقەشەی هەڵەو ڕاســـتییانی کـــردووە. ئەوەش بە پێـــی دابونەریتـــی زانایانی ئەهلی ســـوونەت و جەماعەت دەبـــێ وابێت.. ئیتر کـــێ بەڵگـــەی بەهێزتر بوو ئەو لە پێشـــتر دەبێـــت.. نەک ئـــەوی عەمامـــەی گەورەترە یان ڕیشـــی درێژتـــرو پەرشـــوبڵاوترە یان بـــە پێی بیدعەکـــەی ئیخوان پیـــری پیرانەو (اکبر الاعضاء سِناً) ـــــە!

کەوابـــوو موناقەشـــەکەی ئێـــرە لەگەڵ داعیانی (ســـەلەفی دەق)ـــــە، موناقەشەکەش لەسەر پێناســـەی دوو زاراوەیە: پێناســـەی باوەڕ، پێناسەی کوفر.. پاشـــان نوســـەری ڕەحمەتی وەڵامی ئـــەو گومانانـــە دەداتەوە کە بە پێناســـەو پێکهاتەی باوەڕو کوفریانـــەوە چەســـپاندووە، خۆزگە تەمەن

و بواریش دەبوو دەردەشـــەیەکیان لەســـەر جیهادە بڤەکـــە لەگەڵدا بکەین. هەرچەنـــدە لەوانەیە تێیـــدا وەکو کەڕی شـــایی بن.. هەرچەنـــدە کە هەلی ڕەخســـاو لەبـــەر دەم دوولایەنی موناقەشـــەکە دا وەک یـــەک نییە، ئەوان لە ژێر سێبەری داروەدەســـتەی فیرعەونداو و شوێنیشـــیان گەرمەو معاشی وەزارەتی ناوخۆیان مســـۆگەرەو لە هیچ پەکیان ناکەوێـــت! پیاوانی لایەنی ئێمـــەش ڕاکردوون یـــان زیندانین یان بـــێ ئازادین و ئـــەوی دەیلێین لە ژێر شمشـــێری جەللاددایە، بەڵام ئەمە ســـیرەی ئیمامی شـــەعبی و ســـەعیدی کوڕی جوبەیـــرو دەیانی وەکـــو ئیبن تەیمییەو ســـەید قوتبـــی ڕەحمەتیە. لەگەڵ ئەوەشـــدا مەیدانیان پشـــت بە خـــوا بۆ چۆڵ ناکەیـــن و ناهێڵین بەم دینەوە ببنە شـــایەری شـــایی عەلەمانی!

*** ... *** ... ***

چەند هەڵوێستەیەک[1]

(١)

سەلەفیی دەروێش!

ماوەیەکە سەلەفییەکان بە ڕاست و چەپدا کەوتوونەتە شمشێر وەشاندن، شمشێرێک لەو دەدەن، گورزێک بەم دەکێشن! تیرێک لەو دەگرن، مەنجەنیقێک بۆ ئەم دادەخەن و کۆمەڵێک دڕکەزی لە بەر پێی ئەوی تردا دادەنێن.. ماشاءاللّٰه جوعبەیان پڕە. حکومەتەکەی (خادم الحرمتین) و هاوسەنگەرانی ناهێڵن جوعبەیان خاڵی بێت. لێرە کتێب و لەولا شریت و لەملا تۆڕی ئینتەرنێت و لەولا کۆڕو دەرس و سیمینار و لە پشت هەموانیشەوە کەناڵی نوێی تەلەفزیۆن..

منیش هەرچەند سەیری کێشەکانیان دەکەم و بە دیقەت دەیانخوێنمەوەو ماڵپەڕیان تاوتوێ دەکەم؛ هەنجەتێکی شەرعیم ناکەوێتە بەر دەست، تا بڵێم ئۆخەی ئەمە بەڵگەیەکی شەرعییەو ئەم قەومە داماوە ناهەقیان نییە وامان پێ دەکەن.. ئەمە پشتیان بەم دەلیلانە بەهێزە بۆیە وا دادگاییمان دەکەن و ڕاپۆرتمان لەسەر دەنووسن و حکومەت و دەسەڵاتدارانمان لێ هان دەدەن.

لەگەڵ پۆلێکیان دەکەویتە موناقەشەوە، دەبینیت دوورترین کەسن لە شێوازو ڕەفتارو دیالۆگی سەلەف! زۆر دیدو ڕەفتاریان هەر کتومت هی ئەهلی ئەهوائەو بۆیەیەکی سەلەفییان لە ڕووکەشی دەرێی داوە. گەر کەسێک کەمێک زانستیانە لە خۆیان و بەرنامەو ڕێبازیان بکۆڵێتەوە هەر زوو بۆی دەردەکەوێت کە ئەو لاف و گەزافەی لێی دەدەن کە گوایە تەنها خۆیان لەسەر سیرەو بەرنامەی سەلەفن! زوو فش دەبێتەوە، ئێمە مانانیش گەرچی الحمد لله زۆر لەوان ڕوونتر و هۆشیارتر لەسەر بەرنامەی سەلەفی ساڵحی ئەم ئوممەتەین، کەچی پێیان وایە ـ مادام

***

(١) بە کەمێک دەستکارییەوە وەرگێڕدراوە.

پێڕی ئەوان نیــن ـ موبتەدیع وگومــڕاو خەواریجین.. ئەوەی باشــە کەس لە ئیســلامدا مافی ئــەوەی نییە پســوڵەی لێبوردن (صكوك الغفران)ــمان پــێ بــفرۆشێــت..

ئــەم برا ســەلەفییانەمان لە زەقتریــن خاڵی عەقیــدەدا جەهمین و دیدی مورجیئە وەکــو جنۆکە خزاوەتە لەشــیانەوە. بەڵام ئەوان کە ماشــاءاللّٰه لە ئیخوان موتەعەسســیب ترن و لەوانیش حیزبی ترو لە کــەڕە حەنەفییەکان مێشــک جەمان ترو موقەللیدترن ئەمە ناســەلمێنن! چونکە هەر لەسەرەتای موریدێتیانــەوە فێرکراون کە مەشــخەڵی ڕێی ســەلەفێتی ســێ قوتبن و دیــن لە غەیری ئــەوان وەربگیررێت نوقســانە! نابینیــت (الحَلَبي) کە دەم هەراشــێکیانە ڕای زانایــان ئەلبانــی و ابن بــازو ابن عوســێمین دەکاتە کۆڕا (ئیجــماع) و دەربارەیان دەڵێ: (انَّ مشــايخنا الاجلَّةَ هــؤلاءِ الثلاثة هم نجــومُ الهُدى ورجــومُ العِدَى مَنْ تَمَسَّــكَ بغَرْزِهم فهوَ النَّاجــي ومَنْ نَاوَأهم وحاداهــم فهو المُظلِــمُ الداجي) التحذير مــن فتنة التكفــير ل٣٩. واتە: ئەو ســێ شــێخە بەڕێزو پایەدارەمان ئەســتێرەی ڕێنمایی و بەردی بەردەبارانی دوژمنن. هەر کەس دەســت لەو ســنگە قایم کات کە ئــەوان چەقاندوویانە ئەوە ســەرفرازو ســەرکەوتووە. هەر کەســێکیش بەرهەڵســتیان بکات و دژیــان بوەســتێتەوە ئەوە لــە تاریکی شــەوەزەنگدایە.. لــە کاتێکدا کە لــە بەڵگەنەویســتەکانی اصــول الفقه ئەوەیــە کە کۆڕا (ئیجــماع) وەکو ئیمامی شــەوکانی لە (ارشــاد الفحــول ل١٣١)دا دەفەرمــووێ: (هو اتفاقُ مجتهــدي أمة محمــد صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بعدَ وفاتــه في عصر مــن الاعصار على أمــر من الامــور) بۆیە زانایان دەفەرمــوون: ئەگەر ڕاجوێیــی (الاختلاف) لە یەک زاناشــەوە دەرکەوت کــۆڕا نامێنێت. ئیمامی ابــن تیمیەش رحمه اللــه لە مجمــوع الفتــاوی ٣/٢١٦ دا دەفەرمووێ: (فمَن جعلَ شــخصاً من الاشــخاص غيرَ رســول الله صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَن أحبَّــهُ ووافقَــهُ كان من أهل الســنة والجماعة، ومن خالفهُ كان من اهــل البدعة والفُرقــة. كما يوجد ذلك في الطوائف مــن اتباع أئمةِ الــكلام في الدين) دیققەت بــدە دەفەرمووێ: أهل الســنة والجماعــة، کەچی ســەلەفییەکان لەم ناوە شــەرعیەوە بازیان

داوە بۆ سەلەفێتییەکەی خۆیان! ئەمە هەر تەعەسسوبەکەیەو ئەوانیشی وەکو ئیخوان و کەرە مەزهەبییەکان کوێر کردووە[١]..

ئیمامی ئیبنولجەوزی رحمە اللە لە کتێبی (تلبیس ابلیس)دا ل١٠١ دەفەرمووێ: بزانە کە شوێنکەوتووی مەزهەبەکان، کەسایەتی مەزهەبەکانی خۆیان زۆر لە دڵ و دەروونداا لا گەورەترە وەک لە کەسانی تر، بۆیە بێ بیرکردنەوەو تێفکرین شوێن قسەکانیان دەکەون. ئەمەش عەینی گومڕاییە. چونکە دەبێت سەیری قسە بکرێت نەک سەیری ئەو کەسەی ووتوویێتی. هەر وەکو سەییدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب بە حاریسی کوڕی ئەحوەتی فەرموو: (یا حارثُ انه مَلبوسٌ عَلَيكَ إنَّ الحَقَّ لا يُعْرَفُ بالرِّجَالِ ، إعرفْ الحقَّ تَعْرفُ أهْلَهُ) واتە: هۆ حارس لێت تێکچووە.. حەق بە خەڵکدا ناناسرێتەوە، حەق بزانە حەقناسان دەناسیتەوە.. سەلەفییەکان لە بڵاوکردنەوەی حەقدا بە تایبەتی لە باسی (کوفرو باوەڕ)دا ناڕەحەت دەبن! چونکە پینەچێتییەکەیان کەشف دەکات کە بۆ دەسەڵاتدارە کافرەکانی دەکەن! بۆیە خۆیان زۆر بایەخ بەم مەسەلە دژوارە گرنگە نادەن، نەبادا ڕایانکێشێتە نێو باسی (کفر الحكام وشرعية الخروج عليهم)! بۆیە کە تالیب عیلمێکی خۆیان دەربارەی ئەم باسە سەرەکیانەی باوەڕ لێیان دەپرسن، هەر زوو بەوە دەمکوتی دەکەن کە ئەمە باسێکی زۆر تولانی و دژوارو پڕ هەڵدێرو باشتر وایە (جارێ) وازی لێبهێنرێت! گوێ لە ئیبراهیم شەقرەیان بگرە کە شێخی گەورەی

(١) پێم وایە نوسەری ڕەحمەتی لەمەدا بە سەهوودا چووبێت، چونکە سەلەفییەکان پێیان خۆشە هەر پێیان بووترێت سەلەفی.. بەڵام ئەوە بزانین کە زانایانی ئەهلی سوونەت و جەماعەت زاراوەی (سەلەفی)یان لە بەرامبەر مورجیئەدا بەکاردەهێنا.. دەبوو سەلەفییەکان زاراوەی ئەهلی سوونەت و جەماعەتیان زیاتر بەکار بهێنایە چونکە لە ناو زانایانی سەلەفدا بەناوبانگتربووەو زۆرینەیان هەر ئەویان بەکار هێناوە، بەڵام دیارە سەلەفییەکانی بەر سایەی حکومەتەکانی ئەمڕۆ نایانەوێت پێیان بووترێت ئەهلی سوونەت و جەماعەت نەبادا لە بەرامبەر شیعە بەکار بهێنرێن.. چونکە ئەمان کراونەتە خۆرکە تا کیانی سوونی هەڵکۆڵن و وەکو مۆریانە بمانخەنە خورو تا لە جیاتی دوژمنانی ئیسلام بە خۆیانەوە مەشغوڵمان کەن.. (کرێکار)

سەلەفییەکانی ئەردەنەو هاوڕێی سەددام بوو لە کاسێتی (ثلاث مسائل مهمة)دا چۆن کێشەی کوفرو باوەڕ هێندە ناسک دەکاتەوەو بەرهەمەکەشی بە کەم بایەخ دەداتە قەڵەم! ببیستە چۆن بەو ئەحکامە شەرعیانەی لەسەر کوفرو باوەڕ بنیات دەنرێن دەڵێت: (خيالية في عصرنا هذا). خۆ ئاشکرایە ئەمە تانەیەکی گەورەیە کە جەنابی شێخی سەلەفی ئاخر زەمان لە دینەکەی دەدات. ئەمما لای ئەهلی سوننەت ئەوە بەردی بناغەی دینە.. ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە (مجموع الفتاوى ٢٥١/١٢) دا دەفەرمووێ: (بزانە کە باسەکانی باوەڕ باسی ئەو ناوو سیفەتانەن کە بەڵێن و هەڕەشەی دوارۆژو دۆستایەتی ودوژمنداریتی ـ الولاء والبراء ـ وکوشتن و حەرام وحەڵاڵی خوێنیان لە دنیادا پێوە بەندە. خوای گەورە بەڵێنی بەهەشتی بە موسوڵمانان لەسەر خۆی فەرز کردووە هەر وەکو کە دۆزەخی بۆ کافران بڕیار داوە. ئەمانەش ئەحکامی کوللین و بۆ هەموو کات و شوێنێکن.. هەروەها لە (٣٩٥/٧)دا دەفەرمووێ: (هەڵە کردن لە ناوی باوەڕدا نە وەکو هەڵە کردنە لە ناوێکی داهێنراو (مُحْدَث)داو نە وەکو هەڵە کردنیشە لە ناوو باسی تردا، چونکە ئەحکامی شەرعی دنیاو ڕۆژی دنیاو ئاخیرەت لەسەر هەڵوێست ڕادەوەستێت).

شێخ عبد الله بن الشيخ محمد بن عبدالوهاب رحمهم اللـه لە کتێبی (الدرر السنية في الاجوبة النجدية ١١٨/٨)دا دەفەرمووێ: (بزانە کە ئەم مەسەلانە لەو باسە گرنگانەن کە دەبێت موسوڵمان زۆر بایەخیان پێ بدات، نەبادا بە بێ ئاگایی بکەوێتە نێو یەکێکیانەوە، تا سنوورەکانی کوفرو باوەڕی لا دیار بن. تا هەڵەو ڕاست لێک هەڵاوێرێت. تا لە وەرگرتنی دینەکەیدا بەرچاو ڕوون بێت و بە قسەی لووسی ئەهلی گومان و نەفامی هەڵ نەخەڵەتێت با ئەوانە زۆرتریش بن).

با جارێ ئەوەندە بەس بێت، خوا یار بێت بەدووروو درێژتر دێینەوە سەر ئەم سیفەتە ناقۆڵانەیان..

*** ... *** ... **

(٢)
ئەم سەلەفێتییە زەرەری بۆ پەزەکان نییە!

وتیـــان فەقێیەک ڕێی کەوتـــە گوندێکی دوور، بینی نـــە مزگەوتی تێدایە، نـــە مەلایان هەیە، نـــە هیچیش لـــە دینەکە دەزانـــن.. ئەوانـــەی کۆکردار کـــە نوێژ دەزانـــن و پێی وتـــن: ئێوە دەبـــێ نوێژەکانتان بـــە کۆمەڵ بکەن و جومعەو جەماعەتتـــان هەبێت.. فێـــری بانگی کردن. کە خـــۆی بانگیدا، ئاغای گوند هـــاواری کرد:

ـ ئەو دەنگە دەنگە چییە؟!

+ وتیان: قوربان گیان، بانگە..

ـ وتی: بانگ چییە؟

+ وتیـــان: قوربان گیان هاوارێکـــەو دەیکەن تا هەمـــوو بچنە جێیەک و نوێژەکەیان بـــە جەماعەت بکەن..

ـ بانگ زەرەری بۆ پەزەکان (مەڕەکان) نییە؟!

+ قوربان گیان، نەخێر..

ـ دەبا هەر بانگ بدەن..

حاڵـــی ئەم برا ســـەلەفییانەش لەگـــەڵ حکومەتاندا وایـــە! حکومەت ئاغا دەپرســـێ: ئەوە باســـی چی دەکەن؟!

+ دەڵێـــن: قوربان گیان هەر باســـی خوای گەورە دەکەن کە لە ئاســـمانەو دەڵێن هەر ئەو دەبێت بپەرســـترێت و...

حکومەت ئاغا سەبری نەبوو ڕستەکە تەواو دەکەن قسەکەی پێبڕین:

ـ دەربارەی حکومەت چی دەڵێن؟

+ قوربـــان گیـــان، دەڵێـــن حکومەت ســـێبەری خوایە لەســـەر زەوی و پیاوانـــی حکومەت وەلی ئەمـــرن و نابێت بـــێ ئەوان فەرمـــان بە چاکەو

بەرهەڵستی لە خراپەش بکرێت. هەڵس و کەوتی ڕەعییەت دەبێ بە مۆڵەتی حکومەت بێت..

ـ ئێ ئێ دەمخۆش، لەم قسانەم پێ خۆشە.. ئەدی دەربارەی سیاسەت و ئابوری و نەوت و ململانێی چینایەتی وسەروەت وسامان چی دەڵێن؟

ـ قوربان گیان، هیچ!

حکومەت ئاغا لە خۆشیاندا بە دەم گەشکە گرتنەوە وتی: بە ڕاستی ڕەعیەتی چاکن.. دەی مادام زەرەریان بۆ بیرە نەوتەکان نییە با هەر موەححید بن!

لای هەر سەلەفییەک باسی کوفرو بێ دینی ئەم حکومەتانەی وڵاتانی ئیسلام دەکەیت، تایان لێ دێت. کە باسی بارودۆخی سیاسی موسوڵمانان وئەم لێقەومانە شارستانێتی وشەڕە سەلیبییە دەکەیت، دەتخۆن. کە باسی ئەم ملیۆنەها داماوە دەکەیت کە قوتیان دەدزرێت، یەکسەر دەڵێن ئەمە سزای خوایە چونکە ئەو خەڵکە لە حاکمەکان هەڵگەڕاونەتەوەو تووشی فیتنە بوون! خێرا ڕاپۆرتێکیشت لێ دەدەن!

چونکە خۆیان جێیان گەرمەو یەکی سێ چوار ژنیان هەیەو لەبەر بۆنی بوغوردا مەڕی ساغی سوورەوە کراوی ناو فڕنی ئەمریکایی عافێت دەکەن و نابیناش دەعوەتی ئەم ئەمیرو ئەو وەلی عەهدو ئەو بەرپرسی حکومیین، بۆ بانگەوازی خواییش بە ئۆڤەر تایم بە نامیلکەیەکدا

****

(١) سەرەتای نامەکە ئاوایە: (من محمّد بن إبراهيم شقرة إلى أخيه درع العراق الحصينة، وطوده الباذخ الشّامخ الرئيس صدام حسين وقاه الله شر حاسديه، وحقّق على يديه للأمّة ما هي راجية فيه، وأكرمه في أخراه، كما أعزّه في دنياه...
الكلمة عندك (عند صدّام حسين) ليست حروفاً متآلفة تجانست بحركاتها وترتيبها لتدلّ على معنى من معاني لغات الناس، وإن كانت هي في ذاتها آية من آيات الله في خلقه {ومن آياته خلق السموات والأرض واختلاف ألسنتكم وألوانكم} بل هي عندك حمم حارقة يرسلها قلب بغداد الرحيم الشّفيق على الباطل المتغطرس، فإذا هو بها زاهق... أنت أبا عدي (صدام) أحد الأفذاذ الذين ينتسبون إليها بصدق وولاء ←



لەسەر (شرح كتاب التوحيد)دا دەچنەوەو کە دێشنە گۆ، شەکرە قسەی وا فڕێ دەدەن هەر بۆنی کوفری سوتاوی لێ دێت.

محمد ابراهیم شەقرەی شێخی سەلەفییەکانی ئەردەن خوا شەقی کات، ئەوەی کە نامەی بۆ سەددام حوسێن نووسی و تێیدا دەیفەرموو: (الى الطودِ الشامخِ والجبَلِ الراسخِ صدام حسين وقَاهُ الله شَرَّ حاسديه)[١]. ئەوجا باسی فرمێسکەکانی سەددام دەکات کە لە (عينَي النِّمْرِ القويتَينِ) دووچاوی بەهێزی پڵنگەوە هاتبوونە خوار !

ئەم پیاوە (راستتر بڵێین: ئەم نێرینەیە) ئەم شەریکە (راستتر بڵێن: ئەم فەریکە تەریکە یان ئەم ئەقڵ سووکە مەتروکە)[١] کتێبێکی هەیە بە ناوی (هي السلفية نسبة وعقيدة ومنهجا) لە ل١٧٢ دا ئاوا دەرشێتەوە: (وأحسَبُ أنَّ مَقولَةَ دَعْ مَا لِقَيصرَ لِقَيصرَ ومَا للهِ للهِ كَلمَةً تَصْلُحُ لِزَمَانِنَا) واتە: وا دەزانم ئەو قسەیەی کە دەڵێ: ئەوەی هی قەیسەرە بیدە بە قەیسەرو ئەوەی هی خوایە بیدە بە خوا، بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە شیاو بێت!

دەبێ کوێی ئەم قسەیە بۆ کام زەمانەو بۆ چ قەومێک چاک بێت؟! چ جای ئەوەی بووترێت بۆ ئوممەتەکەی محمد ﷺ شیاوە! والله ئەگەر خراپیەکەی هەر ئەوەندەش بێت کە ناوی قەیسەری موشریکی

(لكلمة التوحيد)، هذا ظنّنا فيك، ولن يخيب إن شاء الله... حتى كانت القادسيّة الجديدة، وكان فارسها السديد الأبيد (أي صدام) وقمت على أرض الرافدين طوداً شامخاً، وتداعى العراقيون إليك أطواداً أطواداً، وألقت المجوسية بكل أثقالها) الجرح والتعديل (٧٤ - ٧٥).

(١) شێخ محمدی مەقدیسی خوا ئازادی کات لە پێشەکی کتێبەکەی مەراکیشیدا نوسیویێتی کە ئەبومالیک محمد ئیبراهیم شەقرەی پێشەوای سەلەفییەکانی بەر سێبەرو پاڵانتەوانانی سەلەفی ئەردەن، ئێستا خوا هیدایەتی ڕێی ڕاستی داوەو ڕێی عەقیدەی پێغەمبەرانی گرتووەو سنوری کوفرو ئیمانی لێک هەڵاوێردووە. مەقدیسی دەفەرمووێ: ئەبو مالیک ئێستا ئەو ئەبومالیکەی جاران نەماوە کە ئەو قسانەی لەسەر دەکرا، چونکە ئێستا هەر هەڵوێستێکی کۆنی دەخرێتەوە پێش چاو،



تێـــدا خراوەتە پێش ناوی پیـــرۆزی خوای گەورەوە، بەس بـــوو بۆ تۆمەتبار کردنی! جگە لەو شـــیرک و بـــێ ئەدەبییەی لە خـــۆی گرتووە.

کە دێتە ســـەر باســـی فەرمان بەچاکەو بەرهەڵســـتی لە خراپەو جیهاد؛ دەڵێ: (النهي عن المُنْكَر الســـياسي هو جـــزءٌ مِن الجهادِ بالبيـــانِ الذي نَقومُ به) مەبەستیشـــی دژایەتی کردنەکەی شـــێخ ســـەلمان العودەو شێخ سەفەر الَحوالييـــە.. کە جیهادیان بـــە زمان دەکرد..

بزانـــە ئەمانـــە پەنا بە خـــوا پێیان چۆن هەڵخلیســـکاوە؟ چـــۆن مەتحی ســـەددام بە خواپەرســـتی دەزانن و دژایەتی کردنی داعییە ئیســـلامییەکان بە جیهـــاد دەزانن! ئەمانـــە ڕووی قادیانییان ســـپی کرد.

ئەو جیهادەش کە ئەوان پەکیان خســـتووەو ســـەدو یـــەک ئینحیرافیان

****

بـــە تەوازوعی خۆیەوە دەڵـــێ: هەڵە بووم.. تەنانـــەت لە ڕەتدانەوەی ســـامیدا لە شریتی (الكفـــر كفـــران)دا دەڵێ: منیش و شـــێخ ناسری ئەلبانی هەڵە بووین و ســـامی لەســـەر حەق بـــوو.. یان دەربارەی ئەم وشـــەو عیبارەتە تونـــدو تیژانەی مەراکیشـــی ڕەحمەتی بـــە شـــەقرەی دەڵێ، مەقدیســـی دەڵێ: کە بـــە ئەبومالیـــک (محمد ئیبراهیم شـــەقرە)م وتـــەوەو وتـــم: لەژێر ئەشـــکەنجەدا گیانی ســـپاردووە فەرمووی: بە هـــەر حاڵ خوا لێـــمان خۆش بێت.. خـــوا ڕوحمی پێ بـــکات، مەتحی کـــردو فەرمووی: شـــایانی دوعا بـــۆ کـــردنـە..

(١) عائیشـــە خاتوون (خـــوا لێی ڕازی بێـــت) دەفەرمووێ: قام رســـول الله ﷺ في الناس فحمـــد الله وأثنى عليـــه، ثم قال: (مَـــا بالُ رِجَالٍ يَشْـــتَرِطُونَ شُرُوطَاً ليسَـــتْ فِـــي كتابِ اللـــهِ عَزَّوجَلَّ، مَا كانَ مِـــنْ شَرْطٍ ليسَ في كِتـــابِ اللهِ فهوَ باطِـــلٌ، وإنْ كانَ مِـائَـــةُ شَرْطٍ) رواه البخاري/الصلاة (٤٥٦) وابو داود/العتـــاق (٣٩٢٩) والترمذي/الوصايا (٢١٢٤) والنســـائي/البيوع (٤٦١٨) وابن ماجة/العتـــق (٢٥٢١) واحمد (٨١/٦-٨٢)..

(٢) ئیمامی شـــەوکانی رحمه الله دەفەرمووێ: ئیمامی بوخاری و موســـلیم لە حەدیســـی موغیرەی کوڕی شـــوعبەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویانەتـــەوە کە فەرموویەتی: (لا تَزالُ طائفَـــةٌ منْ أمَّتي ظاهريـــنَ حَتى يأتيَهُمْ أمـــرُ اللهِ وهم ظاهـــرونَ) واتە: تاقمێک لە ئوممەتەکـــەم لەناو خەڵکیدا بە حەقناســـی ئاشـــکرایی دەمێننەوە ، تا ئـــەو زەمانەی ســـەرکەوتنیان بۆ دێت هـــەروا دیار دەبن .. پاشـــان ئەمـــەی کە فەرمـــووی: فەرمانی

پێ کــردووە، باش بوو کاکەی شــەقرە ڕێــگاو ڕای هەمــوو هاولەگەنانی بــۆ کۆ کردووینەتــەوەو هێندەی مەرجی (نا شــەرعی) و(باتڵ) وقورســی لە ڕێی جیهــاددا قوت کردۆتــەوە، لەوانەی لــە پەیامی خــوای گەورەدا نین[1] ئینجــا ئەوەندەی خڵتەی بیــرو تڵپەی قیری تری کردووە بەســەریدا، مەگــەر چەنــد کەســانێکی ئەهلــی (الطائفة المنصــورة) بــۆ ماوەیەکی تــەواو هەر خەریکی ڕادانی بن![2] بەوەی باشــە شــەقراغا جوان وەســفی دیــدی خــۆی و هاولەگەنانــی خــۆی دەکات و زۆر ئاشــکرایانە غیرەتی ســەلەفییەکانمان پێ دەناســێنیت.. لە لاپــەڕە ٢٠٤ ی هەمــان کتێبدا ئاوا بەســەر جیهادەکەدا دەڕشــێتەوە: (وَلَكَ أنْ تَسْــتقرئَ الايــات التي جاءتْ مُكَمِّلَــةً لايَةِ الأمْرِ بالإعــدادِ وَمُوَضِّحَــةً! لتَعْلَــمَ أَنَّ أفْضَلَ الجَهــادِ اليومَ ـ في وَهْنِنَــا الــذي نحنُ فيهِ ـ هو الإمْسَــاكُ عَــنِ الجهادِ) واتــە: دەتوانیت هەمــوو ئایەتەکانی تــر بهێنیتەوە کە هەموویان ڕۆشــن کــەرەوەی ئەم ئایەتــی خۆ ئامادەکردنــەن تا ئەوە فێر بیــت و بزانیت کە باشــترین جیهاد لەمــڕۆژەدا ـ کە لــە لاوازی وبێ دەســەڵاتیداین ـ بریتییە لــە خۆگرتنەوە

****

خوایــەو بۆیان دێت، ئــەوەی کە پێوەی دەناسرێنــەوەو پێی زاڵ دەبن، هــەر ئەو کارەیە کــە ئیمامی موســلیم لە حەدیســە مەرفوعەکەی عوقبــەوە گێڕاوێتیەوە کــە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتــی : (لا تَــزَالُ عِصَابَةٌ مِــنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُــونَ عن أمْرِ اللــهِ قَاهِرِينَ لِعَدُوِّهِــمْ لا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُــمْ حَتَّى تَأْتِيَهُمْ السَّــاعَةُ وَهُمْ عَلَى ذلِــكَ) واتە: تاقمێک لە ئوممەتەکــەم (لە نێوان چــل و پەنجا کەســدا) لەبەرگریی ئەم دینەدا کوشــتار دەکەن، دیارو ئاشــکرای ناو خەڵکن، تا ئەو کاتەی ســەرکەوتنیان بۆ دێت هەروا بە ئاشــکرایی دەمێننەوە.. بڕوانە کتێبی (ارشــاد الفحول لا ١٤٢ ـ ١٤٣) ســەرنج دە ئــەم لێکدانەوەی شــەوکانی ڕەحمەتی چونکە چەکوشــی تەپڵی ســەری مەدخەلی نەگبەت و سەلەفییانی بەر ســێبەرە.. بۆ زیاتــر حاڵی بوون لە ســیفەتەکانی ئەو کۆمەڵە پێشــڕەوەی پێغەمبەر ﷺ ناوی نــاون (الطائفة المنصــورة) بڕوانە کتێبەکەی عبدالقــادر بن عبدالعزیز: (العمــدة في اعداد العدة) چاپــی دووەم ١٤١٠ / ١٩٩٠ لا ٧٢ ـ ٨٢. یــان کتێبی (الطائفة المنصورة)ـەکــەی ئەبــو بەســیر..

لــە جیهادکــردن.. دەفەرمووێ: ئایەتەکانــی تر (کە ١٢٢ ئایەتــی ترن) ئەو ئایەتــی (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ) الأنفال/٦٠ تــەواو دەکەن و ڕاڤەی دەکەن کە هۆ موسوڵمانینە جیهــاد مەکــەن!

ئاخــر ئەگەر ئــەو ئایەتــە داوای هیچ نــەکات غەیری فەرمــان بە خۆ ئامادە کردن (الاعــداد) بەس بــوو. چ جای ڕاڤــەی پێغەمبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ کە لەســەر مینبەر ســێ جار فەرمــووی: (ألَا إنَّ القوةَ الرَّمِي) رواه مســلم عــن عقــبە.

ئینجــا گوێی لێ بگرە خــوا بیکاتە پەندی زەمانە دەربــارەی ئەو (ئایەتی ١٧٤ ی الاعــراف)ە چۆن دەڕشــێتەوە: (ومَنْ أَنْعَمَ النَّظَرَ في هــذا النَّص يَرى أنَّــهُ يَــكادُ يَنْطقُ بوجوب الإمســاك عن الجهــاد حتَّى يَكَــونَ الإعدادُ علَى تمَامــه! وقَدْ يَكونُ مِن الاَعــدادِ تَرْكُ الإعــداد، إذْ الإعدادُ يُقصَــدُ بِهِ إرهابُ أعــداءِ اللــهِ) ل ٢٠٣ واتە: ئەوی بە دیققەت ســەرنج بداتە ئــەم دەقە بۆی ڕوون دەبێتەوە کە خەریکــە دەقەکە خۆی هاوار کات کە پێویســتە جیهاد نەکرێت، تا ئــەو کاتەی خۆئامــادە کردنەکە تەواو دەبێت! لەوانەشــە واز هێنان لــە خــۆ ئامادەکردن هەر خــۆی لە خۆیــدا، خۆ ئامادەکــردن بێت! چونکە مەبەســت لە خۆ ئامادەکــردن ترســاندنی دوژمنانی خوایە..

سبحان اللّٰه توخوا جیاوازی ئەم لۆتییەو قادیانی چییە؟

ئەمــە لە پێنــاوی چیدا نەعلی حکومەتــان بە لچ و لێو بۆیــاخ دەکەن و پۆســتاڵی جەللادان بە زمان دەبریسکێننەوە؟!

بۆچی ئەم دینە دەکەنە أفیون الشعوب؟! خوا خەجاڵەتیان کات!

لــە پێناوی چیدا وەکو ســەگی شــوان بــە هەموو داعییەکــی پاک و موجاهیدێکی چــاک دەحەپن؟! خوا دەســەڵاتی خۆیان لە زەلیــل کرنیاندا

****

(١) دەبــووە کاڵە مســتێنەکەی فرانســۆ حەریری کە لە شــەوانی ڕەمەزانــدا گەنجی هەولێــری پێ لە تەراویــح دوور دەخســتەوە.. (کرێکار).

نیشانـدا.

سـەیری تەفسـیری ئەو بۆ ئەم ئایەتەو تەفسـیری (ابـن كثير ٥٠٣/٢) بکە کە خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: (وَأَعِدُّوا۟ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ) الأنفال/٦٠ واتە: هەرچەندی دەتـوانن..

ئەمانە مریشـکی مەسـڵەحەن، تەنانەت ناتوانن بشـفڕن، کێ ویسـتی بیانگرێت سـەریان بڕێت! فـس دەدەنەوە..

جیهاد کـە لوتکـەی جوامێرییە، کـەی مەنزڵی ئـەم گەندەڵانەیە؟ جا ئەگـەر جیهاد هێندە قـورس و ناڕەحەت نەبوایە دەبووە مەزاقی شـەوارەی دەوری زەیـستـان.[١]

جیهاد ئاگـری بە تینـی زێڕینگـەرە. هەرچـی خڵتەو پڵتەیـەک بەم ئیسـلامەوە نووسـا بێت؛ لێی دەکاتەوەو ڕایدەدات. جیهاد مـاددەی تاقی کردنـەوەی دینداریـە.. کەی لەگەڵ هەڵوێسـتی شـەقرەو پەقـرە و هاو ئاخوڕیانـدا تێک هـەڵ دێنەوە.

بڕوانـە ئیمامی ئیبنولقەییـم رحمه الله کە سـاڵی ٧٥١ ی وەفاتی کردووە چی دەربارەی ئەو جیهادە ڕووەو شـەقرە ئاسـاکانی زەمانی خۆی فەرمووە:

(يا مُخَنَّثَ العَزْمِ أينَ أنتَ والطريق؟!)

واتە : هۆ ئیرادە نێرەمووک، تۆ لە کوێ و ئەم ڕێگایە لە کوێ؟!

بـە زمانی زەمانی ئێمـەی کوردیش دەبـێ بڵێین: شـەقرەی دەعبا، تۆو جیهاد کوجـا مەرحەبا..

ئینجا ئیمامی ئیبنولقەییمی ڕەحمەتی دەفەرمووێ:

(طريـقٌ تَعبَ فيه آدمُ، وناحَ لأجله نوح، ورُمـيَ في النار الخليلُ واضْطَّجَعَ للذَّبح إسـماعيلُ، وبيعَ يوسـفُ بثَمَن بَخس ولَبثَ في السـجن بضْعَ سـنينَ، ونُشرَ بالمنشـارِ زكريا، وذُبحَ السـيدُّ الحصورُ يحيى، وقـاسَى الضُرَّ أيوبُ، وزادَ على المقدار بكاءُ داودَ، وسـارَ مع الوحشِ عيـسى، وعالَجَ الفقرَ وأنواع

َالاذی محمدٌ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَزها أنــت باللهو واللعبِ) الفوائــد ٥٦/. واتە: ڕێی جیهــاد ڕێگایەکــە ئادەمی تێدا مانــدوو بوو، نــووح لە تاویــدا هاواری لێهەســتاو ناڵاندی، ئیبراهیمی هاوڕێی ســەلامی خوایان لەســەر فڕێدرایە نێــو کڵپەی ئاگر، ئیســماعیل هەر لــەو پێناوەدا بۆ ســەربڕین پــاڵ خرا، یوســفییان ئاوا بــە نرخێکی بێ بەها فرۆشــت و لە زینداندا چەندین ســاڵ بــۆی مایەوە، ئەو ڕێیــەی زەکەرییای تێدا بە مشــار بڕدرایــەوە، یەحیای بەڕێزی تێدا ســەر بڕاو، ئەییوب لە قۆناغەکانیدا ناســۆری چێشت و داوود لــە حەددی ئاســایی زیاتر فرمێســکی بۆ ڕشــت، ئەو ڕێیەی عیســا بۆی بــووە هاودەنگی دڕنــدان و دەردی هەژاریــی خەڵکی پێ دەرمــان دەکرد، ئــەوەی کە محمد صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئــەو هەموو جــۆرە ناســۆرو میحنەتەی لە پێناویدا چێشــت! تۆش هەی لۆتــی، خەریکی کاڵەمســتێنەی خۆتی..

ئەم شــەقرانە چۆن وەڵامی خــوای گــەورە دەدەنــەوە؟ و دەڵێن خوایە لــەو هەمــوو ئایەتانەی باســی بــەردەوام بوونــی جیهاد دەکــەن، حاڵی نەبووبوویــن؟! مەگەر خوای گــەورەو زانــا پێیان نافەرمــووێ: درۆتان کرد.. گــەر جیهادەکەتــان ـ لەبەر بێ توانایــی ـ واز لێهێنــان بوو، ئەدی ئیعدادەکــە هەر بە فــەرزی لەســەرتان نەمابۆوە؟!

ئیمامــی ئیبنو تەیمییە رحمه اللــه دەفەرمووێ: (يجبُ الاســتعدادُ للجهاد بإعــداد القــوَّة ورباط الخَيــلِ في وقت سُــقُوطه للْعَجْــز، فإنَّ مَــا لاَ يَتمُّ الواجِــبُ إلَّا بِهِ فَهوَ واجِــبٌ) مجموع الفتــاوى ٢٥٩/٢٨. واتــە: هەر لەو کاتــەوە کە جیهادەکــە بە هۆی لاوازییەوە لەســەر موســوڵمانان نامێنێت، خۆ ئامادەکردنەکە[1] لەســەریان فــەرز دەبێتەوە..

ئیمامی ســەنعانیش لــە کتێبی (سُــبُلُ السَّــلام ٣٨٤/٤)دا لــە ڕاڤەی حەدیســی ژمارە (١٢٣٦)دا دەفەرمووێ: (الاعدادُ يكونُ مــعَ الاعتيادِ .. مَنْ

(١) ئامادەکردنــی هێزی پیاوو چــەک و پارە. وەکو کــە ئایەتەکەی ســورەتی ئەنفال: (وَأَعِدُّواْ لَهُم)داوا دەکات.. (کرێکار).

لَمْ يُحْسِــــنْ الرَّمِيَ لا يُسَـــــمَّى مُعِدَّاً لِلْقُــوةِ) واتە: خۆ ئامادەکردن، بە مەشـــق و خـــۆ ڕاهێنان دەبێـــت.. ئـــەوی تفەنگچی چـــاک نەبێت پێـــی ناوترێت ئامادەبـــاش.

ئـــەم تێگەیشـــتنەی ســـەلەف و خەلەف لە کـــوێ و ئەو تێگەیشـــتنە لینگەو قووچەی شـــێخی ئاخر زەمانی ســـەلەفێتی دوکانداریێتی حاکمەکان لـە کـــوێ؟!

*** ... *** ... ***

(٣)
ناسکە سەلەفیی گوڵ بەدەم!

لە ڕێزمانی کوردیدا دەمانخوێند کە (خەیاری گوڵ بە دەم ناسکە).

نازانم بۆچی هەر کە ئەم سەلەفییە داماوانە دەبینم، ئەو دێڕە ڕێزمانییەم دێتەوە یاد! ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە بانگەوازی بەر سێبەری تاغووتان کە ئەم جۆرە سەلەفییە ناسکانە مومارەسەی دەکەن، لە دروشمی (الجهاد سبیلنا)کەی ئیخوان، تەڕو بەل ترە..

ئیخوان دەڵێن: ئەگەر هەفتانە سێ ئایەتی سورەتی قاف و حەدیسێکی الاربعین النوویە و لاپەڕەیەکی (فقه السیرة)ی بوطي و دوو لاپەڕەی کتێبێکی (فەتحی یەکن)ت خوێند، ئەوە باشترین ئیعدادت کردووەو حەتمەن حوکمی ئیسلامی پێ دێتەوە!

(غازی التوبە) کە بیرمەندێکی فەلەستینیە دەیووت بیست و پێنج ساڵ ئیخوان بووم (لە سوریا) کە دەمپرسی: (ئەرێ نەگەیشتینە (الجهاد سبیلنا)؟ دەیانووت: نا هێشتا ئێمە واین لە وەرگرتن و چەسپاندنی دروشمی (اللە غایتنا و الرسول زعیمنا)! خۆ ئەم دوو دروشمە هەر شایەتمانەکەی ئیسلامە نەک دروشمی ئەوان. بە داخەوە دوای بیست و پێنج ساڵی ڕیزی ئیخوانچێتی، ئیتر بێ ئومێد لە دەرکەوتنی دروشمی (الجهاد سبیلنا) وازم هێنا.. بەڵام دوای ئەوەی هەموو گەنجێتییەکەمم بەو هیوایەوە بەڕێ کرد)!

ئەم کۆلکە سەلەفییانەش ـ کە لە ئیخوانی میسر حیزبی ترن ـ کە ڕاستترە بڵێین ئەم گۆلکە سەلەفییانە ـ دەڵێن: (دَعْ مَا لِقَيصَرَ لقيصرَ ومَا للَه لله كَلمةٌ تَصْلُحُ لِزَماننا) کتێبەکەی الشقرة / هي السلفيَة ل/١٧٢. واتە: کە دەڵێ: (ئەوی هی قەیسەری حاکمی ڕۆمایە) هەر بۆ قەیسەر خۆی لێ گەڕێ و ئەوی بۆ خواشە هەر بۆ خوای لێ گەڕێ، ئەمە قەولێکە بۆ زەمانی ئێمەش شیاوە.. هەروەها لە ل/٢٠٣ دا دەڵێت: (وجوبُ

الامْسـاك عَن الجهـاد حتى يكـونَ الإعدادُ عـلى تمَامه . وَقَـدْ يَكونُ مِنْ الاعدادِ تَرَكُ الاعـداد، إذ الإعـدادُ يُقْصَدُ بِهِ إرهابُ اعـداءِ اللهِ)!

ئـەم گۆلکە سـەلەفییانە لە لاکـۆڵان و کوچەی حیلە (شەرعی)یـاندا خۆیان لـە چەندیـن بەرپرسـێتی دزیوەتـەوەو چەندین کۆڵی قورسـی دینداریـان داناوە!

لە لابردن و لێک پچڕانـی کارو ڕەفتار لە باوەڕ، لـە تەکفیری حکومەتە مورتـەددەکان، لە جیهاد کردن.. بـەڵام زمانیان وەکو مقەسـتی ئینگلیزییە لەسـەر ئەو سـۆفییانەی حکومەتی ئال فەهـد لە مەدینە دەفیـان دەداتێ. لەو سـێ ئەندامە شـیعەیەی ئەنجومەنی شـورای (پەرلەمانی) سعودیەش خۆ کـڕ دەکـەن. ئەوە لە دەسەڵاتی ئابووری نیو ملیۆن ئیسماعیلییەکانی سـعودیەش هەر هیچ. بـەڵام بۆ گیانـی موجاهیدان ئـازان. چونکە هین بە خاڵی خـۆی دەوێرێ..

بـەڵام الحمـد للە خـوا فەزحـی کـردوون و ئاشـکرا بـوون کە لە بەرژەوەندی کام موخابـەرات و بۆکام دەزگای جاسوسـیی ئاوا بە خۆڕایی کەوتوونەتـە پەلاماری ئەهلی جیهـادو پێیان دەڵێن خەواریـج، چونکە بە دەسـت و بازوو بەرگری لە خۆیـان و دینەکەیـان دەکەن..

ئـا با بزانیـن کـێ خەواریجەو کـێ ئەهلی سـوونەتەو کێ شـوێن کەوتـووی سـەلەفی بەڕێزە؟

ئیبنو حەزمـی ڕەحمەتی دەفەرمـووێ: (إذا كان أهلُ الحـق في عِصابةٍ يُمْكنُهُـم الدَّفْعُ ولا يَيْئَسـونَ من الظَّفَـر، فَفَرْضٌ عَليهم ذلـكَ. وإنْ كانوا في عَـدَدٍ لا يَرجـونَ لقِلَّتهـمْ وضَعْفِهم الظَّفَر، كانوا في سَـعَةٍ منْ تَـرْكِ التغيير باليـدِ) واتـە: ئەگەر ئەهلی حـەق (موسـوڵمانان) لە پەنجا کـەس بەرەو ژوورتر بوون و لـە توانایاندا هەبـوو دوژمنان دەرپەڕێنـن و بیانبەزێنن و لە سـەرکەوتن ڕەشـبین نەبوون، ئەوە جیهادەکە فەرز دەبێت لەسـەریان و دەبێت بیکـەن. ئەمما ئەگەر ژمارەیـان ئەوەندە کەم بوو کـە لەبەر کەمی و لاوازی خۆیـان ئومێدی سـەرکەوتن و زاڵ بوونیان نەدەبـوو، ئەوە مافی

ئەوەیان هەیــە ئەو مونکەرە بە دەســت نەگــۆڕن.. ئەمەش دیدی ســیدنا عەلی کــوڕی ئەبو تالیب و ئــەو یاوەرانەی تــرە کە لــە خزمەتیدا بوون. هەر ئەمەشــە دیدی خاتوو عائیشــەو تەڵحەو زوبەیرو ئــەو یاوەرانەی تر کە لــە خزمەتیاندا بوون. دیســان ئەمــە ڕای عبد اللەی کــوڕی زوبەیرو حەســەنی کوڕی ســیدنا عەلی و یاوەرە کۆچەرو پشــتیوانەکانی تری ئەو کاتەی مەدینە کــە جەنگی (یوم الحــورة) ی تێدا ڕوویدا. دیســانەوە ڕای هەموو ئەو ســەحابی و زاناو شەرعناســانەیە کە لە دژی حەججاجی کوڕی یوســفی ســەقەفی ڕاپەڕین. وەکو ئەنەســی کوڕی مالیک و عبدالرحمانی کــوڕی ئەبولەیلاو ســەعیدی کوڕی جوبەیــرو ئەبول بوبحــتری تائی و عەتائی ئەســلەمی و حەســەنی بەسری و مالیکی کوڕی دینارو موســلیمی کوڕی بەششــارو ئەبول حەوراء و شــەعبی و هی تریــش.. ڕاو بۆچوونی ئیمامــی ئەبو حەنیفەو حەســەنی کــوڕی ئەلحەیی و شــورەیک و مالیک هــەر وا بوو، ئیمامی مالیک خۆی بەشــداری شۆڕشــەکەی محمدی کوڕی عبــد اللەی کوڕی ئەلحەســەنی کــرد دژی ئەبــو جەعفەری مەنســوور هەروەهــا ئیمامی شــافیعی و داوودو هاوەڵانیان). بڕوانــە البداية والنهاية / ابــن كثير ب١٠/٨٦ .

هەموو ئەوانەی ناومــان هێنان چ یاوەران (ئەســحابە) چ تابعین (نەوەی دوای یــاوەران) هەموویــان یان بــە فەتــواو لەســەر ڕووداوەکە خۆی داویانــە، یان وەکــو ڕاو بۆچوونی خۆیــان لەمەڕ گۆڕانکاری بە دەســت دەریان بڕیــووە. بڕوانە ابن حــزم / الفِصَل في المِلَل والاهــواء والنِحَل ب٤/ ١٧١ـ١٧٢.

لەگەڵ ئەوەشــدا کــە دەزانین هەموو وڵاتێکی ئێســتای موســوڵمانان بارودۆخــی تایبەتی خــۆی هەیە، کەوا بــوو ئەحکامی شــەرعی تایبەتی خۆشــی هەیە. بەڵام بەمــەی هێنامانەوە کۆلکــە ســەلەفییەکان دەخەینە سەر ســێ ڕێیانێک:

١- یــان دەبێ (وەک چۆن بەو موســوڵمانانە دەڵێن خەواریج کە لەســەر

ڕاو بۆچوونـــی ئەو بەڕێزانـــەن، کە باوەڕیـــان وایە دەبێ بـــە هێزی بازوو گۆڕانـــکاری بکرێـــت) دەبێت بـــەو ئەســـحابەو تابعینـــە بەڕێزانەش بڵێن خەواریـــج بوون! یان ســـیفەتی خەواریجیان تێدا بـــووە! بەمەش حەقیقەتی (ســـەلەفێتی)یەکەیان دەردەکەوێت..

٢- یـــان دەبێ بڵێـــن ئەو بەڕێزانـــەی ناویان بـــرا بە ئەنقەســـت وازیان لەو بەڵگانە هێنـــاوە کە داوای ئارام گرتن دەکەن لەســـەر زوڵم وســـتەمی حاکمـــەکان، یان نەیانزانیووە. ئەمەش کەســـێک دەیڵێت کـــە گومانی بەدی بە ســـەلەف هەبێت.

٣- یان دەبـــێ ئیعتیراف بەوە بکەن کـــە ئەمە مەســـەلەیەکەو ئیجتیهاد هەڵدەگرێت. لەم حاڵەشـــیاندا دەبێـــت زمان بەرامبەر ئەهلـــی جیهاد کوول کـــەن. دەنا لە گومڕاییـــدان. چونکە:

• یان ئەوەیە پۆشـــاکی ئیرجاء و دەمامکی سکوڵەریســـتی بەرماخی کەرە حیزبایەتیانەیان کـــردووە.

• یـــان جیهادیان (بە هەموو جۆرەکانیەوە) پەک خســـتووەو لایانداوە چونکە ئەو وەســـفەی بۆ واقیعی ئێســـتای ئێمەی دەکەن، بەســـەر واقیعی ســـەلەفی ساڵحیشـــدا دەچەســـپێت. ئەمەش وانییە مەگەر لای کەسێکی کـــەڕو کونتێی وەکو!

ڕەنگـــە هەوڵ بدەن خـــۆ بە پەتکـــە بەڵگەیەکەوە هەڵواســـن و بڵێن: خۆ هەڵوێســـتی ســـەلەف بەرامبەر ئەو ناحەزو موخالیفینانەیان وەکو ئەمانەی ئێـــوە نەبووە. ئەوان کەســـیان تەکفیـــر نەدەکرد! بەڵام ئێوە ئـــەم حاکمانەی وولاتانی ئیســـلام بە کافرو موڕتـــەدد دادەنێن.

لـــە وەڵامیاندا دەڵێیـــن: خۆ ئاشـــکرایە هیچ یەکێک لەوانەی شـــۆڕش دژیـــان دەکراو بە هێـــزی بازوو هەوڵـــی گۆڕانیان دەدرا، ڕەفتـــارو کردارو بەرنامـــەو هەڵوێســـتی وەکو ئـــەم حاکـــم و حکومەتانـــەی ئەمڕۆیان لێ دەرنەکەوتبوو. کەســـی ئـــەو زەمانە ئاوا شـــەریعەتی خوای نەخســـتبووە

کەنــار.. لەگــەڵ ئەوەشــدا کەس ئەو کەســانەی بــە خەواریــج ناوزەد نەکــرد کە لــە دژی ئەوانــە ڕاپەڕیــن. ئەمما ئێــوە هەر بەوەنــدەی ئێمە دەڵێیــن بەرنامەی فڵان حکومەت ناشــەرعییە ئێوە خێرا دەبنە دەمڕاســتی حکومــەت و حیزبە سکوڵەریســتەکان و ئێمە بە خەواریج نــاوزەد دەکەن. دەڵێــی ئەوانەی ئێمــە بەرهەڵســتکاریانین عەلــی کوڕی ئەبــو تالیبن، خەلیفــەی بەهەقن! لەراســتیدا ئــەوی ئەهلی جیهــادی ئــەم زەمانە بە خەواریج دەداتە قەڵەم دەبێت پێشــتر ســەلەفی ســاڵحی ئــەم ئوممەتە بە خەواریجێتــی تۆمەتبار بکات..

ئیمامــی طاووس کــە حەججاجی کوڕی یوســفی ســەقەفی بــە کافر دادەنــا مەســەلەیەکی بەناوبانگــە. (بڕوانــە: تهذيــب التهذيــب ١/٣٦٣).

ئیمامــی ئیبنوئەبی شــەیبە دەفەرمووێ: ئەبو بەکری کــوڕی عەییاش لە الاجلحەوە گێڕایــەوە کە ئیمامی شــەعبی فەرموویەتی: (أشــهد أنه مؤمن بالطاغــوت كافر باللــه، يعني الحجــاج)[1] كتاب الايمان / ژمــارە ٩٧ ل ٣٩ واتە: شــاهێدی دەدەم کە حەججاجی کوڕی یوســفی ســەقەفی باوەڕی بە تاغووت هێنــاوەو کافر بووە بە خــوای گەورە..

هەر ئیمامــی ئیبنوئەبی شــەیبە دەفەرمووێ: وەکیعی کــوڕی جەڕڕاح لە ســوفیانەوە و ئەویش لە مەنســورەوە گێڕایەوە کــە ئیبراهیمی نەخەعی فەرموویەتــی: (كفى بمن يشــك في أمــر الحجــاج لَحاهُ اللــه)[2] كتاب الايمان ژمــارە ٩٨ ل/٣٩.

ســەیر ئەوەیە کە ئەلبانی لە هەر هەمــوو ئەم ڕیوایەتانــە کۆڵیوەتەوە، کەچــی بە موخالیفەکانی کە ئەهلی ســوننەتن دەفەرمــووێ: خەواریجن!

ئیبنــو کەثیر دەفەرمــووێ : (ئەبو بەکری کــوڕی خَيْثَمَة لــە ئەبو ظَفَر جەعفەری کوڕی ســولەیمان بە ســەنەدەوە لــە قەتــادەوە دەگێڕێتەوە کە

(١) ئەلبانەی دەفەرمووێ: إسنادة حسن
(٢) ئەلبانەی دەرهەقی سەنەدەکەی دەفەرمووێ: إسناده صحيح كالشمس

لە سەعیدی کوڕی جوبەیریان پرسی: شۆڕشت دژی حەججاج کرد؟ فەرمووی : (إني والله ما خرجتُ عليه حتى كَفَرَ) البداية والنهاية / ب١٤٢/٩ واتە وەڵڵاهی تا کافر نەبوو، شۆڕشم دژی بەرپا نەکرد.

ئەعمەش گێڕایەوە کە لە موجاهیدی ئیمامی ئەهلی تەفسیریان پرسی: ڕات چییە دەربارەی حەججاج؟ فەرمووی: دەربارەی ئەو پیرە کافرە لێم دەپرسن؟! (البداية والنهاية) ب١٤٣/٩

ئەمەش ڕای طاووس و ئیمامی شەعبی و ئیبراهیمی نەخەعی و سەعیدی کوڕی جوبەیرو موجاهیدو هەموو سەرانی زانایانی سەلەفە.. دیتت کەسێک بە خەواریج ناویان بهێنێت؟!

هۆ کۆلکە سەلەفییەکان دیتتان یەکێک بە یەکێکیان بڵێ فیکری خەواریجی هەیە؟! بەڵام چ دەکەیت لەگەڵ کەرو کونتێی حیزبایەتی و دۆش داماوی مەدخەلیانی مورجیئەی زەمانە؟!

مەگەر نابینیت ئیمامێکی بەقەدرو کەڵە زانایەکی خواویست و پێشەوایەکی نموونەیی وەکو سەعیدی کوڕی جوبەیر ـ کە جەرگی لە مورجیئەی زەمانی خۆی ڕەش بوو بوو ـ چییان پێ دەڵێت؟ دەفەرمووێ: (المرجئة يهود القِبْلَة) بڕوانە (ابن بطة/ الابانة الكبرى ل١٦٨/) هەروەها (ظاهرة الارجاء / الشيخ سفر الحوالي ٣٧٨/٢). ئینجا دیقەت بدە لە واقیعی زەمانی ئەوان و ئەم زەمانە ئاڵۆزەی ئێمە.. پاشانیش لەو گۆلکە سەلەفیانەی ئەمڕۆ بپرسە: ئەرێ بۆچی و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کێ ئەم شمشێرە کولە دەسوون؟! بۆ سەرخستنی فیکرو کوفری کێ ئاوا بوونەتە جاسووس وسەگی پۆلیسی وولاتان و لمبۆزتان وا بە شوێن پێی ئەهلی ئیسلامەوەو ئاسەواریان هەڵ دەگرنەوە و خەبەری ئەملاولایان لێ دەدەن؟! بۆ کێ و لەبەرژەوەندی دووری کێیە وا مەدخەلی؛ سەید قوتبی ڕەحمەتی داوەتە بەر کەرسەکی تەکفیر؟!

ئەمە حاڵی پاشەڵی سیاسیتانەو ئەوەش حاڵی عەقیدەی گەندەڵتان، سەلەفێتییەکەتان کردووە بە کۆتەرە داری ڕاوچی و خۆتان لە پەنایدا

مــەڵاس داوە؛ گوایە بــە دەردی مەدخەلی لە کتێبەکەیدا: (أضواء اســلامیة علی عقیدة ســید قطــب وفکــرە)[1] بەرگری لە ســەلەفێتی دەکەن!

****

(١) ئەمــە کتێبێکە کە رەبیع بــن هادی المەدخەلی نووســیویێتی، بــەڵام الحمد لله هەر لە ڕیزی ســەلەفییەکانەوە دایانەوە بەر دەســترێژی ڕەخنەو هەر خۆیــان هەڵیان تەکاند، چونکە ئەوەندە بێ ئینســافانە نووســیبووی کە شــیوخەکانی خۆشــیان پێیــان نارەوا بــوو، بۆیە یەکێکــی وەکو بەکر ئەبــو زەید ـ کە شــێخێکی موعتەبەری ســەلەفێتی ســعودیی بوو رحمــە الله ـ لــە کتێبێکیدا کــە بە نــاوی (المدخلی) نووســیویێتی ، لە بەرپەرچدانەوەیــدا دەڵێ :

١ـ هەر لــە یەکەم لاپەڕەی لیســتی ناوەڕۆکەکەیەوە (هی کتێبەکــەی مەدخەلی کە لەســەر ســەیید قوتب نووســیویێتی) وام بۆ دەرکەوت کە ســەیید قوتب ـ رحمە الله ـ هەمــوو بنەماکانی کوفــرو بێ دینــی و زەندەقەی لە خــۆدا کۆکردۆتــەوە! بەوەی کە باوەڕی بــە یەکبوونی کردگارو دروســتکراو (وحده الوجود) هەیەو بــاوەڕی بە (خەلقی قورئان) هەیەو یاســا دانان بــا پێچەوانەی شــەریعەتی خواش بێت بــە ڕەوا دەزانێت و زێدەڕۆیی هەیە لە پەک خســتنی ســیفەتەکانی خــوای گەورەدا، هەروەها حەدیســی موتەواتیری پــێ قبووڵ نییــەو گومانی لە عەقیــدەدا هەیەو هەمــوو کۆمەڵگەکان بە کافــر دەزانێــت و .. هەتا دوایی ئەم جۆرە ناونیشــانە ســەیرانەی موچــوڕک بە تەوقە سەری موســوڵماندا دەهێنن ..

کــە ئەمانەم دیت، خێــرا کەوتمە بەراووردکردنی ناونیشــانەکان بــە ناوەڕۆکەکانیان لــە لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا، دیتم هەر باســەو باســێک بە درۆ دەخاتەوە! تا گەیشــتمە ئەوەی بۆم دەرکــەوت کە ئەمە هەر ناونیشــانی زەق و گێچەڵاوی هێنــاوەو کردوێتییە سەرباســی بابەتەکانی، دیارە ئەمــەی هەر بۆ ئەوە کــردووە تا خوێنەرانی ئاســایی بۆ ڕاکانی خۆی ڕاکێشــێت و لە ســەیید قوتبیان بهرووژێنێت ..

٢ـ دیتــم ئەم کتێبــەی مەدخەلی دوورە لە هەموو ئوســوڵ وبنەمایەکــی توێژینەوەی زانســتیانە، دەوورە لــە بێ لایەنــی زانســتیانە، دوورە لــە پرۆگرامی زانســتیانەی ڕەخنەگرتــن، دوورە لــە ئەمینی ودەســتپاکی لە نەقــڵ ولێوەرگرتن و زانیــاری، دیتم هەقی پێشــێل کــردووە.. ئەمما ئەدەبی دیالۆگ ورەفتاری موناقەشــەو بەرزی شــێوازو ســالاری نیشــاندان ئەوە هەر توخنییــان نەکەوتووە! ئەمــەش بەڵگەیــەک لە نەقڵ کردنەکانــی: (لێرەوە گەلێــک لە بڕگەی کتێبەکــەی مەدخەلی نەقــڵ دەکات..) بڕوانە کتێبــی : (بکر بــن عبد اللــە ابو زیــد / الخطــاب الذهبــي لا ٤) لەگەڵ ئــەم جۆرە ڕەخنانەشــدا دەروێشــەکانی مەدخەلی هەر لەســەر گەرمە تەریقەی خۆیــان مانەوەو کەوتنــەوە بــڵاو کردنەوەی، جا تۆ بیــر لەوە بکــەرەوە کە ئەگەر کتێبێکی وا لەســەر

←

(٤)
سەلەفێتی، یان ئەسپە دارینەکەی جەژن؟

لە سەدەکانی یەکەمی ئیسلامدا گروپێکی راحەت تەڵەب پەیدا بوو پێیان دەوتن مورجیئە. دواتر کالعادە ئەوانیش وەکو ابو الحسن الاشعري لە کتێبی (مقالات الاسلاميين)دا دەفەرمووێ: بوون بە ١٢

****

یەکێک لە شیوخەکانی خۆیان دەرچێت، داخۆ بە حەق و باتڵ چۆن بەرگری لە شێخ و غەلیفەکانیان بکەن.. ڕەحمەتی خوات لێ بێت سەیید قوتبی ڕەحمەتی، خۆ خوای خۆتت بەسە ..

مەدخەلی دواتر بەوە عوزری دەهێنایەوە کە گوایا ڕای وا نییە کە کوفر کەوتووە بەسەر سەیید قوتبدا! بەڵکو سەیید قوتب کەوتۆتە کوفرەوە!!

بە ڕاستی عوزرەکەی لە قەباحەتەکەی خراپتر بوو. چونکە قەباحەتەکەی کە بریتییە لە تەکفیرکردنی گومان لێ کراوێک بە پاڵنەرێکی زانراو، ئەمما خراپی عوزرەکەی، ئەوەیە کە: نەزانانە تەکفیرەکەی کردووە، چونکە نە خۆی ونە تاقمەکەشی ئەوەندە شارەزای ڕێساکانی تەکفیر نین تا سەریان لە حوکمێکی واوە بێ وەی دەرچێت ..

ئەو بۆچوونەی بەکر ئەبوزەیدم زۆر لا جوان بوو کە لە کتێبەکەیدا (المدخلی)دا دەڵێ: (ئەم کتێبە حیزبایەتیە نوێکەی بوژاندەوە!) الخطاب الذهبي لا١١.

خۆزگە بەکر ئەبوزەید لە جیاتی ئەو کتێبەی کە لەسەر مەدخەلییەکەی خۆیانی نووسیووە، لەسەر حیزبایەتیی (سەلەفی)یەکانی بنووسیایە، خۆزگە دژواری تەعەسسوبی (حیزبایەتی) بۆ شی بکردنایاتەوەو هۆکارەکانی ئەو دەردە کوشندەی بۆ بخستنایاتە ڕوو، بەڵکو کەمێک بەلای حەقدا بکەنەوەو (ڕێبازی بانگەواز) و ڕێسای (هەڵسەنگاندن)ەکانیان ڕاست بکەنەوە، تا لە حاڵی خۆیان حاڵی بن و بۆ شەرعی خوا ماڵی بن.. بەڵام بەداخەوە ئەمیش ـ هەر چەندە ئیعتیرافی بەوە کردووە کە ئەو سەلەفییانەی خۆیان (کەوتوونەتە) چاڵەوە - بەڵام هەر لایەنگیری شیوخەکانی کردووەو عەیب و عارو باری لاری بۆ پەردەپۆش کردوون، هەنجەتی بۆ شیوخەکانی بەر سێبەری تاغووتان هێناوەتەوە! دەڵێی لە زەمانێکی تری غەیری ئەم زەمانەی خۆماندا دەژی! واقیعی ئێستای واز لێ هێناوەو کەوتۆتە دارشتنی زۆر ڕێسای پۆلێن کردنی خەڵکی کە بۆ خەڵکی غەیری ئەم زەمانە دەشێن! ئەویش هەر دەڵێی شەقرە ئامۆژگاری کردووە، بڕوانە کتێبی (تصنيف الناس.. لا ٥٤).

گروپی تـــرەوە، دوانیان بەناوبانگتر بـــوون (مرجئة الفقهـــاء) و (الجهمية).. هـــەرە چاکەکەیـــان (مرجئة الفقهاء) کـــە دەیانووت هەر کـــەس بڵێ باوەڕم هێناوە ئیـــتر باوەڕی وەک هی فریشـــتەیە با ســـەریش بە فـــەرزی خوادا نـــەدات و تا دەشـــمرێت هـــەر خەریکی فیســـق و فجورو گونـــاح بێت! با لـــە جێـــی بەرماڵ و نوێژ لەســـەر مێـــزو مـــەزە ڕۆژ کاتـــەوە! بیرت بێت ووتم: هـــەرە چاکەکەیان وایـــان دەووت! ئەمما مورجیئـــەی (جەهمییەکان) دەیانـــووت: وتنی بـــاوەڕ بە زمـــان زەروری نییە! واتە ئەگەر کەســـێک لە دڵـــدا باوەڕی بـــە خوا هەبوو ئیتر پێویســـت نـــاکات خۆی مانـــدوو کات شـــایەتمان بهێنێت یان بڵێ نوێـــژو ڕۆژوو فەرزە! (بڕوانە تهذيب الآثـــار / الطـــبري ١٨٢/٢) هەر لەو سەرچاوەشـــدا ئیمامی وەکیعـــی کوڕی جەڕاحی مامۆســـتای ئیمامی شـــافیعی دەفەرمووێ: (ليس بين كلام الجهمية والمرجئة كبير فرق؛ قالـــت الجهمية: الإيمان: المعرفـــة بالقلب، و قـــال المرجئة: الإقرار باللســـان).

ئیتر بە درێژایی مێژوو مورجیئەو دیدو ڕای بوو بە کورســـی کورســـی و ماین چەقەڵی یـــاری و مەزاق و دینداریيەکەش بەدەردی خۆشـــناوان دەڵێن: (بوويتە گەمەی منـــداران) چونکـــە دینداریيەکە بۆتە ئەســـپەدارینەکەی کـــە جەژنان ڕەســـمیان لەســـەر دەگـــرت و خۆمـــان لای منداڵـــە لادێییە داماوەکانـــی خزمیان پێـــوە با دەدات، چونکـــە ئەوان فەقیرانـــە نەیاندەزانی ڕەسمی ئەســـپی دارینەو ئەســـپی ڕاســـتینە لێک جویێ کەنەوە، بۆ ئێمەش بوارێکـــی تەنکاوی خۆ هەڵکێشـــان بـــوو! زانا ســـەلەفییەکانی ئەمڕۆش دەزانن دەروێشـــە داماوەکانیان قـــول و فـــول لێک جویێ ناکەنەوەو هەر ڕەســـمێکیان بخەنە بەر دەســـت هەر وا دەزانن ڕەســـمی ئیمامی بوخاری و ئیبنوتەیمییـــەو جـــەماعەتـــە!

جا ئیتر مورجیئە هەر هـــات و چوو، تەمبەڵی و بێ غیرەتی و ترســـنۆکی لە ئوممەتدا فەلســـەفاند! حـــەزی هەمووانی ختووکـــە دەدا، دەیان حاکمی شـــو ســـەدان شـــاعیری لۆتی و هەزاران ژنی لەش فرۆش و ملیۆن هەرزەی

داوێن پیســـی پێوە هەڵزنـــا! بووە جێ داڵـــدەی نوێژ نەكەرو ســـوو خۆرو قۆڵبڕو قووندڕ..

بۆیـــە ئەمڕۆ مورجیئـــەی زەمانـــەش (ســـەلەفییەكان) بوونەتە بەڵگەی گەدەزلانـــی بەر ســـێبەر. كـــە دەووترێ: فـــڵان حاكمی عەرەبـــی لە دین لایـــداوە دەڵێن: نابێت وا بڵێن، ئێـــوە خۆ لە دڵی كابرادا نیـــن! كە دەوترێت: ئەو كوردە ماركســـییە نوێـــژ نەكەرەی تەســـبیحی پێیە كافـــرە. دەڵێن: نا هەر ئەهلی ئیمانـــەو تەسبیحەكەشـــی ئەگەرچی بیدعەیە بـــەڵام بۆ زیكرە. كـــە دەوترێت: ئەو پاكســـتانییەی ڕیشـــی چل ســـانتیمەتر درێـــژە، پارەی ســـوو (ریبـــا) ی وەرگرتووە، دەڵێن: گرنـــگ نییە، دڵ حســـێبە.. كە دەڵێین: ئێـــوە دینەكەتان (تەنكە وەک پەڕی مێشـــێ) پێمان دەڵێن: نـــا ئەمەی ئێمە تـــەواوەو نەک ئەوەی ئێـــوەی خەواریج!

لەســـەرەتادا مورجیئە موناقەشـــەیەكی هێدیانەی پێناســـەی باوەڕ بوو، كە ئایا ســـێ بەشـــە؟ واتـــە: ئیعتیقـــادی دڵ و بڕیـــاری زمـــان و پابەندی كاروكردەوەكانـــە؟ یان دوو بەشـــە: قەناعەتی دڵ و بڕیـــاری زمانە؟ یان هەر قەناعەتی دڵـــەو بەس؟!

لـــە ســـەرەتاوە بۆچوونێكـــی هەڵە بـــوو. بەڵام جـــار بۆ جـــار تەنک دەكرایەوە.. تـــا بووە مایەی فیتنـــەی زۆر كەس، فیتنە بە مانـــای قورئانی، واتـــە واز لە دین هێنـــان وهەڵگەڕانـــەوە لێی..

ئیمامی ئیبنوتەیمییـــە دەفەرمووێ : (فصارَ ذلك الخطأ اليســـير في اللفظ ســـبباً لخطأ عظيـــم في العقائد والاعـــمالِ ، فلهذا عَظُمَ القـــولُ في ذَمِّ الارجاء حتى قـــال ابراهيـــم النَخَعـــي : لَفِتْنَتهِمْ ـ يعنـــي المرجئة ـ أخـــوفُ على هذه الامَّـــة من فتنة الازارقة (كتێبـــی الایمان ل ٣٨٠) واتە: ئەو هەڵە ســـادەیەی یەكەمجـــار كە لـــە مانای وشـــەدا بوو، بـــووە هەڵەیەكی زۆر گـــەورە لە بـــاوەڕو كرداردا، بۆیـــە زەم كردنی ئیرجائیش (دیـــدی مورجیئەكان) ئەوەندە چڕوپڕ بـــۆوە. ئیبراهیمی نەخەعـــی دەفەرمووێ: فیتنەی ئـــەوان ـ واتە هی مورجیئـــەكان ـ زۆر دژوارترە لـــە فیتنەی ئەزاریقەكان (كە گـــروپێـــكن لە

خەواریج).

ئیمامـــی ئیبنوتەیمییە ئینجا لە هەمان شـــوێندا دەربارەی گەندەڵی و خراپی فیکـــرو دیدی مورجیئە بۆچوونـــی زانایانی تریش دەهێنێتـــەوە وەکو ئیمامی زوهری کـــە قوتابی ئەبـــوزەڕی غیففارییە خوا لێی ڕازی بێـــت دەیفەرموو: (مـــا ابتُدِعتْ في الاســـلام بدعـــةٌ أَضَرَّ على أهلِـــه من الارجـــاءِ) واتە: لە ناو ئەهلی ئیســـلامدا بیدعەیەکی زیانبەخشـــی وا دانەهێـــنراوە لە بیدعەی ئەهلی ئیرجاء زیانبەخشـــتر بێت.. سوفیانی ســـەوریش دەفەرمووێ: (تركتْ المرجئة الاســـلامَ أرَقَّ من ثوبِ السَّـــابري) واتە: مورجیئە ئیســـلامەتیەکەی لە قوماشـــی ســـابری تەنک تر کردۆتەوە. (الثعالبي لە کتێبـــی زمانەوانی (فقه اللغة)کەیدا دەڵێ: قوماشـــی ســـابری ئەوەندە تەنکە کـــە هی ژێرەوەی لێوە دیـــارە، ئـــەوی دەیپۆشـــێت نازانیت هیچی پۆشـــیووە یـــان ڕووتە) ئیمامـــی ئەوزاعیش دەفەرمـــووێ: (كان يحيى بن ابي كثـــير وقتادة يقولان: ليس شـــئ من الاهـــواء أخوف عندهـــم من الارجـــاء) واتە: ئـــەو دوو زانا پایـــە بـــەرزە دەیانفەرموو: هیچ شـــتێک نییە لە هەواو هەوەس پەرســـتیدا بە لامانەوە ترســـناک بێت وەکـــو ئیرجاء.

ناهەقیان نییـــە، بڕوانە مێژووی موســـوڵمانان: لەو کاتانەی مەســـەلەی کاروکردارەیان لە باوەڕ جـــوێ کردۆتەوەو نەیانکردووە بە بەشـــێکی باوەڕو زۆر بـــە دوایدا نەچـــوون، کە ووتوویانە: تەنها بە ڕاســـت زانینی ئیســـلام بەســـە بۆ دینداری! بزانە چ شکستێکیان بەســـەردا هاتووە، پێچەوانەکەشیان ببینە..

ئەدی ئەمڕۆ بۆ ســـەیر ناکەیـــت؟! مەگەر بازاڕی سکوڵەریســـتی عالمانی بە کێ گـــەرم بـــووە؟! مەگەر هـــەر بەوانە نییـــە کە دەڵێن ئیســـلامەتی بـــاوەڕی دڵەو هـــەر کەس بۆ خـــۆی دینـــداری دەکات! مەگـــەر نابینیت کوردەواری کلۆڵ مەلا چۆن ســـەری لـــێ شـــێواندووە؟ نابینیت ئەوی حي علی الصلاة لە ئیســـلام چۆتە دەرەوەو ڕۆژی هـــەزار کوفر دەکات، هەر پێی دەڵێن ئیماندارەو لەســـەر موســـوڵمانێتی ماوە! چونکـــە مورجیئە (زۆربەی

مـەلای کوردیش هەر لەوانن) دەڵێـن: کوفر (التکذیب و الجُحُود)ـە واتە بەدرۆ زانینـی پێغەمبـەر صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ! و نکوڵی کردن لـەوەی هێناویەتی.. باوەڕیـش بریتییە لـە (التصدیـق) واتە: بە ڕاسـتگۆ زانینـی پێغەمبەر صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ.

ئینجـا لەم نەزانـی و حاڵی نەبوونەشـەوە، دینەکەیان لـە قورئان و سـوننەتەوە بۆ گۆڕیوون بـۆ پەندی پێشـینان کە دەفەرمـووێ: (بزن بە پێی خـۆی و مەڕ بە پێـی خۆی) و (کـەس ناچێتە قەبری کـەس)!

ئاخر لـەم دەلاقەوە بـوو کە بلۆکی سـەرمایەداری بە سـەرۆکایەتی ئەمریـکا؛ خزایە نـاو دیدو دینـی موسـوڵمانان و دوژمنداریتییەکەیانی لە خـۆی لاداو کردنی بە گـژ کۆمۆنیزمدا! نەتبینی ئـەو ڕق و قینەی بەرامبەر کۆمۆنیزم دروسـت بـوو، بـەو ئیعتیبـارەی دژی باوەڕە کـە (تصدیق)ی پێغەمبەرانـە، بەرامبـەر لیبراڵـی ڕۆژئاوا دروسـت نەبـوو! چونکە عالەمانیەتـی سـەرمایەداران و لیبراڵەکان (تکذیب) نـاکات، هەر (تبدیل) دەکات! واتـە هەر دەیگۆڕێت! ئەمـەش بە پێی دیدو دینـی مورجیئە کافر بـوون نییە! بـەڵام ئێمەی ئەهلی سـوننەت الحمدلله بەرچاومان ڕۆشـنەو جیاوازییـەک لە نێـوان (تکذیب) و (تبدیـل)دا نابینین.

هەندێـک پـارت و گرووپی کۆمۆنیسـت کـە ئەقڵیان بـە گەمەکە شـکا، ناوی گروپەکانیـان دەکردە پارتی سۆشیالیسـتی فلانـی! تا بڵێن: ئێمەش چیـدی (تکذیب) ناکەین و باوەڕمان بە ئیسـلام هەیـە؛ بەڵام ئێمە سیسـتمێکی سۆشیالیسـتیمان هێناوە! مەگـەر ئەمە هەر ئـەو کڵاوە نییە کـە کراوەتە سـەری هـەزاران (داعی) و مـەلای کوردی زەیـن کوێری شـوێنکەوتووی یەکێتـی وپارتـی و پەکەکـەو کۆمەڵـەو دیموکرات و گروپە سۆشیالیسـتییەکان؟! چەند هەزار مەلا هەیە بۆتە دەروێشـی ئـەم گـروپ و ئـەو گـروپ؟!

حیزبی سـەلەفییە لاحیزبییەکانی کوردستانیش کە شمشـێریان هەر بۆ ملـی ئێمە دەسـوون، دەڵێن: پارتـی و یەکێتی ئەهلی ئیمانـن و لە ئێوەش

دیندارتـــرن! چونکە ئـــەوان وەکو ئێمـــە مورجیئەن گەرچی کـــەم کردارن، بـــەڵام ئێوە خەواریجـــن! چونکە ئەم مارکســـی ولیبراڵە ناحاڵیانـــە بە کافر دەزانن، کاکـــەی ئیخوانیش پشـــتیان دەگرێ و دەڵێ هێشـــتا ئەمانە کەس ئیقامە حوججەی لەســـەر نەکردوون! ســـڵاو لە ئەقـــڵ و عیلمتان!

ئیمامـــی ئیبنوتەیمییە دەفەرمـــووێ: (والمُطاعُ في اتِّباع غـــير الهُدى ودين الحقِّ، ســـواءً كانَ مقبولاً خَبَـــرُهُ المُخالفُ لكتاب الله، أو مُطاعاً أمْرُهُ المُخالفُ لأمرِ الله، هـــو طاغوتٌ) مجمـــوع الفتاوى ١١٣/٢٨. واتە: ئەو کەســـەی لە غەیری ڕێبـــازی خوایی و دینی حەقی خـــوادا، گوێڕایەڵـــی دەکرێت و ملی بۆ کـــەچ دەکرێت، گەر ســـەرپێچی فەرمانـــی خوای کردو بـــە پێچەوانەی قورئـــان فەرمانی دەرکـــرد ـ ئیتر گوێڕایەڵـــی ئەو فەرمانـــە موخالیفەی کرا بێت یـــان نەکرا بێت ـ ئـــەوە تاغووتە.

کاکە برا.. ئاگاداربە، بە ناوی ســـەلەفەوە ســـواری ئەســـپە دارینەکەت نەکـــەن و بڵێن پێ بکەنـــەو وێنەت بگرن!

ڕەنگـــە بەســـتەزمانانە بڵێیت: ئـــەرێ ســـەرمان لێ شـــێواوە نوێژمان نەدەکـــرد، دەتانـــووت: کافـــرن و نانی دەســـتتان حەرامە، بـــە حەلا حەلا کەوتینـــە نوێـــژ کـــردن، حەی دایـــم و یا هو یا مـــەن هووی ســـۆفیمان پێ خۆش بـــوو، وتتان کوڕە نەکەن شـــیرکە. بـــەرەو ئیخـــوان هەڵاتین، دڵمان بە شـــیعارەکانیان خۆشـــبوو، بە تەمای جیهاد بووین دژی ســـەددام، کەچی کردیانیـــن بە مجلس الحكمـــی ئەمریکادا! ووتتان: کـــوڕە زوو وەرنە دەرێ کافر دەبـــن! لەویش هەڵاتین.. ووتمان: دەبینە ســـەلەفی، ئەمەیان خۆشـــە، ئیقتیدایە بە ســـەلەفی ســـاڵح، بـــە ئەســـحابەکان، وامان لێهات قســـەمان نـــە لە مـــەلا وەردەگرت نە لـــە داعییەکان، تەنها لە شـــیووخی ســـعودیە، کەچی وتیـــان: نابێت لە ئیـــبن جبرین وحمـــود العقلاءو ســـەفەر الحوالی و ســـەلمان العوْدەو.. وەربگـــرن! ووتمان: ئـــەدی لە کێ؟! وتیـــان: لە ئیبن بـــازو ئەلبانی و شـــەقرەو مەدخەلی! ووتمـــان ئۆخەی دۆزیمانـــەوە! بووینە دەروێشـــی ئەوانیـــش، ئەوا دیســـان ئێوەش هاتـــوون دەڵێن: کـــوڕە کاکە

ئەوانە سەلەفی نین! ئەوانە مورجیئەن! سواری ئەسپەدارینەتان دەکەن!

برای شیرینم، ڕاست دەکەیت.. بەڵام سەرت لێ نەشێویت، ئەمە دەردی بێ خیلافەتییە، بەڵام گوێ لە برای خۆت بگرە:

ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرمووێ: (فَمَن قالَ بالكتابِ والسنةِ والاجماعِ فهو مِن اهلِ السنةِ والجماعةِ) مجموع الفتاوى ١١٥/١٩. واتە: هەر کەس بە قورئان و سوننەت و کۆڕا (ئیجماع) قسەی کرد ئەوە ئەهلی سوننەت و جەماعەتە..

ئیمامی شاطبیش دەفەرمووێ: (يَجبُ عَلَى كُلِّ ناظِر في الدليلِ الشرعي مُراعَاةُ مَا فَهِمَ منْهُ الاوَّلُون ومَا كانوا عليهِ في العملِ بهِ فهو أحْرَى بالصَّوابِ وأقْوَمُ في العِلْمِ والعَمَلِ) الموافقات ٥٧/٣. واتە: پێویستە لەسەر هەرکەس کە تەماشای بەڵگەی شەرعی دەکات، ئەوە لەبەر چاو بگرێت کە ئایا پیاوانی پێشین چۆن لەم بەڵگانە حاڵی بوو بوون و چۆنیان عەمەل پێ کردووە، ئەمە نزیکترە لە ڕاستییەوە، ئەمە ڕاستترین شێوەی فێربوون و کار بە عیلم کردنە..

ئیقتیدا بەوانە بکە کە لە خزمەت پێغەمبەری نازداردا ﷺ ئەم دینەیان وەرگرتبوو، پاشان بەوانەی لەوانەوە دینەکەیان وەرگرت، پاشان بەوانەی تر کە لەوانەوە نزیک بوون. گوێ بگرە لە سیدنا ئیبنو مەسعود ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ کە دەفەرمووێ: (ألا لايُقَلِّدَنَّ احدُكُم دينَهُ رَجُلاً إنْ آمَنَ آمَنَ، وإنْ كَفَرَ كَفَرَ، فإنْ كُنتمْ ولا بُدَّ مُقتَدينَ فَبالمَيِّت فَإنَّ الحَيَّ لا يُؤْمَنُ عليهِ الفتنةُ) شرح اصول السنة/اللالكائي ژمارە ١٣٠ ٩٣/١، هەروەها (البغوي : شرح السنة ٢١٤/١) واتە: دینداری خۆتان مەکەنە لاسایی کردنەوەی کابرایەک، گەر باوەڕی هێنا ئێوەش باوەڕ بهێنن، گەر کوفریشی کرد ئێوەش کوفر بکەن، ئەگەر هەر چارتان نییەو هەر دەبێت تەقلیدی کەسێک بکەنەوە ئەوە تەقلیدی کەسێک بکەنەوە کە مرد بێت، چونکە زیندوو لە ڕێ لانەدانی مسۆگەر نییە..

کاکە برا، شوێن قەرەباڵغی مەکەوە، وا نەزانی هەر جەماعەتێک

زۆر بوو؛ ئـــەوە چاکەو شـــایەنە لەگەڵیاندا بیـــت.. نا لە کەمـــی هاوبیرو هاوڕایانت ڕەشـــبین مەبە، گەشـــبین بە بـــەوەی حەقت ناســـیووەو پێوەی پابەندیـــت. ئیمامی ئیبنـــو القەییمیش دەفەرمووێ: (عليـــك بطريق الحق ولا تَسْـــتَوْحشْ لقلَّة الســـالكينَ، وإياك وطريقَ الباطِلِ ولا تَغْتَرّْ بكثرةِ الهالكينَ) مدارج الســـالكين ٢٢/١. واتە: پێویســـتە ڕێبازی حـــەق بگریتە بەر، کەمی ڕێبـــوارو کاروان بێ تاقەتـــت نەکات، نەکـــەی ڕێی باتڵ بگریـــە بەر، بە زۆری فەوتـــاوان نغرۆ نەبیت.

شـــیعە عادەتێکیـــان لـــە تەدلیســـدا هەیە، کـــە ووتت شـــیعە خراپن، دەڵێن: ئێمـــە جەعفەرین! کـــە ووتت جەعفـــەری موخالیفـــن. دەڵێن ئێمە ئیسناعەشـــەرین! کـــە زانیان شـــتێک لـــە ئیختیلافات دەزانیـــت، دەڵێن پێویســـتە ئـــەم باســـانە نەکەین چونکـــە خزمەتـــی ئیســـتیعمار دەکات، کـــە زانییـــان هیـــچ نازانیـــت، وورده وورده دەبنە بـــرادەرت و لێت نزیک دەبنـــەوەو بە دزییـــەوە دێنە لات و دەکەونـــە سرتەسرت، کتێبـــت بۆ دێنن و هـــەر لەگەڵـــت خەریک دەبن تـــا لە هاوبیرانـــت جوێ دەکەنـــەوە.. ئەم ســـەلەفیانەی هاوڕێشـــمان زۆر عادەتی خراپیان هەیە لە هی شـــیعە دەچێت! کە زانییان گـــوێ لە ئێمەمانـــان دەگریت، دەڵێن گوێیان لـــێ مەگرەو هات و چۆیـــان مەکە چونکـــە ئەهلی بیدعەن وشـــەرعەن نابێت ســـەلامیش لە ئەهلی بیدعـــەو زەلاڵ بکرێـــت، تا تـــۆ دوور دەخەنەوە، ئینجا کـــە زانیان ڕێی توێژینەوەو پرســـیارو وەڵامـــت بڕاوە شـــوبهەکانی خۆیانت لێ دەکەنە دیـــن و دینداری ئەهلی ســـوننەت؛ هەمووشـــی هەر بە ناوی سەلەفـــەوە! ئەوی خـــۆی بۆی وەڵام نەدرایـــەوە، دەتباتەوە بۆ لای مەدخەلی و شـــەقرەج و پەقـــرەج، هیـــچ جارێکیـــش ناهێڵێت دەســـتت لـــە بن بـــازی ڕەحمەتی گیـــر بێـــت، چونکە بن بـــازی فەتـــوای تەکـــفیر کردنی حاکـــم و حیزبە سکوڵەریســـتیەکانی داوەو لە زۆر مەســـەلەی عەقیدەدا وەکو ئەلبانی نییە، چ جای مەدخەلـــی و جامـــی و زانایانی تری جاش ســـەلەفی..

دەڵێـــن نابێـــت موقەللید بیت، خۆیان لـــە کەڕە حەنەفی موقەلـــلیدترن،

دەڵێن نابێـــت حیزبت هەبێت، خۆیان لـــە هەموو كەس حیزبـــی ترن، دەڵێن نابێت خەت و شـــێخ و مەزهەبت بەســـەر حەقدا ســـەرخەیت، كەچی ئەوان هەر هەموو كارو هەڵوێســـتەكانیان هـــەر ئەوەی لـــێ دەخوێنرێتەوە.. ئاخر بۆ پێرێكی تێـــری وایە كـــە ئیمامی ئیبنوتەیمییـــە دەفەرمـــووێ: (فالحَذَرُ الحـذرُ ايُّهـا الرَّجُـلُ أنْ تَكْرَهَ شـيئاً مما جـاء به الرسـولُ ﷺ أو تَرُدَّه لأجْـلِ هواكَ، أو إنتصـاراً لمَذهبكَ، أو لشـيخيكَ أو لأجل اشـتغالكَ بالشَّـهَوَاتَ أو بالدنيـا، فإنَّ اللـهَ لمْ يُوجِبْ عـلى أحَد طاعةَ أحَـد إلا طاعَةَ رسـوله، والاخذَ بمـا جاء به بحيـث لو خالـف العبدَ جميع الخلـق واتبعَ الرسـولَ ما سـأله الله عـن مخالفة احد، فـإنَّ مَـنْ يطيعُ أو يُطـاعُ إنما يطـاعُ تَبَعـاً للرسـول وإلا لَو أمَرَ بخـلاف ما أمرَ به الرسـولُ مـا أطيعَ. فاعلم ذلك واسـمَعْ وأطِعْ، واتَّبِـعْ ولا تبتَد تَكنْ أبترَ مـردودا عليك عملُكَ) مجموع الفتـاوی ٢٩٢/١٦. واتە: ئامان كاكە نەكەی لەبـەر خاتری هەواو هەوەســی خۆت یان بـۆ سەرخســتنی مەزهەب و (دیـدو بۆچوونی خۆت) و یان هی مامۆســتاكەت یان لەبەر حـەز لێبوونی دنیایی خۆت، شـتێک لـەوە ببوغزێنیـت كـە پێغەمبـەر ﷺ هێناوێتی چونكـە خوای گـەورە غەیری گوێڕایەڵـی فەرمانی خۆی و پێغەمبەرەكەی لەسـەر كەس فەرز نەكردووە، ئەگەر كەسـێک شـوێن پێغەمبـەر ﷺ كەوتبوو، پێچەوانـەی هـەر هەموو خەڵكـی بووەوە، خـوای گەورە موحاسـەبەی ئەوەی نـاكات بۆچـی پێچەوانەی ئەو خەڵكـە بۆتەوە، ئـەوی ملكەچی دەكات یان بـۆی دەكرێت لەبەر شـوێنكەوتنی پێغەمبەرە ﷺ دەنا گەر بە پێچەوانـەی ئەوەوە فەرمـان بدا گوێڕایەڵـی ناكرێت..

*** ... *** ... ***

| کۆبەندی یەکەم |

بەندی یەکەم

عەقیدەی مەدخەلی و پاڵانتەوانانی سەلەفی
لە پێکهاتەی باوەڕدا!
باسـەکانـی (باب الایمان)

بەندی دووەم

ڕەواندنەوەی گومان و بەڵگەی مەدخەلـی و
پاڵانتـەوانـــی سەلەفێتـــی لە پێناسـەو
پێکهاتەی باوەڕدا

بەندی یەکەم

عەقیدەی مەدخەلی و پاڵانتەوانانی سەلەفی

لە پێکهاتەی باوەڕدا!

* باسی یەکەم *

مەدخەلی و پاڵانتەوانی سەلەفێتی کام جلەی مورجیئەیان پۆشیوە؟

سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی ناچارن ئەو پێناسەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بۆ باوەڕ دەیکەن ئەوانیش بیکەن! ئەوانیش لە کۆڕو کۆمەڵی ئاشکرای خۆیاندا دەڵێن: (الإيمانُ: قَولٌ وَعمَلٌ يَزيدُ وَيَنْقُصُ). واتە: باوەڕ گوفتارو کردارەو زیادو کەم دەکات. بە ئاشکراش لە هیچ شوێنێک والحمدللە ناوێرن بە ڕاشکاوی نکوڵی لەم پێناسەیە بکەن، چونکە دەزانن کە زانایانی پێشین لەسەر ئەو پێناسە ڕێکن.. بەڵام بۆ ئەوەی گەروویان نەگیرێت و تووشی ئەرکی قورس نەبن! هەوڵ دەدەن لە دوو لاکۆڵانەوە بۆی دەرچن:

• یەکەم: دەڵێن کوفر پەیوەستە بە بەدرۆخستنەوەوە (حَصْرُ الكُفْرِ في التَّكذيبِ)[1] بە درۆخستنەوەش چونکە پێچەوانەی بەڕاست زانینە (التصديق)ـە ئەوا پێناسەی باوەڕ دەهێننەوە سەر تەنها گوفتار (قەول). واتە پێناسەی باوەڕ لای سەلەفی بریتییە لە قەناعەتی دڵ و بڕیاری زمان (تصديق بالقلب واقرار باللسان)! ئێ خوا وەکیل ئەمەش هەر پێناسەی مورجیئەکانە..

****

(١) بڕوانە: علي حسن الحلبي کتێبێکی هەیە هەر ناوەکەی بیدعەیە کە کێشەیەکی شەرعی وەکو تەکفیری بە (فیتنە) ناوزەد کردووە! ئەوە خوانەخواستە ئێمە مانان بمانکردایە لێیان لە دەهۆڵ دەدایەن بەڵام بزن هەمیشە عەورەتی دیارە کەس هوهای لێ ناکێشێت کەچی مەڕی داماو لە بازدانێکدا عەورەتی دەردەکەوێت لێی نابڕنەوە کاکەی حەلەبی لە پێشەکی کتێبەکەیدا (التحذير من فتنة التكفير) دا دەڵێ: بە درۆخستنەوە، دەبێتە هۆی بەکافر بوون واتە (التكذيب). نکوڵی لێ کردنیش (الجحود) لای ئەو (هو تكذيب باللسان) واتە بەوە دەبێت کە بە زمان بەدرۆی بخاتەوە، بە حەڵاڵ دانانی حەرامیش کە پێی دەوترێت (الاستحلال) ئەو لە پێناسەیدا دەڵێ: (هو تكذيب بالنص بتحريم الحرام) واتە: بە درۆخستنەوەی ئەو دەقەیە کە حەرامی پێ حەرام کراوە..

• دووەم: دەڵێن کردار مەرجی باوەڕ نییە (العمل لیس شرطا في الايمان) بەڵکو تەواوکەرێتی! ئاشکرایە کە دەوترێت: ئەم خاڵە مەرجە بۆ فلان شت. مانای وایە فلان شتەکە نابێت تا مەرجەکەی نەبوو بێت. بۆیە پاڵانتەوانانی سەلەفی دەڵێن ئەگەر کابرا هیچ کارێکی ئیسلامی ئەنجام نەدا باوەڕەکەی ـ کە بە قسە وتووێتی ـ هەر هەیە، چونکە کردار (مەرجی هەبوون) نییە بەڵکو (مەرجی تەواوێتی)یە.. بۆیە مەرجی تەواوێتی باوەڕ لای سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی بریتییە لە قەناعەتی دڵ و بڕیاری زمان (تصديق القلب واقرار اللسان) واتە (قول القلب واللسان) جا هەر کەس ـ لای سەلەفی ـ قەناعەتی بوو وە بڕیاریشی بە زمانی دا ئەوە موسوڵمانە با هەر هیچ کردەوەیەکی ئیسلامیشی ئەنجام نەدابێت.

ئەم دژەوانی (تناقض)ەی کەوتوونەتە ناوی، هەر هەمان دژەوانییە کە خەڵکانی تر پێش ئەمان دەکەوتنە ناویەوە، مەبەستم مورجیئەیە، ئەوانەی کە ئیمامی ئیبنو تەیمییەی ڕەحمەتی دەربارەیان دەفەرمووێ: (هەر دوو تاقمەکەی مورجیئە کەوتوونەتە دژەوانی خۆیانەوە، چونکە دەڵێن: باوەڕ بڕیارو کردارە، کەچی دەشڵێن: بەڵام باوەڕ بە نەمانی هەندێک کردار لەناو ناچێت. ـ با لەو کردەوانەش بن کە ڕوکنی باوەڕن، وەکو پابەندی گشتی و نوێژ) مجموع الفتاوى چاپی ١٣٨٢ ب٥١١/٧.

ئەوی بە دووی دەرس و دیداری سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفیدا بچێت زوو بۆی دەردەکەوێت ـ هەرچەندە بە ڕوواڵەتیش وا ناڵێن ـ بەڵام سوورن لەسەر سەرخستنی مەزهەبی مورجیئەکانی پێشوو (لە باسی باوەڕدا). با پێکەوە گوێ بدەینە هەندێک ئەقوالیان:

ـ محمد ئیبراهیم شەقرە (ئیمامی سەلەفییەکانی ئەردەن) دەڵێ: (ئەگەر کەسێک شایەتمانی هێنا لە دڵیشیدا بە ڕاستی زانی و قەناعەتی پێی بوو، باوەڕیشی بە هەموو داواکاریەکانی باوەڕ هەبوو، ئەوە موسوڵمانە)

کتێبی: هى السـلفية / الشقرة ل١٢٢..

باشە بابە شێخ گیان ئەمە (بڕیار)ـە ئەدی کوا (کردار)؟

هەر ئەم شەقرەیە لە موناقەشەی کابرایەکدا کە ناوی سامی یە دەڵێ: (العمل ليس شرطا في الايمان) واتە کردار مەرجی باوەڕ نییە. هەر لەو شوێن و کاتەشدا شێخی ئەلبانی ڕەحمەتییش لایەنگری دەکات و بە هەردووکیان کۆمەڵێک گومان وەکو بەڵگەی ڕاستی هەڵوێستی خۆیان دەهێننەوە.[١]

شێخی ئەلبانییش هەر لەو شریتەدا کە بەرپەرچی سامی دەداتەوە دەفەرمووێ: ئەستەم (موستەحیل)ـە کوفری کردار ببێتە کوفرێک کە خاوەنەکەی لە میللەتی ئیسلام بکاتە دەرەوە، مەگەر قەناعەتی دڵی لەگەڵدا بوو بێت. پێویستە جیاوازی بخرێتە نێوان کوفری کردارو کوفری باوەڕو قەناعەت، لای ئێمە[٢] بە هیچ شێوەیەک لە شەریعەتی ئیسلامدا دەقێکمان نییە بە ڕاشکاوی بڵێت یان بەڵگەیەکی ئاشکرا بێت بۆ ئەوەی کە کە هەر کەس باوەڕی بەوە هێنا کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە بەڵام هیچی لەوە نەکرد کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە، کافر بێت).[٣]

شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی لە شریتێکی تریدا کە دەربارەی کردارو

---


(١) ئەمە شریتێکی تەسجیلە بە (کاسێتی سامی) بەناوبانگە! کە لە ئەردەن موناقەشەی شێخی ئەلبانی کردووەو ئیبراهیم شەقرەی سەلەفی ئەردەنیش لەوێ بووەو جار جارە ئەویش بە شەقشەقەلێدان خۆی دەخاتە تەرەفی شێخی ئەلبانی، شریتەکە ناوی (الكفر كفران/سلسلة الهدى والنور رقم ١/٨٢١).

(٢) لای ئێمە! ئەگینا لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت بەڵگە زۆر زۆرە. إن شاء اللّٰه لە داهاتووتردا هەندێکیان دەهێنمەوەو باسیان دەکەین..

(٣) الالباني: شريط الكفر كفران / تسجيلات بيت المقدس / عمان لە (ابو بصير عبدالمنعم مصطفى حليمة: الانتصار لاهل التوحيد ل ٥٩-٦٠) وەرگیراوە.

(٤) الالباني: (شريط التحرير لاصول التكفير/سلسلة الهدى والنور رقم ١/٨٥٥) شێخی ئەلبانی و ئەوانەی لەخزمەتیدا بوون، ڕای خۆیان لەم شریتەدا ڕوون دەکەنەوە کە

⟵



باوەڕ دەفەرمـــووێ کە: (عَمَلُ الجَـــوارِحِ شَرْطُ كَمَالٍ لِلايمـــان)[٤] واتە کردار مەرجـــە بۆ تـەواوێتـی باوەڕ..

****

کـــردەوەی دڵ (وەکو ئومێدو تـــکاو ترس و.. هتد) ئــەو مەرجی هەبوونـــی باوەڕە نەک کـــردەوەی ئەندامانی لەش (نوێـــژو ڕۆژوو و حەج و.. هتد) ئەمە بە ڕاســـتی خۆ گێلکردن و خەڵـــک ئیغفالکردنــەو دادی کەس نادات. بەمە کەوتنە ســێ هەڵدێرەوە:

١ـ ئـــەم کـــەرە ســـەلەفییانەش لە پێـــڕی (مورجیئـــە)ن و هەرچەنـــد لاف و گەزاف لێدەن هەر لــە ڕیزی ئەوانـــدن، چونکە زۆرینەی تیپـــی مورجیئـــەکان دەڵێن کردەوەی دڵ بەشـــێکە لە بـــاوەڕ. وەک ئیمامی ئیبنو تەیمییە باســـی کردوون. (مجمـــوع الفتاوی ١٩٤/٧).

٢ـ ئەگـــەر کەســـێک بـــە ســـەلەفییەکی وت باوەڕم بـــە ترس و خۆشەویســـتی و مەزنی خـــوای گـــەورەو خۆشەویســـتی پێغەمبـــەر ﷺ هەیە دەبـــێ پێی بڵێ: تۆ موســـوڵمانیت و باوەڕەکەشـــت تەواوو ســـاغ و ســـەلیمە با هیچ کردەوەیەکیشت بە ئەندامانـــی تری لەشـــت نەکردبێت، چونکە کـــردەوەی لەش مەرجـــی تەواوێتی باوەڕە.. ئاشـــکرایە کە ئەم قســـەیە خراپترین قســـەیەو لە هەموو هەڵوێســـتێک زیاتر دژایەتی شـــەریعەتی خـــوای پـــەروەردگارو ژێرێتـــی مـــرۆڤ دەکات! ئەمە قســـەی نەرمڕەوە شـــلگیرەکانی جەهمیەیە.. دوایی إن شـــاء اللّٰە دێمە ســـەر فش کردنەوەی ئەم قســـانەو بەتاڵ کردنـــەوەی بەڵگەکانیان.. دەبینیت قســـەی پاڵانتەوانانی ســـەلەفی ئەمڕۆش هەر قســـەی ئەو جەهمیانەی پێشـــووە، بـــە موو جیاوازیـــان نییە!

٣ـ ئـــەم ســـەلەفییانە بۆ ئـــەوەی خۆ لەو تەنگـــژەی خۆیان قوتار کەن پێناســـەیەکی تریـــان بۆ بـــاوەڕ داهێناوە! کـــە کەس پێش ئـــەوان ـ نە لە ســـەلەف و نە لـــە خەلەف ـ نەیانوتـــووە! ئەویش ئەوەیـــە: (الایمان قول باللســـان واعتقاد بالقلـــب وعمل بالقلب) بچـــۆرەوە بۆ شریتـــی: التحریر لاصول التکفیر.. واتـــە: باوەڕ بڕیاری زمـــان و قەناعەتی دڵ و کـــردەوەی دڵە!

ئەم پێناســـەیە لەگەڵ ئەوەشـــدا کە بیدعەیەو گومڕاییە (کل بدعة ضلالة)، گەڕەلاوژێ و پشـــێویەکی زانستییانەشـــی بە دووی خۆیدا وەک چەرە دوکەڵ ڕاکێشـــاوە! باشـــە مەگـــەر قەناعەتـــی دڵ (اعتقاد) هەر بە ڕاســـت زانینـــی دڵ و کـــردەوەی دڵ (تصدیق القلـــب وعملە)ەکەی پێشـــینی ئەهلی ســـوننەت و جەماعەت نییە؟!

توخـــوا بچـــن چەند جارێک گـــوێ لەو شریتە بگرن تـــا بزانن ئەمانە چ پێناســـەیەکی لاســـەنگیان کردووە بە دارشـــەقی ناو لافاوو ســـەوڵی سەر وشـــکانی! خۆزگە شێخی ئەلبانی خـــۆی دوورەپەرێز بگرتایەو بە قســـەی شـــەقرەو پەقرە خۆی نەخســـتایەتە ئەو گێـــژاوەوە! تۆ بڵێی ناچـــار بووبێت؟!

یەکێک لە شێخ ئەلبانی دەپرسێت: (ئەگەر کەسێک لەسەر یەکخواناسی (تەوحید) مرد بێت، بەڵام هیچ شتێکی لە داواکارییەکانی تەوحید ئەنجام نەدا بێت، ئایا ڕاستە کە بە کافر حسێبەو لەگەڵ کافرانی تردا بە نەمری لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە؟

شێخ لە وەڵامیدا دەفەرمووێ: (سەلەف جیاوازییان خستۆتە نێوان باوەڕو کردەوە،کرداریان بە مەرجی تەواوێتی باوەڕ داناوە نەک بە مەرجی هەبوونی، بە پێچەوانەی خەواریجەکان) پاشان ئەوە باس دەکات کە (الایمانُ لا یستلزمُ العملَ).[١] واتە باوەڕ ناچاری ئەنجامدانی کردار ناکات..

بڕوانە چۆن قسە بەدەم سەلەفەوە هەڵ دەبەستن! شتێک کە سەلەف نەیوتووە ئەمان بۆ سەرخستنی مەزهەبەکەی خۆیان دەیدەنە پاڵیان! ببینە چۆن جیاوازی دەخەنە نێوان باوەڕو کرداروە (الایمان والعمل)، ئینجا دەشڵێن باوەڕ بڕیارو کردارە!

ئەمما کاکەی الحلبي ئەوە پێویست بە بەڵگە ناکات کە ڕای چییەو چۆنە؟ چونکە لە هەموو کتێب و شریتەکانیدا هەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە کردار مەرجی تەواوێتی باوەڕە، بەوەندەش ناوەستێت بەڵکو لەو باوەڕەدایە کە ئەوانەی دەڵێن کردار مەرجی هەبوونی باوەڕە ئەوە لەسەر ڕێڕەوی موعتەزیلەو خەواریجن!

ئەمە سەیرە! چونکە ئاشکرایە کە خەواریج ئەنجامدانی یەک

****

(١) الالباني: شریتي من منهج الخوارج / سلسلة الهدی والنور رقم ١/٨٣٠. بڕوانە باوەڕو ڕەفتاریان! بە خۆشیان دەڵێن (سەلەفی حەقیقی و سوونی فیرقەی ناجیە)! سوفیانی سەوری دەفەرمووێ: ئەمە ناوو ناونیشانێکی بیدعەیە، ئەوانەی ئێمە بە خزمەتیان گەیشتین ڕاو بۆچوونیان وا نەبوو.. ئیمامی ئەوزاعیش دەفەرمووێ: ئەو ئەهلی سەلەفەی کە پێش ئێمە بوون جیاوازییان نەدەخستە نێوان باوەڕو کردەوەوە. (بڕوانە ابن رجب الحنبلي/جامع العلوم والحکم١/١٠٤ هەروەها ابن تیمیە: مجموع الفتاوی١٨٦/٧).



گوناحیـــان بـــەلاوە کوفـــرە. موعتەزیلەش دەڵێـــن شـــایانی جێگەیەکە نە دۆزەخەو نە بەهەشـــت، ئیمامی مـــرووزی دەرهەقیان دەفەرمـــووێ: باوەڕ لە لای موعتەزیلـــە تەوەری هەموو ملکەچی و پەرســـتنەکانە، هەر کەســـێک کەمتەرخەمـــی لـــە بـــاوەڕدا بکات فاســـق دەبێـــت؛ نە موســـوڵمان ماوە نەکافریـــش بووە. (ابـــن تیمیة / الایـــمان ل ٣١٩ـ٣٢٠) .

ئەهلی ســـوننەت و جەماعـــەت مام ناوەندیـــن لە نێـــوان (مورجیئە) و (خەواریـــج و موعتەزیلـــە)دان، بـــە پێچەوانەی مورجیئـــەوەن چونکە ئەو کەســـە بە کافر دەزانن کـــە بە یەکجاری کـــردار واز لێ دەهێنێـــت،[1] ئەو کەســـەش بە کافر نازانن کـــە هەندێک کردار واز لـــێ دەهێنێت، هەرچەندە لە ناو خۆشـــیاندا ڕایـــان جیاوازە لەســـەر واز هێنان لە چـــوار ڕوکنەکەی تر (غەیری شـــایەتمان)..

ئـــەم عەلی حەلەبیـــە لە هەمـــوو (ســـەلەفی)یەکانی تـــر زۆرتر خۆی بە قســـەکانی ئیبنو تەیمییـــەی ڕەحمەتیدا هەڵدەواســـێ، دەســـتی لە هەر قســـەیەکی گیر بێـــت دای دەبڕێت و بۆ خۆی دەکاتە پەلەبەڵگە! و ماناشـــی بـــۆ داداەنێ! بـــەڵام زۆریش نابـــات یەکێکـــی ئەهلی ســـوننەتی لێ زیت دەبێتەوەو ڕیســـەکەی لـــێ دەکاتەوە بە خوری و تەدلیســـەکەی کەشـــف دەکات.. چونکـــە خۆ قســـەکانی ئیبنوتەیمییـــەو ئیمامـــە بەڕێزەکانی تری ئەهلی ســـوننەت و جەماعەت لە ڕۆژی ڕوون ئاشـــکرا ترن و زۆر ئاسانیش

****

(١) ئیمامی ئیبنـــو تەیمییەی دەفەرمووێ: (مەبەســـت لێرەدا کردەوەیەکـــی دیاری کراو نییـــە، بەڵکو هەر کەســـێک لە دڵـــەوە باوەڕی بـــە خـــوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ هەبێت ئایـــا وای لێ چاوەڕوان دەکرێـــت ئەگەر پێغەمبەری خـــوای ﷺ بینی وا دوژمنەکانـــی بەرامبەری وەســـتاون و بەرامبەری دەجەنگن و ئەمیش ســـەیریان دەکات و دەشـــتوانێت پێغەمبەر ﷺ ســـەرخات و خەڵکانی تریش بۆ سەرخســـتنی هان دات، ئایا ئاســـاییە ئەگەر بۆ سەرخســـتنی پێغەمبەرەکـــەی ﷺ هیچی نەکرد؟!) مجمـــوع الفتـــاوی ٣٤٠/٧. دواتریش دەفەرمووێ: (پێشـــتر باســـمان کرد کـــە توخمی کـــردەوە لە پێداویســـتیەکانی باوەڕە) مجمـــوع الفتاوی ٣٧٥/٧

هەزاران قوتابی نیمچەخوێنـــدەواری وەکو ئێمەمانانیـــش دەتوانین بیکەینە گلـــۆپ و عەقیدەکەی عەلی حەلەبـــی و هاوڕێیانی پـــێ دەرخەین.

جێی سەرســـوڕمانە کە چۆن کاکەی عەلی حەلەبـــی کڵاوی مورجیئەی کردۆتە ســـەر ئیبنوتەیمییەی ڕەحمەتی؟! چۆن خســـتوێتیە ڕیزی (ئەوانەی کە باوەڕیان وایە (کـــردار) مەرجی تەواوێتی بـــاوەڕە نەک مەرجی هەبوون و ناواخنی!)[1] لە هەمووشـــی ســـەیرتر ئەوەیە دەبینی عەلی حەلەبی هەندێک ڕاو بۆچوونی ئیبنـــو تەیمییەی هێناوەتەوە بۆ بەهێـــز کردنی بۆچوونی خۆی کەچی دەقەکـــەی ئیبنو تەیمییە لـــە عەقیدەدا هـــەر دژی بیدعەکەی عەلی حەلەبـــی خۆیەتی ئەمـــە جگە لەوەی کـــە هەموو کـــەس دەزانێت کە ڕاو بۆچوون و فەتواکانی ئیبنو تەیمییە و هەڵوێســـتە عەمەلییەکانی ژیانیشـــی هەر پێچەوانەو دژی مورجیئەو شـــوێن کەوتووەکانیانن..

تێبێنییـــەک: ئەوە بزانە کە (کردار) لە پێناســـەی شـــەرعدا مەبەســـت هەر لە (کردن)ـــی داواکراوەکانی وەک نوێـــژو ڕۆژوو و هتد... نییە، بەڵکو (نەکردن)ـــیشە، وەک شـــیرک وســـیحرو هتد... وەکو ئیمامی ئیبنو حەجەر لە (فتح البـــاري ٣٩٤/٣)دا دەفەرمووێ: نەکـــردن کردارە..

ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی کە باوەڕیـــان وایە کـــردار مەرجـــی هەبوونی بـــاوەڕ نییە، مەبەســـتیان لەوەیـــە کە هەر کـــەس بە دڵ بـــاوەڕی کردو بە زمـــان بڕیاریـــدا، با هیچ فەرمانیـــش جێبەجێ نـــەکات و بەرهەڵســـتییەکانیش ئەنجام بـــدات واتە: با (فعل مأمـــور) نـــەکات و (ترك محظور)یـــش بکات! هەر موســـوڵمانە، بـــەڵام باوەڕی نوقســـانە (مؤمن ناقص الايمان)ـــەو لە ئاگـــری دۆزەخدا بە نەمـــری نامێنێتـــەوە. بۆیە ئەم دوو جـــۆرە هەڵوێســـتەش (نەکردنی هەموو فەرمانـــەکان) و (کردنی هەمـــوو ئـــەو کردارانەش کە خەڵکـــی پێ کافر دەبێت) ئەگەر کەســـێک هەردووکیشـــیان ئەنجام بدات هـــەر کافر نابێت،

(١) بۆ نموونە سەیری لاپەڕە ٢٧ـ٢٨ی صيحة نذير/الحلبي بکە.

بەڵکـــو دەکەوێتە (کوفری کـــردارەوە)! واش منجەمنج دەکـــەن کە بکەری ئەم هەموو ســـەرپێچییە ـ ئەگەر گوناحەکان لـــە دڵ و دەروونیدا بە حەڵاڵ نەزانێـــت ـ کافر نابێـــت! بەمەش هەڵوێســـتی (مرجئة الفقهـــاء) و (مرجئة الغلاة)یـــان لە خۆ گرتووە..

شـــەقرە لە تەواو کردنی قســـەکانی پێشـــووی دا دەڵێ: (ئەگەر کەسێک شـــایەتمانی هێناو بەدڵی قەناعەتـــی کردبوو و باوەڕی بـــە داواکاریەکانی بـــاوەڕ کـــرد بوو، بـــا هەرچـــی گوناحیـــش هەیە -ئـــەوی دیـــارەو ئەوی شـــاراوەیە- بیکات هـــەر موســـوڵمانە، مادام نکوڵـــی لەوانـــە ناکەن کە زەروریاتـــی دینن..[1]

ئا ئەم قســـەیەی شـــەقرەیەک لەم زەمانەی ئێمەدا ئاوا دەری دەپەڕێنێت، لە زەمانی ئیمامی ئیبنو تەیمییەشـــدا خاوەنی هەبوو، ئیمامیش بە شمشـــێری حەقناســـی ڕووەوڕوویان ڕادەوەســـتایەوە.. ئیمامی ئیبنـــو تەیمییە لە ئیمام ئەحمەدی کـــوڕی حەنبەلـــەوە دەگێڕێتەوە ـ ڕەحمەتی خـــوای لێ بێت ـ کە مورجیئە زۆرجار بە ڕاشـــکاوی وایـــان نەدەوت، چونکە ئەهلی ســـوننەت باوەڕو کرداریـــان بە لازم و مەلزومـــی یەکتر دەزانی، ئەمما ئەوەتا شـــەقرە هەر بە عالەمی ئاشـــکراو بە ڕاشـــکاوی هاوار دەکات!

ئیمامی ئیبنو تەیمییـــە دەفەرمووێ: (ئەحمەد دەیفەرمـــوو: بابای مورجیئە کە دەڵێ: کابرا بە شـــایەتمانەکەی موســـوڵمان دەبێت، باشـــە دەبێ حەتمەن ئیقـــرار بکات کە زەکاتیـــش فەرزە، بـــەڵام ئەگەر پێنـــج درهەمی لە کۆی دوو ســـەد درهـــەم زەکات نەدا (واتـــە عەمەلی بە باوەڕەکـــەی نەکرد) هەر موســـوڵمان دەمێنێـــت؟ مورجیئەکە هەر دەڵێ: بەڵێ. باشـــە ئەگـــەر کابرا زەنناری بەســـت (قایشـــە پانەکەی ناو قەدی قەشەی مەســـیحی) و نوێژی

****

(١) الشقرة: هي الســـلفية ل ١٢٢.. تەماشـــاکە چۆن کابرا هەر بە موســـوڵمان دەناسێنێت ئەگەرچی هەرچـــی گوناهیش هەیە بیکات! ســـەیری ئـــەم دیوارە تاریکانـــەی نەزانین کە! چ ئەستوورن؟!

بۆ خاچ کردو چووە کڵێسای دیان و بەیعی جولەکە (پەرستگای جولەکە ناوی بەیعە)، ئینجا هەموو گوناهە گەورەکانیشی کرد حەتمەن بابای مورجیئە هەر دەبێ بە موسوڵمانی بناسێنێت! ئەمەش شوورەییەکی گەورەیەو پێیانەوە دەلکێت..

منیش دەڵێم (ئیمامی ئیبنو تەیمییەیە خۆی دەفەرمووێ منیش دەڵێم): ئەمەی ئیمام ئەحمەد فەرموویەتی باشترین بەڵگەیە بۆ بەرپەرچدانەوەیان، چونکە لە سوچێکیان دەپەستێوێت و ناتوانن خۆ قوتار کەن. ئاخر بۆیە کە قسەزان و ڕەوانبێژو دەم هەراشەکانی وەکو جەهم و ئەوانی تریان ناچار بوون بڵێن: ئەگەر کەسێک ئەو کردەوە ئاشکرایانەی ئەنجامدا لە دڵەوە کافر نابێت، بەڵام دەبنە بەڵگەی دنیایی بۆ کافر بوونی.) مجموع الفتاوی٧/٢٥٠.

بزانە ئەوەی ئەو ئیمامە بەڕێزانەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەربارەی جەهم و ئەوانی تر فەرموویانە، کتومت دەڵێی بۆ (سەلەفی) یەکانی ئەم زەمانەی ئێمەی دەفەرموون! تەنانەت ئەم سەلەفییانەی زەمانی ئێمە هەر بۆڕی مورجیئەی کۆنیان داوەتەوە، ئەمان دینداریەکەیان لە لۆکەی ناو ئاو نەرمتر کردۆتەوە، نەتبینی دەیانوت: ئەگەر کەسێک هەموو گوناحەکان بکات هەر پێی کافر نابێت، نە لە دنیاو نە لە ئەحکامی ڕۆژی دواییشدا! مادام لە ناخی دڵیەوە کافر نەبووە!

قسەی شێخی ئەلبانیمان هێنایەوە کە ئەو کەسەش کە هەرچی سەرپێچی فەرمانی خوا هەیە بیکات، هەر کافر نابێت!

*** ... *** ... ***

ڕێڕەوێک بۆ باسی دووەم[١]

هەر لەسەردەمانی یاوەران و تابعینەوە ناکۆکی دەربارەی پێناسەو پێکهاتەی باوەڕ کەوتە ناو زانایانی ئیسلامەوە:

* ئەهلی سوننەت و جەماعەت: ئەمانیش بوون بە دوو دەستەوە:

• نوێنەرانی سەلەف: ئەوانەی کە دەیانفەرموو: باوەڕ سێ شتە: قەناعەتی دڵ و بڕیاری زمان و ئەنجامدانی توخمی کردار.. ئەمەش بۆچوونی جمهووری زانایانی ئیسلامە وەکو سێ پێشەوا مالیک و شافیعی و ئەحمەدو ئەو هەزارانەی دینیان لێوە وەرگیراوە، بەڵگەی ئەمانیش بەهێزترەو بە هیچ کلۆجێک گومان بۆ بەهەڵەداچوونیان ناچێت..

• مورجیئەی شەرعناسان: کە هەر لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت بوون وەکو ئیمامی ئەبو حەنیفەو یاوەرانی و شەرعناسانی ئەو سەردەمەی کوفە، ئەمان دەیانفەرموو: باوەڕ بریتییە لە قەناعەتی دڵ و بڕیاری زمان.. کردەوە بەرهەمی باوەڕەو تەواوکەرێتی نەک پێکهاتەی..

* گروپ لە بەرامبەر ئەهلی سوننەت زۆر هەبوون، لەوانە: مورجیئە: یان ئەهلی ئیرجاء، واتە ئەوانەی کردار دوادەخەن و دەڵێن کردار بە باوەڕەوە نەلکاوە.. ئەمانە دەڵێن: هەر کەسێک لە ناخی خۆیدا باوەڕی هێنابوو ئیتر ئەگەر هیچ کردەوەیەکی چاکیش ئەنجام نەدات و هەر هەموو کردەوە بەدەکان ئەنجام بدات، هەر موسوڵمانەو باوەڕی هەر وەکو باوەڕی پێغەمبەران و فریشتە وایە، چونکە هەموو ئەوانەی باوەڕ دێنن لە ئەسڵی باوەڕەکەیاندا کە وا لە دڵیاندا وەکو یەکن، چونکە باوەڕ زیادو کەم ناکات.. نکووڵی لە ناوو سیفەتەکانی خوای گەورەش دەکەن.. ئیمامی ئیبنولقەییم دەفەرمووێ: پێنج سەد زانای ئەو

(١) وەرگێڕ نووسیوێتی.

ســـەردەمە بە کافـــری زانیـــوون.. دامەزرێنەری ئەم گرووپـــە ناوی جەهمە (ئەبومیحرزی ڕاســـبیجەهمی کوڕی ســـەفوان) خۆراســـانیەو لـــە کوفەوە ســـەری هەڵدا، یەکێکە لە زیت و وریاو زمانلووســـانی مێـــژووی عەقیدەو فیکر، بەڵام لەبـــەر ئەوەی زۆر ئیعتیـــادی دەکردە ســـەر ئەقڵی خۆی زوو تێکـــەوت، تەنانـــەت بۆ مـــاوەی چـــل ڕۆژ وازی لە نوێژیش هێنا! ســـاڵی ١٢٨ك یەکێـــک بوو لەوانـــەی دژی دەســـەڵاتی ئەمەوییەکان شۆڕشـــی بەرپـــا کرد بۆیە لە دوای شـــەڕێک ســـیلمی کـــوڕی ئەحـــوەزی مازنی بە دیل گرتی و کوشـــتی.. ســـەیر ئەوەیە دەســـەڵاتدارانی ئەمـــەوی لە دوای کوشـــتنی ئەوەوە کەوتنە ڕەواج پێدانـــی دیدو بۆچوونی جەهـــم چونکە لە بەرژەوەنـــدی ئەوان بوون کە دەســـەڵاتی سیاســـییان زەوت کردبوو.. بەڵام لـــە ١٣٢ دا کۆتاییان پـــێ هات.. ئیمامـــی ئەبوحەنیفەو ئیمامـــی ئەحمەد بە کافریـــان دادەنـــا..[1]

*** ... *** ... ***

****

(١) ســـەرچاوە لەســـەر جەهم زۆرە، لەوانە دکتۆرا نامە هەیە، موناقەشـــەی شێوازی ژیان و دیدو بۆچوونی دەکات، هەروەها هەڵوێســـت و ڕێبازی سیاســـی و چۆنیەتی کوشـــتنی.. دەشـــێت تەماشـــای (الذهبي: ســـير أعلام النبلاء ٢٧/٢٦/٦) و ابن كثير: البداية و النهاية ٣٥١/٩ و تاريـــخ بغداد ٣٨٢/١٣) بکرێت.

* باسی دووەم *

مەدخەلی و پاڵانتەوانانی سەلەفێتی لەسەر عەقیدەی (مُرجِئة الفُقَهاء)ـن!

ئایا کردار مەرجی هەبوونی باوەڕە یان تەنها مەرجی تەواوێتییەتی؟

ئیمامی شـــافیعیی بەڕێزمـــان ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێێـــت ـ دەفەرمووێ: (کان الاجـــماعُ من الصحابـــة والتابعينَ مـــن بعدهم وَمَـــنْ أدْرَكْنَاهُم يَقولون: الايمانُ قـــولٌ وَعَمَلٌ ونيَّةٌ، لا يُجْـــزِئُ واحَدٌ من الثَلاثَـــةِ إلا بالاخَر)[١] کۆڕای ئەســـحابەو شـــوێن کەوتووانی دواتریان و ئەوانەی ئێمە پێیان گەیشتووین هەموو هـــەر دەیانوت: باوەڕ: گوفتـــارو ڕەفتارو نییەتـــە، هیچ یەکێک لەم ســـیانە بە تەنها داد نادات..

حەنبـــەل دەفەرمووێ: (حدثنا الحميـــدي قال: وأُخبرتُ أنَّ أناســـا يقولون: من أقـــرَّ باصلاة والـــزكاة والصـــوم والحـــج ولم يفعل من ذلك شـــيئا حتى يمـــوت، ويصـــلي مُســـتدْبِرَ القبلَة حتـــى يموت، فهـــو مؤمن مـــا لم يكن جاحـــدا إذا علـــم أن تركه ذلكَ فيه إيمانـــه اذا كان مقرا بالفرائض واســـتقبال القبلـــة. فقلـــت: ذاك الكفـــر الـــصراح وخلاف كتاب الله وســـنة رســـوله وعلماء المســـلمين. قال الله تعـــالى ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ البينـــة/٥. قال حنبل (ســـمعت ابـــا عبدالله احمـــد بن حنبل يقـــول: من قال هـــذا، فقد كفـــر باللـــه ورد على الله أمـــره وعلى الرســـول ما جـــاء به)[٢] واتە: حەمیـــدی (مامۆســـتای ئیمامی بوخارییە) قســـەی بـــۆ کردین وتی: هەواڵم پێ گەیشـــتووە کـــە هەندێ کەس هـــەن (مەبەســـتی مورجیئەکان بـــوو) دەڵێن هەر کـــەس دان بەوەدا بنێت کـــە نوێـــژو زەکات و ڕۆژوو و حـــەج فەرزە، بـــەڵام هیچیشـــیانی تا مردن نەکـــرد، هەروەها تا مردنیشـــی هەر پشـــتی لە قیبلـــە بوو (یەعنـــی ئاڕاســـتەو ڕووی لەو شـــوێنە نەبوو

****

(١) ابن تيمية، مجموع الفتاوى چاپی ساڵی ١٣٨٢ ب/٧ل/٣٠٩

(٢) ابن تيمية، الايمان ل ٢٠٨

که موسـولْمانان هەیانـه) هەر بە موسـوڵمان حسـێبە بـەو مەرجەی لە ناخـی خۆیـدا نکوڵی لـەو فەرزانـە نـەکات و باوەڕیشـی وا بێت کە واز هێنانەکـەی هـەر ئیمانداریيە! منیـش دەڵێم (حەمیـدی دەفەرمووێت منیـش دەڵێم): ئەوە کوفری ڕاشـکاوو ڕوونـە، ئەوە پێچەوانـەی قورئان و سـوننەتی پێغەمبـەرو ﷺ بۆچوونی زانایانی موسـوڵمانە. خوای گەورە دەفەرمـووێ: جەختی ئەوەیان لەسـەر کراوەتەوە کـە تەنها خوای گەورە بپەرسـتن و دینـداری سەرڕاسـتانەش لەبەر خاتری ئـەو بکەن.. حەنبەلیـش دەفەرمووێ: گوێم لە ئەبـو عبدالله ئەحمـەدی کوڕی حەنبەل بـوو دەیفەرموو: هەر کـەس وا بڵێت ئـەوە کافر دەبێت، ئـەوە دینەکەی خـوای بۆ خـوا ڕەت کردۆتەوەو ئـەوی پێغەمبـەر ﷺ هێناوێتی داوێتیەوە بەسـەریدا!

شەیخولئیسـلام ئیبنـو تەیمییەش دەفەرمـووێ: (قالَ محمـد بنُ نصر المـروزي فَمَنْ كانَ ظاهِرُهُ أعمالُ الاسـلام ولا يَرجَعُ الى عُقُـود الايمان بالغيب فهو مُنافـقٌ نفَاقَاً يُنْقلُ عن الْملَّـة، ومَنْ كَانَ عَقدُهُ الايمـانُ بالَغيب وَلاَ يَعْمَلُ باحـكَامِ الايمَان وشَرائِعِ الاسَـلاَمِ فهـو كافِرٌ كُفْـراً لا يَثْبُتُ معَـهُ توحيدٌ) [1] واتـە: محمـەدی کوڕی نـەسری مـەروزی دەفەرمووێ: هەر کەسـێک بەسـەرزارەکی فەرزە ئیسـلامییەکان جێبەجـێ بکات، بەڵام لـە ناخیدا خـۆی پابەند نەکردبێت بـە داواکارییەکانی باوەڕەوە؛ ئـەوە دووڕووە. هەر کەسـێکیش لە ناخەوە پابەند بـوو بێت بە داواکارییەکانـی باوەڕەوە بەڵام بە فەرزەکان وشـەریعەتە ئیسـلامییە دەرەکییەکانەوە پابەنـد نابێت ئەوە کافرە، کوفرێکی واشـە کە خوابەیەکناسـی پێـوە نامێنێت.

ئیمامـی ئیبنو تەیمییە خۆشـی کە باسـی کـردار دەکات ـ کـە دەبێت لەگـەڵ بـاوەڕدا ئەنجام بدرێـت ـ وای بـاس دەکات کە هەر کەسـێک

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو: لاپەڕە ٣٢٢.

بە دیـــاردەو ڕواڵەتـــی فـــەرزە ئیســـلامییەکانەوە پابەند نەبـــوو، بە کافر دەژمێردرێـــت. بۆیـــە دەفەرمـــووێ: (فإن اللـــه لما بعث محمدا رســـولا الى الخلـــق، كان الواجـــب عـــلى الخلق تصديقـــه في ما أخـــبر، وطاعته في ما أمـــر، ولم يأمرهم حينئذ بالصلـــوات الخمس، ولا صيام شـــهر رمضان، ولا حج البيـــت، ولا حـــرم عليهم الحمـــر والربا، ونحـــو ذلك، ولا كان أكـــثر القران قد نـــزل، فمن صدقـــه حينئـــذ فيما نزل مـــن القـــران وأقر بما أمـــر به من الشـــهادتين وتوابـــع ذلك، كان الشـــخص حينئـــذ مؤمنا تـــام الايمان الذي وجـــب عليـــه، وإن كان مثل ذلـــك الايمان، لـــو أتى به بعد الهجـــرة لم يقبل منه ولـــو اقتصر عليـــه كان كافرا). واتـــە: کاتێک کە خوای پـــەروەردگار محمـــدی صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بە نێـــرراوی خۆی نـــارد بۆ خەڵکی، ئـــەوە فەرز بوو لەســـەر خەڵکەکە کـــە هەرچی ئـــەو دەیفەرمووێ دەبێت ئەمان بەڕاســـتی بزانن، دەبێـــت گوێ ڕایەڵی ئـــەو فەرمانانە بـــن کە ئەو دەریـــان دەکات، ئەو زەمانە هێشـــتا پێنج فەرزی نوێـــژو ڕۆژووی ڕەمـــەزان و حەجی ماڵی خوایان لەســـەر فەرز نەکرا بوو، هێشـــتا شـــەراب و ســـوو(ڕیبا) و شتی تـــری وایان لێ حـــەرام نەکرا بوو، هێشـــتا زۆرینەی قورئانیـــش نەهاتبووە خوارەوە، جا لـــەو زەمانەدا هەر کەس بـــاوەڕی بەوەندە قورئانـــە هێنابا کە هاتبووە خوارەوەو شـــایەتمانەکەی هێنا باو بەو ئەرک و فەرزانەش هەســـتا با کە شـــایەتمانەکەی داوای کرد بوو، ئەوە موســـوڵمانی تـــەواو و ئیماندارى کامل بـــوو، چونکە هەرچی لەســـەری فەرز بـــووە بەجێی هێنـــاوە، بەڵام ئەگـــەر دوای کۆچـــی پێغەمبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بـــۆ مەدینە هەر ئـــەو ئەندازە بـــاوەڕەی بهێنایە (واتـــە قەناعەتی دڵ و بڕیـــاری زمان) وبیوتایە بەســـە، لێی وەرنەدەگیرا. گەر بیشـــیوتایە ئیســـلامەتی هـــەر ئەوەندەیە بە کافریش حسـێـب دەکـرا..

ئیمامـــی ئیبنـــو تەیمییە هەمیشـــە و لە هەمـــوو کتێبەکانـــی خۆیدا ـ وەکو هەمـــوو زانایانـــی پێشـــین ـ جەخت لـــەوە دەکاتەوە کـــە حوکمی

****

(١) لازم و مەلزوم: لازم یەعنی ئەوەی کە بۆ بوونی شـــتێک پێویســـتە وەکو دەســـتنوێژ



هەر کەس کــردارو بــاوەڕ بـــە لازم و مەلزومی یەکــتر نەزانێت حوکمی وەکــو حوکمی مورجیئەیـــە،[1] چونکە کردار مەرجی هەبوون و ســەلامەتی و درووســتیی باوەڕە، نــەک مەرجی تەواوێتـــی، واتە ئــەوە نییە ئەگەر کەســێک کردەوەکانــی ئیســـلامەتی ئەنجام نــەدا بە موســـوڵمانی باوەڕ ناتــەواو حســێب ببێت، نا، ئــەوە ـ ئیمامی ئیبنــو تەیمییــەو زانایانی تری پێشـــین ـ بە موســـوڵمانی دانانێن. چونکە باوەڕەکەی دانەمــەزراوە.. لەوەی سەرەوەشـــدا کە فەرمـــووی حوکمی ئەو کەســـە وەکو حوکمـــی مورجیئە وایـــە یەعنی: ئەو کەســـەی باوەڕی لە ناخـــی دڵیدا هێناوە بـــەڵام کردەوەی پێ نـــاکات وەکـــو مورجیئەکانە کە دەڵێـــن (إن العبد قد يكـــون مؤمنا تام الايمان، إيمانـــه مثل إيمان الانبيـــاء والصديقين، ولو لم يعمـــل خيرالا صلاة ولا صلة ولا صـــدق حديث، ولم يدع كبـــيرة إلا ركبها، فيكـــون الرجل عندهم إذا حـــدث كـــذب، وإذا وعد أخلـــف، وإذا أؤتمن خان، وهـــو مصر على دوام الكـــذب والخيانـــة ونقض العهود، لا يســـجد لله ســـجدة، ولا يحســـن الى أحد حســـنة، ولا يـــؤدي الامانـــة، ولا يدع ما يقـــدر عليه من كـــذب وظلم وفاحشـــة إلا فعلهـــا، وهو مـــع ذلك مؤمن تـــام الايمان، إيمانـــه مثل إيمان الانبيـــاء.. وهذا يلـــزم كل من لم يقل إن الاعـــمال الظاهرة من لـــوازم الايمان الباطـــن)[1] واتە: لەوانەیە کەســـێک باوەڕەکەی ئەوەندە تـــەواو بێت وەکو بـــاوەڕی پێغەمبـــەران و پیاوچاکان بێت، بـــا نوێژیش نەکات، با ســـیلەی

بۆ نوێـــژ، مەلزوم: یەعنـــی ئەوەی کە پێویســـتی بە شـــتێکی ترە کـــە لازمێتی، وەکو نوێژ کە پێویســـتی بە دەســـتنوێژە. ئیمامی ئیبنو تەیمەییە دەفەرمـــووێ کردەوەش لازمی بـــاوەڕە، باوەڕ بێ کـــردەوە نایەتـــە هەبوونەوە، باوەڕیـــش کە مەلزوومە پێویســـتی بە کردەوەیـــە تا پێـــی دەرکەوێت و بســـەلمێت. بۆیە دەفەرمـــووێ: (متى وُجدَ الملـــزومُ وُجدَ الـــلازِمُ، وَمَتَـــى انْتَفَى الـــلازِمُ انتَفَى المَلـــزومُ، واذا انتفى لازمُ الشَّـــئِ عَلِمَ انَّـــهُ مُنْتَفٍ) بڕوانـــە (موافقـــة صحيح المنقول لصريـــح المعقـــول ٥٣/١). واتە: هـــەر مەلزومێک هاتە دی بەڵگەنەویســـتە کـــە لازمەکەشـــی هاتۆتە دی، لازمـــی هەر شـــتێکیش نەهاتە دی مەلزومەکەشـــی نایەتە دی، لازمی هەر شـــتێک نەما، یەعنی ئەو شـــتە خۆشی نەماوە..

(١) ابن تيمية، مجموع الفتاوى ٣٥٦/٧

ڕوحم و خزمایەتیش بەجێ نەهێنێت، با ڕاستگۆش نەبێت، با هەرچی گوناحی گەورەش هەیە بیکات، با هەموو قسەیەک کە دەیکات درۆ بێت و هیچ بەڵێنێکی نەباتە سەرو دەست پیسی ئەمانەتیش بێت.. با بەردەوام درۆ بکات و سوور بێت لەسەر خیانەت و پەیمان شکاندن.. با هەر سوجدەیەکیشی بۆ خوای گەورە نەبرد بێت وچاکەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکردبێت.. با هەرچەند لە توانایدا بووبێت درۆو دەستدرێژی و زوڵم و ستەم و خراپەکاری و داوێن پیسیشی کرد بێت، هەرچییەک بکات هەر موسوڵمانەو باوەڕەکەشی هەر وەکو باوەڕی پێغەمبەران وایە!

قسەی ئەو کەسەی کە دەڵێت کرداری دەرەکی بەشی هەبوونی باوەڕو قەناعەتی ناخ نییە، وەکو ئەم قسەیە وایە..

ئیمام محمد بن عبدالوهاب رحمه الله دەفەرمووێ: (لا خلاف أن التوحيد لابد ان يكون بالقلب واللسان والعمل، فإن اختل شئ من هذا لم يكن الرجل مسلما، فإن عرف التوحيد ولم يعمل به فهو كافر معاند ككفر فرعون وإبليس وأمثالهما)[1] واتە: هیچ ڕایەکی جیاواز لەسەر ئەوە نییە کە یەکخواپەرستی دەبێت بە دڵ و زمان وکردار بێت، هەر کەس نوقسانییەکی خستە ناو ئەمانەوە، بە موسوڵمان ناژمێردرێت ئەگەر کابرایەک خوا بەیەک بناسێت بەڵام کار بەو تەوحیدەی نەکات ئەوە کافرێکی سەرسەخت و عینادە، کوفرەکەشی وەکو کوفری فیرعەون و شەیتان و ئەوانی تر وایە..

*** ... *** ... ***

(١) محمد بن عبدالوهاب، كشف الشبهات ل ٤٠.

* باسی سێیەم *

با ئیمامی ئیبنو تەیمییە حەکەم بێت؛ ئەگەر ڕاست دەکەن!

وتمان کە سەلەفییەکان بۆ بەرگری لە کافرێتی حاکمەکان و خۆ لێسانەوەی بەر سێبەری خۆیان، بە کوڵ و دڵ هەوڵی ئەوە دەدەن کە کردار لە پێکهاتەی باوەڕ بهێننە دەرەوە، بۆیە دەڵێن: کردار مەرجی باوەڕ نییە.. جا چونکە زۆریش ناوی ئیمامی ئیبنو تەیمییە دێنن، با ئەمجارە بیانبەینە لای شەیخولئیسلام و ئەو داوەریان بکات بەڵکو خوا بکات ئەمانەمان بۆ بگێڕێتەوە ناو ئەهلی سوننەت و جەماعەت..

ئیمامی ئیبنوتەیمییەی ڕەحمەتی دەفەرمووێ: (خوای گەورە کە فەرموویەتی: ﴿ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ * وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾ القیامە/٣١ - ٣٢. واتە: نە بە ڕاستی زانی؛ نە نوێژی کرد، بەڵکو بە درۆی خستەوەو پشتی هەڵکرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پشت هەڵکردن بە درۆخستنەوە نییە! بەڵکو پشت هەڵکردنە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی. فەرزە لەسەر خەڵکی کە پێغەمبەر صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو ئەوانەدا کە دەیانفەرمووێت بە ڕاست بزانن، ئینجا فەرزێکی تریشیان لەسەرە کە ملکەچی کردنی فەرمانەکانی و گوێڕایەڵی کردنێتی. پێچەوانەی بە ڕاستگۆزانینیش بە درۆزن دانانە، پێچەوانەی ملکەچی و گوێڕایەڵییش پشت هەڵکردن و یاخی بوونە بۆیە خوای گەورە ئاوا فەرمووی: ﴿ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ * وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾ القیامة/٣١ - ٣٢. مەگەر نابینیت نەفی باوەڕ لەو کەسانە دەکات لافی باوەڕ هێنانەکە لێدەدەن و دەشڵێن ملکەچی دەردەبڕین بەڵام بە کردار وا ناکەن، دەرهەقیان دەفەرمووێ: ﴿وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ النور/٤٧. واتە: دەڵێن باوەڕمان بە خواو بە پێغەمبەر هێناوەو ملکەچییش دەردەبڕین، بەڵام دواتر کۆمەڵێکیان پشت هەڵدەکەن و گوێ نادەنە ئەوەی دەیانوت! ئەوانە موسوڵمان نین.. خۆ لە زۆر جێگای قورئان و سوننەتدا نەفی باوەڕ لەو کەسانە کراوە کە باوەڕهێنان هەر

بە قسە ئاشکرا دەکەن وکردار بە باوەڕەکەیان ناکەن، هەر وەکو کە دەبینی نەفی باوەڕ لە دووڕووەکان دەکات (ابن تیمیة: الایمان لا ١٤٥ـ ١٤٦). یەعنی دووڕووەکان کە سەرزارەکی کردەوەکانیان ئەنجام دەدا هەر نەیخستنە بازنەی موسوڵمانێتییەوە، ئەوانە کە کردارشیان دەکرد! ئەدی ئەوانەی کردار ئەنجام نادەن چۆن؟!

هەروەها لە جێیەکی تردا دەفەرمووێ: (گەر وا دانێین کە خەڵکێک بهاتنایەتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و بیانوتایە: ئێمە لە ناخی دڵمانەوە ـ بێ هیچ گومانێک ـ باوەڕمان بەوە هەیە کە تۆ هێناوتە، بە زمانیش بڕیار دەدەین، بەڵام لەو فەرمانانەی کە دەری دەکەیت یان لەو بەرهەڵستییانەی دەیگریتەبەر بە قسەت ناکەین و گوێڕایەڵت نابین! نوێژەکان ناکەین، بەڕۆژوو نابین، حەج ناکەین، قسەی ڕاست ناکەین، ڕاسپاردە نادەینەوە خاوەنی، بەڵێن نابەینە سەر، سیلەی ڕوحمی خزمایەتی لەگەڵ یەکتر دەپسێنین، هیچ کارو کردارێکی چاکە لەوەی تۆ فەرمانت پێکردووە نایکەین (واتە سوورن لەسەر ئەوەی کە توخمی کردار کە لە پێکهاتەی باوەڕە واز لێبهێنن) شەراب دەخۆینەوەو لەگەڵ ئافرەتی مەحرەمی خۆمان بە ئاشکرا زینا دەکەین و هەر کەسێکیشمان لە ئوممەت وياوەرانی تۆ بەردەست کەوت دەیکوژین و سامان و ماڵیان تاڵان دەکەین و تەنانەت تۆ خۆشت دەتکوژین و دەچینە بەرەی دوژمنەکانت بۆ شەڕ کردن دژت (واتە هەموو کارە حەرام کراوەکان و ئەوانەش کە خەڵکی پێیان کافر دەبن)، ئاخر لە حاڵەتێکی وادا ئاقڵێک هەیە وا بزانێت کە پێغەمبەر ﷺ پێیان دەفەرمووێ: دەی ئێوە موسوڵمانن و باوەڕەکەشتان کۆتا پلەی تەواوێتییەو ئێوە شایانی شەفاعەتەکەی قیامەتی منن و ئومێدم وایە کەستان نەخرێنە ئاگری دۆزەخەوە.. کەسی ژیر بە بیریدا دێت وا بزانێت کە پێغەمبەر ﷺ ئاوایان پێ دەفەرمووێ؟! یان پێیان دەفەرمووێ: ئێوە لە هەموو کەس کافرترن، باوەڕتان بە هیچ شتێکی ئەو پەیامە نییە کە من هێناومە حەتمەن ئەگەر تۆبە نەکەن و لەوە پەشیمان نەبنەوە کە

وتوویانــە لە گەردنیشــیان دەدات)[1] لــە (مجموع الفتــاوى ب٧ /لا٣٧٢) شــدا دەفەرمووێ: شــتێکی نامومکینە کەســێک بە موســوڵمانی خاوەن بــاوەڕ بژمێردرێــت لــە کاتێکدا کــە لە تەمەنیــدا ســوجدەیەک بۆ خوا نابــات و ڕۆژووی ڕەمەزان ناگــرێ و زەکات نادات و حــەج ناکات.. ئەمە هــەر دووڕوویــی و کافــر بوونە، ئەمــە باوەڕی ڕاســتی لە دڵــدا نییە، چونکە خوای پەروەردگار سوجدە بۆخــوا نــەبــردنی بە سیفــەتی کافـران دانــاوە، وەکو دەفەرمووێ: ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ وَيُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ * خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ وَقَدۡ كَانُواْ يُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمۡ سَٰلِمُونَ﴾ القلــم/٤٢-٤٣. واتــە: ئــەو ڕۆژەی لاق دەردەخرێــت، داوایان لێ دەکرێت ســوجدە بــۆ خوا ببەن، ناتوانن. چاویــان زەق کردۆتــەوەو زەلیلی ماندووی کــردوون، ئاخر کە لە دنیادا کە ســاغ و ســەلیم بوون داوایان لێ دەکرا ســوجدە ببەن، نەیاندەبرد!

ئیمامــی ئیبنوتەیمیــە کــە پێناســەکانی ســەلەف دەربــارەی باوەڕ دەهێنێتــەوە، ئینجا باســی ئەوە دەکات کــە بۆچی ئەوان لە پێناســەکەیدا جیــاواز بوون. دەفەرمــووێ: (هەموویان هەر مەبەســتیان ئــەوە بووە کە لە پێناســەی باوەڕدا ڕەدد لــە مورجیئــەکان بدەنەوە کە دەیانــوت: باوەڕ هــەر گوفتارە! واتە هەر قســەیە و بــەس! ئەمانیش دەیانفەرمــوو: نەخێر (قول وعمــل) واتە گوفتارو کــردارە. ئەوانەشــیان کە باوەڕیــان دەکردە چوار بەشــەوە، هەر خۆشــیان ڕاڤەی پێناســەکەی خۆیانیان دەکرد سەهلی کوڕی عبداللەی توســتری فەرمووی: بــاوەڕ چییە؟ (الایمــان: قول وعمل ونية وســنة) واتە: بــاوەڕ: گوفتارو کردارو قەناعەتی دڵ و شــوێن کەوتنی پێغەمبــەرە ﷺ. چونکە ئەگەر بوترێت: بــاوەڕ گوفتاری بێ کردارە،

***

(١) ابن تيمية: الايمان لا٢٧٩ هۆی ئەوەش کە شــایانی کوشــتنن ئەوەیــە کە لە حوکمی پاشــگەرز بووەوە (مورتــەدد)ان چونکە بــە (بەڕاســتگۆ زانین و شــایەتمانەکەیان) چوونەتــە بازنەی ئیســلامەوە، بەڵام لەســەری نەماونەتــەوەو پێوەی پابەنــد نەبوون، واتە ســیفەتی ئیســلامەتییەکەی یەکەمجاریان پێوە نامێنێت چونکــە ڕەفزیان کردووە کــردەوە ئەنجام بدەن، چ کــردن بێت چ نەکــردن و واز هێنان.

ئـــەوە هەر کوفرە، ئەگەر بشـــوترێت: گوفتـــارو کردارە بـــێ قەناعەتی دڵ، ئەوە دووڕوویيـــە، ئەگەر بشـــوترێت: گوفتـــارو کـــردارو قەناعەتی دڵە بەڵام بێ شـــوێنکەوتنی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەوە بیدعەیـــە.. (ابن تيمية: الايمـان لا١٧٢).

هەروەها شەیخولئیســـلام دەفەرمووێ: (ئەوە ڕوون بـــووەوە کە حەتمەن دەبێـــت دین گوفتارو کـــردار بێت، چونکـــە مومکین نییـــە کابرایەک هەر بـــە دڵ، یان بـــە دڵ و زمـــان، باوەڕی بـــە خواو بـــە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەبێـــت و بەکـــردەوەش فەرزێـــک ئەنجام نـــەدا، نە نوێژێک بـــکات، نە زەکات و ڕۆژوو، نـــە فەرزەکانـــی تر! بە تەئکید کابریـــەک هەر بەوەندەی دەڵێـــت باوەڕم بە خـــواو پێغەمبـــەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێنـــاوە، بەڵام هیچ فەرزێکی ئیســـلامەتی جێبەجـــێ ناکات لەوەی کـــە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەیانـــی فەرمووە، حەتمەن بە موســـوڵمان حســـێب ناکرێت.. (ابـــن تيمية: مجمـــوع الفتاوى ٣٧٨/٧).

دەرهەق حوکمی شـــەرعی ئەم جۆرە کەســـانە دەفەرمووێ: (پێشەوایانی دیـــن حوکمی کوفری ئەم کەســـەیان داوە، هەر چەندە ئەمە گریمانەیەکـــەو ئیحتیماڵـــە ڕوو بدات! چونکە ناشـــێت کابرا خۆی بە موســـوڵمان حســـاب بکات وســـەریش بە فـــەرزی خـــوادا نـــەدات! نوێژێـــک، ڕۆژوویەک، زەکاتێـــک، حەجێک (ئەوانەی فـــەرزەو دەبێت ئەنجـــام بدرێن) لەولاوەش هەرچی خوا پێی ناخۆشـــە بیانکات! یـــان نوێژی بێ دەســـتنوێژ بکات، یان ڕوو نەکاتـــە قیبلە! یـــان دایکی خۆی مـــارە کاتەوە! (واتـــە کوفری کردار بکات) لەگەڵ ئەمەشـــدا بە موســـوڵمان بژمێردرێت؟! نا، حەتمەن کەســـێک ئەمانەی لێبوەشـــێتەوە لە ناخیدا هەر باوەڕی نییە، گـــەر بیبوایە فەرزێکی پێدەکرد یـــان لە حەرامێک دەیگێڕایـــەوە.. (ابن تيميـــة: الايمان لا ٢١٧).

ئیمامـــی ئیبنولقەییم رحمه اللـــه دەفەرمووێ: لقەکانی باوەڕ دوو بەشـــن: ئەوانەی گوفتـــارن و ئەوانەی کـــردارن. هەروەها لقەکانـــی کوفریش دوو جۆرن: ئەوانـــەی گوفتارن و ئەوانەی کـــردارن. لقـــە گوفتاریەکانی باوەڕ

هـــی وایان هەیـــە گەر لە کەســـێکدا نەهاتە دی، باوەڕیشـــی تێـــدا نایەتە دی، هەروەهـــا لقەکردارییەکانیشـــی،کرداری وا هەیـــە لقێکـــە لـــە باوەڕ بـــەڵام ئەگەر نەمـــا باوەڕیش بـــە دوایـــدا نامێنێت. لقەکانـــی کوفریش چ گوفتارەکانی بـــن چ کردەوەکانی هەر وان، هەندێ گوفتـــاری کوفرین هەیە ئەگەر کەســـێک بە ئازادی و سەربەســـتی خۆی بیانڵێت، پێی کافر دەبێت، هەروەهـــا هەندێک کردار هەیـــە جۆرێکە لە کوفر. هەر کەس سەربەســـتانە بەبـــێ ناچارکردن کـــردی پێی کافر دەبێت. وەکو ســـوجدە بـــردن بۆ بت، یان ئیهانە کردنـــی قورئان.. ئەمە بنچینە باســـێکە.

بنچینەیەکـــی تریـــش هەیـــە، ئەویش ئەوەیە کـــە حەقیقەتی بـــاوەڕ لە گوفتـــارو کـــردار پێک دێت:

* گوفتاریش دوو بەشە:

- گوفتاری دڵ: کە بریتییە لە قەناعـەت کردن.
- گوفتـــاری زمـــان: کە بریتییـــە لە وتنـــی شـــایەتمان و بڕیاری ئیســـلامەتی.

* کرداریش هەر وایە، ئەویش دوو جۆرە:

- کرداری دڵ: بریتییە لە نییەتی خواویستی و نیازپاکی بۆ خوا.
- کرداری ئەندامانی لەش (الجوارح).

ئەگـــەر ئەم چـــوارە نەمێنن، ئـــەوا باوەڕیش بـــە یەکجـــاری نامێنێت، ئەگـــەر قەناعەتی دڵەکە نەما، بەشـــەکانی تر ســـوودیان نابێـــت، بە دەرد ناخـۆن!

ئەمـــا ئەگـــەر قەناعەتـــی دڵەکە مابـــوو، بەڵام بـــۆ خوا ســـوڵحانی تێدا نەبـــوو، ئا ئـــەم خاڵەیە کە جێی مشـــت و مـــڕی مورجیئـــەو ئەهلی ســـوننەتە. ئەهلی ســـوننەت دەڵێن: ئـــەو قەناعەتە هیچ نرخێکـــی نامێنێت و کابـــرا باوەڕی نەمـــاوە، قەناعەتـــی دڵ کامەیە ئەگەر بۆ خوا ســـوڵحانی پـــێ نەهاتبێتە دی؟ بـــاوەڕ بوون بە خـــوا چییە ئەگەر خوا خۆشویســـتن و

ملکەچی و گوێڕایەڵـــی فەرمانەکانی نەهێنێتە دی، ئەگـــەر کابرای خاوەنی بە شـــەرعی خواوە پابەند نەکات؟! باوەڕی ئیبلیـــس و فیرعەون و گەلەکەی و جولەکەو موشریکەکان ســـوودی چی بوو؟! خۆ هەمـــوو ئەمانە دەیانزانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕاســـتگۆیەو نێردراوی خوایـــە! کافرو جولەکەکان خۆ بـــە نهێنی و ئاشـــکرا ئیعتیرافیان بـــەوە دەکرد! دەیانوت: ڕاســـتگۆیەو درۆ نـــاکات، بەڵام نابێت شـــوێنی بکەوین و باوەڕی پێبهێنین! جـــا ئەگەر باوەڕ بە کـــرداری دڵ نەمێنێت، جێی نکوڵیـــش نییە کە بە نەکردنـــی گەورەترین کـــرداری کە بـــە ئەندامانی لەش (الجـــوارح) ئەنجام دەدرێت (مەبەســـتی ئیمام: نوێـــژ نەکردنە) نەفەوتێت.. چونکە تەســـلیم نەبوونـــی لەش بەڵگەیە لەســـەر تەســـلیم نەبوونی دڵ. ئەگەر ڕاســـتەو دڵ قەناعەتی بە ئیسلامەتی کردووە، ئـــەدی چۆن لەش گوێڕایەڵی ناکات و تەســـلیم نابێـــت؟! خۆ باوەڕ ـ هـــەر وەکو زووتر ڕوونمان کـــردەوە ـ هەر بە ڕاســـتگۆزانین و قەناعەتی دڵ نییـــە، بەڵکـــو قەناعەت و خۆتەســـلیم کردنـــی دڵە بەو شـــێوەیەی کە ملکەچی و گوێڕایەڵی و تەســـلیم بـــوون بە فەرمانەکانی خـــوا بهێنێتەدی. (ابـــن القیم: کتاب الصلاة لا ٢٥). پێشـــتریش لە لاپـــەڕە (١٩)دا فەرمووی: (لە ئەســـتەم مەحاڵ تـــرە کە لە دڵی کەســـێکدا، باوەڕی ڕاســـت و یەقینی هەبێت، بەڵام ئەوەنـــدە کاریگەر نەبێت خاوەنەکـــەی وا لێ بکات فەرزێک جێبەجێ بـــکات یان لە گوناحێک دوور کـــەوێتەوە!).

ئیمامی ئیبنو تەیمییەی ڕەحمەتی دێتەوە ســـەر باســـی دڵ و قەناعەتەکەی ناخـــی و دەفەرمـــووێ: (دڵ یەکەم بناغەیـــە، ئەگەر زانین و ویســـتی تێدا ڕووا، ئیدی بەڵگەنەویســـتە کە پـــەل وپۆی دەگاتە هەمـــوو بەدەن، چونکە مومکیـــن نییە بەدەن نەیەت بـــە دەنگ فەرمانی دڵـــەوە، بۆیە پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمـــووێ: (ألا وإنَّ في الجَسَـــدِ مُضْغَةً، إذا صَلُحَـــتْ صَلُحَ لها ســـائِرُ الجَسَـــدِ، وإذا فَسَدَتْ فَسَـــدَ لها ســـائِرُ الجَسَـــدِ ألا وهي القَلْبُ).[1] واتە: پارووە گۆشـــتێک لە بەدەنـــدا هەیە، ئەگەر ئەو چـــاک بێت، هەموو

(١) ئیمامـــی بوخاری لـــە کتاب الایمان ژمـــارە ٥٢ گێڕاوێتییەوە، ئیمامی موســـلیمیش لە



بەدەنیش بۆی چاک دەبن، ئەگەر ئەویش خراپ بوو، هەموو بەدەن بۆی خراپ دەبن، ئەویش دڵە، جا ئەگەر دڵ بە باوەڕو کرداری چاک ئاوەدان بۆوە، چاک بوونی هەموو بەدەنیش دەخوازێت، دەیەوێت کە گوفتارو ڕەفتاری چاک بەو باوەڕە گشتییەوە ئەنجام بدات. پێشەوایانی زانستی فەرمووده دەفەرموون: (گوفتارو کردار: گوفتاری ناوەوەو دەرەوە، کرداریش هی ناوەوەو دەرەوە، دەرەوە شوێنکەوتووی ناوەوەیە؛ هەر کاتێک ناوەوە چاک ببێت، دەرەوەشی بۆ دەڕەخسێت و بۆی چاک دەبێت، ئەگەر ئەویان چاک نەبوو ئەمیش هیچ.. (مجموع الفتاوى ١١٩/٧ـ١٢٠).

هەروەها دەفەرمووێ: (لە قورئاندا لەوەی دەبێتە بەڵگەی ئەوە کە باوەڕ کردەوەکان دەخوازێت، ئەوەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ۩﴾ السجدة/١٥. واتە: ئەو کەسانە باوەڕیان بە نیشانەو ئایاتی ئێمە هەیە کە دەخرێتەوە یادیان، یەکسەر دەچنە سوجدە و زیکری خوا بە سوپاسەوە دەکەن و خۆبەزلنازانن.. یەعنی غەیری ئەو کەسانە باوەڕیان نییە، چونکە هەر کەسێک خوای بەم قورئانە خرایەوە یادو پێی وترا ئەمە فەرزی خوایە سوجدە بەو نەیبرد ئەوە لە ڕیزی موسوڵمانان نییە. (ابن تيمية: الايمان لا١٦١).

کەوا بوو خوای پەروەردگار نەفی باوەڕ لەو کەسانە دەکات کە داواکارییەکانی ئەو باوەڕ هێنانەیان نەهێناوەتە دی، چونکە ئەگەر لازم نەما (کردارو پابەند بوون) مەلزومیش (باوەڕەکە) نامێنێت. وەکو کە خوای گەورە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە: ﴿وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ المائدە/٨١. واتە: ئەگەر باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی و ئەوەی کە بۆی هاتۆتە

المساقاه دا ئیبنو ماجەش لە کتاب الفتن ژمارە ٣٩٦٤.

خـــوارەوە ببوایە، دەبوو ئـــەو ئەوانە نەکـــەن بە سەرپەرشـــتیاری خۆیان. (ابـــن تیمیة / الفتـــاوی ١٥٣/١٨). ئیمامـــی ئیبنو تەیمییە دیســـان لە کتێبی (الایمان)ـــەکەیدا لاپـــەڕە (٣٧٥) دوای ئـــەوەی بە بەڵگـــەو هەنجەتەکانی ئیمامی ئەبـــو ثور مورجیئـــەکان لە کونێـــک دەپەســـتێوێت، دەفەرمووێ دەڵێـــم: (ئیمام ئەبو ثـــور دەفەرمـــووێ: دەڵێم) تا دوای بڕیارو شـــایەتمان و ئیقـــرار کردنەکەی، بـــە کردەوەکانەوە پابەند نەبێت بە موســـوڵمان حســـێب ناکرێـــت، چونکە ئەگەر کەســـێک ئیقـــرار بکات، واتە شـــایەتمان بهێنێت و بڕیـــار بدات بـــەڵام بە کردەوەکانی ئیســـلامەوە پابەند نەبێـــت، بە ئەهلی باوەڕ حســـێب ناکرێت.

ئیمامـــی لالەکائی بە ســـەنەدەوە لـــە الوەلیـــدی کوڕی موســـلیمەوە دەگێڕێتـــەوە کـــە فەرموویەتی: (لـــە ئەوزاعی و مالیکی کـــوڕی ئەنەس و ســـەعیدی کـــوڕی عبدالعزیزم بیســـتووە کـــە دژی ئەو کەســـە بوون کـــە بیوتایـــە: باوەڕ هـــەر بە گوفتـــارەو کـــرداری لەگەڵدا نییـــە! ئەمان دەیانفەرمـــوو: باوەڕ بەبێ کـــردار نابێـــت، کرداریش بەبێ بـــاوەڕ نابێت. (اللالـــکائي / شرح اصـــول اعتقاد اهل الســـنة والجماعـــة ٨٤٨/٢).

بـــاوەڕ بەبـــێ کـــردار کاری کافرەکانە، کـــرداری بـــێ باوەڕیش کاری دووڕووەکانـــە.. ئەوەی لێرەشـــدا ئـــەو زانـــاو پێشـــەوایانە تەئکیدی لێ دەکەنـــەوە هەبوونی باوەڕەکەیـــە بە کردارەوە، نـــەک تەواوێتییەکەی. واتە ئەوان ئەوەیـــان نەفەرمووە: کە کەســـێک ئەگەر کرداری نەبـــوو ئیمانداره بـــەڵام ئیمانەکەی تـــەواو نییە! نـــا، ئـــەوان فەرموویانە: مـــادام کرداری لەگەڵـــدا ناکات ئیمانـــی نییە..

ئیمام محمدی کـــوڕی عبدالوهـــاب رحمه اللـــه دەفەرمـــووێ: (ئەگەر موســـوڵمان پەی بە مەزنی و گرنگـــی تەوحید برد، ئیـــدی پابەندیش دەبێت بـــە داواکارییەکانیەوە، چونکـــە بـــاوەڕ قەناعەتی دڵ و بڕیـــاری زمان و کرداری بەدەنە، ئەگـــەر یەکێک لەمانـــە نەما، ئـــەوە خاوەنەکەی باوەڕی نەماوەو موســـوڵمان نییـــە، هەر وەکو خـــوای گەورە لـــە کتێبەکەی خۆیدا

بەیانی فەرمووە.. (محمد بن عبدالوهاب: اســباب نجاة المســؤل من الســيف المســؤول مجموع التوحيد ١٨٢/١).

*** ... *** ... ***

* باسی چوارەم *

حوکمی ئەو کەسە چییە کە دەڵێت: کردار مەرجی باوەڕ نییە؟

وەڵام: ئەبــو بەکــر الخەللال بە ســەنەدەوە لە حەمدانی کــوڕی عەلی ئەلوەڕاقــەوە دەگێڕێتــەوە، کــە فەرموویەتی: کــە لە خزمــەت ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا بووم، باســی مورجیئە کرا، پرســیارم دەربارەیان لێ کــرد وتم: ئــەرێ ئەوانە دەڵێن: ئەگەر کەســێک خوای بە دڵ ناســی، ئەوە ئیدی موســوڵمانە، فەرمــووی: مورجیئەکان (واتە مرجئــة الفقهاء) وا ناڵێــن، ئــەوە قەولی جەهمیەکانــە (واتە غــلاة المرجئة) ئــەوان وا دەڵێن، ئەمــا مورجیئــەکان دەڵێن: دەبێــت بە زمانیش ئــەوە دەرببڕێــت، با هیچ کرداریەکیــش ئەنجام نەدات. قســەی جەهمییەکان کە دەڵێن: هــەر کەس بە دڵ خوای ناســی، با کــردەوەش ئەنجام نــەدات، کوفرە).(١)

عبداللەی کوڕی ئیمام ئەحمەد دەفەرمووێ: (ســوەیدی کوڕی ســەعیدی هورەوی پێی وتین کە لە ســوفیانی ســەورییان دەربارەی دیدو پێناســەی مورجیئــە بۆ باوەڕ پرســی، فەرمــووی: دەڵێن: بــاوەڕ گوفتــارو کردارە، بــەڵام مورجیئە دەڵێــن: هەر کــەس بڕیاری لا الــە الا اللە بــدات، با لە دڵ و دەروونیــدا ســووریش بێت لەســەر نەکردنی فــەرزەکان هەر ئەهلی

****

(١) الخــلال: کتاب الســنة لا ٩٦، لە ســفر الحوالي: ظاهــرة الارجــاء وەرگیراوە ب٢/ لا٣١٨.

لێــرەدا ئاگادارییەک هەیە پێویســتە باســی بکەین: کــە دەوترێت (مرجئــة الفقهاء) واتە ئەو شەرعناســانەی لەســەر عەقیدەی مورجیئە بوون، ئەوانەن کە ســەلەفییەکانی ئەمڕۆ بــوون بە میراتگریــان، و لە بــاب الایــمان دا ـ لەگەڵ کەمێــک گۆڕینی لەفز ـ وەکو ئــەوان دەڵێنەوە، ئەمانــە گروپێک بــوون سەرمەشــقەکەیان حەمادی کوڕی ئەبو ســولەیمانە کە شــێخی ئیمامی ئەبــو حەنیفەیــە ـ ڕەحمەتی خوایان لــێ بێت ـ لە دوای ئەمانیــش ئاڵای دیدو بۆچوونەکەیان کەوتە دەســت هەردوو گرووپی ئەشــعەری وماتۆریدییــەکان، ئیدی بە داخەوە زۆر لە شەرعناســان و زانایانــی دوایین کەوتنە ژێر کاریگەری دیــدی ئەمانەوە..

بەهەشتـە).[١]

حەنبەلیش دەفەرمـــووێ: (حەمیدی بۆی باس کردیـــن فەرمووی: هەواڵم هەیە کـــە خەڵکێک هـــەن دەڵێن: هەر کـــەس دانی بـــە فەرزبوونی نوێژو زەکات و ڕۆژوو و حەجـــدا هێنـــاو وتی فـــەرزن، ئەگەر تا مردنیشـــی هیچ یەکێک لـــەم فەرزانەش نـــەکات، یان پشـــت بکاتە قیبلـــەو نوێژ بکات، تا مردنیشـــی هەر لەســـەر ئـــەو حاڵەی بێت، مـــادام نکوڵی لـــە باوەڕەکە نەکردبێـــت هەر موســـوڵمانە.. دەڵێم بەڕاســـتی ئەمە کوفرێکی ڕاشـــکاوو زەقە، ئەمـــە پێچەوانەی کیتابـــی خواو ســـوننەتی پێغەمبەرو صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شەرعناســـی زانایانی موســـوڵمانە! حەنبەل دەفەرمووێ گوێم لێبوو عبداللەی کوڕی ئیـــمام ئەحمەد بـــن حەنبەل دەیفەرمـــوو: هەر کـــەس وا بڵێت: ئەوە کافـــر بووەو فەرمانی خـــواو پێغەمبـــەری صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەت کردۆتەوە).[٢]

ئیمامی ئاجـــوری رحمە اللـــە دەفەرمـــووێ: (ئەنجامدانـــی کارو کردار بەڵگەیە لەســـەر بە قەناعەتـــی دڵ و دەروون و بەڕاســـت زانین و باوەڕی نـــاخ، بۆیە بە ڕاســـتی هەر کـــەس باوەڕەکەی بـــە ئەنجامدانـــی کرداری وەکـــو پاکـــژی و دەســـنوێژو نوێـــژو زەکات و ڕۆژوو و حـــەج و جیهاد و ئەوانـــە نەســـەلماند؛ هەر بەوەنـــدە ڕازی بوو کـــە تەنها بـــاوەڕی لە دڵ و دەروونـــدا هەبێـــت و هیچ کـــردار نەکات ئـــەوە کەی موســـوڵمانە؟! ئەوە هەر موســـوڵمان نییە، ئـــەو زانین و ئیعتیراف کردنەشـــی بـــەو فەرزانەی ئیســـلام هیچ ســـوودێکیان بۆی نابێت، چونکە وازهێنـــان و ئەنجام نەدانی ئـــەو کردارانەی خـــۆی لە خۆیدا بـــەدرۆ خســـتنەوەی باوەڕێتـــی. کردار بەڵگـــەی هەبوونـــی بـــاوەڕە، جا بـــاش لەمە حاڵی بـــە، بشـــزانە کە ئەمە دیـــدو بۆچـــوون و مەزهەبی زانایانـــی کـــۆن و نوێی موســـوڵمانانە، هەر کەســـێکیش غەیری ئەمەی بۆ بـــاس کردیت ئەوە بزانە کـــە مورجیئەیەکی

****

(١) عبد الله بن احمد: السُّنة لە سفر الحوالي: ظاهرة الارجاء ٧٠٤/٢ وەرگیراوە.
(٢) ابن تيمية: الايمان ل ٢٠٨.

پیســـەو لێی بە حـــەزەر بەو ئـــاگات لە دینـــی خۆت بێت لێـــی. بەڵگەش لەســـەر ئـــەوە فەرمایشـــتەکەی خـــوای گەورەیـــە کـــە دەفەرمـــووێ: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ﴾ البينـــة/٥ واتـــە: فەرمانیـــان بـــە غەیری ئـــەوە پـــێ نەکرابوو کە خواویســـتانەو سەرڕاســـتانە خـــوا بپەرســـتن و ڕوویان هەر لـــەو بێت و نوێـــژەکان بکـــەن و زەکات بدەن، ئـــا ئەوەشـــە بەرنامەو دینـــی چاک و گونجاو..[١]

*** ... *** ... ***

****

(١) الاجري: أخـــلاق العلماء لا ٢٨ لە ســـفر الحوالي: ظاهرة الارجاء في الفكر الاســـلامي ب٢ / ٦٤٧ وەرگیراوە.

بەندی دووەم

ڕەواندنـــەوەی گومـان و بەڵگـــەی مەدخـــەلـــی و پاڵانتەوانانی سەلەفێتی لە پێناسەو پێکهاتەی باوەڕدا باسەکانی (باب الایمان)

ڕێڕەو بۆ شیکاریی گومانی (سەلەفی)یەکان
لە (باب الایمان) و (باب الکفردا)

پێشـــتر وتمان کە باوەڕ بـــوون بەوەی کە بـــاوەڕ ئـــەوە دەخوازێت کە قەناعەتـــت بەوە هەبێت کە بـــاوەڕ (گوفتار و کردار)ـــە، ئەمەش دوو باس لە خـــۆ دەگرێت:

* **یەکـــەم:** ئەوەیـــە کە توخمـــی کـــردار مەرجێکە بۆ دروســـتی باوەڕ، ئەگەر کەســـێک موســـوڵمان بوو بەوەی کـــە لە ناخیدا بـــاوەڕی قەناعەتی کردو بـــە زمان ئیقـــراری کـــرد، ئەگەر بـــە یەکجاریـــی واز لـــە کردارە ئیســـلامییەکان بهێنێـــت و هیچـــان ئەنجام نەدا ســـیفەتی ئیســـلامەتی وەرناگرێـــت و موســـوڵمانێتی پێوە بـــەردەوام نامێنێت..

* **دووەم:** مـــرۆڤ بە گوفتاری دڵ و کـــرداری دڵ کافر دەبێـــت (واتە بە قەناعەتـــی دڵ) هەروەها بـــە گوفتاری زمـــان و کـــرداری ئەندامانی لەش (واتە ئەنجامدانـــی کرداری کوفریـــن).. جا چۆن هەندێـــک قەناعات هەیە کە کوفرینن و هـــەر کاتێک لە ناخدا دروســـت بـــوون خاوەنەکانیان کافر دەکەن، بـــێ ئەوەی ســـەیری ئاســـەواری دەرەکـــی کـــرداری بکرێت کە کردوێتـــێ یـــان نا، هەر بـــەو شـــێوەیەش هەندێک کـــرداری کوفرین هەن کە نیشـــانەی کوفرو کافـــر بوونن ئیـــدی قەناعەتی ناخیـــان لەگەڵدا بێت یـــان نـــا..

ئەمانـــە لازم و مەلزومـــن، هـــەر کاتێـــک لازمـــی یەکێکیـــان هات مەلزومەکـــەی نامێنێت. لێرەوەیە کە هەر کەســـێک لافی ئـــەوە لێبدات کە ئیلتیزامـــی هەیە بێ ئەوەی بە ڕاســـتی بە داواکارییەکانی بـــاوەڕەوە پایەند بێت، هەر خـــۆی خۆی بە درۆ دەخاتـــەوە، ئـــەوەش ڕادەگەیەنێت ـ بیەوێت یـــان نەیەوێت ـ کە بـــاوەڕ تەنها قســـەیەو بـــەس، واتە گوفتار بەســـە.. ئەمەش ئـــەو چاڵەیە کە ســـەلەفییەکانی بـــەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی تـــێ کەوتوون.

بەڵام (سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی) لەو لایەنەوە تێکەوتوون کە (مەرجیئەکانی سەرەتا) ی تێکەوتن، چونکە ئەوانیش وەکو ئیمامی ئیبنو تەیمییە لێیانەوە دەگێڕێتەوە کەوتبوونە ئەو لاف لێدانەوە کە گوایە بەڵگەی شەرعییان هەیە، بێ ئەوەی بزانن سەریان لێ شێواوە! (الایمان ل ١٩٣) بۆیە نە بۆ ئەوان و نە بۆ سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی ئەوە نەبووە تەختەی سەر ئاوێ تا خۆیانی پێ لەم بیدعە گومڕاییە ڕزگار کەن. چونکە: (زۆر لە نەوەکانی دواییـن نازانن چۆن دیدو ڕای سەلەف لە دیدو ڕای مورجیئەو جەهمییە هەڵاوێرن، چونکە ئەم باسانە لە قسەی زۆریاندا تێکەڵە! هەیانە لە ناخیەوە پێناسەی باوەڕی لا وەکو پێناسەی جەهمی و مورجیئەکانە! وەک زۆرینەی ئەهلی فەرموودە کە هەیانە وا دەزانێت سازاندنێکی لەو نێوانەدا ئەنجامداوە، یان وا دەزانێت قسەکەی ئەو و دیدو ڕای سەلەف یەکن..! (ابن تیمیة: الایمان ل٣٥٢)..

سەیری ئەو وەسفە وردەی ئیمامی ئیبنو تەیمییەی ڕەحمەتی چەند جوان بۆی چووە دەڵێ وەسفی (سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی)ی ئەمڕۆی سەردەمی ئێمە دەکات..

ئێمە لێرەدا هەرچەندە ویستمان چەند لاپەڕەیەک بۆ ئەو گومانانە تەرخان کەین کە سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی پێوەی چەلب بوون، کە قسەکانیان زوو ڕوون دەبێتەوە کە لە دیدو ڕای ئەهلی سوننەت بەدەرە.. ئەوەی ئێمە لێرەدا دەیهێنینەوە هەموو دید و ڕاو پێناسەکانیان نییە، بەڵکو هەندێکە لەو بەڵگانەن کە ئەوان خۆیان پێوە ماندوو کردووەو وا دەزانن بەڵگەی شەرعین و دەشێن بیکەنە پشتیوانی خۆیان.. جا ئەگەر ئێمە بەرپەرچمان دایەوە ئەوا ئیتر ئاوەڕووت دەبن و هەر لە هەنگاوی یەکەمی ڕێوە دەبێ لا کەون!

نوسینێکی دیهان لەسەر بۆچوون و بەڵگەکانی (عەلی حەلەبی) بە دەستەوەیە کە چەواشەکارییەکی سەرسوڕهێنەری دیکەی ئەو پیاوەیە کە لەو خەڵکەی دەکات! دەمەوێت ئەو نووسینەی دی سەربەخۆ دەرچێت و بکەوێتە بەر دەست، تا هۆشدارییەک بێت بۆ موسوڵمانان کە نەکەن وا بزانن ئەو قسانەی عەلی حەلەبی دەیانهێنێتەوە بەڵگەی دروستیی هەڵوێستی سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی بێت.. خواش ئیخلاسمان پێ ببەخشێت..

با پێش ئەوەش بێمە سەر گومانی سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی دوو خاڵی گرنگ یاد بخەمەوە، یەکێکیان ڕوون کردنەوەی شێوازو چۆنیەتی بەڵگە هێنانەوەی بیدعەچییەکانە، ئەوی دیکە شێوازو چۆنیەتی موناقەشەو مونازەرەی خاوەن دیدو ڕای جیاوازە:

١ـ شێوازو چۆنیەتی بەڵگە هێنانەوەی بیدعەچییەکان: ئەوەی کە دەگەڕێن لە هەر جێیەک دەقێک یان دێڕێکیان بەر دەست کەوت کە بۆ پشت پێ بەستنی خۆیان بشێت دەیکەنە قەڵغانی خۆیان و لە پێش خۆیانی ڕادەگرن! تا بیدعەکەی خۆیانی پێ سەرخەن! ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو کەس دەزانێت کە هەقخوایی ئەوە دەخوازێت کە هەموو دەقەکان و لێکدانەوەو شیکارییەکانی بابەت هەمووی پێکەوە بهێنرێنە بەردەست! چونکە لەوانەیە دەقێک لە شوێنێکدا کورتە بێت و لە شوێنێکی دیکەدا تەفسیلاتێکی درابێتێ! یان دەقێکیان تایبەتمەندێتی جێ و کاتی خۆی پێوەیەو دەقێکی دیکەی وەک ئەو گشتگیریی پێوەیە، یان دەقێکی پەیوەستە بە مەرجێکەوەو دەقێکی دیکەی وەک ئەو ڕەهایەو هیچ شتێک بۆی نەبۆتە مەرج.. بۆیە لە بەڵگەیەکیاندا هەق بە تەواوەتی دەرناکەوێت تا هەموو دەقەکان نەهێنرێنەوەو لێک نزیک نەکرێنەوە.. هەموو جارێک و بۆ هەموو بابەتێک هەر وایە، بە توێژینەوەی هەموو دەقەکان وێناکە بە تەواوی ڕۆشن ببێتەوە..

ئیمامی ئەبو ئیسحاقی شاتبی رحمه الله لە (باب في مأخذ أخل البدع في الاستدلال)دا دەفەرمووێ: (ئەو کەسانەی لە دینداریدا جێگیرن یەک وێنە بۆ شەریعەت دەکێشن کە هەموو لایەکانی خزمەتی یەکتریی دەکەن، هەر وەکو ئەندامانی لەشی مرۆڤ دەبن، یەک یەک دەناسرێن و هەمووشیان پێکەوە یەکتریی تەواو دەکەن.. بەڵام ئەو کەسانەی ڕا ڕاو دوودڵن و دینداریێتییان قایم دانەمەزراوە بە دووی گومان و قاڵ و قیلێکدا یان بەڵگەیەکی جوزئیدا دەڕۆن و هاکەزایی وەریدەگرن و دەیکەنە بەڵگە! هەر بەوەندەی دەرکەوت کە پێچەوانەی بەڵگە شەرعییە نەگۆڕەکانەو ناشێت بکرێتە هەنجەتی شەرعی دەکەونە توانج گرتنە شەرع.. ئەمە ئەتواری ئەو کەسانەیە کە دڵیان ئینحیرافی تێکەوتووە ئەگینا کێ لە خوای گەورە ڕاستگۆترە ﴿وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلًا﴾ النساء / ١٢٢.

ئەوانەی لە ئەهلی هەواو هەوەسن شتە گشتییەکان (عموميات) وەردەگرن، سەرنج لە پێشەکییەکان نادەن، موڕاعاتی ئەوە ناکەن کە ئەم باسە گشتییانە تایبەتمەندی (خسوسییات) خۆیان هەیە، هەموو شتێکی ڕەها ڕەنگە شتێکی سنورکاریی هەبێت، بۆیە دەبێ تایبەتمەندییەکان لەبەر ڕۆشنایی ڕێسا گشتییەکاندا لێکدرێنەوە.. دەقی وا هەیە تایبەتە بەڵام هەواو هەوەسبازان دەیکەنە گشتی، یان گشتیە ئەوان دەیکەنە تایبەتی، حوکمێک لەسەر ڕووداوێک یان کەسێکە ئەوان بە بێ بەڵگەی شەرعی هەر بە ڕای خۆیان دەیکەنە حوکمێکی گشتی، بەو شێوەیە ڕایەک دەچێتە شوێنی بەڵگەیەک، ئەمەش دیارە هاویشتنی کوێرانەی تیرە و شوێن کەوتنی ئاشکرای هەواو هەوەسە نەک وەرگرتنی بەڵگەی شەرعی.. (الاعتصام ١٧٨/١).

٢ ـ گفتوگۆو دایەلۆگ کردن: خاوەن بیدعە پەنا دەباتە بەر ئەو بەڵگانەی لاوازان و ناکۆکییان لەسەرە، لەمانە هەرچییەکیان لە سالحی خۆی بوو دەیانهێنێتەوە! دەڕوانێتە ئەقوالی زانایان ئەو قەولەیان دێنێتەوە کە پێی وایە ڕای خۆی پێ بەهێز دەکات و خزمەتی بیدعەکەی

دەکات، کــە دەڕوانێتە بەرامبەرەکــەی هەموو ئەو قســانەی دێنێتەوە کە پێی وایە هەڵوێســتی ئــەو لاواز دەکات! کە بەڵگــەی بەرامبەرەکەی ڕەت دەکاتــەوە، هەر بە نــاوو ڕا دەیهێنێتەوە و قســەی وایان دەخاتە ســەر کە لە بەڵگەکانــی بەرامبــەردا نەوتراون، ناچێتەوە ســەرچاوەی باســەکانی بەرامبــەر تا لەوێ بەڵگــەکان وەک خۆیان ببینێت! ئەمــە ڕەفتاری هەموو بیدعەچییەکە..

خوێنەر مافی خۆیەتی کــە ڕا پێچەوانەکان لەو مەســەلانەدا ببینێت کە ڕاجوێیی لەســەرە، پێویســتە بەڵگەی هەموو لایەنــەکان ببینێت، تا بزانێت ئەو ڕایەی لایەنێک لەســەریێتی بۆچی پەســەندی کردووە، تا گومانەکانی بڕەونــەوەو حەقی بــۆ ڕوون بێتەوەو ڕای ڕاســتی دەســت کەوێت.. بەڵام بیدعەچــی ناوێرێت هەمــوو بەڵگەو ئەقوالــی بەرامبەرەکــەی بهێنێتەوە، نەبــادا لاوازی مەزهەبەکــەی خۆی بــۆ خەڵکی دەرکەوێــت و خەڵکەکە بزانــن بۆچی بەرامبەر ئەو ڕایەیان پەســەندتر بینیووە، ئەوســا کۆشــکی لمــی بیدعەکەی ئەم دادەڕمێــت، لەبەر ئەمەیە دەیبینیــت منجەمنجێتی، بە نــاو ئەقوالــی زانایانــدا دەگەڕێــت تا کۆلکــە بەڵگەیەکی دەســت کەوێت، لەمــلاوەش دەم هەراشــانە دەدوێت کەچی خۆی لە موناقەشــەی زانســتییانە دەدزێتەوە هەزارو یەک قســەی خۆی و هاوبیرانی ڕیز دەکات بێ ئــەوەی بەڵگەیەکــی بەرامبەرەکەی وەکــو خۆی باس کاتــەوە! ڕاو بۆچوونیــان وەکو خۆی نەناســێنێت، بەڵگەکانیان وەکو خۆیــان ناهێنێتەوە، بە لاقرتێــوە ئاماژە بە ئیســتیدلالە ئوســوڵییەکانیان دەکات! بەو ئومێدەش کە لەبەرچــاوی خەڵکیان بخــات خۆیــان و مێژوویان بە کــەم و کورت دەنرخێنێت! کە بۆشــی نەچووە ســەر کۆڵ نــادات، بە خۆیــدا ناچێتەوە، ســەر لە نوێ وەک شەڕەشــۆق تێ هەڵدەچێتەوە!

خوێنــەری ئــەم بیدعەچییانــە وا دێتە مێشــکی کە ئەوی لــەو بەری ئەمان وەســتاوە هیچ قســەیەکی نییە، هیچ بەڵگەیەکی شەرعی بەدەستەوە نییە بیخاتــە ڕوو، تەنانەت لە ســەرەتای هاوڕێیەتیاندا گومانێکیشــی لە

ڕاو بۆچوونـــی ئەم بیدعەچییانە لا دروســـت نابێت! هـــەر وا دەزانێت ئەمان ڕاســـت دەکەن و ڕێبازی ســـەلەفیان گرتـــووەو هەرچی دەیڵێـــن بەڵگەی هەیـــە کە دیـــدو بۆچوونی ســـەلەفە، تا وای لـــێ دێت هەر دیدو پێناســـەو ڕێـــی ئەمانی پێ ڕاســـت دەبێـــت و ئیتر هەر خـــوا خـــۆی دەزانێت چەند گێل دەکرێـــت و چۆن بـــەکار دەهێنرێت؟!

ئیمامـــی وەکیعی کـــوڕی جـــەڕاح ڕەحمەتی خوای لێ بێت هۆشـــداریی لەســـەر ئەم چەواشەکارییە دەداتە موسوڵمانان و دڵســـۆزانە باس دەکات کە ئەوی شـــەرعخوازو هەقپەروەر بێت شـــتی وا ناکات، چونکـــە ئەمە هەواو هـــەوەس پەرســـتی و خۆبەزلزانینییە، بۆیـــە دەفەرمووێ: ئەهلی زانســـتی شـــەرعیی هەرچی مافـــی خۆیانەو هەرچی لەســـەریانە دەینووســـن، بەڵام ئەهلی هـــەواو هەوەس تەنهـــا ئەوە دەنووســـن کە لەگـــەڵ خۆیاندا یەک دەگرێتەوە.. (الدارقطني / الســـنن ٢٦/١).

ئەگەر دەتەوێـــت بە واقیعی و دووچاوی ســـەری خۆت ئەم ڕاســـتییانە ببینیت، بـــڕۆ کتێبەکانی (حەلەبـــی) بخوێنەرەوە، کە هەموو شـــتێک دەڵێ و دەنووســـێت، جگە لـــەوەی پەیوەندی بـــە بەرامبەرەکانیـــەوە هەیە، کە ناوی ئەوانیش دەهێنێت وشـــەی وایـــان بۆ بەکار دەهێنێـــت کە نەک هەر کەســـایەتی ئەوان بەڵکو هەســـتی خوێنەرو بیســـەرەکانی خۆشی بریندار دەکات، وشـــەی وا کـــە لە کـــۆڕی فەقێشـــدا ناوترێت! هەموو شـــتێک بـــۆ سەرخســـتنی مەزهەبەکەی خـــۆی دێنێتـــەوە، کەچی دەقـــی بەڵگەی بەرامبەرەکانـــی کە هی زانایان و شەرعناســـان و پێشـــەوایانی ســـەلەفن ئیهمالیـــان دەکات، چونکە دڵنیایـــە ئەو بەڵگانەی ئەمـــان مەزهەبەکەی ئەو هەڵدەوەشـــێنێتەوەو ڕووت و ڕەجاڵی عەقیدەو چەوتی ڕێبازەکەی ئاشـــکرا دەبێت.. ئەمە جگە لەوەی شـــێوەی نیشـــاندانی بۆچوونەکانی خۆشـــی وایە کە گاڵتەکردنـــێکی بە ئەقڵـــی خوێنەرانی خۆی تێدایـــە، وەک ئەوەی زۆر بە ســـاویلکە ســـەیریان دەکات و پێی وایـــە ئەوەندە خۆشـــباوەڕن هەموو قســـەیەکیان بە مێشـــکدا دەچێـــت، ئەمە وا لـــە حەلەبـــی دەکات کە لە

لایەکـــەوە وا بزانێت زانـــای یەکەمینـــی ئوممەتەو هــەر ڕێبازەکەی ئەم (ســـەلەفی)یانە تەواوە، لە لایەکی دیکەشـــەوە کە ئێمە مانانی لێ ڕاســـت دەبینەوەو پێـــمان وا نابێت دیدو ڕێبازەکەی ڕاســـتە، بـــێ ئەدەبی بەرامبەر ئێمە دەکات و دەیەوێت بە قســـەی ناشیرین پەراوێزمـــان کات تا ساحەکەی بۆ چـــۆڵ کەین!

دوای ڕوون بوونـــەوەی ئـــەم دوو تێبینییـــە، دەتوانین بچینە ســـەر ئەو گومانـــەی (ســـەلەفی)یەکان قیتیـــان کردۆتەوە کـــە گوایە ئـــەوان تاکە هـــۆکاری ڕەســـەنکردنەوەی عەقیدەی ئەهلـــی ســـوننەت و جەماعەتیان لە مەســـەلەکانی (باوەڕو تەکفیر)دا کـــە گرتۆتە بەر، کە هـــەر لای ئەمانیش پەیدا دەبێـــت و بەس!

*** ... *** ... ***

* باسی یەکەم *

جنّ و ڕێی کردار لە پێناسەی باوەڕدا

حوزەیفەی کـــوڕی یەمان خوا لێـــی ڕازی بێت دەفەرمـــووێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (يَدْرُسُ الْإِسْــلَامُ كَمَا يَــدْرُسُ وَشْيُ الثَّــوْبِ، حَتَّى لَا يُدْرَى مَا صِيَــامٌ وَلَا صَدَقَةٌ وَلَا نُسُــكٌ، وَيُــسْرَى عَلَى كِتَابِ اللَّـــهِ فِي لَيْلَةٍ فَلَا يَبْقَــى فِي الْأَرْضِ مِنْهُ آيَــةٌ، وَيَبْقَى طَوَائِــفُ مِنَ النَّاسِ الشَّــيْخُ الْكَبِيرُ وَالْعَجُــوزُ الْكَبِيرَةُ، يَقُولُــونَ: أَدْرَكْنَا آبَاءَنَا عَــلَى هَذِهِ الْكَلِمَــةِ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَنَحْــنُ نَقُولُهَا)[1] واتە: ئیســـلام کۆن و کاڵ دەبێت و هەڵدەوەشـــێتەوە، هەر وەکو کە پۆشـــاکێک کۆن و کاڵ دەبێت و هەڵدەوەشـــێتەوە، تا وای لێ دێت نازانرێـــت نوێژ چییـــەو ڕۆژوو چییەو خێـــرو خێرات چییەو خواپەرســـتی چییە! لە شـــەوێکدا قورئانیـــان هەڵدەگیرێتەوەو بەرز دەبێتـــەوە، تەنانەت ئایەتێکیشـــی لەســـەر زەمین نامێنێـــت، هـــەر کۆمەڵـــە خەڵکانێک لە پیرەپیـــاوو پیـــرەژن دەمێنن کە دەڵێـــن: بیرمان دێت باپیرانمان ئەم وشـــەی (لا اله الا الله)یەیـــان دەوت، بۆیە ئێمـــەش وا دەیڵێینەوە..

ســـەرەتا شـــێخی ئەلبانی ڕەحمەتی تەواوکەری فەرموودەکـــە دێنێتەوە کە دەفەرمووێ: ســـیلەی کـــوڕی زوفەر بـــە حوزەیفەی فەرمـــوو: جا (لا اله الا الله) ســـوودی چـــی دەبێت بۆیان کـــە ئەوانە نەدەزانـــن نوێژ چییەو نـــە ڕۆژوو چییەو نە خواپەرســـتی و خێرو خێرات چییـــە؟! حوزەیفە ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا، ســـیلە دیســـان لێی پرســـیەوەو هەر وەڵامـــی نەدایەوە، کە کردی بە ســـێ جـــار، حوزەیفە لە وەڵامیـــدا فەرمووی: هۆ ســـیلە، ئەو

****

(١) نوســـەری بەڕێـــز رحمه الله نوســـیویێتی (الصحيحـــة ١٢٧/١ ژمارە ٨٧) بۆ باســـی زیاتری ســـەنەدو مانـــای فەرموودەکە بڕوانە (ســـنن ابن ماجـــه ب ٢ / ل ١٣٤٤) و (فتح البـــاري ب ١٣ / ل ١٦) و (المســـتدرك عـــلى الصحيحـــين ب ٤ / ل ٥٢٠ و ب ٤ / ل٥٨٧) شـــێخی ئەلبانیش بە ســـەحیحی داناوە، بڕوانە (السلســـلة الصحيحـــة ١٢٧/١ ژمارە ٨٧) هەروەهـــا (صحيح الجامع ژمـــارە ٧٩٣٣) (و).



(لا اله الا اللـــه) له ئاگـــری دۆزەخ قوتاریان دەکات..

ئەلبانـــی دوای ئەمـــە دەفەرمـــووێ: خاڵێکـــی شەرعناســـیی گرنگ لە فەرموودەکـــەوە وەردەگیرێت، ئەویـــش ئەوەیە کە ئەو کەســـەی دەڵێ: (لا الـــه الا الله) با هیچ شتێکیشـــی لـــە پێنـــج ئەرکانی تری ئیســـلام بەجێ نەهێنابێـــت، هەر لـــە مانـــەوەی هەتاهەتایی نـــاو ئاگـــری دۆزەخ قوتاری دەبێت..[١]

* لە چەند لایەکەوەیە ڕەد لە تێگەیشتنەکەی شێخی ئەلبانی دەدەینەوە:

• یەکـــەم: ئەمـــە وەکـــو لە بەشـــی یەکەمـــدا ڕوونمـــان کردەوە پێچەوانـــەی عەقیـــدەی ئەهلـــی سوننـــەت و جەماعەتـــە..

• دووەم: شـــێخی ئەلبانی چۆن وا تێگەیشـــتووە کە ئەو کەســـەی ڕەفتـــار بە شـــایەتمانەکەی ناکات موســـوڵمانەو لە نەمریـــی و مانەوەی لە ســـزای دۆزەخ قوتاری دەبێـــت؟! لە کاتێکدا کـــە فەرموودەکـــە بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی کە ئەو کەســـانە لە ئاگـــری دۆزەخ قوتار دەبـــن (نەک لە نەمریـــی ومانەوەیان لەوێدا) چونکـــە خاوەن عوزری نەزانینـــن، نەیانزانیوە گوفتارو ڕەفتارێک کە لەســـەر بـــاوەڕ هێنان بینا دەکرێـــت چییە تا بیکەن، بۆیە لە ســـزای نەمریـــی دۆزەخ قوتار دەبن؟! خوای گـــەورش دەفەرموویێ: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ الاسراء/١٥. واتـــە: مومکین نییە ســـزادەر بین پێش ئـــەوەی نێرراوێک بنێریـــن.. حوزەیفەش دەفەرمووێ: هۆ ســـیلە (نـــاوی یاوەرەکەی هاوڕێیەتی) ئـــەو باوەڕەیان لە ئاگـــری دۆزەخ قوتاریان دەکات..

ئەمە چ تێگەیشتنێکە بابە شێخ؟!

کەوابوو هیچ بەڵگەیەک لـــە فەرموودەکە نافامرێتەوە ئەوە بســـەلمێنێت کە ئـــەو کەســـەی ڕەفتار بـــە باوەڕەکەی نـــاکات وکرداری نییـــە ـ جگە

(١) الالباني / سلسلة الاحاديث الصحيحة ١ / ١٣٠.

لەوانەی عـــوزری نەزانین دەیانگرێتـــەوە ـ لە ئاگـــری دۆزەخ قوتاری بن. ئەوەی کـــە فەرمووده‌كە دەیگەیێنێت لەگەڵ ئەوەی شـــێخ لـــە (باب الايمان) دا بـــاوەڕی پێیەتی جودان، چونکە ئەوەی شـــێخی ئەلبانی بـــە قەناعەتەوە دەیفەرمـــووێ عەقیـــدەی توندڕەوەکانـــی مورجیئەیە نەک شەرعناســـانی مورجیئە! چونکـــە توندڕەوەکانی مورجیئە باوەڕیان وایە کە هەر کەســـێک بـــاوەڕی بە زمـــان ڕاگەیاند ـ جگە لەوانـــەی نەزانین بۆیـــان دەبێتە عوزر ـ بـــا هیچ جۆرە گوفتارو ڕەفتارێکی ئیســـلامەتیش نەکات هەر موســـوڵمانەو لە ســـزای دۆزەخ قوتاری دەبێت، هەر لەســـەرەتاوە بێ ئەوەی ســـزا بدرێت دەچێـتە بەهــەشتــەوە!

بـــەراوردی ئەم تێگەیشـــتنەی شـــێخی ئەلبانی و واتای پرســـیارەکەی ســـیلەی کوڕی زوفەر بکە خوا لێـــی ڕازی بێت کە لە حوزەیفەی پرســـی: جـــا (لا الـــه الا الله) ســـوودی چی دەبێـــت بۆیان کـــە ئەوانـــە نەدەزانن نوێژ چییـــەو نە ڕۆژوو چییـــەو نە خواپەرســـتی و خێرو خێـــرات چییە؟! ئـــەوە ڕوون دەبێتەوە کـــە یـــاوەران دەیانزانی وتنی شـــایەتمانەکە بە تاقی تەنیـــا، بێ ئەنجامدانـــی داواکارییەکانی بـــاوەڕ لە گوفتـــارو ڕەفتار، هیچ نرخێکـــی نابێـــت و کابرای بێژەری ناهێنێتە ناو ئیســـلامەوە! جـــا ئاگات لە ڕاســـتی پێناســـەو داواکراوی باوەڕ بێـــت و گوێ نەدەیت بە تێگەیشـــتنە نوقســـانەکەی شـــێخی ئەلبانی ڕەحمەتی..

• ســـێیەم: ئەگـــەر هەنجەتی نەتوانینـــی ئەنجامدانـــی کار لەبەر نەزانیـــن ببێتە بەڵگـــەی ئەوە کە کـــردارو ڕەفتار مەرجی دروســـتی باوەڕ نییە، کەوابـــوو لاڵیش خـــاوەن عوزرە لـــە نەهێنانی شـــایەتماندا! چونکە ناتوانێت بیڵێت! بەم ڕێســـا لاســـەنگەش ئـــەوە دێتە پێش کە شـــایەتمان هێنـــان مەرجی دروســـتی باوەڕ نییـــە، بەڵکـــو مەرجـــی تەواوێتییەتی!

ئەمە چ حاڵی بوونێکە بابە شێخ؟!

ئەمە دەقاودەق دیدو پێناســـەی مورجیئە کۆنەکانـــەو هەنجەت و پاڵنەری ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی ئەم

سەردەمەش هەر هەمان هەنجەت و پاڵنەری مورجیئەکانی دوێنێیە کە ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەربارەیان نوسیویێتی: جەهمیەکان دەڵێن: بەڕاست زانین بە زمان لەوانەیە مەرج نەمێنێت، وەک بۆ لاڵ و ناچارکراو، بۆیە ئەوەی لە باوەڕدا داواکراوەو مەرجە قەناعەتی دڵەو بەس! (مجموع الفتاوى ١٣/٣٠).

باشە کابرای بەدگومان کە باوەڕی بە تواناو لێهاتوویی خوای گەورە نەبوو، ئەوی بە کوڕەکانی وت کە دوای مردنی لاشەکەی بسوتێنن و لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا بەربای دەن و هەر تۆزەی بچێتە شوێنێک تا خوای گەورە نەتوانێت کۆی کاتەوە! ئەمە قەناعەتی ئاوای هەبووەو دەریشی بڕیووە، بەڵام خوای گەورە لێی نەگرتووە ئایا ئەمە دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کە باوەڕ هێنان بە توانای ڕەهاو دەسەڵاتی بێسنووری خوای گەورە مەرجی تەواوێتی باوەڕەو بە نەمانی ئەویش نامێنێت؟!

چوارەم: ئەم گومانە بەقەدەر دیدو بۆچوونی مورجیئەکان کۆنە، مورجیئەی هەموو کات و شوێنێک ئەمەیان کردووە بە بەهانەی خۆیان! ئیمامی ئیبنو تەیمییە لە باسیاندا دەفەرمووێ: باوەڕی ئەو کەسەی کە بە تەفسیل ئەوەی زانیووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ ٱللَّٰهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ باسی لێوە فەرمووە، وەکو باوەڕی ئەو کەسە نییە کە بە شێوەیەکی گشتی زانیوێتی پەیامی پێغەمبەر صَلَّىٰ ٱللَّٰهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ چی تێدایە.. ئەوەی کە دەبێت لە باوەڕەکەدا تەوەر بێت بە ڕاستگۆ زانینی پێغەمبەری خوایە صَلَّىٰ ٱللَّٰهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ لە هەموو ئەوانەدا کە باسی لێوە کردوون، بۆیە ئەگەر کەسێک باوەڕی هێناو مرد لەوەندەی زیاتر داوا لێ ناکرێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ ٱللَّٰهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ بە ڕاستگۆ بزانێت.. (ابن تيمية: الايمان ل ١٩٥).

لە لاپەڕەی دوای ئەمیش دەفەرمووێ: ئەو قسەیان کە دەڵێن ئەگەر کەسێک دوای شایەتمان هێنانەکەی بمرێت هیچی لەسەر نییە، ڕاستە چونکە باوەڕی پێویستی هێناوەو هێشتا ڕەفتاری ئیسلامەتی لەسەر فەرز نەبووە.. ئەم خاڵە دەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت تا گومانی هەردوو



لایەن بڕەوێنێتەوە..

لە شوێنێکی تریشدا دەفەرمووێ: بە دوو شت هەنجەتی شەرع و ئیقامە حوججە لەسەر کەسێک دێتە دی: هەبوونی توانای فێربوونی ئەوەی کە خوای گەورە ناردوێتیە خوارەوە لەگەڵ هەبوونی توانای جێبەجێ کردن.. ئەمما کەسێکی شێت کە توانای وەرگرتن و فێربوونی نییە، یان ئەو کەسەی توانای جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی ئیسلامی نییە تەکلیفی لەسەر نامێنێت، نە فەرمان دەیگرێتەوە نە بەرهەڵستیی. ئەگەر کەسێک لە دین حاڵیبوونی لێ گیرایەوە، یان ڕێ نەدرا لایەنێکی ئیسلامەتی جێبەجێ بکات، حوکمی وەکو ئەو کەسەیە کە ڕێی شارەزایی بەشێک لە دینەکەی لێگیرا بێت یان نەهێڵرا بێت هەموو دینەکە وەرگرێت.. (ابن تیمیة: مجموع الفتاوی ٢٠/٣٦).

شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمییە ڕەحمەتی خوای لێ بێت زوو ئەم گومانەی کەشف کردووەو ووردەکارانە بەرپەرچی داوەتەوە، لە حاڵەتێکدایە زۆر لەو حاڵەتە دەچێت کە فەرموودەکە باسیان لێوە دەفەرمووێت.. ئیبنو تەیمییە دەفەرمووێ: کاتێک خوای گەورە پێغەمبەری پێشەوای ﷺ بەم پەیامەوە بۆ هیدایەتی خەڵکی نارد، ئەرکی سەرشانی ئەو خەڵکە ئەوە بوو کە بە ڕاستگۆی بزانن و باوەڕی پێ بهێنن و ملکەچی فەرمانەکانی بن.. سەرەتا هەر ئەوەندە بوو، هێشتا فەرمانی پێنج فەرزەی نوێژو ڕۆژووی ڕەمەزان و حەجی لەسەر فەرز نەکردبوون، هێشتا شەراب و سووی لێ حەرام نەکردبوون، هێشتا زۆرینەی قورئان دانەبەزیبووە خوارێ، هەر کەسێک شایەتمانەکەی دەهێناو باوەڕی بەوە دەهێنا کە بۆی هاتبوو، ئینجا پێوەی پابەند دەبوو، ئەوە موسوڵمانی تەواو بوو، باوەڕەکەشی تەواو بوو، چونکە هەر ئەوەندەی لێ داواکرابوو، بەڵام هەر کەسێک لە دوای کۆچی موسوڵمانان بۆ مەدینە باوەڕی هەر بەوەندە بهێنایە لێی وەرنەدەگیرا، ئەگەر بیشووتایە هەر ئەوەندە وەردەگرم پێی کافر دەبوو! (ابن تیمیة:

محموع الفتـــاوی ٥١٨/٧)..

پێم وایه ئەم دیدو بۆچـــوون و بەدوواداچوونه پڕاوپڕ ڕاســـتەو ئەوەیه که دڵـــی پێ خۆش دەکرێـــت، چونکه حەقی به شـــێوەیەکی جـــوان تێدا ڕوون کردۆتـــەوە، بۆیه موســـوڵمان که دەیبینێـــت دڵی ئاو دەخواتەوەو ســـوکنایی لا دەســـت دەکەوێـــت.. بەڵام ڕەحمەتی خوا له شـــێخی ئەلبانـــی بێت و خوا هیدایەتـــی موقەللیدەکانـــی بدات تا زیاتر شـــوێن هەواو هەوەســـی خۆیان نەکـــەون، بەڵکـــو هەموو پەی بـــه ڕێی ڕاســـت ببەین.. والحمـــد لله رب العالمین..

*** ... *** ... ***

* باسی دووەم *

ئەهلی سوننەت کێیە؟!

کاتێک حەلەبـــی بینی ئیمامی ئیبنـــو حەجەر رحمه الله نوســـیویێتی کە کردار مەرجـــی تەواویێتی باوەڕە، زۆر دڵخۆش بـــوو، وای زانی دوو هەنگی لە دارێکـــدا دۆزیوەتەوە، بە دووی زۆر نووســـینی حەلەبیـــدا چوومەوە لە هەموو شـــوێنێک دەمبینی ئەو قســـەی ئیبنو حەجـــەری ڕەحمەتی کردووە بە پینەی پێناسە بیـــدعەکەی خـۆی![1]

ئیمامـــی ئیبنو حەجـــەر رحمه الله دەربـــارەی بـــاوەڕ دەفـــەرمووێ: (ســـەلەف[2] فەرموویانـــە: بـــاوەڕ بریتییە لـــە قەناعەتـــی دڵ و دەربڕینی بە زمـــان و ئەنجامدانی کـــردەوەکان، مەبەســـتیان لەوە ئەوەیـــە کە باوەڕ مەرجـــی تەواوێتی بـــاوەڕە. (ابن حجـــر: فتح البـــاری ١/ ٦٤).

* وەڵامی ئەم گومانە بەم شێوەیە دەدەینەوە:

• یەکـــەم: گومـــان لـــەوەدا نییە کـــە ئیمامـــی ئیبنـــو حەجەری عەســـقەلانی لەگەڵ گەورەیی و پێشـــەوایەتی و بەرفراوانـــی زانیاریدا ـ لە پێناســـەی ســـیفەتەکانی خوای پەروەردگارو پێناســـەی باوەڕدا ـ کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەشـــعەرییەوە، سەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلیەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی ئەمە دەزانـــن، بەڵام لە موناقەشـــەی ئێمە ماناندا لەبیـــر خۆیانـــی دەبەنـــەوە چونکـــە دەزانن لە پێناســـەی بـــاوەڕدا دەبێتە پاڵپشـــتی ئەمان، دەنا ئەگەر ڕاســـت دەکـــەن و ئیمامی ئیبنـــو حەجەریان

***

(١) بـــۆ نموونـــە بڕوانە پەراوێزی (حکم تـــارك الصلاة ل ٣٥٢) و شریتی (الرد على شـــبه التكفيريين).

(٢) دەفەرمـــووێ ســـەلەف، چونکە ئەویش رحمـــه الله پێی وابووە ئـــەوە ڕای یاوەران و تابعینـــە، بۆیە ئیمامـــی ئیبنو تەیمییە لە (الایـــمان ل ٣٥٢) دەفەرمـــووێ: زۆر لە زانایانی چەرخەکانـــی دواییـــن جیاوازیەکانی نێوان ســـەلەف و مورجیئـــەو جەهمیە لێک جوێ ناکەنەوە..).

پـێ قبووڵە دەبـا لە هەندێک پێناسـەی تـری سیفاتیشـدا قبووڵیان بێت کە تێیـدا پێچەوانـەی بۆچوونی ئەهلی سـوونەت و جەماعەتـە.. چەند شەرعناسـی گەورە هەیە کـە کەوتۆتە ژێـر کاریگەریـی (هەندێک) لە گومانی (مورجیئەی شەرعناسـان).. بەڵام کێیـان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بیدعەگەرێتی (جەهمیە)کانەوەو کەوتۆتە شـوێن جەهمی کوڕی سـەفوان؟!

• دووەم: شـێخ عبدالقادری کـوڕی عبدالعەزیز خـوا بیپارێزێت، دەفەرمووێ: فەرمایشـتەکەی ئیبنـو حەجەر کە فەرموویەتی: (سـەلەف فەرموویانە: کـردار مەرجی تەواوێتی باوەڕە) ڕاسـت نییـە! ئەمە قەولی مورجیئەیە نەک سـەلەف، ئەمە هـەر ئەوەیە کە شـێخ ئیبراهیمی باجوری (ئەشـعەرییەو سـاڵی ١٢٧٧ك کۆچی دوایی کردووە) لە شـەرحی (جوهرة التوحیـد / ابراهیـم اللقـاني ١٠٤١ك)دا هێناوێتییەوە. ئەو لـەو کتێبەیدا دەفەرمـووێ: ئـەوەی ئەهلی سـوننەت گەیشـتوونێ ئەوەیە کـە کردار مەرجـی تەواوێتی بـاوەڕە، هەر کەسـێک ئەنجامی بدات ئـەوە باوەڕی تەواوی دەسـکەوتووە هـەر کەسـێکیش ئەنجامی نەدا ئـەوە تەواوێتی باوەڕی لەدەسـت داوە. کە دەفەرمووێ (لای ئەهلی سـوونەت) مەبەسـتی پێـی ئەشـعەرییەکانە، چونکە ئەوان وەکـو زوبەیدی لـە کتێبی (اتحاف السـادة المتقين ٦/٢)دا دەفەرمووێ: (ئەگەر ئەشـعەرییەکان وتیان: ئەهلی سـوونەت و جەماعەت ئەوە مەبەسـتیان پێی خۆیـان و ماتۆریدییەکانە)، ئەوەش ناوو ناسـناوێکە کە لـە جێی خۆیـدا نیە..[١]

دەڵێـم: ئەم قەولەی بـە نەزانیـن بڵاوکراوەتەوە کە گوایـە ڕای ئەهلی سـوننەت و جەماعـەت ئەوەیە کە کـردار مەرجی تەواوێتی بـاوەڕ بێت نـەک مەرجـی هەبوونی، ئـەوە قەولـی (مورجیئەی شەرعناسان)ـە بە تایبەتـی ئەشـعەریی و ماتۆریدییەکانیان، ئەمەش وەکـو ڕوون کراوەتەوە قەولێکـی باتڵە، باشـترین کەسـی شـارەزا لە دیـدو ڕێی سـەلەف لە

---

(١) عبدالقادر بن عبدالعزيز: الجامع في طلب العلم الشريف ٥٢٩/٢.

یـــاوەران و تابعین کـــە نارەوایی ئـــەو قەولەمان بۆ ڕوون کاتـــەوە ئیمامی شـــافیعییە رحمە اللە، کە دەفەرمووێ: کۆڕا (ئیجماع) ی یـــاوەران و تابعین و ئەوانەی بەدوویاندا هاتن لەسەر ئەوە بوو کە باوەڕ گـــوفتارو کـــردارو نیەتـــە، هیچ یەکێک لەو ســـێیە بـــێ ئەوانی دیکـــە نابێتە بـــاوەڕ.. (ابن تیمیة: مجمـــوع الفتاوی ٣٠٩/٧). واتـــە: نە یەکیان و نـــە دوانیان بە تەنها بـــاوەڕ دانامەزرێنێت، بەڵکو هەر دەبێت هەر ســـێکیان پێکـــەوە وەرگیرێن، چونکە پێکهاتـــەی یەکترن و بە هەمـــووان هەبوونی بـــاوەڕ دێننە دی..

ئیمامـــی ئاجوری رحمە اللـــە دەفەرمووێ[1]: ئەنجامدانـــی کردار بەڵگەی بە ڕاســـت زانینی ئـــەو باوەڕەیە کە لە دڵ چەســـپیووە، کە زمـــان ئیقراری کـــردووەو دەری بڕیووە، جا هەر کەســـێک بە کردار وەکو دەســـنوێژ گرتن و نوێـــژو زەکات و ڕۆژوو و حەج و جیهادو هاووێنەیـــان هەبوونی باوەڕەکەی ناخی نەســـەلماند، هەر بەوەنـــدە ڕازی بوو کە گوایە بـــە دڵ و زمان باوەڕی ســـەلماندووە، دەبێت موســـوڵمانێتییەکەی لـــە کوێدا بێت؟! ئـــا ئەمەی لافی ئیمانداریی بـــە دڵ وزمان لێـــدەدات و کردار ناکاتە پێکهاتـــەی باوەڕەکەی کەی موســـوڵمانە؟! ئەو کرداری دڵ و زمانە چ دادێکـــی دەدات؟! وەل کردنی کردەوەکان و ئەنجامنەدانی بەڵگەی بەدرۆخســـتنەوەی باوەڕەکەیەتی.. بۆیە پێویســـتە ئـــەوە بزانیت کە وەکو وتمـــان کردار بەڵگەی ڕاســـتی هەبوونی باوەڕەکـــەی دڵـــە.. ئەمەش دیـــدو ڕێی زانایانـــی کۆن و نوێـــی ئوممەتی موســـوڵمانە، هەر کەســـێک غەیـــری ئەمە بڵێ ئـــەوە مورجیئـــەی پیس و بۆگەنە.. هۆشـــت لـــە دینی خـــۆت بێـــت و لا نەکەیت بـــەلای ئەوانەوە.. بەڵگەش لەســـەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کـــە خوای گەورە تێیـــدا دەفەرمووێ: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ﴾ البینـــة / ٥. واتـــە: فەرمانـــی ئەوەیـــان پێکرابوو کـــە تەنها خوای

(١) الآجري: أخـــلاق العلماء ل ٢٨ لە ســـفر الحوالي: ظاهرة الارجاء في الفكر الاســـلامي ٦٤٧/٢ وەرگیراوە..

گەورە بە ڕاســـت و دروســـتی بپەرســـتن و لا نەکەن بـــە لای هیچ دینێکی تـــرەوە، هەروەهـــا نوێژەکانیان بکـــەن و زەکات بـــدەن، ئا ئـــەوەش دین و دینداری ڕاســـت و دروستە..

*** ... *** ... ***

* باسی سێیەم *

شیکردنەوەی بەڵگەی مەدخەلی و پاڵانتەوانانی (سەلەفێتی)
بە فەرموودەی دۆزەخییەکان.

سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلیەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی زۆرجار بۆ بەهێز کردنی هەڵوێستی خۆیان حەدیسی شەفاعەت بە بەڵگە دەهێننەوە، کە تێیدا هاتووە کە خوای پەروەردگار کۆمەڵێک خەڵک کە پێیان دەوترێت (دۆزەخییەکان) لە دۆزەخ دەردەهێنێت و دەیانخاتە بەهەشتەوە بێ ئەوەی کاروکرداریان ئەنجام دابێت.. ئەویش بەم شێوەیە:

ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (إِذَا خَلَصَ الْمُؤْمِنُونَ مِنَ النَّارِ وَأَمِنُوا فَـ (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِه) مَا مُجَادَلَةُ أَحَدِكُمْ لِصَاحِبِه فِي الْحَقِّ يَكُونُ لَهُ فِي الدُّنْيَا بِأَشَدَّ مِنْ مُجَادَلَةِ الْمُؤْمِنِينَ لِرَبِّهِمْ لأَخْوَانِهِمْ الَّذِينَ أُدْخِلُوا النَّارَ، قَالَ: يَقُولُونَ رَبَّنَا إِخْوَانُنَا كَانُوا يُصَلُّونَ مَعَنَا وَيَصُومُونَ مَعَنَا وَيَحُجُّونَ مَعَنَا (وَ يُجَاهِدُونَ مَعَنَا) فَأَدْخَلْتَهُمْ النَّارَ، قَالَ: فَيَقُولُ: إذْهَبُوا فَأَخْرِجُوا مَنْ عَرَفْتُمْ مِنْهُمْ، فَيَأْتُونَهُمْ، فَيَعْرِفُونَهُمْ بِصُوَرِهِمْ، لا تَأْكُلُ النَّارُ صُوَرَهُمْ فَمِنْهُمْ مَنْ أَخَذَتْهُ النَّارُ إِلَى أَنْصَافِ سَاقَيْه، وَمِنْهُمْ مَنْ أَخَذَتْهُ الَى كَعْبَيه، (فَيُخْرِجُونَ مِنْهَا بَشَرَاً كَثِيراً) فَيَقُولُونَ رَبَّنَا قَدْ أَخْرَجْنَا مَنْ أَمَرْتَنَا، ثُمَّ يَقُولُ ارْجِعُوا فَمَنْ كَانَ فِي قَلْبِه وَزْنَ نِصْفِ دِينَارٍ مِنْ خَيْرٍ فَأَخْرِجُوهُ فَيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيراً ثُمَّ يَقُولُونَ رَبَّنَا لَمْ نَذَرْ فِيهَا أَحَدًا مِمَّنْ أَمَرْتَنَا بِه حَتَّى يَقُولُ أَخْرِجُوا مَنْ كَانَ فِي قَلْبِه مِثْقَالَ ذَرَة (فَيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيراً) قَالَ أَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ: إِنْ لَمْ تُصَدِّقُونِي بِهَذَا الْحَدِيثِ فَاقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ أَجۡرًا عَظِيمٗا﴾[١]

***

(١) النساء / ٤٠

قَــالَ فَيَقُولُونَ: رَبَّنَــا أَخْرَجْنَا مَــنْ أَمَرْتَنَا، فَلَمْ يَبْــقَ فِي النَّارِ أَحَــدٌ فِيهِ خَيرٌ! قَالَ: ثُمَّ يَقُــولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: شَــفَعَتِ الْمَلاَئِكَةُ، وَشَــفَعَتِ الأَنْبِياءُ، وَشَــفَعَ الْمُؤْمِنُــونَ، وَبَقِيَ أَرْحَــمُ الرَّاحِمِينَ، قَالَ: فَيَقْبِــضُ قَبْضَةً مِنَ النَّــارِ، أَو قَالَ قَبْضَتَــيْنِ، فَيُخْرِجُ مِنْهَــا قَوْمًا لَمْ يَعْمَلُوا خَــيْرًا قَطُّ قَدْ احْتَرَقُــوا حَتَّى صَارُوا حُمَــمًا، قَالَ: فيقــال لهم: ادخلــوا الجنة، فــما تمنيتم و رأيتم من شــئ فهو لكم (و مثله معــه) فيقال أهل الجنة: هــؤلاء عتقاء الرحمــن، أدخلهم الجنة بغــير عمل عملوه و لا خير قدمــوه).[1] واتە: دوای ئەوەی موســوڵمانەکان لە مەترســی چارەنووســی دۆزەخ قوتار دەبن، دەکەونە موناقەشــەی کەسانی دیکــە، قەســەم بەو خوایــەی گیانــی منی بەدەســتە بەرگریــی کردن و موناقەشــە کردنتان لەســەر مافی هاوڕێکانتان لە دنیادا گەورەترو گرنگتر نابێــت وەک لەوەی لە قیامەتــدا دەتانبێت لە خزمەت خــوای پەروەردگاردا لە بەرگــری کردنتان لەوانــەی خراونەتە دۆزەخەوە، ئینجا ئەو موســوڵمانانە (ئەوانــەی موناقەشــەو بەرگریەکە لە موســوڵمانەکانی تریــان دەکەن کە خراونەتە نــاو دۆزەخەوە عەرزی خــوای گەورە دەکەن: خوایــە خۆ ئەوانە لەگەڵماندا بوون، نوێژیــان دەکرد لەگەڵماندا، ڕۆژوویــان دەگرت لەگەڵماندا، زەکاتیان دەدا لەگەڵمانــدا، جیهادیان دەکرد لەگەڵماندا، کەچی تۆ خســتوتنە ناو ئاگری دۆزەخــەوە! خوای گــەورە دەفەرمووێ: بڕۆن هەرچی دەناســن دەریــان بهێننەوە. دەچــن و هەرچیەک بــە دەموچاوو ڕەنــگ و ڕوویاندا دەناســن دەریان دەهێننەوە، کەســیان ئاگر دەموچاوی نەســوتاندوون، هەر لــە ئاگردان هەیــە ئاگر تا ناوەنــدی لولاقی هاتــووەو هەیانە تــا قولەپێی هاتــووە، ئیتر خەڵکێکــی زۆریان لــێ دەهێننــە دەرەوەو دەڵێــن: خوایە هەرچــی فەرمانت پێکردبووین بیانهێنینــە دەرەوە هێناومانەتە دەرەوە، کەس لە دۆزەخــدا نەماوە خێرێکــی پێوە مابێــت (یەعنــی کردەوەیەکی چاکی

(١) ئــەم فەرموودەیە لای بوخاری و موســلیم و ئیمامی ئەحمەدو خاوەن ســوننەکانیش هەیە، لەگەڵ جیاوازی هەندێک وشــەو ڕســتە، شــێخی ئەلبانیی ڕەحمەتی توێژینەوەی لەســەر کــردووەو بێ گومان بە ســەحیحی داناوە. بڕوانــە (الالباني: حکم تــارك الصلاة ل ٧).

کردبێـــت) ئینجا خوای گـــەورە دەفەرمووێ: فریشـــتە شـــەفاعەتیان کرد، پێغەمبەران شـــەفاعەتیان کرد، موســـوڵمانان شـــەفاعەتیان کرد، بەزەییترینی خـــاوەن بەزەییـــەکان (ئەرحەموڕڕاحمیـــن) مـــاوە، ئینجـــا چنگێک لەو خەڵکـــە تـــاو دەداتێ و لە ئاگـــر دەریـــان دەهێنێت کە بە هیچ شـــێوەیەک کردەوەیەکـــی چاکیان لەبەر خاتـــری خوا نەکردووە، هەموویـــان داپلوخاون و بـــوون بە خەڵـــووز، دەهێنرێـــن بەرەو ئاوێـــک کە پێـــی دەوترێت ئاوی ژیان، ئـــەو ئاوەیان بەســـەردا دەکرێت، هـــەر هەموویان وەکـــو دانەوێڵەی گوێ ڕووبـــار دەڕوێنەوە..

ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی ئەم فەرموودەیـــەو فەرموودەکانی تـــری هاومانای وەک گورزی دەســـتی پاڵەوان بەرامبـــەر ڕاجوێکانیان بـــەکار دەهێنن، وەک فەرمـــوودەی: (مَنْ قَالَ لا الـــه الا الله مُخْلِصَاً مِـــنْ قَلْبِه حَرَّمَـــهُ اللهُ عَلَى النَّـــار).[1] واتە: هەر کەســـێک سەرڕاســـتانە پڕ بە دڵ بڵێ لا الـــه الا الله خـــوای گەورە لە ئاگری دۆزەخی یاســـاغ دەکات.. چونکە ئەم فەرموودانـــە وا لێک دەدەنەوە کـــە بەڵگەی ئەوەن کـــە کردار مـــەرج نییە بـــۆ قوتاربوون لـــە دۆزەخ و مانـــەوە تێیـدا..

* وەڵامی ئەم گومانە لە چەند لایەنێکەوە دەدەینەوە:

• یەکەم: ئەوەی کە (ســـەلەفی)یەکان لـــەم فەرموودانە حاڵی بوون پێچەوانەی تێگەیشـــتن و حاڵیبوونی پێشەوایانی ســـەلەف و زانایانی ئەهلی ســـوننەت و جەماعەتە! ســـەیریش ئەوەیە ئەوان ئەو خەڵکەیـــان داوەتە بەر گورزو پێیان دەڵێن (پێویســـتە تێگەیشـــتن لە قورئان و ســـوننەت بە پێی تێگەیشـــتنی ســـەلەف بێت)! ئەدی بۆچی لە تێگەیشـــتنی ئەم تەوەرەباسە کاریگەرە خۆیان لە تێگەیشـــتنی ســـەلەف بواردووە؟!

* *

(١) بوخاری / کتاب العلم (١٢٨).

ئەگەر ڕاســـت بێـــت و ئـــەم فەرموودەیە ئـــەوە بگەیەنێت کـــە کردار مەرجـــی باوەڕ نییـــەو ئەوی هیچ کردارێکـــی نییە کافر نابێـــت، دەبوو ئەم تێگەیشـــتنە بخرایەتە بەر ڕۆشـــنایی کۆڕای زانایان و پێشەوایانی سەلەف، نەک بـــە پێچەوانەی بنەما ســـەرەکییەکانەوە بەکار بهێنرێـــت وەکو ئیمامی شـــاتیبی فەرمووی: لقە بەشـــییەکان (الفروع الجزئیة) ناشـــێت دژایەتیان هەبێت لەگـــەڵ بنەما ئوســـوڵییە گشـــتییەکان (الاصول الكُلِّيَّـــة)، چونکە لقە بەشـــییەکان ئەگەر نەبنە ئاڕاســـتەوانی کردارێک دەبێت بوەســـتێنرێن، ئەگـــەر بووشـــنە ڕێســـای کردارێـــک دەبێت لەگـــەڵ بنەما ســـەرەکییە گشتییەکاندا بســـازێنرێن، چونکە گەڕانەوە سەر ئوســـوڵەکان گەڕانەوەیە بۆ ڕێی ڕاســـت.. هەر کەســـێک ئەمە پێچەوانـــە کاتـــەوە دەکەوێتە بەر شـــاڵاوی گلەیی.. (الاعتصام ١٧٤/١).

هەروەهـــا دەفەرمـــووێ: هەر کەســـێک بەڵگەی شـــەرعی دیراســـە بـــکات، دەبێت ئەوە ڕەچـــاو بکات کە ســـەلەفیانی یەکەمین چـــۆن لێیان تێگەیشـــتوون و چۆنیان بە گەڕخســـتوون، ئەمە ڕاســـترەوییەو جیددییەتی زانســـت و کار پێکردنێتـــی.. (الموافقات ٥٧/٣)..

• دووەم: پێشـــتر هۆشـــداری ئەوە درا کـــە ئیســـتیدلال کردن بە کۆمەڵێک خاڵی گشـــتی دەقـــە شـــەرعییەکان، بێ ئەوەی ڕەچـــاوی ئەو بەڵگـــەو خاڵانەی تریـــان بکرێن کە بە شـــتێکیانەوە تایبـــەت دەکەن، ئەوە ســـیفەتی ئەهلـــی بیدعەو یاخیانی شـــەرعە..

وشـــەی (الخیر) یان (العمل) کە لە فەرمـــوودەی دۆزەخییەکاندا هاتووە کە خوای گـــەورە دەیانخاتە بەهەشـــتەوە بێ ئەوەی کاروکرداری باشـــیان ئەنجـــام دابێت (بغیرِ عَمَلٍ عَمَلُوهُ)، پێیان دەوترێت شـــێوازی گشـــتی (صِيَغُ العمُـــوم) چونکە نەزانراوێن لە ڕســـتەی نەفیـــدا (نَكِرَةٌ في سِـــياقِ النفي)، ئەمـــەش بەرامبەرەکانمان دەخاتە ســـەر دوو ڕێیانێک کە ڕێی ســـێیەمی وەکـــو کوچەی خۆ دزینـــەوەش نییە:

* یان ئەوەیە ئەم گشتیە تایبەت کراوە، یان نەکراوە..

ئەگەر لافی ئەوەی لێدا کە ئەمە گشتییەو تایبەت نەکراوە، ئەوە دەبێت بە تووش ئەو قسەیەوە کە ئەگەر کەسانی تریش وابکەن و تەنانەت بە تەوحیدیشەوە پابەند نەبن، دەبێ بەر ئەو شەفاعەتە بکەون کە لە فەرموودەکەدا باسی هاتووە، یەعنی هەموو کەسێک دەتوانێت داواکراوی شەرعی جێبەجێ نەکات و لە بەرامبەریشدا سەرپێچی و تاوانکاریی بکاتە پیشەو ئومێدی تەواویشی بەو شەفاعەتە هەبێت کە موسوڵمانانی تر بۆی دەکەن، یان پێغەمبەران و فریشتە، یان ئەوەی خوای (ئەرحەمورڕاحمین) دەیکات.. ئەمەش قسەی کردن نییە، چونکە جێی نکوولّی کردنە، لەبەر ئەوەی بەدرۆ خستنەوەی زەق و ئاشکرای دەقە شەرعییەکانە و بەرهەڵستی بەڵگەنەویستەکانی دین و دینداریيە، لەوانە: بەهەشت غەیری موسوڵمان ناچێتە ناوی..

ئەگەر لافی ئەوەش لێدەدەن کە نکوڵی کردنی هەبوونی چاکەی ئەو دۆزەخییانە لەو فەرموودەیەدا گشتیە بەڵام تایبەت کراوە، واتە ئەوانەی ئەو شەفاعەتانە دەیانگرێتەوە جگە لە شایەتمان هێنان هیچی تریان نەکردووە، پێیان دەڵێین: ئەم تایبەتکردنەتان لە کوێوە هێناوە؟!

ئەگەر وتیان هەر لە هەمان فەرموودەوە.. دەڵێین: ئەمە داتاشینی مانای ترە! چونکە فەرموودەکە نەفی گشتی تێدایە.. بە شێوەیەکی گشتی دەفەرمووێ کە هیچ کاروکردارییەکی باشیان نەکردووە..

ئەگەر وتیشی بە دەقی تر دەیسەلمێنم، ئەوە بەڵگەهێنانەوەو هەنجەتەکەی بڕا، چونکە نەیتوانی ئەم فەرموودەیە بکاتە بەڵگەی نوقسان حاڵی بوونەکەی.. بۆیە پێی دەڵێین:

دەبێ ئەم فەرموودە گشتیە تایبەت بکرێت بەو تەوەرە باسەوە کە دەقەکانی تر شەرحیان دەکەن، کە بریتییە لە کافربوونی ئەو کەسەی کە بە یەکجاریی واز لەکرداری چاکە دەهێنێت و نایانکات. چونکە دەقە شەرعییەکان چوونە بەهەشت پەیوەند دەکەنەوە بەکرداری چاکەوە، ئیتر مانای فەرموودەکە ئاوای لێدێت: (ئەمانە کارو کردەوەیەکی چاکەی

وایـــان ئەنجام نەداوە کە شـــایانی قوتارکـــردن لە ئاگـــری دۆزەخ و چوونە بەهەشـــتییان بێت) بۆیـــە خوای گەورە بـــە ڕەحمەتی خۆی خســـتوونیەتە بەهەشـــتەوە.. ئا ئەمە ئەو دیدو بۆچوونەیە کە لەگەڵ بنەما ئوســـوڵییەکانی عەقیـــدەی ئەهلی ســـوننەت و جەماعەتدا یـــەک دەگرێتەوە، کە لەســـەر بناغەی تێگەیشـــتنی ســـەلەف بۆ قورئان و ســـوننەت دامەزراوە..

خوێنـــەری بەڕێـــز وا تێنەگات کـــە ئەم تایبـــەت کردنـــی فەرموودەیە شـــتێکی نوێیەو ئێمە دامانهێناوە! نـــا، ئەمە هەر وەڵامی ئەهلی ســـوننەت و جەماعەتـــەو کاتـــی خۆی وەڵامی مورجیئـــە کۆنەکانیان پـــێ داوەتەوەو ئێمـــەش بەرامبـــەر مورجیئـــە نوێیەکانی ســـەردەم (ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی) هێناومانەتەوە.. چونکە گومانی (ســـەلەفی)یەکان کـــۆن و نوێیە..

ئیمامـــی ئەبوبەکری کـــوڕی خوزەیمە رحمه الله دەفەرمـــووێ: (باب ذِكْرُ الدليل أنَّ جميـــعَ الآخبارِ التي تقـــدَّمَ ذِكْرِي لَهَا الى هذا الموضع في شـــفَاعَةَ النبـــي صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ في إخـــراجِ أهلِ التوحيدِ مـــن النارِ إنما هـــي ألفاظٌ عامة مرادها خاص).. کتـــاب التوحید ٧٢٧/٢.

ئەو بەڵگانـــە ئەوە دەگەیەنـــن کە (هەموو ئـــەو فەرموودانـــەی لێرەدا هێنرانـــەوە لەســـەر تکاکردنی پێغەمبـــەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کـــە ئەوانەی خوابەیەکناســـن لە ئاگـــری دۆزەخ دەهێنرێنـــە دەرەوە) بە مانای گشـــتین و مەبەســـت لێیان کارو کەســـانی تایبەتە..

پـــاش ئەوە دەفەرمـــووێ: ئەم لەفـــزە (لَمْ يَعْمَلـــوا خَيراً قَـــطُّ) لەو جۆرە دەســـتەواژانەیە کە عەرەب لە وتنیـــدا بۆ کەم و کورتی و تـــەواو نەبوونی کارێک بـــەکاری دەهێنێت، مانای ئەســـڵی ئەم عیبارەتـــە ئەوەیە کە: قەت کارێکیـــان بە تەواوی نەکردووە، بەو شـــێوەیەیە کە خـــوا فەرمانی پێداوەو لەســـەری فەرز کردوون.. (کتـــاب التوحيد ٧٣٢/٢).

شـــێخ ســـەفەر ئەلحەوالی دەفەرمووێ: فەرموودەی کابرا کە نوێژەکانی بە خراپی دەکرد پشـــتگیری ئـــەم لێکدانەوەیە دەکات.. کـــە پێغەمبەری خوا

ﷺ پێی دەفەرمـــوو: (ارْجِعْ فَصَـــلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَـــلِّ).[١] بگەڕێرەوە نوێژەکـــەت بکەرەوە چونکە تـــۆ نوێژت نەکرد!

ئەو نکووڵـــی کردنەکە لەبەر تـــەواو ئەنجام نەدانـــی نوێژەکەیەتی بەو شـــێوەیەی کە خوای گەورە فەرزی کـــردووەو پێغەمبەری خوا ﷺ ڕایگەیانـــدووە.. ئەبـــو عوبەیدیش ئـــاوا ئیســـتیدلالی بـــەم فەرموودەیە کردووە.. (ســـفر الحوالي: ظاهرة الارجـــاء ٧٥٢/٢).

ئەگەر یەکێـــک لە قەرەچەناغەکانـــی مەدخەلی وتییـــەوە: بەڵام لەفزی فەرمـــوودەی دۆزەخییەکان ڕۆشـــنە کە مەبەســـتی لەوەیە کە (لَـــمْ يَعْمَلوا خَـــيراً قَطُّ) هیچ خێرێکیـــان نەکـــردووە، یەعنی جەخت کردنەوەیە لەســـەر ئـــەوەی کە هیچ جۆرە خێرێکیـــان نەکردووە. دەڵێین: ئێ فەرموودی (الْمُســـيءُ صلاتَهُ)ـــەکەش هـــەر وایە! جەختە لەســـەر ئـــەوەی کە تـــۆ نوێژەکەت

****

(١) تـــەواوی فەرموودەکە ئاوایە: (عَـــلِيُّ بْنُ يَحْيَى بْنِ خَـــلاد، عَنْ أَبِيه، عَـــنْ عَمِّه رِفَاعَةَ بْنِ رافِعٍ: أَنَّهُ كَانَ جَالِسًـــا عِنْدَ رَسُـــولِ اللَّـــه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَـــلَّمَ إِذْ جَـــاءَ رَجُلٌ فَدَخَلَ الْمَسْـــجِدَ فَصَـــلَّى، فَلَمَّا قَضَى صَلاتَهُ جَاءَ فَسَـــلَّمَ عَلَى رَسُـــولِ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَـــلَّمَ وَعَـــلَى الْقَوْمِ، فَقَالَ لَهُ رَسُـــولُ اللَّه صَـــلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَـــلَّمَ: وَعَلَيْكَ، ارْجِـــعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَـــمْ تُصَلِّ، قَالَ: فَرَجَـــعَ فَصَلَّى، فَجَعَلْنَـــا نَرْمُقُ صَلاتَهُ لا نَـــدْرِي مَا يَعِيبُ فِيهَـــا، فَلَمَّا قَضَى صَلاتَهُ جَاءَ فَسَـــلَّمَ عَلَى رَسُـــولِ اللَّه صَـــلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَـــلَّمَ وَعَلَى الْقَوْمِ، فَقَالَ رَسُـــولُ اللَّه صَلَّى اللَّـــهُ عَلَيْه وَسَـــلَّمَ: وَعَلَيْكَ، ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّـــكَ لَمْ تُصَلِّ. فَذَكَرَ ذَلِـــكَ إِمَّا مَرَّتَيْنِ وَإِمَّـــا ثَلاثًا، فَقَـــالَ الرَّجُلُ: لا أَدْرِي مَـــا عِبْتَ عَلَيَّ مِنْ صَـــلاتِي، فَقَالَ رَسُـــولُ اللَّه صَلَّى اللَّـــهُ عَلَيْه وَسَـــلَّمَ: إِنَّهَا لا تَتِمُّ صَـــلاةُ أَحَدِكُمْ حَتَّى يُسْـــبِغَ الْوُضُوءَ كَمَا أَمَرَهُ اللَّـــهُ عَزَّ وَجَلَّ، فَيَغْسِـــلَ وَجْهَهُ، وَيَدَيْه إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ، وَيَمْسَـــحَ بِرَأْسِـــه وَرِجْلَيْه إِلَى الْكَعْبَيْنِ، ثُمَّ يُكَبِّرَ اللَّهَ وَيَحْمَـــدَهُ وَيُمَجِّدَهُ، وَيَقْرَأَ مِنَ الْقُـــرْآنِ مَا أَذِنَ اللَّهُ لَـــهُ فِيه وَتَيَسَّرَ، ثُمَّ يُكَـــبِّرَ فَيَرْكَعَ، فَيَضَعَ كَفَّيْه عَـــلَى رُكْبَتَيْه حَتَّـــى تَطْمَئِنَّ مَفَاصِلُهُ وَتَسْـــتَرْخِيَ، ثُمَّ يَقُولُ: سَـــمِعَ اللَّـــهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، وَيَسْـــتَوِيَ قَائِمًا حَتَّـــى يَأْخُذَ كُلُّ عُضْـــوٍ مَأْخَذَهُ، وَيُقِيمَ صُلْبَـــهُ، ثُمَّ يُكَبِّرَ فَيَسْـــجُدَ، وَيُمَكِّنَ جَبْهَتَـــهُ مِنَ الْأَرْضِ حَتَّـــى تَطْمَئِنَّ مَفَاصِلُهُ وَتَسْـــتَرْخِيَ، ثُمَّ يُكَبِّرَ فَيَرْفَعَ رَأْسَـــهُ فَيَسْـــتَوِيَ قَاعِـــدًا عَـــلَى مَقْعَدَته وَيُقِيـــمَ صُلْبَهُ، فَوَصَـــفَ الصَّلاةَ هَكَذَا حَتَّـــى فَرَغَ، ثُمَّ قَـــالَ: لا تَتِمُّ صَلاةُ أَحَدِكُمْ حَتَّـــى يَفْعَلَ ذَلِكَ) ئەبو داوود (٨٥٩)، ترمزي (٣٠٢)، نەســـائی (٢٠/٢، ١٩٣)، ئیبنو ماجە (٤٦٠) شـــێخی ئەلبانی لـــە: صحيح أبي داود (٨٥٩)دا دەفەرمووێ حەســـەنە.

نەکردووە، کابرا نوێژەکەی وەکو نوێژ دەکرد بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ نکووڵی لە کردنی دەکرد، خۆ ئەو لەبەرچاوی پێغەمبەری خوا ﷺ دەیکرد، کەوابوو مەبەستەکە لە تەواو نەکردنێتی.. لێرەشدا جەخت کردنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆشنە کە دەفەرمووێ (فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ) بە تەئکید تۆ نوێژەکەت نەکردووە! خۆ دیارە مەبەستی لەوە نییە کە نەمانبینییت ڕکوع و سجودی نوێژکردن بەیت.. تۆ نوێژێکت کردووە، بەڵام ئەو نوێژە نییە کە داوات لێکراوە، ئەو نوێژە نییە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فێری ئەو خەڵکەی کردووە.. دۆزەخییەکانیش هەر وان.. دۆزەخییەکان هیچ کارێکیان نەکردووە کەم و کورتی تێدا نەبێت، هیچ کارێکیان نەکردووە بە پێی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ دروست بووبێت! لەوانەیە کارو کردەوەی چاکەیان زۆر کردبێت؛ بەڵام لەوانەیە ڕیای تێکەوتبێ، بیدعەکارانە بووە، نوقسان بووە.. خوای گەورەش لێی وەرنەگرتوون.. ئەمە ئەو حوکمە گشتییەیە کە مەبەستەکەی حوکمی تایبەتە..

ئەمەی ئیمامی ئیبنو خوزەیمە باسی لێوە کردووە سازاوی دیدو بۆچوونی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە، لەگەڵ بنەما ئوسوڵییەکاندا یەک دەگرێتەوە، لەگەڵ کۆڕا (ئیجماع)ی سەلەفدا یەک دەگرێتەوە، پڕاوپڕی عەقیدەی دەستەی سەرفرازان (فیرقەی ناجیە)یە، بۆیە دەست پێوەگرتن و پێوە پابەندبوونی زەڕوورییە، لەو بترازێت لیتاوی هەوەسبازی و ئیسراحەتەکەی مورجیئەیە..

شەیخولئیسلام ئیبنو تەیمییە شێوازی مورجیئەکان فەزح دەکات کە ئاوا پەنا دەبەنە بەر مل بادانی (پێناسەی حوکمە گشتییەکان کە بۆ مانای تایبەتن) بۆ مەبەستی خۆیان، تا بیان کەنە حوکمێکی گشتی لەسەر هەموو کێشەکان.. بۆیە دەفەرمووێ: ئەمما ئەو کەسانەی کە نوێژنەکەرو هاوشێوەیان بە کافر دانەناوە، هەنجەتەکەیان هەر ئەوەیە کە ئەو بەڵگانەی بە دەستیانەوەیە هەر دوو جۆری نوێژنەکەرەکان

دەگرێتـــەوە: هـــەم ئەوانـــەی لـــە تەممەڵیـــدا نوێـــژ ناکەن و هـــەم ئەو کەســـانەش کە نکووڵی لە فەرزبوونـــی نوێژ دەکەن، ئـــەوەی دەبێتە وەڵام بـــۆ حوکمی نوێژنەکـــەری هۆی نکووڵی، دەشـــبێتە حوکمـــی نوێژنەکەری هۆی تەممەڵـــی. دەقەکان لەســـەر وازلێهێنانی نوێژەکـــەرن. ئەمەش وەکو ئیســـتیدلالی مورجیئـــەکان بە حوکمە گشـــتیەکان وایە، حوکمی گشـــتی وەکـــو: (مَنْ شَـــهِدَ أَنَّ لا إِلَهَ إِلا اللَّـــهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُـــولُهُ وَأَنَّ عِيسَى عَبْدُ اللَّـــهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَـــا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْـــهُ أَدْخَلَهُ اللَّـــهُ الْجَنَّةَ).[1] واتە: هەر کەســـێک شـــایەتی بدات کە هیچ خوایەک نییە شـــایانی پەرســـتن بێـــت جگە لە الله، شـــایەتی بـــدات کە محمـــد نێردراوی خوایە و عیســـا بەنـــدەو نێردراوی خوایـــە، ئەو وشـــەو ڕۆحەیە کە خوای گەورە خســـتیە ناخـــی مەریەمەوە، ئـــەوە خوا دەیخاتە بەهەشـــتەوە..

لەبـــەر ئـــەوەی (ســـەلەفییەکانی بـــەر ســـێبەرو مەدخەلییـــەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی) کاسیان کـــردووین، بەوەی کە بەردەوام دەیـــدەن بـــە گوێچکەمانـــدا کە هـــەر کەســـێک ئەهلـــی تەوحید نەبێـــت ناچێتە بەهەشـــتەوە، ئێســـتا جێی خۆیەتـــی بە کورتی پێناســـەی ئـــەو تەوحیدە لـــە لای ئەهلی ســـوننەت و جەماعەت بکەین، نـــەک ئەو تـــەوحیـــدە نوقسـانـــــەی لای ئـــەوان..

شـــێخ محمد بـــن عبدالوهاب رحمه اللـــه دەفەرمـــووێ: ڕاجوێیی لەوەدا نییە کە تەوحید دەبێت لە دڵ و ســـەرزمان و زاهیری کـــردەوەدا بێت، ئەگەر یەکێـــک لەمانەی نوقســـان بوو، کابرا موســـوڵمان نامێنێـــت، ئەگەر کاری پێنەکرد کافرێکی کەلـــلەڕەقی وەکو فیرعەون و ئیبلیس و هاوشـــێوەیانە.. (محمد بن عبدالوهاب: کشـــف الشـــبهات ل ٤٠) والحمدلله.

***

(١) بوخاري (٣٤٣٥)، النووي: شرح مسلم (١/١٩٤).



• سـێیەم: زۆرو لە زۆر شـوێندا ئامۆژگاری ئەم کەرە (سـەلەفی) یانەمان دەکـرد کە هێرش مەکەنە سـەر جـۆری تێگەیشـتنی دەقەکان، شـتیش بە سـەتحی تێمەگەن، بشـزانن تێگەیشتنی دەق و سـەرنج لێدان و لێوەرگرتـن لێیان وەکو لەبەرکردنـی مەلا کوێرەکان نییـە.. بەڵام دەڵێی گوێزمـان بۆ ژمـاردوون! بە ڕاسـتی کابرای شـاعیر ڕاسـتی وتووە کە دەربارەی کەرو کونتێـی وەکو ئەوان وتوێتـی:

{لَقَدْ أَسْمَعْتَ لَو نَادَيتَ حَيّاً وَلَكِنْ لَا حَياةَ لِمَنْ تُنَادِي}[1]

ئەوەتا دیسـان سـەلماندیەوە کە ئێمە نـەک هەر گوێزی بـۆ دەژمێرین چوالـەو چـەقالـەشیان بۆ دەژمێرین..

ئەم فەرمودەیەی کە دەیانەویسـت لە (باب الایـمان)دا بیکەنە هەنجەتی دەسـتیان، لە هەموو لایەکەوە بووە حوججەی قیامەت لەسـەریان!

ئەگـەر دەڵێن: ئـەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی کـە (کردار) مەرجێـک نییـە لـە پێکهاتـەی بـاوەڕ، چونکـە دۆزەخییـەکان هیچ کردەوەیەکیـان نەبـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا موسـوڵمان مابوون..

پێیـان دەڵێین: ئـەو کردەوانە چین کـە دۆزەخییـەکان نەیانکردووە؟! ئایا (کرداری دڵ و جەسـتە)یە، یـان تەنها (کرداری جەسـتە)یە؟!

ئەگەر دەڵێن: هەردوو توخمی کرداری دڵ و جەستەیە.

دەڵێین: کەوتنە دوو خـانەوە:

• یەکـەم: سەلمانـدتان کە ئێـوە لە (بـاب الایمان)دا لـە ڕیزی (توندڕەوانی مورجیئە)ن و لەسـەر عەقیـدەی ئەوانن! چونکـە زۆرینەی دەستەو تاقمەکانی مورجیئـە هـەر کرداری دڵ دەخەنە پێکهاتەی باوەڕەوە..

****

(١) ئەگـەر زینـدووت بانـگ کردایە هەر دەیبیسـت، بـەڵام تۆ هاوار لە کەسـێک دەکەیـت گیانی تێـدا نەماوە!



جگــە لە جەهــم و ئەوانەی شــوێنی کەوتــوون وەکو ســاڵحی..[1]

• دووەم: ئێــوە خۆتان بەســتەوەو چوونە کۆڵانی بنبەســتەوە، لێوی خۆتان گەســتەوە.. ئێوە کــرداری دڵ دەکەنــە مەرجی پێکهاتــەی باوەڕ کەچــی ئەوەتا پێچەوانەی دیدو تێڕوانینی خۆتان وەســتانەوەو ڕیســەکەی خۆتان کــردەوە بــە خوری!

ئەگــەر دەڵێن: ئەوکــردارەی فەرموودەی دۆزەخییەکان باســی فەرمووە تەنهــا (کرداری جەســتە)یە، چونکە (کــرداری دڵ) بۆ خــۆی هەر مەرجی پێکهاتــەی بــاوەڕەکــەیە..

دەڵێیــن: فەرموودەکــە حوججەیــە لەســەرتان، چونکە نەفــی هەموو توخمێکی کــردار دەکات! ئێــوە لاتان بە لای ئــەم خاڵــەوە نەکردۆتەوە، چونکــە هەر سەرخســتنی خــەت و مەزهەبــی خۆتان پێ پەســەندە!

پاشــان بە چ بەڵگەیەک ئێــوە (کــرداری دڵ)تان جوداکــردەوە؟! بە چ بەڵگەیەک (کرداری جەســتە)تان خســتە ڕیزی نەفی کراوەکــەوە؟ ئایا بە بەڵگەی ترە یان بە سەرنجــدانی خــۆتانە؟!

ئەگەر وتیان: بە بەڵگەی تری جودا.

دەڵێیــن: ئەمە تایبەت کردنی حوکمی گشــتیی دەقە! ئەمــە ئەوەیە کە ئێمــە دەیڵێین و ئێــوە لێی هەڵدێن، ئــەوا ئێوەش هاتنە ســەر ڕای ئێمە کە هەندێک دەق هەیە حوکمی گشــتی کێشــەیەکن، بەڵام لــە لێکدانەوەیاندا تایبەت بە کەســانێک یــان ڕووداوێک دەکرێن.. ئەوەتــا ئێوەش لە حوکمە گشــتییەکە کە کرداری دڵ و جەســتە لە پێکهاتەی بــاوەڕن، حوکمەکەتان تایبەت کرد چونکە تەنها کرداری دڵتــان وەرگـرت!

کەوابوو ئێســتا ئێوە ناچار دەبــن کــە دەبێ جۆرەها کرداری جەســتە

---

(١) شەیخولئیسلام باسی ئەمەی لە (مجموع الفتاوی ب ٧ ل ١٩٤)دا کردووە..

نەفـــی بکەن کە بەشـــن لـــە پێکهاتەی بـــاوەڕ، کە بـــاوەڕ بە بـــێ ئەوانە وجودی نییە.. ناشـــتوانن بەڵگەکان بـــۆ تەرەفی خۆتان پێچ پـــێ بکەنەوە. کەوابـــوو دیارە کـــە ئـــەوەی کردووتانە بە بەڵگـــەی خۆتان لە ڕاســـتیدا هەنجەتـــی پیاوی بەزیوە کە دەیـــەوێت کەنار کەوێـــت و لە دیلانێدا خۆی ڕاژەنێـــت تا خەوی لـــێ دەکەوێت..!

*** ... *** ... ***

* باسی چوارەم *

مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفێتی عەقیدەیان تەواو نییە!

(حەلەبی) ویستی ئەوە بسەلمێنێت کە ئەو عەقیدە مورجیئەیەی ئەو لەسەریێتی لە (باب الایمان)دا هەقە! دزەکارانە بە ماتەماتە بۆ دوو دەقی ئیبنو تەیمییەی شەیخولئیسلام چوو، ملی هەردووکیانی گرت و بۆ پشتگیری خۆی هێنانی، نەیزانی خەڵکی ئاگای لێیەو دەیبینن کە ئەمە ساختەکارییە! دەیویست ئەوە نیشاندا کە کارو کرداری ڕوواڵەت و دیار مەرجی تەواوێتی باوەڕن نەک مەرجی پێکهاتەو دروستی باوەڕ، دەیەویست ئەوە بسەلمێنێت کە قەناعەتی ناخ وکردار لازم و مەلزومی یەکتری نین، وا نین کە یەکیان هەبوو ئەوی تریشیان هەیە، ئەگەر یەکێکیان نەما ئەوی تریش نەمێنێت!

دەقی یەکەمی ئیمامی ئیبنو تەیمییە کە (عەلی حەلەبی) بۆ خۆی ڕاپسکاندووە، ئەوەیە کە شەیخولئیسلام دەربارەی باوەڕ دەفەرمووێ: ئەسڵی باوەڕ لە دڵدایە، تەواوێتییەکەشی کردەوە دیارەکانە، بە پێچەوانەی پێناسەی (ئیسلام)ەوە، کە ئەسڵی دیارو تەواوێتییەکەی ئەوەیە کە لە ناخی دڵدا چەسپیووە. (ابن تیمیة: مجموع الفتاوی ٦٣٧/٧).

هەروەها ئەوەی کە دەفەرمووێ: بە تەئکید باوەڕی تەواو حەتمەن ئەوە دەخوازێت کە دەبێ بە پێی ئەو کرداری دیاری دەرکەوێت، چونکە شتێکی نامومکینە باوەڕی تەواو لە ناخدا وجودی هەبێت و نەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی کارو کرداری ئاشکرا.. (الایمان ل ٢٠٣).

تەعلیقی (حەلەبی) لەسەر ئەم دوو دەقە ئەوەیە کە دەڵێ: (هەر کەس سەرنج داتە ئەم وەسف و بەندە (باوەڕی تەواو) ئیشکالاتێکی زۆری لا نامێنێت.. (الحلبي: صیحة النذیر ل ٢٧)!




تێگەیشتنە سەقەتەکەی (حەلەبی) ئاوا دەقڵیشێنین:

پـوازی یەکـەم: لە قسـەکەی شەیخولئیسـلامدا هیچ شـتێکی تێدا نییە (حەلەبی) بیکاتە نیرگەی پاڵپشتی بیدعەکەی خۆی.. چونکە ئیبنو تەیمییە دەفەرمووێ: (ئەسڵی باوەڕ لە دڵدایە، تەواوێتییەکەشی کردارە ئاشکراکانە، بە پێچەوانەی پێناسەی (ئیسلام)ـەوە، کە ئەسڵی دیارو تەواوێتییەکەی ئەوەیە کە لە ناخی دڵدا چەسپیووە..) لە بەراوردی نێوان پێناسەی باوەڕو پێناسەی ئیسلام (الایمان) و (الاسلام) دا هێناوێتیەوە.. ئەوە ئاشکرایە کە ئەگەر ئەو دوو زاراوە پیرۆزە بە جیا لە شوێنێکدا بەکار هاتن؛ هەر یەکەیان مانای ئەوی تریشیان دەدات، بەڵام ئەگەر پێکەوە لە شوێنێکدا باسکران، ئەوە مەبەست لە باوەڕ بە ڕاست زانینی دڵەو مەبەست لە ئیسلامیش توخمی کردارە[1] (ابن رجب الحنبلي: جامع العلوم و الحكم ١٠٨/١).

ئەگەر لەمە حاڵی بوویت، سەریشت لەوە دەردەچێت کە بۆچی ئەم دۆستەمان ئاوا بە ماتەماتە بۆ دەقەکان چووە! ئەگەر نا، ئایا مەعقوولە وا لە دەقەکانی شەیخولئیسلام تێ بگەین کە مەبەستی لەوە بێت کە کابرا کە موسوڵمانە، لە حەقیقەتدا بە هۆی کردارە دیارەکانیەوەیەتی، نەک بەوەی لە ناخی دڵ و دەروونیدا هەیە! چونکە بە پێی ئەو تێگەیشتنە سەقەتە: موسوڵمانێتی بریتییە لەکرداری دیارو تەواوێتی موسوڵمانێتیش وا لە دڵدا!

* * * * *

(١) لە کوردیدا کە دەڵێین: کابرا موسوڵمانە یەعنی هەم باوەڕی بە شەش ڕووکنەکانی باوەڕ هەیەو کرداری دڵ ئەنجام دەدات، هەم باوەڕی بە پێنج ڕووکنەکەی ئیسلام هەیەو کردارە ئاشکراکانی ئیسلامەتی جێبەجێ دەکات.. بەڵام لە عەرەبیدا پێناسەکان زەقترن، چونکە مؤمن و مسلم بەرامبەر زاراوەی (موسوڵمان)ی کوردی بەکار دێت، بۆیە لە عەرەبییەکەدا جێ موناقەشەیەکی زۆرترە. ئەویش فەرموویەتی: ئەگەر لە یەک جێدا پێکەوە هاتن، هەر یەکەیان مانای خۆی دەگەێنێت، ئەگەر بە جیا بەکار هاتن هەر یەکەیان مانای ئەوی تریشیان دەبەخشێت..



ئـــا ئەمەیە کە دەترســـم ئـــەم (حەلەبی)یانە محەلەبییانە هەڵیلووشـــن و ببنـــە (مورجیئەی کەرامیـــە) کە زانایانی ئیســـلام بە کافریـــان دادەنان!

شەیخولئیســـلامی ڕەحمەتی دەفەرمووێ: ئەگەر ئەمە زانرا کە ئەســـڵی بـــاوەڕ ئەوەیە کە لەدڵـــدا جێگیر دەبێت، ئـــەو کاتە ئـــەوەش دەزانرێت کە جـــاری وا هەیە کە پێناســـەی باوەڕی کەســـێک دەکرێت، مەبەســـت لێی ئـــەوە دەبێت کە لە دڵـــی چەســـپیووەو کردەوەکانی دڵی پـــێ ئەنجامداوە، وەکو: بە ڕاســـتگۆزانینی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشەویســـتی و بە مـــەزن زانینیـــان، ئەو کاتـــە گوفتارو کـــرداره زاهیرییـــەکان دەبنە نیشـــانەو پێداویســـتی و داواکاری باوەڕەکـــەی دڵ.. جـــاری واش هەیە: مەبەســـت لێی ئەوەیە کە لـــە نـــاوەوەو دەرەوەی کەسەکـــەدایە..[1] ئەو کاتـــەش پێداویســـتییەکانی بـــاوەڕو داواکارییەکانی بەشـــێک دەبن لە باوەڕەکە و کردار دیارەکانیـــش پێیان دەوترێت موســـوڵمانێتی (ئیســـلام).. لەمەوەیە کە جـــاری وا هەیە کردار بەشـــێکە لە باوەڕو جـــاری واش هەیە بەشـــێک نییە لێی..

جـــاری وا هەیە یـــەک زاراوە چەندیـــن واتای هەیە، هـــەر یەکێک لەو واتایانە لە شـــوێنی تایبەتـــی خۆیاندا کـــە بەکاردێن مانـــا تایبەتییەکانی ئەو شـــوێنەیان دەبەخشـــن.. لەوانەیـــە زاراوەکە یەک بێت بـــەڵام بە دوو مانـــا لە یـــەک شـــوێندا بەکاربهێنرێت، بەڵام کـــە دوو ماناکـــەی پێکەوە بەکاردێن، هەر یەکەیان واتایەکی ســـەربەخۆ دەگەیەنێـــت.. وەکو زاراوەی (فقیر)، (مســـکین)، هەر یەکەیان بە جیـــا بەکار بهێنیت، هـــەردوو ماناکە دەبەخشـــێت، بـــەڵام ئەگەر پێکـــەوە لە یەک شـــوێندا بـــەکار هاتن، هەر یەکەیان مانا تایبەتییەکەی خۆی دەبەخشـــێت.. (مجمـــوع الفتاوی ٧/٥٥١). (الایمان) و (الاســـلام)یش وان..

(١) قەناعەتی دڵی و کردەوە دیارەکانی پێکەوە..

دواتـــر ئیبنـــو تەیمییەی ڕەحمەتـــی هەموو ئەو وەســـف و ســـیفەتانە تووڕهەڵدەدات کـــە (حەلەبی) پێوەی لکانـــدووە، دەفەرمووێ: مورجیئەکان کرداری ئاشـــکرایان لە مەرجی بـــاوەڕ کردۆتەوە، ئەوانەشـــیان کە کرداری دڵیشـــیان لە مەرجی بـــاوەڕ کردۆتـــەوەو وتویانە هەر ڕاســـتگۆ زانینەکە بەســـە، ئەوانە وێل و گومڕا بـــوون.. ئەمما ئەوانەی کە کرداری ئاشـــکرایان لـــە مەرجی بـــاوەڕ بردۆتـــە دەرەوە پێیان دەوترێـــت: کرداری ئاشـــکرا لە کرداری دڵـــەوە هاتووەو لێی جـــودا نابێتەوە، ئەگەر کرداری ئاشـــکرا نەما، بەڵگەیە لەســـەر ئـــەوەی کە هیچ لـــە دڵدا نەمـــاوە.. (مجمـــوع الفتاوی ٧/٥٥٤)..

پـــوازی دووەم: قەولەکەی شەیخولئیســـلام لەســـەر باوەڕ: (شـــتێکی نامومکینە بـــاوەڕی تەواو لـــە ناخدا وجـــودی هەبێت و نەبێتـــە هۆکاری دەرکەوتنـــی کاروکـــرداری ئاشـــکرا) بە هیچ شـــێوەیەک نابێتـــە بەڵگەی تێگەیشـــتنە ســـەقەتەکەی (حەلەبی)! لەبەر سێ هـــۆ:

هۆی یەکەم: قەولەکەی شەیخولئیســـلام لە ناوەڕۆکی ڕەتکردنەوەی ئـــەو بۆچوونەدایە کە دەڵێ: بـــاوەڕی تـــەواو کردار ناخوازێـــت، ئەویش دڵنیایـــی ئەوەیـــدا کـــە شـــتێکی نامومکینە باوەڕ لـــە دڵدا تـــەواو ببێت ئەگـــەر کرداری لەگەڵـــدا نەکرێت.. ئـــاوا دەفەرمـــووێ، نافەرمووێ باوەڕ بە بـــێ کرداریـــش دێتە دی..

بـــۆ بنبڕکردنی تـــەواوی گومانەکە، قەولەکـــەی ئیمامی ئیبنـــو تەیمییە بە تـــەواوی دێنینـــەوە، تا ئـــەوە ڕوون بێتـــەوە کە ئـــەو ڕەحمەتی خوای لێ بێت لـــە باسوخواســـی ڕەتدانەوەی ئـــەو بۆچوونەدا ئـــەوەی فەرمووە کە گوایە بـــاوەڕی تەواو بـــۆ خۆی بـــێ کرداریش دادەمەزرێـــت. ئیمامی ئیبنو تەیمییـــە دەفـــەرمووێ: (ئەو گومانەکەیان (گومانـــی مورجیئەکان) ئەوەیـــە کە باوەڕ لە دڵـــدا بەبێ ئەنجامدانـــی کردەوە دێتـــە دی، لەمەوەیە کە کـــردار دەکەنە بەرهەمـــی ئەو باوەڕە نەک بەشـــێک لـــە پێکهاتەی..

واتــە دەیخەنە خانــەی ئەســباب وموســەبیباتەوە..[١] بەڵام بــە تەئکید هەبوونی بــاوەڕی تەواو لــە دڵدا حەتمــەن هەبوونی کــردار دەخوازێت، ئەوە مەحاڵــە باوەڕێک لە دڵدا بێت و کرداری ئاشــکراو دیــار نەخوازێت و بشــوترێت: باوەڕێکی تــەواوە.. ئەمــەش خســتوونیەتە جەدلێکی بێ مانــاوە، بۆ ئــەوەی بڵێن پەیوەندی نێــوان بەدەن و دڵ نییە شــتی وا دەڵێن ڕوودانی ئەســتەمە، بۆ نموونە دەڵێن: ئەو کەســەی باوەڕ لــە دڵیدا هەیە، با سوجدەیەکیشــی بۆ خوا نەبردبێت، یــان ڕۆژووی ڕۆژێکــی ڕەمەزانی نەگرتبێــت، باوەڕی وەکو بــاوەڕی ئەبوبەکری ســددیق و عومەری کوڕی خەتتــاب وایــە! چونکە باوەڕی تــەواوی هەیــە!) (ابن تیمیــة: الایمان ل ٢٠٣).

مورجیئــەی وەکــو (ســەلەفییەکانی بــەر ســێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانــی ســەلەفی) لەمەدا هاواریــان لێ هەڵدەســتێت لەبەر ئەوەی گوایە ئــەوان مورجیئە نین.. بەڵام بــە دڵنیاییەوە هەموو ئــەو مورجیئانەی بۆچوونیان وایە کە کردەوەی دیارو ئاشــکرا بەشــێک نییە لــە پێکهاتەی بــاوەڕ وا دەڵێن، هیچیان وەکو زانایانی ســەلەف ناڵێن کە کردار بەشــێکە لە هەبوونــی باوەڕ، کــە ئەمیان نەبــوو ئەویشــیان نابێت، کــە ئەمیان ئەنجامدرا ئەویشیان بــوونی دەبێت..

ئیمامــی ئیبنو تەیمییە جەخت لــەوە دەکاتەوە کە هەر کەســێک کردارو گوفتاری دەرەکی ئاشــکراو دیاری نەکردە بەشــێک لــە پێکهاتەی باوەڕی ناخ و مەرجــی هەبوونی، حوکمی ئەو کەســە وەکو حوکمــی مورجیئەیە.. ئەمــەش پێناســەیەکی کۆنەو شــیاوی حــاڵ و ئەحواڵ وگــەدەو گیپاڵی (ســەلەفییەکانی بەر ســێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســەلەفی)ی ئەمڕۆیــە..

****

(١) یەعنــی هەبوونــی بــاوەڕ لە دڵــدا هۆکارێک دەبێت بــۆ ئەنجامدانــی کار، بەڵام نەبوونــی کارەکە نابێتە هــۆکاری نەمانــی باوەڕەکــە.. واتە کردار بەشــێک نییە لە پێکهاتەی بــاوەڕ.. ئەمەش پێچەوانــەی ڕای یاوەران و تابعینــە. (و)

شەیخولئیسلام دەفەرمووێ: ئەو کەسانەی کرداری دیارو ئاشکرا ناکەنە بەشێک لە پێکهاتەی باوەڕ وەکو مورجیئەکانن، وەکو ئەوانن کە دەڵێن: بەندە هەر بەوەندی لە ناخیدا باوەڕی هێنا، ئیتر باوەڕەکەی وەکو باوەڕی پێغەمبەران و نێردراوانی خوا دەبێت سەلامی خوایان لێ بێت، با هیچ کارو کردەوەیەکی باشیش نەکات و لە جیاتی ئەوە هەر خەریکی خراپەکارییش بێت! با نوێژ نەکات و سیلەی ڕوحمی خزمایەتیش جێبەجێ نەکات، با ڕاستگۆش نەبێت و گوناحی گەورە نەمێنێت نەیکردبێت یان نەیکات! ئەم کابرایە کە قسە دەکات درۆ دەکات، کە بەڵێن دەدات نایباتە سەر، کە ئەمانەتی لا دادەنێن دەیفەوتێنێت، ئەمەی بەردەوامە لەسەر گوناحکردن، لەسەر درۆو دەلەسەو خیانەت، ئەمەی کە سوجدەیەکی بۆ خوا نەبردووەو نابات، کە چاکەیەکی لەگەڵ کەسێکدا نەکردووەو نایکات، لە زوڵم وستەم و خراپەکاریی ناگەڕێتەوەو هەرچی گوناح هەیە کردویەتی و سوورە لەسەر کردنی، ئائەمە باوەڕەکەی وەکو باوەڕی پێغەمبەران وایە! ئەمە ڕای هەموو ئەوانەیە کە دەڵێن: کردەوەی دیارو ئاشکرا بەشێک نییە لە پێکهاتەی باوەڕ. (مجموع الفتاوی ٥٨٤/٧). پێشتریش لە پەراوێزێکدا ئەو قەولەیمان[١] هێنایەوە کە شەرحی لازم و مەلزومێتی باوەڕو کردەوە دەکات و کردار بە (لازم)ی باوەڕ دادەنێت، کە فەرمووی:(متی وُجِدَ الملزومُ وُجِدَ اللازِمُ، وَمَتَی

****

(١) ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرمووێ: (مەبەست لێرەدا کردەوەیەکی دیاری کراو نییە بەڵکو هەر کەسێک لە دڵەوە باوەڕی بە خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەبێت ئایا وای لێ چاوەڕوان دەکرێت ئەگەر پێغەمبەری خوای صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی وا دوژمنەکانی بەرامبەری وەستاون و بەرامبەری دەجەنگن و ئەمیش سەیریان دەکات و دەشتوانێت پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرخات و خەڵکانی تریش بۆ سەرخستنی هان دات، ئایا ئاساییە ئەگەر بۆ سەرخستنی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هیچی نەکرد؟!) مجموع الفتاوی ٣٤٠/٧. دواتریش دەفەرمووێ: (پێشتر باسمان کرد کە توخمی کردەوە لە پێداویستیەکانی باوەڕە) مجموع الفتاوی ٣٧٥/٧

انْتَفَى الـــلازِمُ انتَفَى المَلْزومُ، واذا انتفَى لازِمُ الشَّـــئِ عُلِمَ انَّـــهُ مُنْتَف) بڕوانە (موافقـــة صحيح المنقول لصريـــح المعقول ٥٣/١) واتە: هـــەر مەلزومێک هاتە دی بەڵگەنەویســـتە کە لازمەکەشـــی هاتۆتە دی، لازمی هەر شـــتێکیش نەهاتە دی مەلزومیشـــی نایەتە دی لازمی هەر شـــتێک نەما ئەو شـــتەش نا مێنێ..

هـــۆی دووەم: قەولەکەی شەیخولئیســـلام بە تەئکید پڕاوپـــڕ هاوجوتی بۆچوونـــی زانایـــان و شەرعناســـانی ئەهلـــی ســـوننەت و جەماعەتە، لەو ڕووەوە کـــە خۆی پێناســـەیان دەکات و واشـــە، نەک لەو لاشـــیپانەوە کە عەلـــی حەلەبی دەیەوێـــت غەڵبەغەڵبی تێدا بکات تا ســـەر لـــە خەڵکەکە بشـــێوێنێت.. وەکو کە خـــۆی لێی حاڵی نەبـــووە، یان نایەوێـــت لێی حاڵی بێـــت، دەیەوێـــت خەڵکەکەش چەواشـــەکات تـــا بیانخاتـــە دوای خۆی! هەرچەندە زۆر جار قســـەکانی خـــۆی دەبنەوە لوغمـــی هەڵتەکاندنی خۆی.. چونکـــە لە هـــەر لایەکـــەوە بۆ بۆچوونـــی زانایانـــی ئەهلی ســـوننەت و جەماعـــەت بچیتەوە هـــەر ئەوەت زیاتر بـــۆ ڕوون دەبێتەوە کـــە (باوەڕی تـــەواوی دڵ بـــە قەدەر هەبوونـــی خۆی کـــرداری دەرەکی ئاشـــکراو دیار دەخوازێت)..

ئەمەش ئـــەو حەقەیە کە لـــە قورئان و ســـوننەتدا هەیە، نـــەک ئەوەی (حەلەبـــی) کە دەیەوێـــت بـــە غەڵبەغەڵـــب و ژراوەژراوی خـــۆی پێمان بســـەلمێنێت کە کردار مەرجـــی تەواوێتی باوەڕە، نـــەک مەرجی پێکهاتەی، ئەوەش یەعنـــی (وەکو ســـەلەفییەکانی بـــەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی دەیانەوێـــت) ئەگەر کارو کردەوە نەمـــا، کابرا هەر بە موســـوڵمانی دەمێنێتەوە بەڵام باوەڕەکەی نوقســـانە! نـــەک ئەوەی ئەهلی ســـوننەت و جەماعـــەت دەفەرموون کە (بـــاوەڕ لە دڵدا بەپێـــی هەبوون و بـــڕو ڕادەی کرداری دیارو ئاشـــکرای دەرێیە، ئەمیان چەند بێت ئەویشـــیان لە ناخـــدا ئەوەندەیە، ئەگـــەر ئەمیان لـــە دەرەوە کەمی کرد ئەویشـــیان لە نـــاوەوە کەم دەکات، تـــا وای لێ دێت ئەمیـــان لە دەرەوە هیچـــی نامێنێت،

ئەویشـــیان لە ناوەوە هیچی لـــێ نامێنێتەوە)..

بۆچوونی یەکەم کـــە (ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی) دەیانەوێـــت لەبەر خاتری حاکمە ڕەزا قورســـەکان بەو خەڵکەی بســـەلمێنن، کە بـــاوەڕی ئەو حاکمە خائینانـــەش وەکو باوەڕی ســـەیدنا ئەبوبەکری سددیقە!

لـــە دوو لاوە بواری پووکاندنەوەی ڕای (ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییـــەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی) هەیە:

- بـــواری یەکەم: ئـــەم بۆچوونە لە هەمـــوو لایەنەکانیـــەوە پێچەوانەی پێناســـەو بۆچوونەکانـــی ئیمامـــی ئیبنـــو تەیمییەیـــە کە بە ڕاشـــکاوی دەفەرمووێ: هەر کەســـێک هەموو کردەوەکانـــی واز لێهێنا، کافرە، تەنانەت ئەو دەفەرمـــووێ (أكفر الخلق)ـــە.. وەکو لە بەندی یەکەمـــدا هێنامانەوە..
- بـــواری دووەم: ئەم بۆچوونە کاڵفامەی (ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییـــەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی) بۆچوونی ئیمامـــی ئیبنو تەیمییە بە شـــێواو پشـــێو دەخاتە ڕوو! چونکە حەلەبی و ئەمســـالی ئەو دەیانەوێت شەیخولئیســـلام ڕاکێشـــنە ڕیزی حزبەکەی خۆیـــان و بڵێـــن: ئەوەتا ئیبنو تەیمییـــەش بۆچوونـــی وایە کە بـــاوەڕی دڵ (بە ڕاســـتگۆ زانیـــن) بە بێ هەبوونـــی کردەوەی دەرەکـــی دیارو ئاشـــکرا بەســـە بۆ موســـوڵمانێتی! ئەمەش شـــتێک نییـــە ئیبنو تەیمییـــەی ڕەحمەتی هەر بە لایـــدا چووبێت.. خۆ ئەو مورجیئە نەبووە.. شـــێخی ئەلبانی لەوەشـــی تێپەڕانـــدووە کە پێی وایـــە کرداری دڵ بـــە بێ کرداری دیارو ئاشـــکرای دەرەکی هـــەر دەمێنێت چونکـــە مەرجی هەبوونـــی یەکتریی نیـــن. ئەمەش بەڕاســـتی پێچەوانەی شـــەرع و ئەقڵ و گشـــت بۆچوونێکی ســـەلەفی چاکی ئـــەم ئوممەتەیەو بۆچوونی ئیمامی ئیبنو تەیمییـــەش دەخاتە کەنـــارەوە.

ئەوەی وا دەکات کەســـێک کـــردارو ڕەفتاری دەرەکـــی ئەنجام بدات، بـــاوەڕی ناخی دڵ و دەروونێتـــی. بۆیە ئیبنو تەیمییـــە دەفەرمووێ: (ئەگەر دڵ و دەروون بـــە باوەڕ ئاوەدان وســـاغ و چاک بێت، خواناســـی و بکەری

خێر بێت، بەڵگەنەویستە کە ئەندامانی دەرەکی بەدەن خێرەومەند دەبن و وەکو زانایانی فەرموودەوانی دەفەرموون: هەموو کردارو ڕەفتارێکی دەرەکی خاوەن باوەڕەکە پاک و چاک دەبێت؛ دیارو پەنهانی گوفتارو دیارو پەنهانی کردار چاک دەبن.. چونکە دەرەوە سەر بە ناوەوەیە، هەر کاتێک ناوەوە پڕ بوو لە نووری ئیمان حەتمەن سیمای دەرەوەش دەبێتە کردەوەی باش.. (مجموع الفتاوى ٧/٥٥٤).

مومکین نییە دڵ و دەروون بە ئیمان بجۆشێت و ئاسەوارەکەی بە کردەوەی دیارو ئاشکرادا دەرنەکەوێت! چ جای ئەوە کە بوترێت ئیمانەکە لە ناخدا کاملە با کردەوەش ئەنجام نەدا، ئەمەیان هەر ئەستەمە! بۆیە کەمبوونەوەی کرداری دەرەکی بەڵگەیە لەسەر زەعیف بوون و پووکانەوەی ئیمانی ناخ، ئەگەر کردەوە بە تەواوی پووکایەوەو نەما، دیارە ئیمانەکەی ناخ بە تەواوی پووکاوەتەوەو هیچی لێ نەماوەتەوە..

ئیمامی ئیبنو تەیمییەی ڕەحمەتی هەر لەوێدا (مجموع الفتاوى ٧/٥٥٤) دەفەرمووێ: (العملُ الظاهرُ لازِمٌ للعملِ الباطنِ لا يَنْفَكُّ عَنهُ، وانتفَاءُ الظاهرِ دَليلُ انتفَاءِ البَاطِنِ) واتە: کردەوەی دەرەکی دیارو ئاشکرا هۆگری ناخە، سەر بە باوەڕەو لێی جویێ نابێتەوە، نەمانی کردەوەی دەرەکی بەڵگەی نەمانی باوەڕی ناخە.. ئەمە ڕاستە چونکە هێزو تینی کردەوەی دەرەوە لە کاریگەریی ئیمانەوەیە. ئەگەر کردەوەی دەرەکی نەما یەعنی لە ناخدا غەیری بەڕاست زانین (تصديق)ـەکە هیچی تێدا نەماوە، ئەوەش لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت موسوڵمان بوونی لەسەر بینا ناکرێت.. لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت (بەڕاست زانینی ناخ) بە بێ کردەوەی دیارو ئاشکرای دەرەکی بەس نییە بۆ موسوڵمان بوون، بۆیە ئەگەر لافی ئەوە لێبدات کە لە ناخی دڵ و دەروونیدا باوەڕی هەیە بەڵام هیچ کارو گوفتارێک کە لەوازیمی باوەڕەکەی ناخن ئەنجام نادات، ئەوە لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت بە کافر حسێب بکرێت.. چونکە بە ئەنجام نەدانی کرداری دەرەکی دیارو ئاشکراکەی کافر دەبێت..

هـۆی سـێیەم: شەیخولئیسـلام لـە ڕەت کردنـەوەی بۆچوونی ئەو کەسـانەدا کە دەڵێـن وتنی شـایەتمان مەرجی دروسـتی بـاوەڕ نییە، پێناسـەی باوەڕی بـە (تەواوێتی)یەکەوە پەیوەسـت کردۆتـەوە، ئەو لە (مجمـوع الفتـاوی ٣٤٤/٧)دا دەفەرمـووێ: (يَمْتَنِعُ أنْ يكـونَ إيمانٌ تامٌّ في القَلْبِ بـلا قَولٍ وَلا عَمَـلٍ ظاهِرٍ) واتە: شـتێکی نامومکینـە باوەڕ بە تەواوێتی لە دڵدا بچەسپێـت بێ ئـەوەی لە دەرەوە کـردارو گوفتاری ئاشـکرای لەگەڵدا هەبێت.. ئایـا دوای ئەمە بە پێی دیدی (سـەلەفییەکانی بەر سـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سـەلەفی) و ڕێسای (حەلەبی) دەشـێت بڵێین: وتنی شـایەتمان مەرجە بۆ تەواوێتی بـاوەڕو کامڵبوونی، بـەلام مەرجی دروسـتییەکەی نیە؟!

وەلحاسـڵ ئەو دەقـەی دووەم کـە (حەلەبـی) وەک بەڵگـەی خۆی هێنایەوە:

یەکـەم: تیرێکـەو بـەر سـەری (سـەلەفییەکانی بـەر سـێبەرو مەدخەلییـەکان و پاڵانتەوانانـی سـەلەفی) دەکەوێتـەوە، چونکە ئیمامی ئیبنـو تەیمییە لـە بەرپەرچی ئەوانـەدا هێنایەوە کـە لاف و گەزافی ئەوە لێـدەدەن گوایە بـاوەڕ بە بـێ هەبوونی کـردارو گوفتـاری دەرەکی، لە ناخدا دەچـەسپێت!

دووەم: قەولەکـەی ئیمامـی ئیبنـو تەیمییە شـتی وای تێـدا نییە کە ئەگـەر کەسـێک مادام لـە ناخیدا بـاوەڕی هێنابێـت، با هیـچ کردارو ڕەفتارێکی دەرەکیشـی نەبێت، هەر بە موسـوڵمان حسـێبە! لـە چەندین جێـی کتێـبەکانیدا جەختی زۆر لەمە دەکاتەوەو زۆر ئاشکراو ڕاشکاوانە باسی دەکات..

سـێیەم: بۆچوونەکەی ئیمامی ئیبنـو تەیمییە الحمد لله ڕاسـتەو لەگەڵ بۆچوونـی پێشـەوایانی ئەهلـی سـوننەت و جەماعەتتدایـە، هەموویان تەرکیزیان لەسـەر ئەوەیە کە: ئەوی وادەکات کەسـێک کـرداری دەرەکی ئاشـکراو دیـار ئەنجام بـدات، بـاوەڕی ناخێتـی.. ئەوەیـش تەنها بە

ڕاســـتگۆدانان نییە..

جێـــی خۆیەتی پێش ئـــەوەی ئەم ئاڵقەیـــەی موناقەشـــەی (حەلەبی) و (ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی) جـــێ بهێڵین، پرســـیارێک بکەین:

بۆچـــی (ســـەلەفییەکانی بـــەر ســـێبەرو مەدخەلییـــەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی) ڕســـتەیەکی ئیمامی ئیبنو تەیمییەیان کردۆتە بەڵگەو بەسەر ئەو هەموو دەقە ڕوون و ئاشـــکرایانەی تریدا باز دەدەن کە ڕاشـــکاوانە حوکمی کوفری ئەو کەســـە دەدات کە توخمـــی کرداری دەرەکـــی واز لێدەهێنێت؟! خۆ حەتمـــەن دەیان جار دەقـــە زەقەکان دەکەوێتـــە بەرچاویان..

با بە یـــەک دوو قەولی تـــری پێشـــەوایانی ئەم ئوممەتە ئەم باســـەش کۆتایی پـــێ بهێنین:

حەنبەل دەفەرمووێ: حەمیدی (مامۆســـتای ئیمامـــی بوخاری) فەرمووی: هەواڵم هەیە کە کەســـانێک هەن دەڵێـــن: هەر کەس دانی بـــە فەرزبوونی نوێـــژو زەکات و ڕۆژوو و حەجـــدا هێنا بـــەڵام تا مردنـــی هیچیانی نەکرد، یـــان تا دەمرێت نوێژی پشـــت لـــە قیبلە دەکـــرد، مادام نکووڵـــی لە خودی باوەڕ نـــەکات و ئەو فەرزانـــە بە فەرز بزانێـــت و ڕووکردنـــە قیبلەی پێ فەرز بێت، ئـــەوە هەر موســـوڵمانە.. منیش دەڵێم (حەمیـــدی دەفەرمووێ): ئەمـــە کوفرێکـــی ڕاشـــکاوو ئاشـــکرایە، ئەمـــە پێچەوانـــەی قورئان و ســـوننەت و بۆچوونـــی زانایانی ئیســـلامە. خـــوای گـــەورە دەفەرمووێ: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ البينة/٥ واتـــە: وا فەرمانیان پێدراوە کە تەنهـــا خوای تاک و تەنـــها بە نیازپاکییەوە بپەرســـتن..

حەنبـــەل دەفەرمووێ: گوێم لە ئەبـــو عبدالله ئەحمـــەدی کوڕی حەنبەل بـــوو کە دەیفەرمـــوو: (مَنْ قـــالَ هذا فَقَـــدْ كَفَرَ باللـــهِ وَرَدَّ عَلَى اللـــهِ أمْرَهُ وعَلَى الرَّســـولِ مَـــا جَاءَ بِهِ) واتە: هەر کەســـێک وا بڵێت ئـــەوە کافربووەو دینەکەی خـــوای ڕەت کردۆتەوەو ئەوەی پێ قبووڵ نەبـــووە کە پێغەمبەری خـــوا ﷺ هێناویەتی.. (ابن تیمیـــة: الایمان ل ٢٠٨).



سـەیر كەن ئیمامی ئیبنـو تەیمییە چ نموونەیەک دەهێنێتـەوە كە ئەگەر كەسـێک پێش كۆچكردنی بـۆ مەدینە لەسـەردەمی پێغەمبـەری خوادا ﷺ، باوەڕی پێویستی هێنابێت، شـایەتمانی دەربڕیبێت و ڕاستگۆیی پێغەمبەری خوای ﷺ لە دڵ و دەروونداچەسـپابێت، ناخ و دەرەوەی تەسـلیم بە دینی خوا كردبێـت و هەرچی لەسـەر بووە كردوێتـی،[1] ئەم كەسـە كۆچ بـكات بـۆ مەدینەو لـەوێ كە كـردەوەكان فـەرز بوون، مەبەسـت لە ئەركانەكانی تری ئیسـلامە: نوێـژو زەكات و ڕۆژوو و حەج، ئەم كابرایە لای مورجیئـە كۆنەكان و موقەللیدە كونتێكانیان لەسـەردەمی ئێمەدا موسـوڵمانە، بـەڵام لای ئەهلی سـوننەت و جەماعەت وانیە:

ئیبنو تەیمییـە دەفەرمووێ: كاتێـک خوای پـەروەردگار موحەممەدی ﷺ بـە نێردراوێتـی خۆی كـردە پێغەمبـەری هەمـووان، ئەوەی فـەرز بوو لەسـەر خەڵكی بە ڕاسـتگۆ زانینـی بوو لـە هەرچییەک كە دەیفەرمـوو، هەروەهـا گوێڕایەڵـی و ملكەچی بـۆ ئـەو فەرمانانەی كە پێی دەسـپاردن، ئـەو كاتە نـە فەرمانی پێنـج نوێژەكەی پـێ دابوون نە گرتنـی ڕۆژووی ڕەمەزان و نە حەجی ماڵی خوا.. نە شـەراب و سـوو(ربا) ی لێ حـەرام كردبوون، نە شـتی تـری لەو جـۆرە.. زۆر لـە ئەحكامی قورئانیش هێشـتا نەهاتبووە خوارێ.. هەر كەسـێک لەو كاتـەدا باوەڕی بەوەندە قورئانـە بهێنایا كە هاتبووە خوارێ و شـایەتمانەكەی بە ئاشـكرا بووتایـەو ئـەو فەرمانانـەی جێبەجێ بكردایە كە خرابووە سـەر شـانی موسـوڵمانان، كابرا بە موسـوڵمانێكی باوەڕ تـەواو دادەنرا. بـەڵام ئەگەر كۆچـی بكردایە بـۆ مەدینەو هەر بەوەنـدەی ئیسـلامەكەوە پابەند بووایە ئەو بـڕە باوەڕەی لێ قبـووڵ نەدەكرا كـە لە مەككە پێـش كۆچكردنی بۆ مەدینـە هەیبوو، ئەگـەر هەر ئەوەنـدەی بكردایە بە كافر حسـێب دەكرا..

****

(١) وەكـو شـوێنكەوتنی پێغەمبەری خـوا ﷺ و وەلاء و بـەراء، چونكە نوێژو زەكات و ڕۆژوو و حـەج و جیهـاد دوای كۆچكـردن بۆ مەدینە فـەرز بوون.

(مجموع الفتـــاوى ٣١٦/٧ - ٣١٧)..

جێـــی خۆیەتی لێـــرەوە بە (حەلەبـــی) و ئەوی (لە ســـەرووبەوەیەتی) و ئەوی (لـــە خوارووبەوەیەتی) بڵێین: ئەگەر لە كۆڕا (ئیجماع)ی ســـەلەفەوە وەرناگـــرن و فێر نابـــن، دەی وەرن لـــە قورئانەكەی خواو ســـوننەتەكەی پێغەمبـــەرەوە ﷺ وەرگرن و فێر بـــن، خۆ ئەوەندەیـــان بەڵگە تێدایە كە دیدی لـــێڵتان ڕوون كەنەوە.. ئیمامی ئیبنو تەیمییـــە دەفەرمووێ: (ففي القرآنِ والسُّـــنَّة من نَفي الايمـــانِ عَمَّنْ لَمْ يَـــأتِ بالعَمَلِ مواضِـــعُ كثيرةٌ كما نَفَـــى فيها الايمـــانَ عن المنافِـــقِ) واتە: لە قورئـــان و ســـوننەتدا ئەوەندەی باســـی بێ باوەڕی ئـــەو كەســـانە تێدایە كە كـــردەوەكان ئەنجـــام نادات، هـــەر وەكو كـــە باســـی دووڕووەكان دەكات كە بێ باوەڕ دەیانناســـێنێت.. (ابن تیمیـــة: الایمان ل ١٤٦).

هەروەهـــا لە جێیەكی تـــری (مجمـــوع الفتـــاوى ٣٧٢/٧) دەفەرمووێ: شـــتێكی نامومكینە كابرا بە خاوەن باوەڕێكی ڕاســـت و دروســـت حسێب بكرێـــت لە كاتێكـــدا كە لـــە هەمـــوو تەمەنیـــدا ســـوجدەیەكی بۆ خوا نەبـــردووە! ڕۆژووی ڕۆژێكـــی ڕەمەزانەكەی نەگرتـــووە، جارێک زەكاتی ســـامانی نەداوە، جارێک حەجی نەكـــردووە، ئەمە مومكیـــن نییە ئیماندار بێت، چونكە هەڵوێســـت و ڕەفتـــاری وا لە دووڕوو دەوەشـــێتەوە، نەک لە موسوڵمان، لە كەســـێک دەوەشـــێتەوە كە زەندیقەو ناخی بەتاڵە، ئەمە چۆن لەگەڵ باوەڕی ڕاســـت و دروســـتدا دەگونجێـــت؟! نابینیت خـــوای گەورە ئەو كەســـانەی بە كافر داناوە كە لـــە قیامەتدا توانای ســـوجدەبردنەكەیان نامێنێت! وەک دەفەرمووێ: ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ وَيُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ ۝ خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ وَقَدۡ كَانُواْ يُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمۡ سَٰلِمُونَ﴾ القلـــم/٤٢ - ٤٣. واتە: لـــە ڕۆژی قیامەتدا كە خـــوای پـــەروەردگار لاقی خۆی نیشـــان دەدات و موســـوڵمانان هەموو ســـوجدەی بۆ دەبەن، ئەوانەی لە دنیـــادا دووڕوو بوون یان ســـوجدەیان نەبردووە، لەو ســـاتە وەختەدا هەموو پشـــتیان ڕێک و ڕەق دەوەســـتێت و ناتوانن بچەمێنەوە، چاوشـــۆڕو زەلیلانە دەوەســـتن، ئەمانە

لە دنیادا ســـاغ و ســـەلیم بوون، پێیان دەوترا ســـوجدەیەک بـــۆ خوا ببەن، نوێژێک بکەن، نەیاندەبرد و نەیانـــــدەکرد..

*** ... *** ... ***

| کۆبەندی دووەم |

بەندی یەکەم

هەڵسەنگاندنی عەقیـــدەی مـەدخـــەلی و پاڵانتەوانانی (سەلەفێتی) لە (باب الکفر)دا

بەندی دووەم

ڕەواندنـەوەی گومان و بەڵگەی مەدخەلی و پاڵانتەوانانـی (سەلەفێتی) لە (باب الکفر)دا

بەندی یەکەم

هەڵسەنگاندنی عەقیـــدەی مـەدخـــەلی و پاڵانتەوانانی (سەلەفێتی) لە (باب الکفر)دا

* باسی یەکەم *

کرداری کوفرینیش هەر وەکو ئیعتیقادی کوفرینە.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە سەلەفییەکان لە مەسەلەکانی باوەڕدا عەقیدەی مورجیئەیان تێ چووە، واتە لەسەر عەقیدەی مورجیئەن. ئەوەشمان باس کرد کە هەر کاتێک کە سەلەفییەکان دەڵێن (باوەڕ گوفتارو کردارە) مەبەستیان ئەو پێناسەی ئەهلی سوونەت نییە کە بۆ باوەڕیان بەو شێوەیە کردووە، کە فەرموویانە: توخمی کردار لە پێکهاتەکانی باوەڕە، واتە بەشێکە لە هەبوونی باوەڕ و دەبێت هاوڕێشی بێت، چونکە کردار بە باوەڕەوە بەندە، ئەگەر ئەو نەما ئەمیش نامێنێت، ئەگەر ئەمیش نەما ئەویش نامێنێت.. بەڵام سەلەفییەکان مەبەستیان ئاوا نییە، بەڵکو هەر وەکو (مرجئة الفقهاء) بە تایبەتی ئەشعەری و ماتۆریدییەکان دەڵێن: کردار مەرجی تەواوێتی باوەڕە نەک مەرجی هەبوونی، بۆیە بەلایانەوە وایە کە ئەگەر کردار ئەنجام نەدرا، باوەڕەکە نافەوتێت و هەر دەمێنێت..

ئێستا دێین ئەوە بە بەڵگەی شەرعی دەسەلمێنین کە سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی لە مەسەلەی تەکفیردا زۆر مورجیئەترن وەک لە مەسەلەی باوەڕدا، چونکە لەم مەسەلەی تەکفیرەدا نەک هەر مورجیئەی توندڕەون (غلاة المرجئة) بەڵکو کتومت جەهمین، بگرە کەرە جەهمییەی قەدیمیشیان ناگاتێ!

مەسەلەی تەکفیر بابێکی بەرفراوانەو زۆر کێشەو باس لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا یەک باسیمان پێ گرنگە کە بە شێوەی پرسیار لەو کەرە سەلەفییانە دەپرسین و خۆشمان وەڵامەکەیان بە ئەمانەتەوە دەخەینەوە بەردەست تا هەڵەی هەڵوێستی خۆیان بۆ دەرکەوێت، بەڵکو دیندارانە موراجەعەیەکی خۆیان بکەنەوە:

ئایا هیچ کردەوەیەک هەیە بە کوفرێکی وا بژمێردرێت کە خاوەنەکەی

لــە میللەتی ئیســلام بباتــە دەرەوە، هــەر وەکو کــە کوفــری ئیعتیقاد خاوەنەکەی لە میللەتـــی ئیسلام دەباتـــە دەرەوە؟!

خەڵکی لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بوون بە چوار پۆلەوە:

ئەهلی ســـوننەت، خەواریج، غولاتـــی مورجیئە (یان کـــەڕە مورجیئە یان جەهمییە)، مورجیئەی شەرعناســـان (مرجئة الفقهاء)

١ـ ئەهلی سوننەت و جەماعەت:

کە دەڵێن کوفر هەم بە ئیعتیقادە هەم بەکردار.

ئەوی بـــە ئیعتیقادە، وەکـــو ئەوەی کەســـێک باوەڕی وا بێـــت کە خوای گـــەورە هاوەڵی هەیە، یـــان خوایەکی تریش لـــە وێنەو هاوتـــای ئەو هەیە، یـــان ئەو کەســـەی دەڵێت من هیـــچ لەم باســـانە حاڵی نابم و لێـــی نازانم! یان کەســـێک باوەڕی بـــە ڕۆژی دوایـــی نەبێت، یان لە ناخـــی خۆیدا ڕقی لە خوای گـــەورە بێت یان پێغەمبـــەر صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ ببوغزێنێت یـــان گومانی لـــە ئایەتێکی قورئان هەبێت یان حەدیســـێکی ســـەحیح ڕەفـــز کاتەوە، یان بـــە درۆی بخاتـــەوە یان بـــاوەڕی بە پێچەوانـــەی ئەو ئایەت و حەدیســـە ســـەحیحەوە بێـــت، یان حەڵاڵێـــک بە حـــەرام بزانێت، یـــان حەرامێک بە حەڵاڵ بزانێـــت، یان بـــاوەڕی وا بێت کە شـــەریعەتی ئیســـلام بە کەڵکی ئەم ســـەردەمە نایات، یان بـــاوەڕی وا بێت ئەولیـــا کارتێکردنی لە گەردوون هەیـــە، دەتوانن بە ویســـتی خۆیـــان باران ببارێنـــن، یان منداڵ بـــە ئافرەت ببەخشـــن، یـــان بێن بـــە هانای ئەو کەســـانەوە کـــە هاواریـــان دەکەنێ.. ئەمانـــەو ئەوی لەم شـــێوەیە هەموویـــان ئیعتیقاداتێکن کـــە خاوەنەکانیان هەر بە بـــاوەڕ پێ بوونیـــان لە ناخـــی دڵ و دەروونی خۆیانـــدا پێیان کافر دەبن بـــا بە زمـــان و کرداریەکی واش دەریـــان نەبڕیبێت کـــە کوفریان لێ بوەشێتـــەوە..

ئەمـــە ئیعتیقاد، ئەمـــا کردار، ئـــەوە ئەهلـــی ســـوننەت و جەماعەت دەفەرمـــوون: ئـــەو کردارانـــەی نەهییان لـــێ کـــراوە دوو جۆرن:

• جــۆری یەکـــەم: ئـــەو گوناحانەی کـــە بکەرەکانیان پـــێ کافر نابـــن. وەکـــو دزی و زیناو شـــەراب خواردنەوەو ئەوانەی کە شـــەریعەتی ئیســـلام بە کوفری بچووک ناســـاندوونی کە هەر گوناحی گـــەورەن بەڵام خاوەنەکانیـــان لە میللەتی ئیســـلام نابەنـــە دەرەوە، ئەمەی کـــە هەندێک پێیان وتووە: (کفـــر دون کفـــر)، واتە کوفرێک کە لە خوار کوفرەوەیە، یان ناویـــان ناوە کوفری کردەوەیـــی یان کوفری بچووک.. ئەمانە بەڵگە لەســـەر ئەوە زۆرە کە خاوەنەکـــانیان هـــەر وان لە بازنەی دیـــن و ئوممەتەکەیدا و بـــە ئەنجامدانیان کافـــر نەبوون وەکو کوشـــتاری نێوان موســـوڵمانان، یان خۆکوژی، شـــەرع بە کوفر ناســـاندوونی یـــان فەرموویەتـــی هەرچی وای کرد لە ئاگـــری دۆزەخدا دەمێنێتـــەوە، بەڵام چونکە بەڵگەی تر بەدەســـتەوە هەیە کە بـــە کوفری بچووک ناســـێنراون، بـــە کوفری گەورەیان حســـێب نەکردوون.

ئەم جۆرە گوناحەیە کە ئەهلی ســـوننەت و جەماعـــەت فەرموویانە ئەگەر کەســـێک ئەنجامدانیان بە حەڵاڵ دانەنێت، بشـــیانکات پێیـــان کافر نابێت، ئەمەیە پێـــی دەوترێت (الاســـتحلال) واتە بـــە حەڵاڵ زانیـــن.. بۆ نموونە کابرایـــەک زینایەک دەکات، ئـــەم گوناحەی لە باوەڕەکـــەی کەم دەکاتەوە، بەڵام مـــادام بە حەڵاڵـــی نەزانیووە پێی کافـــر نابێت، ئەمـــا ئەگەر زینای بە حـــەڵاڵ زانی کافر دەبێت، با نەشـــیکات.. ئیمامی تەحـــاوی دەفەرمووێ: (ئێمـــە کەس لـــە ئەهلـــی قیبلە بە گونـــاح کردن بـــە کافر دانانێیـــن تا بە حەڵاڵـــی نەزانیبێـــت)..[١]

ئیمامی ئیبنـــو تەیمییـــەش دەفەرمووێ: (ئێمـــە ئەگەر وتمـــان: ئەهلی ســـوننەت لەســـەر ئەوە ڕێکـــن کە کەس بـــە کردنـــی گوناح بـــە کافر دانانرێت مەبەســـتمان گوناحەکانی وەکـــو زیناو شـــەراب خواردنەوەیە).[٢]

****

(١) ابو جعفر الطحاوي: العقيدة الطحاوية لا ٦٠
(٢) ابن تيمية: الايمان لا ٢٩٤



جــۆری دووەم: ئەو گوناحانەی کــە بکەرەکانیانی پــێ کافر دەبن. ئەم جۆرە گوناحانــە هەر کردنیان کافــر بوونیان پێوەیــە، خاوەنەکانیان لە بازنــەی دین و ئوممەتەکــەی دەچنە دەرەوە.. ئەهلی ســوننەت و جەماعەت لەســەر ئەوە کۆن کە هەر کەســێک یەکێک لەو گوناحانــەی کرد لە ناخ و ڕواڵەتیــدا بە کافــر دەژمێردرێت با هــەر لافی ئەوەش لێــداو بەهانەی ئــەوە بهێنێتەوە کە لە دڵیــدا بە حەڵاڵــی نەزانیووە یان مەبەســتی کوفر نەبــووە، چونکە خــوای گــەورەو پێغەمبەرەکــەی ﷺ کۆمەڵێک قســەو کرداریــان بەو جۆرە گوناحە کافرینە ناســاندووە.. بۆیــە دەبینیت زۆر لە ئیمامە بەڕێزەکان بەشــی ســەربەخۆیان بــە ناوی (أبــواب الرِّدَّة) لە کتێبەکانــی خۆیاندا بۆ باســی ئەم جــۆرە گوناحانە تەرخــان کردووە، ئەوەشــیان ڕوون کردۆتەوە کە هەر بە ئەنجامدانی حوکمــی کافر بوونەکە دەکەوێتە ســەر بکەرەکەی. خــوا لاماندا..

بــا ئــەوەش لامــان ڕوون بێت کــە ئــەوەی لای ئەهلی ســوننەت و جەماعــەت بەڵگەنەویســتە ئەوەیە کە بــۆ حوکمدان و تەئکیــد لە کافر بوونــی بکەرێکــی ئەم جــۆرە گوناحانــە چوار مــەرج هەیە:

- یەکــەم: مەرجە بکــەری گوناحەکە زانیبێتی ئەو قســەیە یان ئــەو کــردارە کـوفرە.

- دووەم: مەرجــە کە ئــەو گوناحە کافرینــەی بە ئەنقەســت کردبێت، یەعنی نییەتــی کردنــی کارە کافرینەکەی هەبووبێت، نــەک نییەتی کوفر کردن و بە حــەڵاڵ زانینی گوناحەکەی لــە ناخدا هەبووبێت! نــا.. ئەمەیان مەرجێکــی بیدعەیەو غەیــری کەڕە مورجیئەکان کەســی تــر بە مەرجی دانەنــاوە.. لە موناقەشــەدا ئاگاداری ئەم پاشــقولە بە..

- ســێیەم: مەرجە کــە گوناحەکە ئەوەنــدە تێکەڵ نەبێــت ئیحتیمالی لێکدانــەوەو تەئویل هەڵگرێــت، چونکە ئەگەر لەو جۆرە قســەو کردەوانە بــوو کە زۆر جــۆر تەفسیر هەڵدەگرن، کابرای بکەری پێ کافر ناکـرێت..

- ســێیەم: مەرجــە کابرای بکــەری گوناحەکە سەربەســت بێت، نەک

ناچار..

بۆ لێک هەڵاوێردنی ئەو دوو جۆر گوناحە ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرمووێ: (باس لەوە کرا کە ـ بە پێی قورئان و سوننەت ـ ئەهلی سوننەت و جەماعەت هیچ کەسێک لە ئەهلی قیبلە بە ئەنجامدانی گوناحێک بە کافر دانانێن و لە بازنەی دین وئوممەتەکەی ناکەنە دەرەوە، بۆ نموونە بە کردنی زینا یان دزی یان شەراب خواردنەوە.. بەو مەرجەی باوەڕی واز لێ نەهێنا بێت، ئەمما ئەگەر کردەوەکەی واز هێنانی فەرمانێکی ئیعتیقادی لە خۆ گرتبوو وەکو باوەڕ بە خوا بوون، باوەڕ بە فریشتە، باوەڕ بە کتێبە ئاسمانییەکان، باوەڕ بە پێغەمبەران، باوەڕ بە زیندوو بوونەوەی دوای مردن ئەوە حەتمەن بەوکردارییەی کافر دەبێ.)[١].

هەروەها لە جێیەکی تردا دەفەرمووێ: (بە شێوەیەکی گشتی هەر کەسێک قسەیەکی کوفری کرد یان کردەوەیەکی کوفری ئەنجامدا پێی کافر دەبێت، با مەبەستی کافر بوونیش نەبووبێت، چونکە خۆ کەس ڕاستەوخۆ کارێک ناکات و مەبەستی پێ کافر بوونی بێت، مەگەر چۆنها.)[٢].

ئیمامی ئیبنو حەزم رحمه الله دەفەرمووێ: (ئەوە سەلمێنراوە کە هەندێک کردار هەن کە بە ئەندامەکانی لەش ئەنجام دەدرێن و حوکمی کوفریان هەیە، باوەڕی بکەرەکانیان بە شێوەیەکی گشتی هەڵدەتەکێنن، هەندێکی تریش هەن کوفر نین، هەڵاوێردن و جوێ کردنەوەی ئەمانەیان لەوانە دەبێت بە پێی حوکمی خوای گەورە بێت و بەس.)[٣].

****

(١) ابن تيمية: مجموع الفتاوى ٢٠ / ٥٣

(٢) ابن تيمية: الصارم المسلول لا ١٧٨

(٣) ابن حزم: الفصل في الملل والأهواء والنحل ٣ / ٢٢٠

٢ـ خەواریج:

ئەمانــــە جیـــاوازی ناخەنە نێـــوان گوناحی گـــەورەی کوفریـــن و گوناحی ســـەرپێچی بچووکەوە، هەر کەســـێک گوناحێکی گـــەورەی ئەنجامدا یان بـــەردەوام بوو لەســـەر گوناحی بچووک بـــە ڕای ئەمان کافـــرە، نەک هەر ئـــەوەش بەڵکو ئەوەی پێچەوانـــەی ڕاو بۆچوونی ئەمان بێت و لە دەســـتەو تاقـــم و پۆلیـــان نەبێت، بـــە کافـــری دەزانـــن! تەنانەت یەکێکـــی وەکو نەجدەتـــی کوڕی عامر کە بیرمەندێکی قەدیمییانە دەیوت: (هـــەر کـــەس نەزەرێکی کـــەم و کورت بکات، یـــان درۆیەکی بچووکی لـــێ دەرکەوێت و بـــەردەوام بێت لەســـەری؛ ئەوە موشریکـــە).[١] بەڵام ئەگەر کەســـێک لـــە تاقم و دەســـتەو پۆلـــی خۆیان بوایـــە ئەگـــەر زیناشـــی بکردایە یان شەرابیشـــی بخواردایەتەوە بەو مەرجەی ســـوور نەبوایە لەســـەر بەردەوام بوونی لەســـەری، هەر بە موســـوڵمانیان دەدایـــە قەڵەم!

عبداللـــەی کـــوڕی یەحیای ئیبـــازی کە دەســـەڵاتی یەمەنـــی کەوتە بەردەســـت، لە وتارێکیدا وتی: (هـــەر کەس زینا بکات کافـــرە، هەر کەس دزی بـــکات کافرە، هەر کـــەس شـــەراب بخواتەوە کافرە، هەر کەســـیش گومانـــی لە کافرێتـــی ئەمانە هەبێـــت کافرە)![٢]

تەنانـــەت هەندێکیان گەیشـــتنە ئـــەو ڕادەی کە بڵێن: (ئەگەر پێشـــەوا (خەلیفە) لە خۆراســـان یـــان لە ناوچەیەکـــی تر بوو، زوڵمی لە کەســـێک کرد خـــۆی و ڕەعیەتەکەی لە هـــەر جێیەکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـــاوا بن، با لـــە ئەندەلوس و یەمەنیـــش بن بەو ســـتەمەی ئەو کافر دەبـــن!). هەروەها وتویانـــە: (ئەگەر دڵۆپە شـــەرابێک کەوتبێتـــە بیرێکـــەوەو یەکێک لەو ناوەوە تێپـــەڕ ببێت و لەو بیرە ئـــاو بخواتەوە ـ گـــەر زانیبێتی کە دڵۆپێک

---

(١) البغدادي: الفرق بين الفرق ل ٦٨
(٢) سەرچاوەی پێشوو ل ٦٨

شــەرابی تێکەتووە ـ کافر دەبێت)![1]

ئیتر ســەیرەکەی لە کوێدایە کە ببیســتین و بخوێنینــەوە کە خەواریج نعوذ بالله ســەیدنا عوســمانی کــوڕی عەففــان و تەڵحەی کــوڕی عبید اللــە و زوبەیری کــوڕی عەووام و دایکە عائیشــەو ئینــو عەبباس و ئەو بەڕێزانــەی تریــان بــە کافر دادەنــاو باوەڕیشــیان وابوو کە بــە کافری مــردوون و لە ئاگری دۆزەخیشــدا بە نەمــری دەمێننــەوە..[2] خوای گەورە لە دید لێڵـــی و ڕێ وێڵـی لاماندا..

٣ـ توندڕەوانی مورجیئە یان جەهمییەکان (غلاة المرجئة):

ئەســڵ لای ئەمانــە ئەوەیە کە کوفــر تەنها لــە دڵدایــە! بۆیە کەس بــە کافــر دانانێن کــە کــرداری کوفرینیش ئەنجــام بدات تا ئاشــکرای نەکات کــە قەناعەتی دڵیشــی وایە! ئەمانە بــە لایانەوە وایــە کە ئەگەر کابرایــەک گوفتارێک یان کردارێکی وای کرد کە لە شــەرعدا موســوڵمان

---

(١) ابن حزم: الفصَل في الملل و الاهواء والنحل ب ٤/ ١٩٠

(٢) توندڕەوی کەلــلەپوتی هەندێک لەم خەواریجانە گەیشــتە ڕادەی لەوەش ســەیرتر، وەکــو ئیمامی ئیبنو تەیمییــەی ڕەحمەتی لە مجموع الفتاوی ب ١٩ / ٤١ لێیانــەوە نەقڵ دەکات، هەندێکیان پێیــان وابوو کە پێغەمبەری نازداریش ﷺ لێی دەوەشــێتەوە ـ پەنا بە خوا ـ ســتەم بــکات! یان ڕێی لــێ تێکچێــت و گومڕا ببێت! بۆیــە دەیانوت لــەو کاتانەدا نابێــت ملکەچی بــۆ دەرببڕدرێــت و گوێڕایەڵی بکرێت! ئاخــر بۆیە ئەم گومڕایانــە دەیانــوت لــە گەیاندنی قورئانەکەدا ڕاســتی کــردووەو تــەواوە بەڵام لە ســوننەتەکانی خۆیدا دەشــێت بە فەرمایشــتی ئەو نەکرێــت چونکە بــە گێلی خۆیان دەیانــوت: (زۆر ســوننەتی ئــەو پێچەوانەی قورئانە)! جا تۆ ســەیری ئــەم گومڕایی و بــێ ئەدەبییە؟! لــەو دیدو هەڵوێســت و حوکمە ســەیرانەی بە هۆی جیاوازی خســتنە نێــوان قورئان و فەرمــوودەوە کەوتبوونە ناوی ئەوەبوو کە دەیانوت: (ماســی تا ســەر نەبڕدرێــت خواردنی حەرامــە)! بڕوانە: ابن حــزم: الفصل في الملل و الأهــواء والنحل ب ٤ / ل ١٨٩)..

بە ئەنجامدانی سەربەستانەی و نەبوونی بەربەستی شەرعی پێی کافر دەبێت، مادام لە دڵیدا باوەڕی وا نەبێت کە ئەم ڕەفتارە کوفرینەی پێ ڕاستە کافر نابێت! بۆ نموونە دەڵێن: ئەگەر کەسێک باوەڕی بە ڕاستگۆیی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناو بڕیاریدا کە ئیسلام هەمووی ڕاستە، ئیتر هەرچی شتێک بە کردار بکات کە کافربوونیشی پێوە بێت بەو مەرجەی لە دڵ و دەروونیدا نکوولی لە قەرزێک نەکات یان کارێکی کوفرین بە حەڵاڵ نەزانێت پێی کافر نابێت.. چونکە باوەڕ کە لای ئەمان بە ڕاستگۆ زانینی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کوفریش بەلایانەوە بە درۆ خستنەوەی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ! لەبەر ئەوەی بە ڕاستگۆ زانین و بە درۆزن زانین هەردووکیان کارێکی ناو دڵن و بە قەناعەتی ناخەوە بەندن، دەبێت کابرای کە کرداری کوفرینی ئەنجامداوە ئاشکراشی کات کە لە ناخیشیدا باوەڕی وایە، لەم حاڵەتەشیدا مانای وایە بە ڕاستگۆ زانینەکەی ناو دڵی نەماوە بۆیە کافر دەبێت، بەڵام ئەهلی سوننەت دەڵێن هەر ئەنجامدانی خودی کارە کوفرینەکەی کافری دەکات چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلَقَدْ قَالُوا۟ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ وَكَفَرُوا۟ بَعْدَ إِسْلَـٰمِهِمْ﴾ التوبە/ ٧٤. واتە: وتەی کوفریان لێوە دەرچووەو دوای موسوڵمان بوونەکەیان کافر بوونەتەوە.. کەوابوو هەر وتنی قسە کوفرینەکە هۆکاری کافربوونیانە، ئەمەش پەیوەندی بە ناخیانەوە نییە کە ئایا مەبەستیان کافربوون بووە یان نا.. ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەربارەی ئەم خاڵەی ئەمانە بوو کە فەرمووی (پێشتر هێنامانەوە بەڵام هەر بۆ تەئکید): (حەنبەل دەفەرمووێ: (حدثنا الحميدي قال: وأُخبرتُ أنَّ أناسا يقولون: من أقرَّ باصلاة والزكاة والصوم والحج ولم يفعل من ذلك شيئا حتى يموت، ويصلي مُستدْبرَ القبلة حتى يموت، فهو مؤمن ما لم يكن جاحدا إذا علم أن تركه ذلك فيه إيمانه اذا كان مقرا بالفرائض واستقبال القبلة. فقلت: ذاك الكفر الصراح وخلاف كتاب الله وسنة رسوله وعلماء المسلمين. قال الله تعالى ﴿وَمَآ أُمِرُوٓا۟ إِلَّا لِيَعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ البينة/٥. قال حنبل (سمعت ابا عبدالله احمد بن حنبل يقول: من قال هذا، فقد

كفر باللـــه ورد على الله أمره وعلى الرســـول ما جاء بـــه).[1] واتە: حەمیدی (مامۆســـتایەکی ئیمامی بوخارییە) قســـەی بـــۆ کردین وتـــی: هەواڵم پێ گەیشـــتووە کە هەنـــدێ کەس هەن (مەبەســـتی مورجیئەکان بـــوو) دەڵێن هـــەر کەس دان بـــەوەدا بنێت کـــە نوێـــژو زەکات و ڕۆژوو و حەج فەرزە، بەڵام هیچیشـــیانی تا مـــردن نەکرد، هەروەها تا مردنیشـــی هەر پشـــتی لە قیبلە بـــوو (یەعنی ئاراســـتەو ڕووی لەو شـــوێنە نەبوو کە موســـوڵمانان هەیانە) هەر بە موســـوڵمان حســـێبە بـــەو مەرجەی لە ناخـــی خۆیدا نکوڵی لـــەو فەرزانـــە نـــەکات و باوەڕیشـــی وا بێت کـــە واز هێنانەکـــەی هەر ئیمانداریيـــە! منیش دەڵێـــم (حەمیـــدی دەفەرمووێت منیش دەڵێـــم): ئەوە کوفری ڕاشـــکاوو ڕوونە، ئـــەوە پێچەوانەی قورئان و ســـوننەتی پێغەمبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بۆچوونـــی زانایانی موســـوڵمانە. خوای گـــەورە دەفەرمووێ: جەختـــی ئەوەیان لەســـەر کراوەتەوە کـــە تەنها خوای گەورە بپەرســـتن و دینداری سەرڕاســـتانەش لەبەر خاتری ئەو بکـــەن.. حەنبەلیش دەفەرمووێ: گوێم لە ئەبـــو عبدالله ئەحمـــەدی کوڕی حەنبـــەل بـــوو دەیفەرموو: هەر کـــەس وا بڵێت ئـــەوە کافر دەبێـــت، ئەوە دینەکـــەی خوای بـــۆ خوا ڕەت کردۆتەوەو ئـــەوی پێغەمبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوێتی داوێتییەوە بەســـەریدا!).

بڕوانە پێشـــەوایانی دین لە زانایان و شەرعناســـانی ئەهلی ســـوننەت کە ئەمانەیـــان بە کافـــر داناوە، هـــەر لەبەر ئەوەیانـــە کە لە بە کافـــر بووندا کردویانە بە مـــەرج کە دەبێت بـــاوەڕی دڵ و قەناعەتـــی ناخیش (نکووڵی کردنی فەرزێـــک یان بە حـــەڵاڵ زانینی حـــەرام کراوێک) یـــان لەگەڵدا بـــە ئاشـــکرا لێـــوە دەربکەوێت؛ ئینجا ئەو کەســـە بـــە کافـــر دادەنێن کە خـــواو پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە کافریان ناســـیون! بەڕاســـتی ئەمەش گومڕاییەکـــی دژوارە کە کەســـێک ئەوەنـــدە جورئەتی بۆ پەیـــدا بووبێت فەرمانی خـــواو پێغەمبەرەکـــەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوا ڕەت کاتـــەوە، جا زۆر بە

(١) ابن تيمية، الايمان ل ٢٠٨

داخەوە لەم سەردەمەی ئێمەشدا ئاوا کۆمەڵێکی (سەلەفی) ئەو دیدو تێڕوانینە گومڕاییەیان لا بۆتە عەقیدە! خوا بمانگرێتە خۆی..

٤ـ مورجیئەی شەرعناسان (مرجئة الفقهاء):

بە لایانەوە وایە کە هەر کەسێک گوفتارێک یان کردارێکی کوفرینی لێ دەرکەوت کافر دەبێت، نەک بە دەرکەوتنی خودی ڕەفتارەکە (گوفتارەکە بێت یان کردەوەکە) کە کوفرینە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەڵگەو نیشانەیە کە کافربوونەکە لە دڵەوەیە! واتە: کردەوەکە بەڵگەیە بۆ بە دڵ بەدرۆ خستنەوەو هەڵوەشاندنەوەی باوەڕەکەی ناخ کە لەسەر بناغەی بە ڕاست زانینی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ دامەزرابوو..

ئیمامی ئیبنو حەزم ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە باسی ئەو بۆچوونەی مورجیئەکاندا کە خودی کارە کوفرینەکەیان پێ بەس نییە بۆ حوکمی بە کافر دانانی کابرای بکەری، دەفەرمووێ: (ئەوانە دەشیانوت: ئەگەر کەسێک پەنا بە خوا جنێو بە خوای پەروەردگار بدات و جنێو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بدات بە خودی جنێو دانەکە کافر نابێت، بەڵام جنێوەکە بەڵگە دەبێت بۆ هەبوونی کافرێتی لە دڵ و دەروونیدا)![1]

ئیمامی ابن کثیر رحمه الله دەربارەی (بیشر المریسی) دەفەرمووێ: (کابرایەکی مورجیئە بوو، گروپی مریسییەکان بۆ ئەم دەگەڕێنەوە، ئەم دەیوت: سوجدە بردن بۆ ڕۆژو مانگ کافر ناکەن، بەڵام نیشانەیەکن لەسەر هەبوونی کوفرەکە)![2]

شەیخولئیسلام دەفەرمووێ: پێویستە ئەوە بزانرێت کە ئەوی دەڵێ (جنێودەر بە خواو پێغەمبەر ﷺ لەبەر ئەوەیە کە جنێودانەکەی

(١) ابن حزم: الفصَل في الملل و الاهواء والنحل ب ٣/ ١٩٩
(٢) ابن کثیر: البداية والنهاية ب ١٠/٢٩٤

بە حــەڵاڵ زانیوە) ئەمــە هەڵەنگوتنێکی خراپ و سەرســمدانێکی دژوارە، ئــەوی کەوتۆتــە ئەم سەرســمدانەوە بــە هــۆی ئــەو بۆچوونەوەیە کە مورجیئەکانی نوێ و پێشــوو وتویانە بــاوەڕ تەنها بریتییە لە بە ڕاســتگۆ زانین، کــە ئەویش لــە دڵ و دەرووندایە.. [1]

ئێ ئەدی ســەلەفییەکانی بەر ســێبەرو مەدخەلییــەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی لەســەر چ دیدو پێناســەو هەڵوێستێکن؟!

*** ... *** ... ***

****

(١) ابن تيمية: الصارم المسلول على شاتم الرسول ل ٥١٥

* باسی دووەم *

کەس لای مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی کافر نابێتەوە!

شـــێخی ئەلبانی رحمه اللـــه دەفەرمووێ: (يَسْـــتحيلُ أنْ يكـــونَ الكفرُ العمليُّ خُروجَــاً عن المِلَّــةِ إلا إذا كان الكفرُ قَدْ انْعَقَدَ في قَلــبِ الكافرِ عَمَلاً) واتە: موســـتەحیلە کوفری کردەوەیـــی بە چوونەدەرەوە لە میللەتی ئیســـلام حســـێب بکرێـــت، مەگـــەر کافربوونەکـــە لە دڵـــی کافرەکەدا بـــوو بێت بەکردار)..[١]

هەروەهـــا دەفەرمـــووێ: (لابُدَّ من مَعرفَـــة أنَّ الكفرَ ـ كالفسْـــق و الظلم ـ يَنقسِـــمُ الى قِســـمين: كفرٌ و فسِـــقٌ و ظلمٌ يُخْرِجُ من المِلَّة وكُلُّ ذلكَ يعودُ الَى الاســـتِحْلالِ القَلبي، وَآخَرُ لا يُخـــرجُ من المِلَّة يعودُ الَى الاَســـتحلالِ العَمَلِي). [٢] واتـــە: حەتمەن دەبێ ئەوە بزانرێت کە کوفر ـ وەکو فیـــسق و زوڵـــم ـ دەبێت بە دوو بەشـــەوە:

یەکەم: کوفرو فیســـق و زوڵمێک کـــە خاوەنەکانیـــان لە میللەت دەباتـــە دەرەوە، بـــەڵام هەموو ئەوانـــەش دەگەڕێنەوە بۆ لە دڵـــدا بە حەڵاڵ زانینیان.

دووەم: کوفرو فیســـق و زوڵمێک کە لە میللـــەت نابەنە دەرەوە کە دەگەڕێنـــەوە بـــۆ بەکردار بـــە حـــەڵاڵ زانینیان..

لە شـــوێنێکی تریشـــدا دەفەرمووێ: (لكننا نُفَرِّقُ بينَ الكفـــرِ المَقصود قَلباً وبـــينَ الكفرِ الـــذي لمْ يُقْصَدْ قَلبـــاً، وإنَّما قالبَـــاً وفعْلاً).[٣] واتـــە: بەڵام ئێمە جیـــاوازی دەخەینە نێوان ئەو کوفـــرەی لە دڵەوە بە مەبەســـت دەربڕدراوەو

***

(١) کاسێتی (الكفر كفران) تەسجیلاتی بيت المقدس / عەممان ـ ئەردەن.
(٢) الألباني: التحذير من فتنة التكفير ل ٧٠
(٣) هەر کاسێتی (الكفر كفران) تەسجیلاتی بيت المقدس / عەممان ـ ئەردەن.

ئــەو کوفرەی ویســـتی دڵی لەگەڵ نەبووە کـــە دەربــڕدراوە، بەڵکو هەر بە بەدەن و کردار دەربـڕدراوە..

هەروەها ڕووەو ڕووی ســـامیش لەو شریتی الکفر و کفرانەی عەمەلیاندا دەفەرمـــووێ: (أنـــت بارك اللـــه فيك هل انتبهـــت ســـابقا أو لاحقا في هذه الجلســـة أن الكفـــر الاكبر عمـــلٌ قلبيٌّ وليس عمـــلا بَدنيا؟) واتـــە: تۆ خوا بەرەکەتت بهاوێتێ، پێشـــتر یـــان دواتر لـــەم دانیشـــتنەدا تێبینی ئەوەت کـــرد، کە کوفری گـــەورە کرداری دڵـــە نەک کـــرداری بەدەنی؟!

دیســـان هەر لەو شریتەدا دەفەرمووێتەوە: (المســـلمُ إذا صُـــدِرَ منهُ كُفرٌ عَمـــلِي وإيضاً مُقْتَرِنٌ مَعَـــهُ كُفْرٌ إعتقـــاديٌّ كَكُفْر الكافِر هو كُفْرٌ لا إشـــكالَ فيـــه، إمَّا إذا لَـــمْ يَخْرُجْ منـــهُ مَا يَدُلُّ عـــلَى أنَّهُ قَدْ اقـــتَرَنَ بالكُفْـــر العمَليِّ كُفْـــرٌ إعتقاديٌّ، حينَئذ لا يكـــونَ كُفراً إعتقاديّاً، لأن الكفـــرَ الإعتقادي يَختلفُ عن الكفـــر العَمَلي مَن حيث أنَّـــهُ كُفْرٌ قَلْبِـــيٌّ. أما الكفرُ العَمَلي ليـــسَ كُفْراً قَلبيـــاً وإنمَّا هو كُفـــرٌ عمَليٌّ) واتە: ئەو موســـڵمانەی کوفرێکـــی کردەوەیی لێـــوە دەردەکەوێـــت کە هـــاوڕێ لەگـــەڵ کافربوونێکی نـــاخ (ئیعتیقادو بـــاوەڕی دڵ)دا بوو، ئـــەوە وەکو کوفری کافرێک کافربوونەو ئیشـــکالێکی تێـــدا نییە، بەڵام ئەگەر شـــتێکی وای لێـــوە دەرنەکەوت کە بیســـەلێنێت کە لەگەڵ کوفـــرە عەمەلییەکەیـــدا کوفرێکی ئیعتیقادی (ناخی دڵیشـــی) لەگەڵدایـــە، ئەوە نابێتە کوفـــری ئیعتیقادی، چونکە کوفـــری ئیعتیقادی لەو ڕووەوە لـــە کوفری عەمەلی (کـــردەوەوە) جیاوازە؛ کـــە کافربوونێکی ناخی دڵ و دەروونـــە، بەڵام کوفـــری کردەوەیی کوفـــری دڵ و دەروون نییە، هەر کوفـــری کردەوەیـــە..

شـــێخی ئەلبانی لە شـــوێنێکی تـــری هەمان کاســـێتدا ئـــەوە دووپات دەکاتـــەوە کە دەفەرمـــووێ: (التَّفريـــقُ بينَ كُفـــر و كُفر هـــو أنْ نَنظرَ في القَلْـــب، فإنْ كانَ القلبُ مُؤمناً والعَمَـــلُ كافراً فَهُنَا يَتَغَلَّبُ الحُكْمُ المُسْـــتَقَرُّ في القَلْـــبَ عَلَى الحُكْم المُسْـــتَقَرِّ في العَمَل) واتە: بۆ جیـــاوازی نێوان کوفرێک و کوفرێکـــی دی دەبـــێ بڕوانینە دڵ! ئەگـــەر دڵەکە موســـوڵمان بوو بەڵام

کردەوەکـــە کافرانە بوو ئەوا حوکمی دڵە موســـوڵمانەکە زاڵ دەبێت بەســـەر حوکـمـی کردەوەکـەدا..

شـــێخی ئەلبانی رحمه الله لە جێی تریشـــدا جەخت لەم دیـــدو بۆچوونە دەکاتەوە وەکو لە شـــەرحی عەقیدەی تەحاویدا دەفەرمـــووێ: (إنَّ الذنبَ أي ذَنْـــب كانَ هو كُفْرٌ عَمَـــلِي لا إعتقادِي).[1] واتە: گونـــاح، هەر گوناحێک بێت هەر کوفـــری کردەوەیە نـــەک کوفری عەقیـــدەو باوەڕ.. کـــە دەفەرمووێ کوفـــری کردەوە دیارە مەبەســـتی ئەو گوناحانەیە کە شـــەریعەتی ئیســـلام بـــە کوفری ناســـاندوون، چونکـــە ئاوا قســـەکە لەگەڵ ڕەوتی باســـەکەدا یەک دەگرێتـــەوە چونکە شـــێخ بە حەڵاڵ زانینـــی کوفر لە دڵـــدا بە کافر بـــوون دەزانێ نەک هەر کوفـــر ئەنجامدانێـــک بەکردار، بـــا وا نەزانرێت کە شـــێخ مەبەســـتی هەموو گوناحێکە کـــە کوفرە..

لە کاتـــی موناقەشـــە کردنـــی شـــێخ ئەلبانیـــدا لەگـــەڵ یەکێک لە قوتابییەکانـــی خۆی کـــە العەنبەرییە هەر ئەو قســـەیەی دەکاتەوە تەوەری هەمـــوو بـــاس و خواســـەکانی کە بـــاوەڕ بریتییە لـــە تەســـدیق واتە بە ڕاســـتگۆ زانینی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئـــەو کوفرەی کە بـــە کوفری بەدەر لە میللەتی ئیســـلام حســـێب دەکرێت ئەوەیە کە ئەو بە ڕاســـتگۆ زانینیەی دڵ و دەروونی نەهێشـــتۆتەوە، یەعنی بە درۆ خســـتنەوە (کوفری تەکزیب).[2] جا ســـەیرێتی شـــێخی ئەلبانی لەوەدایە کە هەر ئەو ئایەتـــەی مورجیئە کۆنـــەکان دەیانهێنایەوە بـــۆ بەڵگەی ڕاســـت و دروســـتی ڕاو بۆچوون و هەڵوێســـتی خۆیـــان، ئەمیش هەمان ئایـــەت دەهێنێتەوە.. لەویش ســـەیرتر هەڵوێســـت گۆڕینـــی قوتابییەکەیەتی کە لەبەر خاترو خۆتری شـــێخەکەی هەڵوێســـتە شـــەرعییەکەی یەکەمی خۆی بـــۆ ڕای ئەلبانـــی دەگۆڕێت تا پێچەوانـــەی نەبێتەوە!

****

(١) الألباني: العقيدة الطحاوية (بە شەرحی خۆی) لا ٦٠

(٢) الألباني: حكم تارك الصلاة لا ٦١

شـــێخی ئەلبانی دەفەرمـــووێ: (إنَّ تكفـــيرَ المُوَحِّـــد بعَمَل يَصْـــدُرُ منْهُ غَيرُ جائِــز، حَتَّـــى يَتَبَيَّنَ منْــهُ أنَّهُ جَاحَـــدَ ولَو لِبَعـــضِ مَـــاً شَرَعَ اللهُ).[١] واتە: بە کافـــر دانانی یەکخواپەرســـتێک لەبەر ئـــەوەی کردەوەیەکی لێوە دەرکەوتووە (بـــێ گومان مەبەســـتی گوناحێکە کە کردبێتـــی) جائیز نییە، تا ئـــەوەی کە دەردەکەوێـــت کە نکووڵی کـــردووە (مەبەســـتی ئەوەیە کە کوفـــری تەکزیبی لێ دەرکەوتـــووە) با ئەو نکووڵی کردنەشـــی لە هەندێک لەوانە بێت کـــە خوای گـــەورە دایناون..

شـــەقرەی قوتابیشـــی دەڵێ: (إنَّ المرءَ إذا نطقَ بالشـــهادة وصدَّقَ بها قلبُهُ واعتقَدَهَـــا جَازمَـــاً، وآمَنَ بحَقهَـــا كُلِّه، فهو مُؤمـــنٌ، وإنْ اجْـــتَرَحَ المعاصيَ كُلَّهَـــا، مَـــا ظَهَرَ منهَا وَمَـــا بَطَنَ، مَا لَـــمْ يُصَاحِبْهَـــا جُحُودٌ أو نُكْـــرانٌ لِمَا هو مَعلـــومٌ مِن الدِّين بالـــضَرورة)،[٢] واتە: کەســـێک کە شـــایەتمانی هێناو بە دڵ باوەڕی پـــێ هێنـــاو قەناعەتی بە مـــاف و ئەرکەکانی کـــرد، ئیتر ئەوە موســـوڵمانە با هەرچی گوناحیـــش هەیە بیکات، ئـــەوی دەرکەوتووەو ئەوی دەرنەکەوتـــووە، مادام شـــتێک لـــە دیـــن ڕەت نەکاتەوە یـــان نکووڵی لە شـــتێک نەکات کە بـــە بنەمای دینەکـــە ناسراوە..

ئەو مـــەرج دانانـــی نکووڵی کردنەی کـــە بریتییە لە بە درۆ خســـتنەوە بە زمـــان، هەروەها ئینـــکار کردنەکەش کە هـــەر جۆرێکی تـــرە لە بە درۆ خســـتنەوە کە شـــێخی ئەلبانی باســـیان لێوە دەکات، وا دیـــارە هی ئەوەیە کـــە باوەڕی وایە کـــە کوفری گەورە کـــە خاوەنەکەی لە میللەتی ئیســـلام دەباتـــە دەرەوە هـــەر بە درۆ خســـتنەوەیە، هەر لەبەر ئەوەشـــە کە دەبینیت (عەلی حەلەبی) لە نووســـینی پێشـــەکی ئەو کتێبەی ئەلبانیـــدا (التحذير من فتنـــة التكفير) زۆری تیـــن داوەتە خـــۆی و خۆی ماندوو کـــردووە تا کۆمەڵێـــک ئەقوالی وا بهێنێتـــەوە کە دیدو بۆچوونەکەی خۆی و شـــێخی

* *

(١) الألباني: شريتى التحرير لأصول التكفير / سلسلة الهدى والنور ٨٥٥/١
(٢) محمد ابراهيم شقرة: هي السلفية لا ١٢٢

ئەلبانی پێ سەرخات، تا بە زۆریش بێت خوێنەرانیان بخاتە سەر ئەو رایەی کە گوایە هەر هەموو جۆرەکانی کوفری گەورە دەگەڕێنەوە بۆ بازنەی نکوولّی کردن بە درۆ خستنەوە (الجحود و التکذیب)، چونکە لای ئەمانە کەس لە ئیسلام ناچێتە دەرەوە تا نکوولّی لە فەرمانێکی شەرعی نەکات و بە درۆی نەخاتەوە! یان گوێ نەدان و پێچەوانە ڕەفتار کردنی بەرهەڵستی (نەهی)یەکی شەرعی بکات و لە ناخی خۆشیدا پڕ بە دڵ بە حەڵاڵی بزانێت!

لەم ڕاو بۆچوونەوەیە کە خەڵکی لەوە دڵنیا بوون کە سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی وەکو مورجیئەی شەرعناسانی کۆن (مرجئة الفقهاء) پێیان وایە کە کردارە کوفرینەکان کە کوفری گەورەشن خۆیان لە خۆیاندا نابنە هۆکاری بە کافر دانانی کەسێک بەڵکو بەوە دەبنە بەڵگەی کافر بوون کە نیشانەی ئەوەن کە کابرا لە ناخیدا باوەڕی نییەو کافرە، یەعنی کاتێک کردارێکی کوفری گەورە لە کەسێکەوە دەردەکەوێت و هیچی لێ نافامرێتەوە جگە لە کافر بوون، دەشێت حوکمی کافر بوون کابرای بکەری بگرێتەوە بەڵام نەک لەبەر ئەوەی کارەکەی کوفرێکی گەورەیەو لە میللەتی دەکاتە دەرەوە بەڵکە لەبەر ئەوەی ئەوە دەسەلمێنێت کە کابرا لە دڵ و دەروونیدا شەریعەتەکەی بە درۆ خستۆتەوە یان ئەو بەرهەڵستە شەرعییەی پێ حەڵاڵ بووە.. ئەمەش دەقاو دەق بۆچوونی مورجیئەی شەرعناسانی پێشووە.. کە ئیمامی ئیبنو حەزم دەربارەی ئەو جۆرە زانایانەی کە کرداری کوفرین بە کافر بوون دانانێن تا نکوولّی کردنی دڵ و دەروونیشی لەگەڵدا نەبێت! دەفەرمووێ: (خَشُوا مُبادَرَةَ جميع أهلِ الإسلامِ لهم، فقالوا لكنَّه دليلٌ على أنَّ في قَلْبِه كُفْرَاً).[1] کە لەوە ترسان خەڵکی ئیسلام لێیان ڕاپەڕێت، وتیان: ئەنجامدانی ئەو کارە کوفرینە

(١) ابن حزم: الفصل في الملل والأهواء و النِحَل ٢ / ٢٠٦



بەڵگەیە لەسەر جێگیر بوونی کوفر لە دڵ و دەروونی خاوەنەکەیدا! وا دیارە سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی ئەمڕۆش لە پێش هەموویانەوە شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی کە زانیان بۆچوونەکەیان پێچەوانەی بۆچوونی ئەهلی سوننەتە کە دەڵێن خودی ئەنجامدانی کاری کوفرین لە کاتی نەبوونی بەربەستی شەرعیدا کافربوونی خاوەنەکەی دەکەوێتە سەر؛ بۆیە ئەمانیش وەکو پێشینە کۆنەکانی مورجیئەکانیان دەڵێن: کابرا بە هەرچی کردەوەیەکی ناشەرعی کە ئەنجامی دەدات، بە کردنی هەموو گوناحی دیارو نادیار کافر نابێت، بەڵام ئەو کوفرانەی دەبنە نیشانەی هەبوونی ویستی کوفر لە ناخیدا! ئەوەتا شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی جەخت لەم بۆچوونە پێچەوانەی خۆیان دەکاتەوەو دەفەرمووێ: (هـذا العملُ يكـونُ دالاًّ علىَ مَـا في القلب من الكفر، لماذا هـذا العملُ كانَ كفراً؟ لأنَّـهُ دالٌّ عَلَىَ مَا في القلـب من الكُفْر).[١] واتە: ئەم کردەوەیە نیشانەی ئەو کوفرەیە کە لە دڵدا هەیە، بۆچی ئەم کردەوەیە بە کوفر حسێبە؟ چونکە بەڵگەی هەبوونی کوفرە لە دڵدا..

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەفەرمووێ: (ومـنْ الأعمال قَـدْ يُكْفَرُ بها صاحبُها إعْتقـاداً، لأنَّها تَـدُلُّ على كُفْره دلالَـةً قَطعيَّةً يَقينيَّـةً، بحيثُ يَقومُ فعْلُـهُ هذا مَقَـامَ إعْرَابه بلسـانه عـنْ كُفْره، كَمَثَـلِ مَنْ يَـدُوسُ المصْحَفَ مَع علمـه به وقَصْده لَـهُ).[٢] واتە: کرداری وا هەیە کە لەوانەیە حوکمی کافربوونی خاوەنەکەی لە ڕووی عەقیدەو باوەڕەوە بگرێتەوە، چونکە دەبێتە بەڵگەیەکی بنبڕی گومان هەڵنەگرو نیشانەی ڕۆشنی کافر بوونی، بە شێوەیەکی وایە کە جێی ئەوە دەگرێتەوە کە کابرا بە زمانی ئەو کوفرە ڕاگەیەنێت، وەکو ئەو کەسەی قورئان بخاتە ژێر پێ لە کاتێکدا زانیاری بە کارەکەی هەیەو مەبەستیشیەتی وا بکات..

* *

(١) الالباني: شريتى التحرير لأصول التكفير / سلسلة الهدى و النور ٨٥٥/١

(٢) الألباني: التحذير من فتنة التكفير لا ٧٢

سەیری کە دەفەرمووێ لەوانەیە! ئەم نموونە زەقەش دەهێنێتەوە کە زانایانی سەلەف و تەنانەت خەلەفیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە هەر کەس قورئان فڕێداتە نەجاسەتەوە بە فڕێدانەکە کافر دەبێت. کەچی ئەم دەیەوێت بۆی تێدا بهێڵێتەوە! ئەم و سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی تریش دەیانەوێت ئەوە بە خەڵکی بسەلمێنن کە تەنانەت ئەگەر ئەو کارە تاوانکارییە بۆ خۆی نابێتە کافربوونی کابرا تا باوەڕی دڵ و دەروونیشی لەگەڵدا نەبێت! بەڵام حوکمی کافر بوون دەیگرێتەوە چونکە کارەکەی لە کاری کافران دەچێت و نیشانەی هەبوونی ویستی کافرێتییە لە ناخیدا نەک کارەکە خۆی کافر بوون بوو بێت و ئەویش بە خودی ئەنجامدانەکەی کافر بوو بێت! ئەمەش یەعنی ئەگەر کابرا ئەگەر دەیزانی ئەمە قورئانی پیرۆزەو بە ئەنقەستیش خستیە ژێر پێی و وتی مەبەستی ناخی دڵم سوکایەتی کردنە بە قورئان وکافربوونمە ئینجا حوکمی کافر بوون دەیگرێتەوە! یەعنی ئەگەر وتی مەبەستم کافربوونم نییەو ئەم کارەشم پێ جائیز نییە پێی کافر نابێت! دواتر دێینەوە سەر ئەم نموونەیان و ڕاو بۆچوونیان زیاتر شی دەکەینەوە..

جیاوازی ئەم ڕاو بۆچوونەو ڕاو بۆچوونی ئەهلی سوننەت ئەوەیە کە ئەهلی سوننەت فەرموویانە کە ئەگەر زانیاری بەوە هەبوو کە ئەوە قورئانەو وای لێ دەکات پێی کافر دەبێت. بەڵام سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی ئەم زەمانە وەکو جەهمییەکانی کۆن دەڵێن (کافربوون لە دڵدا) مەرجە بۆ دەرکردنی حوکمی کوفر لەسەر بکەری کاری وا ناڕەوا، ئەگەر ئەم مەرجەی دڵ نەبوو کابرا لە حەقیقەتدا کافر نابێت![1]

(١) ئەوەش بزانین کە جەهمییەکان دەیانوت لەگەڵ ئەوەشدا کە بە حەقیقەت کابرا کافر نەبووە بەڵام حوکمی کافربوونیان لە دنیادا بەسەردا دەدا، بەڵام پاڵانتەوانانی



کە ئەم خاڵانەمــان لا ڕوون بۆوە دەزانین جیــاوازی ڕاو بۆچوونی ئەهلی ســوننەت و ســەلەفییەکانی بەر ســێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســەلەفی ئەم ســەردەمە چین، پێشــەواو چاوســاغانی هــەر هەموو ئەم ســەلەفیانە ئەمە بۆچوونیانەو لەکەســی ناشــارنەوە، چونکــە ئیعتیقادی تەواویان هەیــە کە ڕای ســەلەفیان گرتووە! لــە کاتێکدا ناشــوێرن زۆر تویژینەوە لەســەر بابەتــەکان بکەن نەبــادا بگەنە حەقیقەتــی بۆچوونی ســەلەف و ناچار ببن لەســەر دیدی ڕەســەنی ئەوان بڕۆن! چونکە هەست بە خەتەریاتی هەڵوێســت دەکەن کە لەســەر ئەو ڕاو بۆچوونە ڕەســەنەی ئەهلی ســوننەت دەگیرێتە بەر کە ناســاندنی کافرە بە کافرێتی و ناساندنی موسوڵمانــە بە موسوڵمانێتی خــۆی..

شــێخی ئەلبانی ڕەحمەتــی لە یەکێک لــە شریتەکانیدا لێی دەپرســن: (ئایــا کافر بوون تەنها لــە دڵ و دەرووندایە؟ یان دەشــێت لــە دڵ و زمان و کردارشــدا دەرکەوێت؟ بە شــێوەیەکی تر بپرســین: ئایا کافر بوون هەر بــە ئیعتیقادە یــان بە ئیعتیقادو زمان و کرداریشــە؟) شــێخ لــە وەڵامیدا فەرمــووی: (ئــەوەی من لەم باســەدا لێی تــێ دەگەم[1] ئەوەیــە کە کافر بــوون هەر بــە دڵە، بەڵام گوفتــاری کــرداری واش هەن کــە لەوانەیە لە کەســێکەوە دەرچن کە ببێتــە نیشــانەی کوفرێک کە کەوتۆتــە دڵیەوە، بــەڵام ئێمــە نابینین ئەوە پێویســت بێت کە ئــەو کوفرەی لــە دڵیدا هەیە ببەســتینەوە بــە یەکێک لــەو کردەوانەی لێــوەی دەردەکــەون، چونکە لەوانەیــە پەیوەندییــان پێکەوە هەبێــت و لەوانەشــە پەیوەندییان پێکەوە نەبێت، بــەو مانایەی کــە وەکو دووڕوویــەک وایە کە ئــەو کوفرەی لە

سەلەفیی ئەم سەردەمە حوکمی کافر بوونی نە لە دنیاداو نە لە ئاخیرەتدا نادەن!
(١) بۆ کەســێکی وەک ئەو ســەیرە وا بفەرمووێــت! چونکە دەبــێ بفەرموویت: ئەوەی ئەهلی ســوننەت لەســەرینی، ئەوەیــەو ئەوەیە. نەک ئــاوا کابرای پرســیارکەر بخاتە ســەر نەزانینێکی تر تا بیخاتــە دووی خۆی!



دڵیدایەو ئەو کوفرەی لێـــوەی دەردەکەوێت مەرج نییـــە پەیوەندیان پێکەوە هەبێت، چونکە مونافیق بەکرداری زاهیریی موســـوڵمانە، قورئانیش ڕۆشـــن باســـی ئەعرابی بەم شـــێوەیە کردووە.. من ئەوەی بـــۆم ڕوون بۆتەوە ئەوەیە کە ئاســـانکاری لەم حوکمەدا زەروورییـــە، دەبێ بســـازێنرێن، ئایا کوفر بە دڵ و زمانـــە؟! بەڵـــێ لەوانەیە ببێت، بەڵام ئەســـڵ ئەوەیە کـــە کافربوون لە دڵدایە)..![1]

شـــێخی ئەلبانـــی ڕەحمەتـــی بـــە ڕۆشـــنییەکی وا ڕاو بۆچوونی خۆی دەردەبڕێـــت کە ئاڵـــۆزی تێدا نییە، ئەو بـــە یەقینەوەو زۆر بە ڕاشـــکاوانە دەفەرمووێ:

أ- ئـــەو کردەوانـــەی کە شـــەرع خســـتونییەتییە خانـــەی کوفری گەورەوەو بکەرەکانیان لە بازنەی ئیســـلام و ئوممەتەکـــەی دەباتە دەرەوە، بەڵـــێ هەر وایە بـــەڵام ئەوە لەبەر ئـــەوەی کە بەڵگەو نیشـــانەی هەبوونی کوفرە لـــە دڵ و دەروونـدا نـــەک لەبەر ئـــەوە بێت کەکـــردەوەکان خۆیان کوفرینـن..

ب- ئـــەم کردەوانە ئەگەر کوفـــری ناخی دڵ و دەروونیـــان لەگەڵدا نەبێت (واتە مەبەســـتی کافر بوون نەبێت) نابنـــە کوفرێک (کافر بوونێک) کە بکەرەکانیان لە ئیســـلام و ئوممەتەکەی ببەنـــە دەرەوە، چونکە لەوانەیە ئەم کـــردار کوفرینانە لەگەڵ کوفـــری ناخی دڵ و دەروونـــدا یەک کەوتبن هـــەر وەکو کە دەشـــێت پێکـــەوە نەبـــن[1] ئەگـــەر پێکەوە بـــوون ئەوە کوفری گـــەورەن، ئەگـــەر پێکـــەوە نەبوون ئـــەوە کوفری گـــەورە نابن! بۆیـــە لەوانەیە کەســـێک لای شـــێخی ئەلبانی لـــە زاهیریـــدا کافر بێت (بـــە ئەنجامدانـــی کردارێکی کوفرینی) بـــەڵام لە ناخیدا هەر موســـوڵمانە، یەعنی لـــە حەقیقەتیدا هەر موســـوڵمان مـــاوە (چونکە لـــە دڵ و دەروونی

---

(١)، (٢) الالباني: شريتى التحرير لأصول التكفير / سلسلة الهدى و النور ٨٥٥/١

خۆیدا مەبەستی کافر بوون نەبووە).. دەی سا ئەمەش دەقاودەق باوەڕو قەناعەت و پێناسەو بۆچوونی جەهمی کوڕی سەفوان وساڵحییە کە إن شاء اللّه دواتر دێمەوە سەر ئەم بڕگەیە..[1]

****

(١) سەرنجێک: بەڵام ئێستا پێویستە ئەوە ڕوون کەمەوە کە بەڕاستی ئەم پێوەرەی شێخ کە لەسەر ئەو دووڕووە دەیکات کە لە زاهیریدا موسوڵمانەو لە ناخیدا کافرە! ئەمەش پێوانێکی لاسەنگ و سەقەتەو حوکمێکی باتڵە، چونکە خەڵکی لە دیدی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەوە سێ پۆلن و نابن بە چوار: (موسوڵمان، دووڕوو، کافر). دووڕوو ئەو کەسەیە کە لە زاهیریا ئیسلامی وەرگرتووەو موسوڵمانە بەڵام لە ناخی خۆیدا کافرە، کافریش ئەو کەسەیە کە لە زاهیرو ناخیدا کافرەو باوەڕی نیە.. (بڕوانە ابن تيمية / مجموع الفتاوى ٢٩٠/٧). ئەمما پۆلی چوارەم ئەوە هەر بوونی نیە! مەگەر لای جەهمییەکان و ئەوانەی لەسەر بیردۆزی ئەوان دەڕۆن..

ئەبو سولەیمان الخەتتابی دەفەرمووێ: دەشێت کابرا لە زاهیریدا تەسلیم بە دینەکە بوبێت و وەری گرتبێت، بەڵام لە ناخیدا خۆی پێ تەسلیم نەکات و باوەڕی پێی نەبێت، بەڵام هەرگیز ناشێ کابرا لە ناخیدا ڕاستگۆ بێت و باوەڕی هەبێت بەڵام لە زاهیریدا خۆ بە دینەکەوە پابەند نەکات.. (البغوي: شرح السنة ١١/١)..

دەبێ ئەوە بزانین کە هەر کەسێک بە کردەوەیەکی ئاشکرای کوفرین کوفری لێوە دەرکەوت، ئەوە لای جەهمییەکان و هاوبیرانیان بە پێی کردەوە زاهیرییەکەی (بە کردەوە) کافرە بەڵام لە ناخیدا (بە حەقیقەت) موسوڵمانە! بەڵام لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە زاهیرو ناخیدا کافر بووە.. ئەگەر کابرایەک بڵێ: سەیدنا عیسا خوایە، ئینجا نکوڵی لە هەموو ئیسلام کرد پاشان وتی: دڵم لەسەر هیچ شتێک نیە لەمەی ووتم و باوەڕم پێی نییە، هەر بە کافر حسێبە نەک بە موسوڵمان.. (ابن تيمية: الايمان ل ٣٧٤).

هەروەها شەیخولئیسلام ئیبنو تەیمییە دەفەرمووێ: ئێمە دەزانین کە هەر کەسێک سەربەستانە بێ ئەوەی ناچار کرابێت جنێوی بە خواو بە پێغەمبەرەکەیدا ﷺ یان کەسێک سەربەستانە وشەی کوفری بە دەمدا هات بێ ئەوەی ناچار کرابێت، یان هەر کەسێک گاڵتەی بە خواو ئایەتی قورئان و پێغەمبەری خوا ﷺ کرد حوکمی زاهیرو ناخی کافر بوونە، ئەمما ئەو کەسەی کە دەڵێ: لەوانەیە ئەو کەسەی ئەمانە دەڵێت یان دەکات لەوانەیە هەر بە زاهیریی کافر بێت و لە ناخی دڵ و دەروونیدا موسوڵمان بێت، ئەوە قسەیەکی نابەجێی کردووەو پێچەوانەی بەڵگەنەویستەکانی دینی ووتووە (مجموع الفتاوى ٣٤١/٧) دواتریش ڕاو بۆچوونی پێشەوایانی دیکە دێنینەوە إن شاء اللّه)..

شـێخی ئەلبانی لـە جێیەکی تـردا دەفەرمووێ: وەکو کـە لە هەندێک پرسـیاردا هاتووە ئەگەر کەسـێک جنێوی بە پێغەمبەر ﷺ دا ئەوە داوای تۆبـەی لـێ دەکرێت! ئەگەر تۆبەی کرد ئەوە باشـە ئەگـەر نا ئەوە دەکوژرێـت، بەڵام ئەگەر دەسـبەجێ اسـتغفرالله ی کرد و پەشـیمان بۆوە ئەمە بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی کە بە مەبەسـت و ئەنقەسـت ئـەو کوفرەی نەکـردووە..[1]

ئەوەی دەبێ لەسـەری بوەسـتین ئەو قسـەیەتی کە دەفەمووێ (ئەمە بەڵگەیـە لەسـەر ئەوەی کـە بە مەبەسـت و ئەنقەسـت ئـەو کوفرەی نەکـردووە)، ئەمـەش یەعنی هەر کەسـێک جنێو بە پێغەمبـەری ڕێزدار بدات ﷺ ئەگەر لـە ناخی دڵ و دەروونیدا مەبەسـتی ئەوە بووبێت کە سـوکایەتی بکات و کافر ببێت، کافـر دەبێت! دەنا ئەگـەر جنێوەکەی داو مەبەسـتی ئەوە نەبوو لە ناخـی خۆیدا کافر ببێت ئەوە هیچی لەسـەر نییـە!

بەڕاسـتی ئەمە هەر ئـەو ئیرجائەی قەدیمـەو هیچی لـێ زیاتر نییە! ئەم قسـەیە هـەر ئەوەیە کە کەسـێکی وەکـو جەهمی کوڕی سـەفوان نەیدەتوانی بیڵێت! چونکە ئاشـکرایە کە ئەحکامی شـەرع لـە دنیادا ئەو کەسـانە دەگرێتەوە کە بە ئاشـکرا کوفرێکیان لێ دەرکەوتـووە بێ ئەوەی تەماشـای ناخی بکرێت.. بەڵام (سـەلەفی)یەکان ئەمەیان بە لاوە کاو بایە، جا ئەگەر کەسـێک کوفری لێ دەرکـەوت پێی کافر نەبێـت، کەس جێی گلەیی نامێنێـت چ جای حوکمی سـزای مورتەددا!

***

(١) الالباني: شريتي الكفر كفران / تسجيلات بيت المقدس / عمان ـ الاردن.
سـەرنجێک: لـەوەی کە دەفەرمـووێ: داوای تۆبەی لێدەکرێت، ئەمـە پێچەوانەی کـۆڕا (ئیجماع)ی زانایانە وەکـو کە شەیخولئیسـلام ئیبنو تەیمییە لـە کتێبی (الصارم المسـلول)دا ڕوونـی کردۆتەوە، ئەمـا کە دەفەرمووێ: اسـتغفرالله ی کرد و پەشـیمان بـۆوە، ئەمە مەنعی ئەوەی ناکات کە پێشـتر کوفـری کردووەو کافریـش بووە مەگەر لای مورجیئـەکان هەر بە موسـوڵمانی مابێت..

ئــەوە ڕوونــە کە ســەلەفییەکانی بــەر ســێبەرو مەدخەلییــەکان و پاڵانتەوانانی ســەلەفی کە دەڵێن: (ئەگەر لە ناخــی دڵ و دەروونیدا باوەڕی وا نەبوو، یان مەبەســتی نەبوو) مەبەســتیان لە هەموو ئەمانــە ئەوەیە کە ئەگەر بە ئەنقەســت خۆی کافر نەکــرد! یەعنی ئەگەر لــە ناخی خۆیدا ئەو کارەی بە حــەڵاڵ نەدەزانی! شــێخی ئەلبانی دەفەرمــووێ: ئێمە جیاوازی دەخەینــە نێوان ئــەو کوفرەی بە قســەو کــرداری ســەرزارەکی وتراوەو کراوە بەڵام مەبەســتی ناخی لەگەڵــدا نەبــووە، لەگەڵ ئــەو کوفرەی کە خاوەنەکەی مەبەســتی ناخــی دڵ و دەروونی خۆی وابــووە کافر ببێ.[1]

تەنانەت دەبینیت کە شــێخی ئەلبانــی لەو شریتی (الكفر كفران)ــەدا پۆزشــیش بۆ ئەو کەســە دێنێتەوە کە جنێــو بە پێغەمبەری پێشــەوامان دەدات صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بــەو ئیعتیبارەی (پــەروەردە کردنەکەی خــراپ بووە)! ئــەوەش یەعنــی مەبەســتی لەکردەوەکــەی ســوکایەتی کردن بــووە نــەک کـافـر بوونی..

****

(١) شريتي الكفر كفران / تسجيلات بيت المقدس / عمان ـ الاردن.

ســەرنجێک: لەمەوە ســاویلەکەیی ئەو کەســانەت بۆ دەردەکەوێــت کە لە بەرگری کردن لە شــێخی ئەلبانــی ڕەحمەتیدا خۆیان مانــدوو دەکەن لەوەدا کە شــێخ جیاوازی خســتۆتە نێوان کوفری ڕەفتــارو کافر بوون بە کــردەوە! چ کاریگەرییەکــی گەورە لە جیــاوازی نێوان ئەم دوو حوکمەدا ماوە؟! چونکە شــێخ و دەروێشــە موقەلــلیدەکانی کەس بــە تەنها کــردەوەی کوفرین بە کافــر دانانێن، بەڵکو ســوورن لەســەر ئەوەی کــە حەتمەن دەبێــت کابرای کوفرکەر لە دڵی خۆشــیدا ویســتی کافــر بوونی بووبێت ئەگینا هەر بە موســوڵمانی دەمێنێت و ئیشــکالێکی لەســەر دروســت نابێت، شــێخ ئەمەی ڕاشــکاوانە دەرخســتووە، کە فەرموویەتی: تەنها کوفری ئیعتیقادی خاوەنەکەی لە ئیســلام و ئوممەتەکــەی دەباتە دەرەوە نــەک کوفری کردەوەیی کــە خاوەنەکەی لە ئیســلام و ئوممەتەکــەی ناباتە دەرەوە.. وەکو لە (سلســلة الاحاديــث الصحيحة لە ب٦ ل ١١٢)دا دەفەرمــووێ: کوفــر دوو جۆرە: ئیعتیقــادی و کردەوەیــی، ئیعتیقادیەکە لە دڵدایــەو کردەوەییەکەش بــە ئەندامانی لەش دەکرێــت).. ئەدی کافر بــوون بە کردەوە کـەوتــە کوێــوە؟!

عەلـــی حەلەبی دەڵێ: (هەموو مەســـەلەکان لە بازنـــەی کافربوونێکدان کە لەســـەر هەڵوەشـــاندنەوەی باوەڕو نەبوونـــی ئیعتیقاد دامـــەزراوە).[١] هەورەهـــا دەڵێ: (گۆڕینی شـــەریعەتی خـــوا) بۆ خۆی کارێکـــی کوفرینە؛ (گۆڕینـــی بەڵگەیە لەســـەر کافربوون و نیشـــانەیەکی کافـــر بوونەکەیە بەو مەرجەی بـــاوەڕو قەناعەتێکـــی وای لەگەڵدا بێت کە دەشـــێت حەڵاڵ حەرام بکات یـــان حەرام حەڵاڵ بـــکات).[٢]

ئیبنـــو عوســـێمین کـــە یەکێکە لـــە شـــێخەکانی عەلـــی حەلەبی لە (المجمـــوع الثمـــين ٣٧/١) و (شرح الاصول الثلاثـــة)دا دوای ئەوەی جۆری کوفری ئەو کەســـانەی باس کـــردووە کە شـــەریعەتی خوایـــان گۆڕیووە باســـی مەرجی تەکفیر کردنەکەشـــیان دەکات.. کەچی عەلـــی حەلەبی لە (صيحة نذيـــر بخطر التكفير ل ٦٣)دا کە قســـەکانی ئـــەو دێنێتەوە، حەزەر دەداتـــە خوێنەرانی کتێبەکـــەی کە نەکەن بـــە غەیری جۆرەکـــەی من لە قســـەکانی شـــێخ بن عوســـێمین بگەن، ئینجـــا خوێنەر چەواشـــە دەکات و بـــاس لـــە مەرجەکانـــی کافربوونی جۆری ئـــەو کەســـانە دەکات نەک باســـی کەســـانی دیاری کراو.. ئەوەش بەڵگـــەی ئـــەو گەڕەلاوژێیەیە کە ســـەرەنجامی ڕاست نەڕۆیشـــتن و دید لێڵیـــیان تێی کەوتوون..

پاشـــان دەبینیت کە عەلی حەلەبـــی تەنانەت تەبەڕا لە قســـەو بۆچوونی (مورجیئەی شەرعناســـان)یش دەکات و بۆچوونـــی توندڕەوەکانی مورجیئە دەگرێتەوەبـــەر کە دەڵـــێ: (دوای ئەمە هەر کەســـێک لافی ئـــەوە لێدات کە کردارە دیارەکانی کەســـێک، هەمـــووی یان هەندێکیـــان دەکەونە جێی ئیعتیقـــادو دەبنـــە بەڵگەی ئـــەوەی کە لە ناخـــی دڵ و دەروونـــدا بوغزو نکوڵـــی هەیەو ئەو کەســـەی کـــە ئەحکامی گۆڕیـــووە کافر بـــووە، ئەوە

(١) الحلبـــي: التحذيـــر من فتنـــة التكفير ل ٢١. ســـەیری ئەو ناونیشـــانە بکـــە (فتنة التكفيـــر)! لـــە کاتێکدا کـــە تەکفیر حوکمی شـــەرعە نـــەک فیتنەو ئـــاژاوە..

(٢) الحلبي: صيحة نذير بخطر التكفير ل ٦٤

بەڕاســـتی تێنەگەیشـــتووەو باری قورســـی لە خۆ ناوەو نـــارەوا دواوە)![1]

ئەمـــە بەڕاســـتی موســـیبەتەو حەوقەلە (لا حـــول ولا قـــوة الا بالله)ی دەوێـت..

عەلـــی حەلەبی بـــۆ ئەوەی ئـــەم دەلاقە هەڵـــدڕاوەی خـــۆی پینەکات؛ کارێکـــی تری کـــرد کە هەر لـــەوو ئەمســـالی ئـــەو دەوەشـــێتەوە! کە درۆیەکـــی گـــەورەی بـــە دەم ئیمامـــی ئیبنو تەیمییـــەوە هەڵبەســـت! لە پەراوێـــزی کتێبەکەیدا (صيحة نذير ل ٦٤) و لە شریتەکەشـــیدا (رد شـــبهة التكفيريين) درۆیەک هەڵدەبەســـتێت و دەڵێ: شەیخولئیســـلام ئەو کەســـە بـــە کافـــر دانانێت کە جنێوی بـــە خوای گـــەورە داوە مەگەر لە دڵیشـــیدا ســـوکایەتییەکەی مەبەســـت بووبێت! ئەمە بەڕاســـتی درۆیە، بوختانەو بە دەم ئیمامـــی ئیبنو تەیمییـــەوە دەکرێـــت، حەتمەن خوای پـــەروەردگار لەو دنیادا لـــە عەلی حەلەبی دەپرســـێتەوە لەســـەری، ئـــەو ڕۆژەی هەموو بە ملکەچیـــەوە لە حزووری خـــوای کارزاندا دەوەســـتێتەوە، مەگەر ڕەحمەتی خوای گەورە بیگرێـــتەوە..

کە دەگەڕێیتەوە ئەو شـــوێنەی عەلـــی حەلەبی ئامـــاژەی پێکردووە کە گوایە لە کتێبی (الصارم المســـلول على شـــاتم الرسول)ـــەکەیدایە، دەبینیت کـــە ئیبنو تەیمییـــە باس لەو وشـــانە دەکات کـــە بە جنێو حســـێب بوون کە لەوانەیـــە لای نەتەوەیـــەک بە جنێو حســـێب بن لای نەتـــەوەی تر بە جنێو حســـێب نەبـــن.. ئێ ئەمە لە کـــوێ و بوختانەکەی عەلـــی حەلەبی لە کـــوێ.. دەبا خەڵکی حـــەزەری خۆیان لە دەلەســـەو فـــاک و فیکی عەلی حەلەبی و ئەمســـالی ئەو وەرگـــرن و ئاگاداربن..

یـــا ســـبحان الله چـــۆن خەڵکانێـــک وەک ئـــەم عەلـــی حەلەبییە بێ چـــاوڕاوە ئەو درۆیە بـــە دەم شەیخولئیســـلام ئیبنو تەیمییەوە دروســـت

(١) الحلبي: سەرچاوەی پێشوو ل ٦٤

دەکەن کە گوایە ئەو فەرموویەتی کە ئەوی جنێو بە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بدات کە لە شەرعدا کردارە بەڵام پێی کافر نابێت! مەگەر لە دڵ و دەروونیشیدا سوکایەتیەکەی پێ ڕەوا بێت و مەبەستی بوو بێت! ئەمە لە کاتێکدایە کە ئیبنو تەیمییە رحمه الله ئەو قسەیە دەباتەوە سەر فیرقەی جەهمییەو بە ڕاو پۆچوونی ئەوانی دەناسێنێت..
وەک لە (الصارم المسلول ل ٥١٨)دا دەفەرمووێ: (ئەوانە خاڵێکی تریشیان لێ دەگیرێت، ئەویش ئەوەیە کە باوەڕیان وایە کە دەشێت کەسێک شتێک بە زمان بڵێت و بە دڵی مەبەستی وا نەبوو بێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە دڵ و دەروونی خۆیدا پێغەمبەری ﷺ بە گەورەو بەڕێزو مەزن دانا، ئەگەر بەسەرزارەکی بە پێچەوانەی ئەوەوە شت بڵێ هیچ ئیشکالێکی نییە! هەر وەکو کە دووڕوویەک هەرچی چاکەو خێرێک بە سەرزارەکی بکات سوودی نییە مادام لە ناخی خۆیدا باوەڕی پێی نیە) جا بڕوانە چۆن هەمان قیاسی بەکار هێنایەوە کە پێشتریش شێخی ئەلبانی کردیەوە بە بەڵگەی خۆی! خوا بمانپارێزێت، ئامین..

شەیخولئیسلام دەفەرمووێ: ناوداری مورجیئە ئەبو مەعاز دەڵێ: هەر کەسێک پێغەمبەرێک بکوژێت یان زللەیەکی لێدا کافر دەبێت، نەک بە زللە لێدانەکەی کافر بووبێت، بەڵکە لەبەر سوکایەتی و دوژمنایەتی دەربڕینەکەی کە نیشانەی بوغزاندنێتی.. (مجموع الفتاوی ٣٣٥/٧) دەی ئیتر چی بۆ عەلی حەلەبی مایەوە؟! نازانم..

عەلی حەلەبی بوختانێکی گەورەی تریشی دەرهەق حافز ئیبنو کەسیر هەیە، دەتوانیت هەر لەو لاپەڕە ئاماژە کراوەیدا بیبینیت..

مەسەلەی جنێو دان بە خوای پەروەردگار یان بە پێغەمبەری نازدار ﷺ مەسەلەیەکە هەموو ئیمامە بەڕێزەکان ـ وەکو لە دواتردا ڕاو بۆچوونەکانیان دێنینەوە إن شاء اللَّه ـ لەسەری کۆن کە هەر کەسێک جنێو بە خوای پەروەردگار یان بە پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ بدات

لــە زاهیــرو باتنیدا بە کافر حســێبە، ئیتر بــاوەڕ لە ناخیــدا چییەو چەندە ئــەوە پەیوەندی بــە کارە کوفرینەکەیەوە نییە.. ئەمــەش حەقێکی ڕوون و ئاشــکرایە کەس خۆی لێ گێــڵ و کەڕ نەکردووە مەگەر کەســانێکی وەکو عەلی حەلەبی کــە پەتای جەهمێتییان گرتووەو تووشــی ئەو لاســەنگییە بوون.. خــوا لامان دات..

شــێخی ئەلبانی دەفەرمــووێ: (کافــر دانانی ئەهلی یەکخواپەرســتی بەکردارێک کــە لێــوەی دەرکەوتووە جائیــز نییە، تا ئەو ســاتەی ڕوون دەبێتەوە کە لــە ناخیدا نکوولّی لــە هەندێک لایەنی ئەو شــەرعە دەکات کە خــوای گــەورە ناردویّتی)![1]

لەمــەوە ڕوون دەبێتــەوە کــە (ســەلەفی)یەکان کە پەنــا دەبەنە بەر قســەی شەرعناســە مورجیئــەکان (مرجئــة الفقهــاء) زۆر ناخایانێت کە کەشــف دەبن کــە گەڕاونەتەوە ســەر ڕاو بۆچوونە ئەســڵەکەیان کە هەر ڕاو بۆچوونــی جەهمییەکانە.. چونکە شەرعناســە مورجیئەکان ئەو کەســە بە کافــر دادەنێن کــە کارێکی کوفرینی لێــوە دەردەکەوێت، بــەلام نالێن بــە ئەنجامدانی خــودی کارەکە کافــر بووە، بەڵکــو دەڵێن ئــەو کردار کوفرینــە بۆتە بەڵگەو نیشــانەی نەمانی بــاوەڕ لە ناخــی دڵ و دەروونی بکەرەکەدا.. شــێخی ئەلبانی و قوتابییەکانیشــی لە ئەســڵدا ئــاوا دەڵێن، بەلام دوایــی زیادەیەک دەخەنە ســەر ئــەو ڕاو بۆچوونەیان کــە دەڵێن: (مەبەســت کافربــوون و بە حەلاڵزانــی ناخی بکەرەکە مەرجــە بۆ بە کافر دانانی)! یەعنــی ئەگەر کابرای بکــەری کوفرەکە بڵێ کە مەبەســتی ئەوە نەبــووە کە خۆی کافــر بکات یان لــە ناخیدا بــە حەلاڵــی نەزانیووە بە خــودی کردەوەکە کافر نابێــت، کەوابوو کابرای کافر لای (ســەلەفییەکان) هەر موســوڵمانە چونکــە خۆ لە ناخــی خۆیدا کافــر نەبــووە.. بەلام لای

(١) الالباني / حكم تارك الصلاة ل ٦١

شەرعناســـانی مورجیئە کافر بووە چونکە شتێکی نیشـــان داوە کە بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی باوەڕ لەناخیـــدا نەماوە..

*** ... *** ... ***

* باسی سێیەم *

مەدخەلی و پاڵانتەوانانی (سەلەفێتی) لە (باب الکفر)دا لەسەر عەقیدەی جەهمییەکانن.

شەیخولئیسلام ڕێسایەک لە بابەتی تەکفیردا بۆ ئەهلی سوننەت دادەڕێژێت کە پێچەوانەی ڕاو بۆچوونی هەموو گروپی مورجیئەکانە، ئەویش وایە کە گوفتارو کرداری وا هەیە بکەرەکانیان لە دین و میللەت دەکاتە دەرەوە، بێ سەرنجدانە ئەوەی کە ئایا کابرا لە ناخیدا باوەڕی وا بووە یان پێچەوانەی، ئایا لەگەڵ ئەو کوفرەی بە قسە یان بە کردار ئەنجامی داوە لە ناخی دڵ و دەروونیشیدا باوەڕی بە کوفرەکە هەبووە یان هەر بە قسەو کردار ئەوەی دەربڕیووە.. ئەو ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێ: (بە شێوەیەکی گشتی هەر کەسێک شتێکی وت یان شتێکی کرد کە کوفرین بوو پێی کافر دەبێت، با مەبەستی ئەوەش نەبووبێت پێی کافر ببێت، چونکە کەس ناڕوات بۆ ئەوەی خۆی کافر کات قسەی کوفرین یان کرداری کوفرین ئەنجام بدات مەگەر چۆنها! (الصارم المسلول علی شاتم الرسول لا ١٧٨)..

ئینجا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە باوەڕبوون بەم ڕێسایە بەشێکە لە باوەڕبوون بەوەی کە باوەڕ گوفتارو کردەوەیە، دوای ئەوە دەبینیت چۆن ڕاو بۆچوونی سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی لەم بوارەدا هەڵدەوەشێنێتەوە کە دەفەرمووێ: (ئەگەر جنێوی بە خوا یان بە پێغەمبەر دا ﷺ دەسبەجێ لە زاهیرو باتینیدا کافر دەبێت، جا ئیتر جنێودەرەکە ئەو کارەی بەلاوە حەرام بێت یان حەڵاڵ، لە بیری بێت یان بیری چووبێتەوە، ئەمەش ڕاو بۆچوون و فەتوای شەرعناسان و هەموو زانایانی تری ئەهلی سوننەت و جەماعەتە لەوانەی کە دەفەرموون باوەڕ گوفتارو کردارە.. (الصارم المسلول لا ٥١٢).

کەوابوو هەر کەسێک کە ئیعتیقادی وابوو کە باوەڕ گوفتارو کردارە پاشان ئەوە بۆ بەکافر بوون بکات بە مەرج کە دەبێت کافر

بوون لە ناخی دڵ و دەروونندا هاوکاتی گوفتارو کرداری کوفرین بێت تا خاوەنەکەی بە کافر بزانرێت، ئەوە ڕیسەکەی کردۆتەوە بە خوری چونکە هەم خۆی بە درۆ خستۆتەوە هەم لە ڕێبازی ئەهلی سوننەت لایداوە..

ئیمامی ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی کە لە پێشەوای ناودارانی ئەهلی سوونەتە ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆڕا (ئیجماع) ی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەسەر ئەوەیە کە هەندێک کردار هەن کە کوفرینن، هەر کەسێک ئەنجامیان بدات پێی کافر دەبێت (با لە دڵ و دەروونیشیدا باوەڕی وا نەبووبێت کە حەلاڵ بە حەرام یان حەرام بە حەلاڵ بزانێت، یان پێغەمبەر ﷺ بەدرۆ بخاتەوە یان نکوڵی لە شتێک لە شەریعەتەکەی بکات) بۆیە دەفەرمووێ: (زانایان ڕایان لەسەر ئەوە کۆیە کە هەر کەسێک جنێو بە خوای گەورە یان جنێو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بدات یان شتێک لەوە ڕەت کاتەوە کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە یان پێغەمبەرێک بکوژێت، کافر دەبێت با باوەڕیشی بە هەموو ئەوە هەبێت کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە.. (الصارم المسلول لا ٤٠).

ئینجا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوە فەتوایەکە کە هەموو زانایان ڕایان لەسەرێتی بۆیە دەفەرمووێ: ئەمە بۆچوونێکە کە زانایان لەسەری کۆن، هەموویان ئەم کەسەیان بە کافر داناوە، لایان هەر وەکو ئەو کەسە وابووە کە نکووڵی لە برگەیەکی شەریعەتی خوایی کردبێت.. چونکە ئەو موسوڵمانەی کە باوەڕی بە خوای پەروەردگار هێناوەو بەوەش هێناوە کە لە لایەن ئەوەوە هاتووە بەڵام پێغەمبەرێک دەکوژێت یان یارمەتی کوشتنی دەدات کافر دەبێت، با بشڵێت کوشتنی پێغەمبەران حەرامە.. (المروزي: تعظیم قدر الصلاة ٩٣٠/٢ لە کتێبی نواقض الایمان وەرگیراوە لا ٤٣ و ٤٤)..

دە سەیری ئەمە کەو سەیری هەڵوێستی سەلەفییەکانی بەر سێبەرو

مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی بکە، بزانە لەم کێشە دژوارە چارنووسسازەدا چەند لە کۆڕا (ئیجماع)ی پێشەوایان و زانایان و شەرعناسانی ئەهلی سوننەت دەرچوون! بەوەی کە بە حەڵاڵ زانینی کوفریان لە ناخی دڵ و دەروونی بکەری گوفتاری کوفرین یان ڕەفتاری کوفریندا کردووە بە مەرج! لەوەدا کە کافر بوونی ناخیان کردووە بە تەنها هۆکارێک بۆ کافر بوون! لەگەڵ ئەم دیدە لێڵەشیاندا گوێیان لێ بگرە تەنها خۆیان بە شوێنکەوتووی سەلەف دەزانن! هەر پێیان وایە خۆیان درکی هەموو لایەن و ڕەهەندەکانی باوەڕیان کردووەو عەقیدەیان پاکەو تەواوە لە کاتێکدا کە هەندێکیان لە ڕیزی مورجیئەشدا وان لە دواوە!

ئیمامی ئیبنو جەریری تەبەری ڕەحمەتی خوای لێ بێت کە بەرپەرچی ئەو کەسانە دەداتەوە کە (مەبەستی کافر پێبوونیان) پێ مەرجە بۆ دەرکردنی حوکمی کافر بوونی کەسێک کە کردارێکی کوفرینی ئەنجامداوە، لە تەفسیری ئەو ئایەتەی قورئاندا کە دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِٱلْأَخْسَرِينَ أَعْمَٰلًا * ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴾ الكهف / ١٠٣ ـ ١٠٤. واتە: بڵێ: ئەرێ هەواڵی ئەو کەسانەتان بدەینێ کە زەرەرمەندترین کاریان کۆکردۆتەوە، ئەوانەی کە هەموو ڕەنجی دنیایان بە با چوو، کە واشیان دەزانی کاری چاکەیان ئەنجامداوە؟!

تەبەری دەفەرمووێ: ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر بۆچوونی هەڵەی ئەوانەی کە وا دەزانن کە هیچ کەسێک دوای خواناسین و بەیەکزانینی خوای گەورە کافر نابێتەوە مادام مەبەستی کافر بوون نەبووبێت.. چونکە دەبینیت کە خوای پەروەردگار لەم ئایەتەدا وەسفی سیفەتی ئەو کەسانە دەکات کە ئەو هەموو هەوڵ و ڕەنجەی لە دنیادا دایان بە هەدەر چوو، گومڕا بوون! با خۆشیان هەر وایان زانیبێت کە کارو کرداری چاکیان ئەنجام داوە! لە وەسفی حاڵ و چارەنووسیاندا دەفەرموویێت: ئەوانە خۆیان کافر بووبوون.. ئەگەر مەبەست لەم ئایەتە

ئــەوە بوایە کــە دید لێــڵەکان دەیڵێن کە گوایــە کەس کافــر نابێتەوە تا خۆی شــارەزا نەبێــت و نەزانێــت، دەبوو خــوای گەورە پاداشــتی خێرو چاکەی ئەمانــەی بدابایەتەوە چونکــە خۆ بۆ خۆیان هــەر باوەڕیان وابووە کــە کارو کــرداری چاکیان کــردووە بەڵام هــەق بە پێچەوانــەی ئەوەی ئەوانــەوە بووە! بۆیە خــوای گــەورە دەرهەقیان فەرمــووی: ئەوانە کافرن و کارو کردەوەیــان پووچەڵەو مایــەی قبووڵ نییە.. (الطــبري: جامع البيان ١٦/٢٨).

ئیمامــی ئیبنــو حەجەر ڕەحمەتــی خوای لێ بێــت لە (فتــح الباري)دا دەفەرمووێ: کەســانی وا هەیە لە ناو موســوڵمانان‌دا کە لــە دینەکە دەچێتە دەرەوە بــێ ئەوەی خۆی مەبەســتی بووبێــت! بێ ئەوەی دینێکی تریشــی قبــووڵ کــردبێــت..

شــێخ حەمەد بن عەتیق العیــدی نەجدییش ڕاو بۆچوونی (ســەلەفی) و (ئەســلاف) یــان هەڵدەتەکێنێتەوە کە لــە کتێبی (الدفاع عن أهل الســنة والاتبــاع لا ٢٢ ـ ٢٣)دا دەفەرمــووێ: تەرەفی بەرامبەر لــە کۆی فەتوای قورئان و ســوننەت و ڕاو بۆچوونی یــاوەران و ئەوا نییــە دوای ئەوانیش بــەوە دەردەچێــت کە دەڵێ: (هــەر کەس دڵی بــە کوفر گەشــایەوە، واتە پێی دڵخــۆش بوو، پێــی ڕازی بــوو، لە دینەکــە پاشــگەزبۆوە و ناخی بــە کافر بوون ئاســوودە بــوو، ئەوە ئــەو کەســەیە کە ئێمە بــە کافری دەزانیــن (هەر وەکو کە ســەلەفییەکانی بــەر ســێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســەلەفی ئەمــڕۆش دەیڵێن!) واتە هەر کەســێک بە ڕوون و ڕاشــکاوی گوفتارێکی کوفرینی یــان ڕەفتارێکی کوفرینــی کردو لە ناخی دڵ و دەروونیشــیدا پێی خۆش بوو، پێی ئاســوودە بوو، ئینجــا بە لامانەوە کافرە).. ئەم قســەیە زۆر ناهەقــە، چونکە ڕاشــکاوانە پێچەوانەی تەواوی دەقە، بەرهەڵســتییەکی ئاشــکرای ڕێــازی موســوڵمانانەو نەفامی زەقە! چونکە قورئانــی پیرۆزو ســوننەتی پێغەمبەر پێشــەواو ﷺ کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتە.. هەموو لەســەر ئەوەن کە هــەر کەس کوفرێکی وت،

یان کوفرێکی کـــرد پێی کافر دەبێت، ئاســـوودەیی دەروون و پێخۆشـــحاڵ بـــوون پێی بـــە هیچ شـــێوەیەک نابێتە مەرجـــی، مەگەر ناچـــار کرابێت.. ئەمما ئەو کەســـەی ئازادو سەربەســـتەو کوفر دەکات و پێشـــی دڵخۆشە و ئاســـوودەیە؛ وەڵا ئەوە کافـــری موتڵەقەو دوژمنی خـــواو پێغەمبەری خوایە ﷺ بـــا بەزمان یان بەکرداریشـــی نەڵێت کە دوژمنیانـــم.. ئەمەش بە بەڵگەی قورئـــان و حەدیس و ئیجماعـــی زانایانی ئوممەت ســـەلمێنراوە. (لە کتێبی الجامـــع في طلب العلم الشريـــف / عبدالقادر عبدالعزيـــز وەرگیراوە لا ٥١١).

151 ئیمامـــی ئیبنو حەزمیش هـــەر بەرپەرچی ئەو کەســـانە دەداتەوە کە کافر بوون لـــە (نکووڵی کـــردن و بە حەڵاڵ دانانـــی حەرام)دا دەبینـــن و بەس.. بۆیە لە تەفســـیری ئەم ئایەتەدا کە دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَٰرِهِم مِّنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَى ٱلشَّيۡطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمۡ وَأَمۡلَىٰ لَهُمۡ ذَٰلِكَ * بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لِلَّذِينَ كَرِهُواْ مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ سَنُطِيعُكُمۡ فِي بَعۡضِ ٱلۡأَمۡرِۖ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِسۡرَارَهُمۡ ﴾ سورەتی محمد / ٢٥ ـ ٢٦. واتە: ئەو کەســـانەی کە لـــە دوای ئەوەی هیدایـــەت و ڕێنمایی خواییان بۆ دەرکەوت پاشـــگەز بوونـــەوە، ئەوانە شـــەیتان تەفرەی دابوون و ئەو ڕێـــی نیشـــاندابوون! چونکە بەو کەســـانەیان دەوت کـــە قورئانیان دەبوغزاند: باشـــە گوێڕایەڵیتان لە هەندێک شـــتدا دەکەیـــن! خوای گەورە نهێنیەکانیـــان دەزانێت.. ئیبنو حـــەزم دەفەرمووێ: ئەوانـــە گەرچی حەقیان دەزانی بـــەڵام خوای گەورە خســـتنییە ڕیـــزی کافرانەوە، ئەوانـــە ڕێنمایی خواییـــان بۆ هاتبوو، هیدایەتیـــان وەرگرتبوو، بەڵام هەر بە قســـە ئەوەیان بە کافرەکان دەوت: باشـــە لە هەندێک شتدا بە قســـەتان دەکەین! گوێڕایەڵیتان دەکەیـــن! خوای گـــەورە دەفەرمووێ خـــوا نهێنیەکانیـــان دەزانێت! خوای گـــەورە نافەرمـــووێ: ئەوانـــە نکووڵیـــان کـــردووە! بەڵکـــو ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتـــەوە کە ئەوانـــە دینەکەیـــان وەرگرتووەو لە ناخیانـــدا هەقیان بەڕاســـت زانیووەو پەسەندیان کـــردووە، چونکە هیدایەتەکەیان وەرگرتووە، ئاشـــکرایە کە هەر کەســـێک حەقی بۆ ڕوون بۆوە شـــتێکی نا مومکینە بە دڵ نکووڵـــی لێ بکات، مـــادام لە ناخی چەســـپیوە هەر لـــە ناخی خۆیدا

بــە درۆی نازانێت بــەڵام ســەرزارەکی پێچەوانەی دەبێتــەوە.. (ابن حزم: الفصــل في الملل و الاهــواء والنحل ٣/٢٢٠).

ئیمامــی ئەبوبەکــری شــافیعی زۆر نموونە لــەو گوفتــارو کردارانە دێنێتەوە کە ئەهلی ســوننەت لەســەر کافــر بوونی ئەنجامدەرەکــانیان پێیــان، ڕێکن، با خاوەنەکانیشــیان هــەر لاف و گەزافی ئــەوە لێدەن کە لــە دڵ و دەروونیاندا مەبەســتیان کافر بــوون نەبووە.. ئــەو دەفەرمووێ: (بــۆ نموونە ئەگەر کەســێک بــە دوژمنەکــەی بڵێت: ئەگەر خــوا بوایە نەمدەپەرســت، پێــی کافر دەبێــت.. یان ئەگــەر پێغەمبەری خــوا بوایە بــاوەڕم پێــی نەدەهێنا، پێــی کافر دەبێــت.. یان نەخۆشــێک دوای چاک بوونــەوەی بڵێت: ئەوەنــدەم نارەحەتی لەم نەخۆشــیەمدا چێشــت ئەگەر ئەبوبەکری ســددیق و عومەری کوڕی خەتتابیشــم بکوشــتایە شایانی ئەو هەموو ناســۆرە نەدەبووم، پێی کافــر دەبێت.. یان ئیددیعایــەی ئەوە بکات کــە وەحی بۆ هاتووە با نەشــڵێت پێغەمبــەرم هەر کافر دەبێــت.. یان بڵێت دەچمە بەهەشــتەوەو لە میوەی دەخــۆم و حۆرییەکانیشــی لەئامێز دەگرم، بە پێــی کۆڕا (ئیجــماع)ی زانایــان پێی کافــر دەبێت.. ئائەمــەو هەموو قســەیەکی تــری ئاوا کــە هەندێک ســۆفی زندیــق خــوا بیانفەوتێنێت دەیڵێن.. یان کەســێک جنێوێک بــە یەکێک لە پێغەمبەرانــی خوا بدات، یان گاڵتــەی پێ بکات، بە کــۆڕای زانایان کافر دەبێت.. ئەگەر کەســێک بڵێت من پێغەمبــەرم، یەکێکی تر لــەولاوە بڵێ ڕاســت دەکات، پێی کافر دەبێت.. گەر کەســێک بــێ بەڵگە بە موســوڵمانێک بڵێت هــۆ کافر، پێی کافر دەبێت چونکە ئیســلامەتی کابرای موســوڵمانی بە کوفر ناســاندووە.. ئەگەر کەســێک بڵێ منداڵەکــەم بمرێت دەبمــە جولەکە یان مەســیحی دەســبەجێ بەو قســەیەی کافر دەبێت.. ئەگەر کافرێک بە موســوڵمانێکی وت دەمەوێ موســوڵمان ببم فێری شــایەتمانم کــە تا بیڵێم، ئــەم ئاماژەی ئــەوەی بۆ بکات کە لەســەر دینــی خۆت بمێنێــەوە پێی کافــر دەبێت.. ئەگەر شایەتمانەکەشــی پــێ نەهێناو لێی گــەڕا هەر پێی کافــر دەبێت.. ئەگەر دوو کەس شــەڕە قســەیان بوو، یەکێکیان وتی لاحــول ولا قوة الا

باللـــه ئـــەوی تریان بڵێ: لاحـــول ولا قـــوة الا بالله کەس تێر نـــاکات، بەو قســـەیەی کافر دەبێت..

ئەگەر کەســـێک گوێـــی لە بانگ بێـــت و بڵـــێ درۆ دەکات، پێی کافر دەبێـــت.. گەر بڵێ لـــە قیامەت ناترســـم، پێی کافر دەبێت.. گەر کەســـێک لەو کاتـــەدا کە لـــە منداڵەکەی خـــۆی دەدات، یەکێکی تر پێـــی بڵێت بۆ وای لێ دەکەیت مەگەر موســـوڵمان نیت؟! بە ئەنقەســـت بڵـــێ: نەخێر، بەم وەڵامـــەی کافر دەبێـــت.. بڕوانە کتێبـــی (الجامع في طلـــب العلم الشريف/ عبدالقادر بـــن عبدالعزيز لا ٤٩٠ ـ ٤٩١)..

شەیخولئیســـلام ئیبنو تەیمییە ئـــەوە بە کۆڕای زانایان و شەرعناســـانی ئیســـلام نەقـــڵ دەکات کـــە جنێودان بـــە خوای گـــەورە یان بـــە پێغەبەر ﷺ هـــۆکاری کافـــر بوونە بـــێ ئەوەی گـــوێ بەوە بدرێـــت کە لە ناخـــی جنێودەرەکـــەدا باوەڕ هەیـــە یان کوفـــر.. بۆیە دەفەرمـــووێ: قازی ئەبویەعـــلا دەفەرمـــووێ: هەر کەســـێک جنێـــوی بە خوا یـــان جنێوی بە پێغەمبەر ﷺ دا پێی کافـــر دەبێت، ئیدی ئـــەو جنێودانەی بە حەڵاڵ زانیبێـــت یان بە حـــەرام.. (الصارم المســـلول لا ٥١٣).

ئیبنو تەیمییە لە کتێبی (مجموع الفتاوی)شـــدا لە باســـی ئەو کەسانەدا کە لـــە ڕێگای ســـەفەری خۆیانـــدا گاڵتـــەو لاقرتێیان دەکـــردو نوکتەیان لەســـەر ئیســـلام و موســـوڵمانان دەگێڕایەوە، خوای گەورە ئایەتی قورئانی دەرهەقیان نـــاردە خوارەوە کە پـــۆزش مەهێننەوە تازە بەو قســـانەتان کافر بـــوون ﴿لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ﴾ التوبـــة/٦٦. دەفەرمـــووێ: خوای گـــەورە ئـــەوە ڕوون دەکاتەوە کـــە ئەو کەســـانە دوای ئـــەوەی باوەڕیان هێناوەو موســـوڵمان بوون کافر بوونەتـــەوە، هەرچەندە هـــەر دەیانوت ئێمە ئەوانەمـــان هەر بـــە زماندا هاتـــووەو وتومانـــە دەنا باوەڕمـــان هەر وەکو خۆی ماوەو موســـوڵمانین، ئێمە ســـوعبەتمان دەکرد، گاڵتـــەو گەپمان دەکرد. (ابـــن تيمية / مجموع الفتـــاوى ١٤٠/٧.

ئینجا ئیبنـــو تەیمییە رحمـــه الله ڕەد لەو کەســـانە دەداتـــەوە کە پێیان

وایــە ئەگەر کەسـێک جنێـوی بە خـوای کردگار یـان بـە پێغەمبەر ﷺ دا بـەو مەرجەی مەبەسـتی کافر بـوون بووبێت یـان لە دڵ و دەروونیـدا جنێودانی وای بـە حەڵاڵ زانیبێـت ئینجا کافـر دەبێت! ئەمما ئەگـەر وتی کـە لە ناخـی خۆیدا بـە حەڵاڵـی نەزانیووە یـان وتی کە مەبەسـتی سـوکایەتی نەبووە (وەکو لەم سەردەمەشـدا عەلـی حەلەبی) دەیڵێتـەوە یان وەکو ئەوەی شـێخی ئەلبانـی دەڵێ: ئـەوە بەڵگەی خراپ پەروەردەکردنێتـی!) ئـەوە کافر نابێت!

ئیبنـو تەیمییە دەفەرمووێ: ئەو قسـەیەی کە دەڵێ گوایە شەرعناسـان ڕایـان وابووە کە ئەگـەر جنێودەرەکـە جنێودانی بە خواو بـە پێغەمبەری خـوا ﷺ بـە حەڵاڵ زانـی ئینجا پێـی کافـر دەبێت، ئەگـەر نا، کافر نابێت! ئەسـڵ و ئەساسـی نییـە.. ئەمە ڕای شەرعناسـان نییە، ئەمە قسـەی هەندێک لـە موتەکەلـلیمینە (ئەهلی کـەلام و فەلسـەفە) کە قسـەی شەرعناسـانیان وا نەقڵ کردۆتـەوە کە وایان زانیوە بە پێی ڕێسـا ئوسـوڵییەکانی ئەوانەو لەگەڵ هەواو هەوەسـی ئەواندا یـەک دەگرێتەوە، ئـەوەش وا نییە، ئـەوەی ئەوان لێیانـەوە نەقڵ کردوون شـەرعناس نین و خوێندکارانـی فیقهن، کـە ڕاو بۆچوونیان بـە فەتوا دانانرێـت.. ئێمە ڕاو بۆچوونی زانایان و شەرعناسـانی پێشـەوایانمان هێنایەوە و کۆڕایانمان لە کەسـانێکەوە نەقڵ کرد کە شـارەزاترین کەسن لە ناسـینی دیدو تێڕوانین و فەتـوای ئەو پێشـەوایانەدا.. ئیتر با کەسـێک گومانی ئـەوە نەبات کە مەسـەلەکە ئیجتیهـادو ڕاجوێیـی هەڵدەگرێت و ڕاو بۆچوونـی جیاوازی تێدایـە. نەخێـر.. ئـەوە هەڵە بینینـە، چونکە کـەس ناتوانێـت بە هیچ شـێوەیەک ڕاو فەتـوای یەکێک لە پێشـەوایانی شـەرعەوە نەقڵ بکات کە ئەو بۆچوونەی نەبووە کـە ئێمە هێناومانەتەوە.. (داخۆ سـەلەفییەکانی بەر سـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سـەلەفی لێـرەدا چی بڵێن؟!) بەڵگە لەسـەر ئـەوەی هێناومانەتەوە زۆر زۆرە کە هەموو ئەوە دەسـەلمێنن کـە ئەوی جنێـوی بە خـواو بە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دا بە جنێو دانەکـەی کافر دەبێـت وەکو ئـەوەی کە خـوای گـەورە دەفەرمووێ:

﴿ وَمِنْهُمُ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلنَّبِيَّ ﴾ التوبة/٦١. واتە: ئەوانە هەیانە ئازار بە پێغەمبەر صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگەیێنێت.. یان ئایەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾ الاحزاب / ٥٧. واتە: ئەو کەسانەی کە ئازار بە خواو بە پێغەمبەرەکەی صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگەیەنن.. یان: ﴿ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ﴾ التوبة ٦٦. پۆزش مەهێننەوە، ئێوە دوای موسوڵمان بوونتان کافر بوونەتەوە..

ئەو حەدیس و بەڵگانەی تر کە هێنامانەوە کە تەنها ئازاردانی خواو پێغەمبەر صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆی لە خۆیدا مایەی کافر بوونەکەیە، بێ گوێدانە ئەوەی ئایا لە ناخی کابرای جنێودەردا باوەڕ هەیە یان نا، یان ئەو جنێودانەی بە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە جائیز زانیوە یان نا؟ پێی حەڵاڵ بووە یان نا.. (ابن تیمیة: الصارم المسلول علی شاتم الرسول لا ٥١٦ ـ ٥١٧)..

ئەوە کۆڕا (ئیجماع) ی شەرعناسان و پێشەوای موسوڵمانان لەسەر ئەو مەسەلەیە کە کۆڕایەکە هاوشێوەی زۆر کەمە، ئەوی لەم کۆڕایەش دەردەچێت خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت و مورجیئەیەو بە زۆری زۆرداری دەیەوێت هەر (سەلەفی) بێت.. ئەمەش زێڕی تەزویرەو زۆر زوو پەڵە پەڵە دەبێت و لە ناو گەردانە زێڕەکاندا حەیای دەچێت. خوا لاماندا..

شەیخولئیسلام حاڵی مورجیئەکان باس دەکات کە چۆن دوای ئەوەی ئیقامە حوججەیان لەسەر دەکرێت و قسەیان لەبەرامبەر ئەم کۆڕا (ئیجماع) ئوممەتەدا پێ نامێنێت پەنا دەبەنە بەر ئەوەی کە دەڵێن: ئەم گوفتارو کردارانە بۆ خۆیان کوفر نین بەڵام دەبنە نیشانەی هەبوونی کوفر لە دڵی خاوەنەکانیاندا! دەفەرمووێ: (ئەمانەی قسەکانی جەهم و سالحی دووبارە دەکەنەوە، زۆرجاریان وتووە کە جنێو دان بە خوای گەورە و بە پێغەمبەرەکەی صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یان وتنی سێ پیرۆزەکەی مەسیحییەکان، یان هەر قسەیەکی تری کوفرین، کوفری ناخ ناگەیێنێت، (یەعنی هەر بە سەرزارەکی کوفرە) بەڵام بەڵگەیە لەسەر هەبوونی کوفر، بۆیە دەشێت ئەو کەسەی کە بە زار جنێو بە خواو پێغەمبەر

ﷺ دەدات لــە ناخیدا یەکخواپەرســتێکی خوانـــاس بێت و زۆریش دینــدار بێت (وەکو ئــەوەی ئەلبانیــی ڕەحمەتــی دەڵێت ئــەوە بەڵگەیە لەســەر ئەوەی کە باش پــەروەردە نەکــراوە!) ئینجا کــە ئیقامە حوججە دەکرێن بە دەقێکی ڕۆشــن و ڕاشــکاو یان بــە کۆڕای زانایـان کە ئەمە لە نــاخ و ڕووالّەتــدا کوفــرە، دەڵێن: ئەوە مانــای وایە کــە کوفرێک لە ناخیــدا هەیە)! (مجموع الفتــاوى ٥٥٧/٧).

ئیمامــی ئیبنــو حەزمیش بە تونــدی بەرپەرچــی ئەوانــە دەداتەوە کە خــودی کافربوونی ســەرزارەکی بــە کافر بــوون نازانن و پێیــان وایە (نیشــانە)ی هەبوونــی کوفرە لە ناخــی خاوەنەکەیداو ئەگــەر بکەرەکەی مەبەســتی کافر بــوون نەبووبێــت هیچ حوکمێکــی کوفــر نایگرێتەوە، چونکە بە حســاباتی ئــەوان تەنها کافربوونی ناخ حســێبەو موســوڵمان بە ئەنجامدانی ئــەو لە دیــن و ئوممەتەکــەی دەچێتــە دەرەوە.. ئیبنو حەزم دەفەرمــووێ: (ئەوانــە دەڵێن: جنێــو دان بە خــوای پــەروەردگار یان بە پێغەمبەری نــازدار ﷺ هۆکاری کافــر بوون نییە، بــەڵام بەڵگەیە لەســەر هەبوونی کوفرێک لــە دڵ و دەروونیــدا) (ابن حــزم: الفصل في الملل و الاهواء والنحــل ١٩٩/٣).

ئەمــە ئەو ئیمامــی ئیبنو حەزمەیە کــە ئیمامی ئیبنــو تەیمییە دەرهەقی دەفەرمــووێ: (ئەبو محمــد ئیبنو حەزم لە مەســەلەکانی بــاوەڕو قەدەردا ڕاســتترە لــە خەڵکی تــر، شارەزاتریشــە لــە حەدیس و زۆریــش ڕێزی فەرمــوودەو فەرموودەوانانــی لایە).. (مجمــوع الفتاوى ١٧/٤).

ئیمامــی ئیبنو تەیمییە بۆ خۆشــی دەفەرمــووێ: (هــەروەها کە دەڵێن (مەبەســتی مورجیئەکانــە) هــەر کاتێک شــەرع حوکمی کافــر بوونی کەســێکی بە کردارێک یــان بە گوفتارێــک دا کە ئەنجامــی دابوو ئەوە مانــای ئەوەیە کــە کوفرێک لە دڵیــدا هەیــە.. ئەمە خۆی لــە خۆیدا دژ بەیەکــە.. ئەگــەر ئەمەیان لا بێتــە بەڵگەی ئــەوەی کە بــاوەڕ لە دڵدا دەشــێت نەمێنێت، بەڵگەشە لەســەر ئەوەی کە خودی باوەڕەکە هــەر لەو

دڵەدا نەچەسپیوە، چونکە ناشێت کوفرو باوەڕ لە یەک کاتدا لە یەک دڵدا جێگیر بین! ئەمەش نابێتە بەڵگە تا بۆ بەرگریی لە بۆچوونی خۆیان بیهێننەوە).. (مجموع الفتاوی ٦٤٤/٧).

ئیبنو حەزم لە (المُحَلَّى)کەیدا دەفەرمووێ: (لەسەر ئەم زەمینەدا کەسێکی موسوڵمانت بەردەست ناکەوێت کە بڵێ جنێودان بە خوای گەورە نابێتە کوفر، کەچی جەهمییەو ئەشعەرییەکان کە دوو کۆمەڵن هەرچەندە زۆر ئیعتیبار بۆ بۆچوونەکەیان دانانرێت، بەڵام بەردەوام دەڵێن: جنێودان بە خواو ڕاگەیاندنی کوفر کافربوون نییە! تەنانەت هەندێکیان دەڵێن: ئەو کەسەی کە جنێو بە خوا دەدات بە دڵنیاییەوە دەڵێین کافر نابێت، ئەگەرچی جنێوەکەی بەڵگەی هەبوونی کوفرە لە ناخی دڵ و دەروونیدا)! (المحلى بالآثار ٤٩٨/١٣).

لە کتێبێکی تریشیدا دەفەرمووێ: (کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا۟ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ﴾ النساء / ١٤٠. واتە: خوای گەورە لە پەیامی خۆیدا بۆی ناردوون کە ئەگەر لە شوێنێک بیستتان وا گاڵتە بە ئایەت و فەرمایشتەکانی خوای پەروەردگار دەکرێت، لەو شوێنە لەگەڵ ئەوانەدا دامەنیشن مەگەر قسەو باسەکەیان بگۆڕن بە شتێکی تر، ئەگینا ئێوەش وەکو ئەوانن.. ئەمە ئەوە دەردەخات کە قسەی وا هەیە کە دەرهەق بە ئایەت و فەمایشتی خوای گەورە دەکرێت، کوفرەو دەبیسترێت! یان کە دەفەرمووێ: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ * لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةًۢ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ﴾ التوبة / ٦٥ - ٦٦. واتە: بڵێ: چما ئێوە گاڵتەتان بە خواو بە ئایەت و فەرمایشت و بە پێغەمبەرەکەی دەکرد؟! پۆزش مەهێننەوە، تازە ئێوە بە تەئکید دوای باوەڕ هێنانەکەتان کافربوونەتەوە، ئەگەر لە هەندێکیشتان خۆش ببین دەستەیەکی ترتان هەر دەخەینە ژێر سزای بەژانی خۆمانەوە لەبەر

ئـــەوەی کە تاوانبارن.. (الفصـــل في الملل و الاهواء و النحـــل ٢٠٤/٤). ئەمە فەرمایشـــتی خوای گەورەیە کـــە ئـــەوە ڕاشـــکاوانە ڕوون دەکاتەوە کە گاڵتەکـــردن بە خـــوای گەورە یـــان بە ئایـــەت و فەرمایشـــتەکانی یان بە پێغەمبەرێـــک لـــە نێردراوەکانـــی کافربوونێکە کە خاوەنەکـــەی لە دین و ئوممـــەت دەباتـــە دەرەوە، خۆ خوای گـــەورە نەیفەرموو: بەڵـــێ دەزانم کە لـــە دڵ و دەروونتانـــدا کوفرێک هەیە! بەڵکـــو هەر بـــە گاڵتەکردنەکەیان بە کافـــری ناســـاندن، گاڵتەکردنەکەی کـــردە مایەی حوکمەکـــەی، ئیدی هەر کەســـێک غەیری ئەمە بڵێت ئەوە قســـەی بە دەم خواوە هەڵبەســـتووە لەوەی کە ئـــەو نەیفەرمـــووە، ئەمەش یەعنـــی درۆکردن بە نـــاوی خوای گـــەورەوە.. (ابن حـــزم: الفصل في الملـــل و الاهواء والنحـــل ٢٠٤/٤)..

ئینجا لە هەمان ســـەرچاوە لاپەڕە (٢١٨/٤ - ٢٢٠)دا نموونەیەک لەســـەر ئـــەوە دێنێتـــەوە کـــە جەهمی و ئەشـــعەری و ئـــەوی بۆچوونـــی ئەوانی گرتۆتـــە بەر دەیڵێـــن، ئیبنو حەزم دەفەرمـــووێ: (ئەمە وەکو ئـــەوە وایە کە پێغەمبـــەر ﷺ بفەرمـــووێ: کەس ئەمـــڕۆ غەیری کافـــر ناچێتە ناو ئەو خانـــووەوە، یان هەر کـــەس ئەمڕۆ بچێتـــە ناو ئەو خانـــووەوە، کافرە.. ئەوانە (مەبەســـتی لە مورجیئـــەو هاوبیرانیانە) دەڵێن: ئـــەوی دەچێتە ئەو خانووەوە بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی کـــە باوەڕی وایە کافـــرە نەک بە خودی چوونە خانوەکەوە کافـــر ببێت..

ئەبـــو محمد (ئیبنو حەزمەو مەبەســـتی لە خۆیەتی): دەڵـــێ: ئەمە درۆو دەلەســـەیەو پەردەپۆش کردنێکـــی لاوازانەیە، چونکە هـــەر خودی چوونە ژوورەوەی ئەو خانووە لەو ڕۆژەدا کافر بوونێکی ڕۆشـــن و ڕاشـــکاوانەیە، لەوانەیـــە ئـــەو کەســـەی دەچێتـــە خانووەکـــەوە فەرمایشـــتی خـــواو پێغەمبەرەکـــەی ﷺ بە ڕاســـت بزانێت و ئیماندار بێـــت بەڵام هەر بە چوونـــە ژوورەوەکەی هەموو کارو کردەوەکانی پووچـــەڵ دەبێتەوە! خۆ دوو موســـوڵمان لەســـەر ئەوە ڕا جوێ نابن کـــە چوونەژوورەوەی ئـــەو خانووە جائیـــز نییە نە بۆ عائیشـــە یـــان ئەبوبەکر یـــان عەلی یان هـــەر یەکێک

لــە خێزانەکانــی پێغەمبەر صَلَّى ٱللَّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و نە بــۆ هەر یاوەرێکــی تر خوا لە هەموویان ڕازی بێت، ئەوانــەی کە خوای گەورە دەرهەقیــان فەرموویەتی کە خوا زانایە بــەوەی لــە دڵ و دەروونیاندا هەیە (لە بــاوەڕو تەقوا) بۆیە هێمنی و ســوکنایی خۆی بــۆ ناردنە خوارەوە.. باشــە لەگەڵ ئــەم باوەڕو پلــەو پایەیاندا ئەگــەر هەر یەکێک لــەو بەڕێزانە لــەو ڕۆژەدا بچێتە ئەو ژوورەوە گومانــی تێــدا نییــە کافر دەبــن، گومانیش لــەوەدا نییە کە بە چوونەژوورەوەکــە کافر دەبن، نەک بەوەی پێشــتر کافــر بووبن و چوونە ژوورەوەی ئەو ڕۆژەیان بووبێتە نیشــانەو بەڵگەی کوفرێک کە پێشــتر لە ناخیاندا هەبووبێــت! ئەگەر مورجیئەو هاوبیرەکانیشــیان پێــمان دەڵێن بە چوونە ژوورەوەی ئــەو بەڕێزانە بۆ ئەو خانووە لــەو ڕۆژەدا کافر نابن، ئەوە خۆیان بەو قســەیە کافــر دەبن، چونکە پێغەمبــەری خوا صَلَّى ٱللَّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە درۆ دەخەنــەوە کە فەرمــووی هەر کەس ئەمــڕۆ بچێتە ئەو خانــووەوە کافرە.. ئــەدی کە خــوای گــەورە دەفەرمــووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرْفَعُوٓاْ أَصْوَٰتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُواْ لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَٰلُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴾ الحجــرات / ٢. واتە: ئــەی ئەو کەســانەی باوەڕتــان هێنــاوە، دەنگتان بەســەر دەنگی پێغەمبەردا صَلَّى ٱللَّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرز مەکەنەوە، بەو شــێوە زەقەش لەگەڵیدا مــەدوون کە لە ناو خۆتانــدا دەدوێن، نەبــادا کارو کردەوەکانتان پووچــەڵ ببێتــەوەو مایەپووت ببن بێ ئــەوەی خۆتان هەســتی پێ بکەن.. خۆ ئەمــە دەقێکی ڕۆشــن و ڕوونــەو بــە موســوڵمانان دەفەرمووێ کە کارو کردەوەکانتــان هەر هەمووی هەڵدەوەشــێتەوەو مایەپــووت دەبن، بە چی؟ هــەر بە دەنــگ بــەرز کردنەوەکەیان بەســەر دەنگــی پێغەمبەردا صَلَّى ٱللَّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بــێ ئەوەی نکوولــی لە هیچ فەرمــان و ئاڕاســتەیەکی بکەن، بێ ئەوەی لە هیــچ فەرمانێکــی ڕاڕا بووبن، گەر ڕاڕا بوونایە هەســت پێ دەکــرا، یان خوای گــەورە بــۆی ڕوون دەکردینەوە، بەڵام خــوای گەورە بە ڕاشــکاوی دەفەرمووێ: ﴿ أَن تَحْبَطَ أَعْمَٰلُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴾ الحجــرات / ٢. کارو کردەوەکانتان پووچــەڵ ببێتەوەو مایەپووت ببن، بێ ئەوەی خۆتان هەســتی پــێ بکەن.. کەوابوو لەمــەوە دەردەکەوێت کە هەندێــک کارو کردار هەیە

کە بە ئەندامانـــی لەش ئەنجام دەدرێـــت دەبنە کوفرو مایـــەی کافر بوونی ئەنجامدەرانیـــان، هـــەر وەکو کە کارو کـــرداری واش هەیـــە نابێتە کوفرو مایـــەی کافر بـــوون، ئەویش هەر بە پێـــی حوکمی خـــوای گەورەیە..

ئیمامی ئیبنـــو تەیمییە رحمـــە الله بەرپەرچـــی ئەو کەســـانە بە توندی دەداتـــەوە کە پێیـــان وایە کافربـــوون نایاتە دی تا لە ناخـــی دڵ و دەروونەدا کوفرەکـــەی نەچەســـپێت! هەمـــوو ئـــەو تێگەیشـــتنە ئاڵـــۆزە ئیرجائییە ڕەت دەکاتـــەوە کـــە لێـــڵ لـــەو ئایەتـــە حاڵی بـــوون کە خـــوای گەورە دەفەرمـــووێ: ﴿ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا ﴾ النحـــل/ ١٠٦. واتە: ئەو کەســـەی دوای باوەڕهێنانی کە کافـــر دەبێتەوە، بەڵام دڵـــی هەر پڕ بـــاوەڕەو دڵنیایە (ئەوە هیچی لەســـەر نییە) مەگەر ئەو کەســـەی کە ســـینەی بە کافربوونەوەکەی گوشـــاد ببێت و خۆشـــیی لێ ببینێت..

ئیمامی ئیبنو تەیمییە لـــە (مجموع الفتاوى)کەیـــدا دەفەرمووێ: (ئەگەر وا بوایـــە کـــە کەس بـــە گوفتاری کوفریـــن کافـــر نەبوایە تا لـــە ناخیدا قەناعەتی دڵیشـــی لەگەڵدا نەبوایە خۆشـــحاڵ نەبوایە پێی، نەدەبوو کەسی ناچـــار کراو لەســـەر کوفر نوانـــدن عەفو کرایـــە.. بەڵام مـــادام ئەو عەفو کـــراوە ئـــەوە دەردەکەوێت کـــە هەر کەســـێک کوفری لـــێ دەرکەوت و ناچار نەکرابـــوو حەتمەن حوکمی ئەوەی بەســـەردا دەدرێت کـــە لە ناخیدا بە کوفـــر کردنەکەی خۆشـــحاڵە. ئەمەش حوکمە نەک بەســـتنەوە..

ئـــەوەی ئیبنو تەیمییە رحمـــە الله ڕوونی دەکاتەوە ئەوەیە کە مەبەســـت لە کوفـــر کردنی ناچار کـــراو ئەوەیە کـــە قەناعەتی ناخـــی لەگەڵدا نییە، چونکـــە کەس لەســـەر ئـــەوە ناچـــار ناکرێت.. بۆیـــە نەیفەرمـــوو ئەوی کوفرێکـــی کردو قەناعەتیشـــی وابوو، چونکە باســـی لە ناچـــار کراو کرد، ناچار کراویش لەســـەر دەربڕینی کوفـــر ناچار کراوە نەک لەســـەر ئەوەی لە ناخیدا دەتوانێت بیشارێتـــەوە..

لەمـــەوە دەردەکەوێت کە ئەو کەســـەی وشـــەیەکی کوفـــری دەربڕی

دەکەوێتە بەر غەزەبی خواو حەتمەن سزای سەخت چاوەڕێیەتی، گومانیشی تێدا نییە کە پێی کافر دەبێت.. مەگەر کەسێک کە ناچار کرابێت کوفرێک بکات بەڵام لە ناخیدا هەر موسوڵمان بێت و قەناعەتی ناخی خۆی هەر ئیماندارانە مابێت.. ئەگەر وا نەما حەتمەن ئەویش بە کافر حسێب دەکرێت، چونکە ئەوەی لە حوکمی کافر بوونەکەی پاراستبووی ئەوە بوو کە لە ناخیدا ئیماندار ماوە، بەڵام ئەگەر ئەوەشی نەما ئیتر حەتمەن کوفرکردنەکەی دەبێتە بەڵگەی بەکافر دانانی.. هەر ئەم مەبەستەشە لەو ئایەتەدا کە خوای گەورە فەرمووی: ﴿لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ﴾ التوبة/٦٦. واتە: تازە ئێوە بە تەئکید دوای باوەڕ هێنانەکەتان کافر بوونەتەوە.. خوای گەورە ئەوەی بەم ئایەتە بۆ ڕوون کردنەوە کە ئێوە هەر بەوەندەی کوفرەکەتان بە دەمدا هاتووە کافر بوون، ئەگەرچی لە ناخی خۆتاندا باوەڕتان وا نەبووە! ئەمەش تەوەرەباسێکی تووڵانییە.. (ابن تيمية: الصارم المسلول ٥٢٤).

ئینجا کە بەرپەرچی ئەو کەسانەش دەداتەوە کە پێیان وایە ئەوانەی کە گاڵتەیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە دووڕوو بوون! بۆیە لەبەر ئەوە بە کافری ناساندوون نەک لەبەر ئەوەی کە گاڵتەیان بە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە![1] دەفەرمووێ: خوای گەورە هەواڵی ئەوەی دا کە ئەوانە دوای ئەوەی باوەڕیان هێنابوو، کافر بوونەوە، هەرچەندە بە زوبانیش هەر هاوار دەکەن و دەڵێن ئێمە ئیعتیقادمان وا نەبووە، هەر سوعبەتمان دەکرد.. (ابن تيمية: مجموع الفتاوى ١٤٠/٧)..

هەروەها دەفەرمووێ: ئەمە ئەوەش نیشان دەدات کە ئەوانە بەلای خۆیانەوە شتێکیان نەکردووە کە مایەی کافر بوونیان بووبێت! هەر

***

(١) بڕوانە ئەمە هەر ئەو قسەیەیە کە محمد شەقرە بە ئامادەبوونی شێخی ئەلبانی رحمه الله بە سامی وت، گوێ بگرە لە شریتی (ثلاث مسائل مهمة / سلسلة الهدى والنور ژمارە ١/٨٢١).

وایـــان دەزانی ئـــەوەی وتوویانە نابێتە هــۆی کافر بوونیـــان، بەڵام خوای گـــەورە بۆی ڕوون کردنـــەوە کە گاڵتە کـــردن بە خواو بـــە پێغەمبەرەکەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بـــە قورئانەکەی کوفـــرەو خاوەنەکەی لە ئیســـلام پێ دەچێتە دەرەوە! ئەمەش بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی ئەوان باوەڕێکـــی لاوازیان هەبوو، ئەم کـــردارە حەرامەشـــیان ئەنجامـــدا، کە دەشـــیان زانـــی حەرامە بەڵام نەیاندەزانـــی مایەی کافـــر بوونە، بەڵام حوکمـــی کافرێتییان بـــە هۆیەوە بەســـەردا درا.. (ابن تیمیـــة: الایمان ل ٢٦٧).

ئەمـــە خـــۆی بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی کە هـــەر کەســـێک گاڵتەی بە خواو بـــە پێغەمبەرەکەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد یـــان جنێوی پێـــدان، نەزانینی بۆ نابێتـــە بەهانەی کافر نەبوونی، چونکە ئەســـڵ ئەوەیە کە هەموو کەســـێک دەبێـــت هەر کەس شـــایەتمانی هێناو موســـوڵمان بـــوو، ئـــەوە بزانێت کە خوای گـــەورەو پێغەمبـــەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبێـــت زۆر بەڕێـــزەوە ناو ببرێن..

ئیبنـــو تەیمییە لە شـــوێنێکی تریشـــدا دەفەرمووێ: لەبـــەر ئەوەیە کە خوای گـــەورە دەفەرمـــووێ: ﴿لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ﴾ التوبة / ٦٦. واتـــە: تازە ئێـــوە بە تەئکیـــد دوای بـــاوەڕ هێنانەکەتان کافـــر بوونەتەوە، نەیفەرمـــوو: درۆتان کـــرد وا نییە وەکـــو دەڵێن هەر ســـوعبەتمان دەکرد. بەڵکو ئەوەی بۆ ســـەلماندن کە دوای موســـوڵمان بوونیان بەو ســـوعبەت و گاڵتـــەو گەپەی بە خـــواو پێغەمبەری خوایان صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کـــرد کافر بوون.. (ابـــن تیمیة / الصارم المســـلول ل ٥١٧).

شـــێخ ســـولەیمانی کوڕی عبداللەی کوڕی ئیمام محمد بـــن عبدالوهاب رحمهم اللـــە کە یەکێکە لـــە زانایانی نـــاوداری نەجد پێی وایـــە کە کافر بوون دەشـــێت هەر بە ئەنجامدانی کـــردار بێت بێ ئـــەوەی لەگەڵدابوونی بێ بـــاوەڕی ناخی بـــۆ بکرێتە مـــەرج، بـــە پێچەوانـــەی جەهمییەکان و ئەوانەی وەکـــو ئەوانن کە پێیـــان وایە ئیعتیقادی دڵ بـــە کاتی دەرکەوتنی ڕەفتار یـــان گوفتاری کوفرینـــەوە مەرجە بۆ کافـــر بوونی..

ئـــەو دەفـــــەرمووێ: کـــە خـــوای گـــــەورە فـــەرمــــوویـەتـــــی: ﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ النـــحل / ١٠٦- ١٠٧. واتـــە: ئەو کەســـەی دوای باوەڕ هێنانـــی کە کافر دەبێتـــەوە، بەڵام دڵی هـــەر پڕ بـــاوەڕەو دڵنیایە (ئەوە هیچی لەســـەر نییە) مەگەر ئەو کەســـەی کە ســـینەی بـــە کافـــر بوونەوەکەی گوشـــاد ببێت و خۆشـــیی لێ ببینێـــت، ئەوە حەتمـــەن بـــەر غەزەبی خـــوا دەکەوێت و ســـزایەکی زۆر بە ژانـــی دەبێت. چونکـــە ئەوانە ژیانی دنیایـــان پێ چاکتر بـــووە لە ڕۆژی دوایـــی، خوای گـــەورە ڕێنمایی کافـــران ناکات..

خوای گەورە بـــەم ئایەتانە حوکمی خـــۆی داوە و قابیلـــی گۆڕین نییە، هەر کەس لە دینەکەی پاشـــگەز بێتـــەوەو کوفرێک بـــکات، کافرە، ئینجا ئیـــتر ئەو بۆخۆی ترســـی کـــردووە بە بیانوو، یـــان خەمـــی ژن و منداڵ و کەســـوکار! جا ئەو کوفرەشـــی لە ناخیدا هەڵگرتبێت یان بە ئاشـــکرا لێوەی دەرکەوتبێـــت، هەروەها بـــە گوفتار کوفرەکـــەی وتووە یان بـــە کردارێک ئەنجامـــی داوە، یان بـــە هەردووکیان، بـــە ئومێدی تەماعـــی دنیا کردوێتی یـــان بە ئومێـــدی نزیک بوونـــەوەی لە کافـــران، بە هەرچییەکـــی بێت لە دیـــارو نادیاریـــدا هەر پێی کافـــر دەبێت، مەگـــەر ناچار کرابێت لەســـەر ئەنجامدانی ئەو کوفرەی، وەکو ئەوەی کەســـێکی موســـوڵمان بکەوێتە بەر دەســـتی کافران و لێی دەن و ئەشـــکەنجەی بدەن و بڵێـــن ئەگەر کوفرێک نەکەیت دەتکوژین ئەویش بـــۆ خۆ ڕزگارکردنی؛ بۆی جائیزە ســـەرزارەکی بە قســـەیان بکات، بـــەو مەرجەی لە ناخیـــدا خاوەن بـــاوەڕی پتەو مابێت، ئەگەر لـــە ناخیدا چووەســـەر داواکەیان ئـــەوە حەتمەن کافرە بـــا ناچاری کوفرەکەش کرابێت.. (ســـلیمان بـــن عبدالله بن محمد بـــن عبدالوهاب: حكم موالاة أهل الآشراك/مجموعـــة التوحيد ١/ ٣٠٩).

شەهروســـتانی دەرهـــەق مورجیئـــەکان دەفەرمـــووێ: هەر کەســـێک

پێغەمبەرێـــک بکوژێت، یان لێیدا، پێـــی کافر دەبێت، نـــەک لەبەر خودی کوشـــتن یان لێدانەکـــەی بەڵکو لەبەر ســـوکایەتی کـــردن و دوژمندارێتی و بوغزاندنەکـــەی، ئەمـــەش ڕای ئیبنـــو ڕاوەندی و بیشر المريســـی (عەلی حەلەبـــی ئەم زەمانـــەی ئێمەو) ئەوانەیە کـــە لەگەڵیانـــدا هاوبیرن، چونکە ئەوانـــە دەڵێن بـــاوەڕ: بریتییە لە بەڕاســـت زانیـــن لە دڵ و ئیقـــرار کردن بـــە زوبانـــە، کوفریـــش: بریتییە لە بـــێ باوەڕی نـــاخ و نکووڵـــی کردنی ســـەرزارەکی.. ســـوجدە بردن بـــۆ خۆر یان بـــۆ مانگ یان بـــۆ بتێک لای ئەوان خـــۆی لە خۆیـــدا کوفر نییـــە بەڵکو نیشـــانەی هەبوونـــی کوفرە.. (الشهرســـتاني: الملـــل و النحل کە لـــە داوێنـــی کتێبی الفصـــل ی ئیبنو حەزمدایـــە ٣/١٩٢)..

* پوختەی قســـان ئەوەیە کـــە: (سەلەفی)یـــەکان وا نابینـــن کە کوفر بەکـــردار کـــەس لە دین و میللـــەت بباتـــە دەرەوە! مەگەر لە نـــاخ و دڵ و دەروونیشـــیدا وا بێت و ئـــەو کارە کوفرینەی بە حـــەڵاڵ زانیبێت، ئەمەش مەرجێکی داهێنراوەو بیدعەیـــەو پێچەوانەی عەقیدەی ئەهلی ســـوننەت و جەماعەتە، کە هـــەر لە جەهمیەکانـــەوە بۆیان ماوەتەوە بۆ ســـەلماندنی ئەم قســـەیەش بەڵگەی زۆرمان هێنایەوە کـــە گومانی ڕاڕایـــان بنبڕ دەکات..

ئەگـــەر ئەمەمـــان لا چەســـپیوە ئیدی کاتـــی ئەوەیە بـــەری پێنووس ئازادکەیـــن بۆ ئـــەو خاڵە بیدعییە ســـەیرەی شـــێخی ئەلبانـــی ڕەحمەتی ورووژاندویەتـــی کە بـــاوەڕی بە شـــێوەیەکی وا دابەش کـــردووە کە کەس پێش ئـــەو نەیکردووە! کە بە حـــەڵاڵ زانینی کردارە کوفرینەکەی کـــردۆتە مەرجـــی بە کافر دانـــان! هەر لەبەر ئەمەشـــە دەبینیت کە ســـەلەفییەکانی بـــەر ســـێبەرو مەدخەلییـــەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی خۆشـــحاڵن بە عەقیـــدەی ئیرجاء!

کەوابوو لێرەدا دوو خاڵ هەن کە نابێت تێکەڵ بکرێـن:

یەکـــەم: مانای بـــە حـــەڵاڵ زانیـــن لای ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســـەلەفی و پەیوەندی بە کێشـــەی (شـــەرع

لادان و هێنانی یاسا لە شوێنی)!

دووەم: ناچاربوونی سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی بۆ وەرگرتنی مەزهەبی جەهمییەکان تا بتوانن ئەو واقیعە بشەرعێنن و بە دواشیدا ئەو شێوازی کارکردنەی خۆیان بە شەرعی بدەنە قەڵەم کە گوایە تەنها باس لە (زانست و فێرخوازیی) بکەن بەسە بۆ هێنانەوەی ئیسلام و تا بەرامبەرە نەیارەکانی خۆیان بە ناشەرعی بدەنە قەڵەم و بە گومڕاو خەواریجیان وەسف بکەن!

جا بۆیە پشت بە خوای گەورە دەڵێم:

ئەوە بزانە کە (سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی) لە مەسەلەی بە حەلاڵ زانین و گۆڕینی شەرعدا مەزهەبێکی نوێیان هەیە کە پێش ئەوان نە سوننی و نە ئەهلی بیدعە شتی وای نەوتووە! ئەوان وەکو ئەهلی سوننەت و جەماعەت نین تا ئەو کەسە بە کافر دابنێن کە گوناهی موفەسسیقە بە حەلاڵ دەزانێت، یا خاوەن گوناهی موکەففیرە بە کافر بزانن بێ ئەوەی حەلاڵ زانین بکەنە هاوڕێی گوناهە موکەففیرەکەی! بەڵکو باز بەسەر هەموو ئەوانەدا دەدەن و بە حەلاڵ زانینەکە دەکەنەوە مەرجی گوناهە موکەففیرەکە!

(سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی) هەر بەوە کابرا بە کافر دانانێن کە بە گوفتار یان بە نووسین شەراب خواردنەوەی بە حەلاڵ زانیووە، ئەگەر بەربەستێکی شەرعی ڕێ لە بە کافر دانانی نەگرێت، هەر بەوەندەوە ناوەستن کە پێیان ئاساییە کە کابرا کرداری کوفرینی بە گوفتارو کردار ئەنجامداوە! بەڵکو دەڵێن: هەر دەبێ کابرا ئیعتیراف بەوەش بکات کە لە دڵیشیدا قەناعەتی بەو کوفرە هەیە!

شێخی ئەلبانی لە دوای هێنانەوەی دەقی قسەی ئەبو جەعفەری تەحاوی کە دەفەرمووێت: (لا نُكَفِّرُ أحَداً مِنْ أهْلِ القِبْلَةِ بِذَنْبٍ ما لَمْ يَسْتَحِلَّهُ). واتە: کەس لەوانەی ڕوو لە قیبلە دەکەن بە کافر دانانێین

هـەر بەوەنـدەی گوناهێکـی کـردووە بەو مەرجـەی ئـەو گوناهەی بە حـەڵاڵ نەزانیبێـت.. دوای ئەمە شـێخی ئەلبانی دەفەرمـووێ: (یەعنی لە دڵ و ناخیـدا بە حەڵاڵی نەزانیبێت)! (الالبانی: نوسـینەکەی لەسـەر دەقی العقیدة الطحاویـة کە لە پەراوێزی لاپـەڕە ٦٠ دایە).. ئەمـەی هەر لەبەر خاتری ئەوەیە کە ئەو کەسـەی کە لەلای ئەهلی سـوننەت بـە ئەنجامدانی گوناهـی موکەففیـرە یان بە حـەڵاڵ دانانـی گوناهی موفەسسـیقە کافر بووە، ئەمـان نەهێڵن بە کافر حسـێب بکرێـت با بە گوفتارو نوسـینیش ئەوەی بە حـەڵاڵ ناسـاندبێت کە خوای گـەورە بە حەرامی ناسـاندووە!

ئـا لەم قڵیشـەوەیە کە ئەو کەسـە لای ئەمان بە کافر حسـێب ناکرێت کە یاسـایەکی پێچەوانەی شـەرع داڕشـتووەو (بـە زانین یـا نەزانین) کردوێتـی بـە بڕیارێکی خورتـی و خەڵکی ناچـاری وەرگرتنـی دەکات! چونکـە ئەم سـەلەفییانە بەم گۆڕانکارییـە دژوارە ئەو کەسـەی کە ئەو یاسـا پێچەوانەی شـەرعی داڕشـتووە وەک ئەو کەسـە لـێ دەکەن کە دزی کردووە یان شـەرابی خواردۆتـەوە! هەموویان هەر وا دەناسـێنن کە کردەوەکانیـان بە حەڵاڵ زانیـوە بەڵام ئەمە لـە دین و میللـەت نایانباتە دەرەوە! (الالبـاني: التحذير لا ٧١)![1]

* *

(١) دوای ئـا ئەمەی ناوی ناوە: بەحـەڵاڵ زانینی کردەوەیی! وای داناوە کە ئەو کەسـانە بە کافـر دانانرێن، تـا بەڵگەیەکیان چنگ نەکەوێت کـە ئا ئەوەی وا لـە دڵیاندا ئەوەیە کـە باوەڕیـان وایە کە ئەوە بـە حەرام دانانێـن کە خواو پێغەمبـەری خوا ﷺ بـە حەرامیـان زانیووە، ئەگەر ئا ئـەم سـەرپێچییە دڵییەمان بە بەڵگە بـۆ ڕوون بۆوە ئەوکاتـە حوکمیان دەدەین بەسـەردا کە کافرن و کوفرەکەشـیان هەڵگەڕانەوەیە لە دین..
هەروەهـا بڕوانـە قسـەی حەلەبی لە (صیحـة ل ٤٢) کـە پێشـتر هێنامانەوە کە دەربارەی شـەرع گۆڕین و دەرکردنی یاسـاو ڕێسـای پێچەوانەی شـەرعی خوا وتی: گۆڕینی شـەرع بەڵگەیە لەسـەر کوفر بەڵام بـەو مەرجەی لە ناخەوە ئـەوەی لەگەڵدا بێت کـە خاوەنەکەی بـاوەڕی وابێت کـە بۆی هەیە حـەرام حەڵاڵ بـکات و حەڵاڵ حەرام بـکات.. لەلاپەڕەکانـی داهاتوودا باسـی ئەمە دەکەینەوە. إن شـاء اللَّه.

جیاوازی نێوان دوو پێناسەکە زۆر لەوە زیاترە بژمێردرێت! بەڵام (سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی) بەو دەستەواژە چەواشەکارییانە دیدی خەڵکەکە لێڵ دەکەن! چونکە دەڵێن ئەو کەسەی کە ئەو یاساو ڕێسا پێچەوانەی شەرعی دارشتووە مەرجە دەبێت هاوار کات کە لە ناخی دڵ و دەروونیشییەوە قەناعەتی وایە کە ئەوەی خۆی ڕاستەو ئەوەی خوای گەورە چەوتە! نعوذ بالله!

جا تۆ سەیری دەستەواژەکەی ئەلبانی بکەرەوە، کە هەموویان ناو دەنێت بە حەلاڵزانی سەرپێچییەکەی، لە کاتێکدا لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئەوە ئاشکرایە کە بە شەراب خۆر ناوترێت بە حەلاڵی زانیووە! مەگەر خۆی بە ئاشکرا وا بڵێت یان دەقێکی وا بنووسێت کە بڵێ شەراب خواردنەوەکە بە حەلاڵ دەزانم ئەو کاتە پێی دەوترێت بە حەلاڵزانی شەراب نەک هەر بە خواردنەوەی.. ئەگەر وای وت یان نووسی ئەوە حوکمەکەی دەگۆڕێت ـ هەر وەکو کە عوسمانی کوڕی مەزعوون و هاوڕێکانی کە شەرابیان خواردبۆوەو پێیان وابوو بۆیان جائیزە داوای تۆبەیان لێکرا، تا ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئایا بە حەلاڵیان زانیوەو خواردوویانەتەوە یان زانیویانە کە حەرامەو خواردوویانەتەوە، چونکە حوکمی شەرع دەربارەی هەر یەک لە وەڵامەکەیان جیاواز بوو، سەیدنا عومەر مۆڵەتی پێداچوونەوەو موناقەشەکردنی دانێ، فەرمووی ئەگەر بە حەلاڵیان زانیبێت حوکمی پاشگەزبۆوە (مورتەدد) یان بەسەردا دەدەم کە کوشتنیانە، ئەگەر بە حەرامیشیان زانیبێت و خواردبێتیانەوە حوکمی فاسقیان دەدەم و جەلدەیان لێ دەدەم.. چونکە ئەو کەسەی گوفتارێک یان کردارێکی کوفرینی وای لێ دەردەکەوێت پێویستە بواری تۆبەی بدرێت و هەل و کاتی موناقەشە کردنی بۆچوونەکەی بۆ برەخسێت، تا ئەو لەمپەرانەی لە ڕێدا نەمێنن، ئەوجا ئەگەر هەر لە هەڵوێستەکەی خۆی نەگەڕایەوە حوکمی کافر بوونی دەدرێت و چی پێویست کرد بۆ ڕاپەڕاندنی حوکمەکەی دەگیردرێتە بەر..

ئەگــەر ئەمەت بۆ ڕوون بــۆوە ئەو نامۆگەرییەت لا ئاشــکرا دەبێت کە ئەو (ســەلەفی)یانە گرتوویانەتە بــەر، کە دەڵێن دز یان شــەراب خۆر هەر بە گونــاح کردنەکەی دیارە بــە عەمەلی بە حەڵاڵی زانیــووە، بۆیە ئەمەش دەڵێــن تــا هەنجەتێک بۆ ئەوانــە بدۆزنەوە کــە بە یاســا کوفرییەکانیان شــەریعەتی خــوا دەگۆڕن و حــەڵال حەرام و حــەرام حــەڵاڵ دەکەن! دە دیقەت بدە ئەو نیاز پیسی و ڕێ بــزر کردنــە!

ئــەوە ڕوون کردنەوەی ناوێت کە گۆڕینی شــەریعەتی خــواو بە حەڵاڵ دانانی حەرامی شــەرع و بە حەرام دانانی حەڵاڵی شــەرع وەک دەشــێت بە قســەو گوفتــار بێت، دەشــێت بە ڕێگایەکــی تری پێــوە پابەندکردنی دیکــەش بێت وەکــو لەوانەی لە ئوســوڵی فیقهــدا باس کــراون. وەکو ئەوەی بوترێت ئەمەی پێچەوانەی شــەریعەتی خوایەو لە ئیســلامدا سزای هەیە لای ئەمانــە نەیبێت! یان هەیبێــت بەڵام ئەو ســزایە نەبێت کە خوای گــەورە بۆی دیاری کــردووە! یان بێدەنــگ بوون لە تاوانێک و ســزاکەی کە شــەرع دیاری کــردووە! وەکو ئەمەش لە یاســای وڵاتانــدا دەبینرێت، کە شــتی وا هەیە خوای گــەورە بە حەڵاڵــی داناوە یان فــەرزی کردووە، کەچی لای ئەمان وا نییە! (ســەلەفییەکانی بەر ســێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانــی ســەلەفیش) دەڵێن: دەبێ کابرای شــەرع گــۆڕ خۆی هاوار بکات کــە لە ناخی خۆشــیدا بــاوەڕی وایە کــە بۆی هەیــە پێچەوانەی شــەرعی خوا یاســاو ڕێســای دیکە داڕێژێت! یەعنی ئەوەی بــە زمان یان بە کــردووە دەری بڕیووە کە بۆی هەیە پێچەوانەی شــەرع یاســا داڕێژێت مەرجە کــە لە ناخیشــیدا ئــەو ئیعتیقادەی هەبێــت، دەنــا حوکمی کافر بوونــی نادرێت! چونکە لای (ســەلەفییەکانی بەر ســێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانــی ســەلەفی) تەنانەت بــۆ دژایەتی شــەرعەکەی خوا بەو شــێوەیەیش هــەر دەڵێن: مەرجە کــە (کوفری دڵ و نــاخ هەبێت)! ئەمەش حاشــا هەڵنەگرە کە لــە لای ئەهلی ســوننەت و جەماعەت هەر کەســێک یاســایەکی پێچەوانەی شــەریعەتی خوایی داڕشــت بــێ گوێدانە ناخی کارەکەی بە کوفر دادەنرێــت..

گومان لــەوەدا نییــە کە بە حــەڵاڵ زانین یــان گۆڕین لــە ناخدایەو باوەڕێکــی دڵ و دەروونە، چونکە خراپیی زاهیریی بەڵگەیە لەســەر خراپیی و بەدیــی ناخ.. بــەڵام ئەوەیە کە ئەحکامــە شــەرعییەکان (وەکو حوکمی کافردانی کەســێک) پەیوەســتە بە زاهیری خەڵکییەوە نــەک هەڵدانەوەی ناخی.. کەســێک حوکمی کافر بوونی بەســەردا دەدرێت کــە گوفتارێک یــان ڕەفتارێکی کوفرینی لــێ دەرکەوتبێت و بەهانەیــەک نەبێت بەرگریی حوکمدانــی بکات وەکو نەزانیــن و هەڵەو ناچاربوون و ئەوانە.. کەســێک شــتێک کە کۆڕای ئوممەتی لەســەرە کە حەرامە ئەو بــە حەڵاڵی بزانێت، یان شــتێک کە کۆڕای ئوممەتی لەســەرە کــە حەڵاڵەو ئەو بــە حەرامی بزانێــت، ئەوە بە کــۆڕا کافر بووە، ئیــدی ئەوە کاریگەریــی نابێت کە ئایا باوەڕی وایە یــان هەر بە قســە وا دەڵێ!

ئــەوە ڕای هەندێک لــە زانایانی ئەهلی ســوونەت و جەماعەت کە دیدو هەڵوێســتی (ســەلەفییەکانی بەر ســێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی ســەلەفی) وەک لۆکەی شیی کراوە ســووک دەکات و بەربای دەدات:

ئیمامی ئیبنو حەزم بە شــێوازو وتەیەکی ڕۆشــن و ڕاشــکاو حەقیقەتی بەحــەڵاڵ زانین وبەحــەرام زانینــی غەیری خــوای پــەروەردگار جوان ڕوون دەکاتــەوە، کە هەر دەڵێــی لاف و گەزافی (سەلەفی)یــەکانی ئەم ســەردەمەی ئێمە ڕەت دەکاتەوە کــە پێیان وایە بەحــەڵاڵ زنین و بەحەرام زانیــن جگە لە لایەنــی خوای گەورەوە بــەو مەرجەی لــە دڵ و دەروونەدا بە ڕەوا نەزانرابێــت، ناچێتە ڕیــزی کوفری گەورەی واوە کــە بکەرەکەی لە دیــن و ئوممەت بباتــە دەرەوە! چونکــە کوفرەکەی کوفــری کردەوەیە! گوێ بدەیە چی دەفەرمــووێ:

(خوای گەورە کــە دەفــەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُحِلُّونَهُۥ عَامٗا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامٗا لِّيُوَاطِـُٔواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُۚ زُيِّنَ لَهُمۡ سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ التوبــة /٣٧.

واتە: ئەو یاسـاى گۆڕینەی نەسـیئە[1] زیادەی کافر بوونـە، کە کافرەکان خـۆی پێ گومڕا دەکـەن، کە سـاڵێک حەڵاڵی دەکەن و سـاڵێک حەرام، تـا بیخەنە ئەو کاتانـەوە کە خوا تێیدا حـەرام کردووە، تـا حەڵاڵی کەن! ئەمانە ئەو هەڵوێسـتەیان بۆ جـوان کراوە تا بیگرنەبەر! خـواش بە تەئکید ڕێنمایی قەومی کافـران نـاکات.. زمانەوانانی قورئانی لەسـەر ئەوەن کە زیادەی شـتێک حەتمەن هـەر لە توخمـی خۆیەتی، نەک لـە توخمێکی دیکـە، کەوابوو نەسـیء کە کردوەیـەکە کوفرە، کە بریتییـە لە بەحەڵاڵ زانینی ئـەوەی کە خوای گەورە بە حەرامی ناسـاندووە، هەر کەسـێکیش یاسـای وا دەرکات، یـان پێی ڕازی بێت، یـان داوەری بباتـە لا؛ حەتمەن بـەو کارەی کافـر دەبێت.. ئەمە بـۆ هەموو شـتێکی دیکە هـەر وایە.. یەعنی هەر کەسـێک شـتێک کە خوای گـەورە بە حەڵاڵـی زانیبێت و ئەو بـە حەرامی بزانێت، یـان خوای گەورە بـە حەرامـی زانیبێت و ئەو بـە حەڵاڵـی زانیبێت، کافـر دەبێت.. چونکە خـوای گەورە ڕێـی بە هیچ کەسـێک نەداوە حـەڵاڵ کراوانی ئەو حـەرام کات، یان حـەڵاڵ کراوانی حـەرام کات).. (ابن حزم: الفِصَـل في المِلَل والاهواء والنِحَـل ب٣/ ٢٠٤)..

شەیخولئیسـلام ئیمامی ئیبنو تەیمییە زۆر جەخت لـەوە دەکاتەوە کە بە حـەڵاڵ زانین و بە حـەرام زانین بەکردار دەبن،[2] بـەوەش دەبن کە خەڵکی پێوە پابەند بکرێـت، بێ ئەوەی تەماشـای ناخ و ئیعتیقـادی بکەرەکانیان

---

(١) عەرەبەکانی سـەردەمی پێش ئیسـلام یاسـایەکیان هەبوو کە لە مانگە حەرامەکاندا جەنگ نەکەن، بـەڵام کە بەرژەوەنـدی سـەرۆکەکانیان تێک دەگیـراو جەنگیان پێ پەسـەندتر دەبوو، شـەڕ نەکردنەکەیان دەگواسـتەوە بـۆ مانگێکی دیکـە! ئەمە پێی دەوترا نەسـیء، خـوای گـەورەش ئەمەی بە یاسـا داڕشـتنی پێچەوانەی شـەرعی خۆی حسـێب کردووە بۆیـە بە کوفری ناسـاندووە. تێگەیشـتن لەمـە گرنگە چونکە مەسـەلەیەکی ئوسوڵییە..

(٢) ئیبنو عوسـێمین لە کتێبەکەیـدا (المجموع الثمین ٣٧/١) و لـە (شرح أصول الثلاثة) دا ئیعتیـراف بەوە دەکات کـە ئەمە کردەوەیەو پێشـی کافر دەبێـت! کەچی کە عەلی حەلەبی لە هاوارەکەیدا (الصیحة ل ٦٢) نیوەی قسـەکەی ئیبنو عوسـێمینی هێناوەتەوەو

بکرێت، بۆیە دەفەرمووێ: فەرز کردن و حەرام کردن مافی غەیری خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ نییە، بۆیە هەر کەسێک سزای یەکێک لەسەر کردارێک کە کردوێتی یان دەبوو بیکات و نەیکردبوو، بە کەیفی خۆی دا (یەعنی کردبووی بە یاسایەک کە خەڵکی بیگرنە بەر) ئەوە یاسایەکی دیکەی غەیری شەریعەتی خوای داناوەو ڕاپەڕاندووە بەمەش خۆی کردووە بە شەریکی خوای گەورەو خۆی خستۆتە ڕیزی پێغەمبەری پێشەواوە ﷺ! بەمەش دەچێتە ڕیزی ئەو موشریکانەوە کە شەریکیان بۆ خوا بڕیار دەداو دەیانپەرستن، هەروەها وا لە ڕیزی ئەو مورتەددانەدا کە باوەڕیان بە موسەیلەمەی کەززاب هێنابوو، ئەو ئایەتەش دەیانگرێتەوە کە دەفەرمووێ: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ﴾ الشورى/٢١. واتە: دیارە شەریکی وایان هەیە کە بۆ خوای گەورەیان داناوە کە یاساو ڕێسایەک دەردەکەن کە خوای گەورە ڕێی پێ نەداون. (ابن تيمية: مجموع الفتاوى ١٤/٥)..

ئیمامی ئیبنو حەزم ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەوەی باس فەرموو کە تەنها ڕەئیدان بەوەی کە حەلاڵێک حەرام بکرێت ئەوە یاسادانانی پێچەوانەی شەریعەتەکەی خوایە و کافربوونە.. ڕیوایەتی فەرموودەی بە سەنەدەوە گەیاندۆتەوە بە جەحادەی کوڕی دەسار کە کەسانێک لە یاوەرانی پێغەمبەر ﷺ لە شام شەرابیان خواردبۆوە، یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان خوا لێیان ڕازی بێت نامەیەکی دەرهەقیان بۆ خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت نووسی کە ئەمانە شەرابیان خواردۆتەوەو بە حەلاڵیشیان زانیووە بەڵگەیەکیش کە هێناویانەتەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە تێیدا دەفەرمووێ:

****

باقی قسەکانی خستۆتە کەنارەوە تا حوکمی کافرکردنی ئەو ڕێسا گۆڕەرانەی نەکەوێتە سەر! جا تۆ سەیری چەواشەکاری و چاوبەستی ئەم شێخە تەلەفییە بکەو بە کەرە حەنەفی و تەکیەی تەرەفی بەراورد کە!

﴿ لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ﴾ المائدة/٩٣. واتە: ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکەیان کردووە، ئەگەر تەقوای خوایان هەبێت و باوەڕیان قایم بێت هەرچی شتێک بخۆن و بخۆنەوە هیچ زیانێکیان پێ ناگەیێنێت.. سەیدنا عومەریش ڕاوێژی بەو یاوەرانە کرد کە لەدەورووبەری بوون، بە عەلی کوڕی ئەبو تالیبی خوا لێی ڕازی بێت فەرموو: مەسەلەکەیان چۆن دەبینیت؟ سەیدنا عەلی فەرمووی وا دەبینم ئەمانە یاسایەکی تریان بۆ خۆیان دارشتووەو شتێکی دیکەیان لە دیندا داهێناوە کە خوای گەورە مۆڵەتی پێنەداون بۆیە پێم وایە ئەگەر شەراب خواردنەوەکەیان بە حەلاڵ زانیبێت بیانکوژیت چونکە حەرامێکی دینی خوایان حەلاڵ کردووە، ئەگەر وتیشیان حەرامە ئەوە یەکی هەشتا جەلدەیان لێدە.. (ابن حزم: المحلي ٢٨٧/١١).

ئەگەر ئەم خاڵەمان ئاوا لا ڕوون بۆوە، ئیتر ئەوە بزانە کە مەسەلەی بەحەلاڵ زانین و گۆڕین لازم و مەلزومی یەکن، چونکە گۆڕینی شەرعی خواو پێوە پابەندنەبوونی یەعنی بەحەلاڵ زانینی حەرامێک کە خوای گەورە بە حەرامی ناساندووە.. بۆیە هەموو بەحەلاڵ زانینێک یاسادانانی پێچەوانەی پەیامی خوایە، بۆیە دەبینیت شەیخولئیسلام ئیبنو تەیمییە تەعبیری ئەمیان بەویان دەکات و گۆڕینی شەریعەتی خواو پێوە پابەندنەبوونی وا دەناسێنێت کە بەحەلاڵ زانینی ئەو شتانەن کە خوای گەورە بە حەرامی ناساندوون، هەر کەسێکیش وا بکات ئەوە بە کۆڕای زانایان کافرە.. ئیبنو تەیمییە دەفەرمووێ: ئەمما ئەو کەسەی ئیقامە حوججەی لەسەر نەکرابێت، وەک ئەوەی کە نەو موسوڵمانەو هەموو ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی پێ نەگەیشتووە یان لە چۆڵەوانییەک ژیاوەو شارەزای ئیسلامەکە نەبووە یان هۆی تری هەیە یان بە هەڵە لە دەقەکە گەیشتووە کە گوایە ئەو کەسەی باوەڕ دەهێنێت و ئیمانداری دەکات ئیتر هەرچی بخوات و بخواتەوە ئیشکالێکی نییە وەکو ئەوانەی کە ئەو ئیشکالەیان بۆ دروست بووبوو کە سەیدنا عومەری کوڕی

خەتتـــاب تۆبەی پـــێ کردن، یان هاوشـــێوەی تـــر، ئەمانە هەمـــوو داوای تۆبەیان لێ دەکرێت و هەڵەی هەڵوێســـت و ڕاســـتی ئەحکامی شەرعەکەیان بۆ ڕوون دەکرێتەوە، ئەگەر هەر لەســـەر هەڵوێســـتی خۆیان ســـوور بوون ئـــەوە کافر دەبن، پێـــش ئەو ئیقامـــە حوججەیە ئەو حوکمـــە نایانگرێتەوە.. هەر وەکـــو کە یـــاوەران خوا لێیـــان ڕازی بێـــت حوکمی کوفریـــان نەدا بەســـەر قودامەی کوڕی مەزعـــوون و هاوەڵەکانیدا کە بـــە هەڵە ئەوانیش ئاوا تێگەیشـــتبوون کە شـــەرب خواردنـــەوە دوای ئیمان هێنـــان و تەقواو دینداریـــی زیانی نابێت! (ابـــن تیمیة / مجموع الفتـــاوی ٣٧١/٧).

پێشـــتریش باس لەم خاڵە کـــرا، گرنگ ئەوەیە لە مەبەســـتەکەی بگەین کە حـــەڵاڵ کردنی حەرامێک بە قســـەش بێـــت هەر حوکمـــی کافر بوونی ئاشـــکراو پەنهان دەیگرێتەوە، بێ ئەوەی تەماشـــای مەرجـــی (ئیعتیقاد بە دڵ)ی تێـــدا کرابێت.. چونکە ئەمەیان مەرجـــی مورجیئەکانە..

ئیبنـــو تەیمییە دەفەرمووێ: هەر کەســـێک ئەو شـــتەی کـــە بە کۆڕای زانایـــان حـــەرام بـــوو ئەو بـــە حەڵاڵی ناســـاند یـــان ئـــەو حەرامەی بە کـــۆڕای زانایـــان حەرام بـــوو ئەو بـــە حەڵاڵی ناســـاند یان ئـــەو حوکمە شـــەرعییەی گۆڕی کە کۆڕای زانایانی لەســـەرە، ئەوە بە کـــۆڕای زانایان و شەرعناســـان کافرێکی مورتـــەددە.. چونکە بە ڕای هەندێـــک لە زانایان ئەوە هۆی هاتنـــە خوارەوەی ئـــەو ئایەتەیە کە دەفەرمـــووێ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ المائـــدة/٤٤. واتـــە: هەر کەســـێک بەوە حوکم نـــەکات کە خوای گەروە ناردوێتـــییە خوارەوە ئەوانـــە کافرن. ئەمە ئەوانـــەن کە حوکـــم کردنیان بە غەیری ئـــەوەی خوا ناردوێتـــییە خوارەوە بە حـــەڵاڵ زانیووە.. (ابـــن تیمیة: مجموع الفتـــاوی ١٦٧/٣).

ئەمەی شەیخولئیســـلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت باســـی کـــردووە کە لە ئیبنو عەبباس و تاووســـەوە هاتووە کە مـــادام ئەو کەســـەی حوکمی بە غەیـــری پەیامی خوای گـــەورە کردووە، هـــەر بە گوناحی دانـــاوەو لە دڵدا پێی حەڵاڵ نەبـــووە، گوایە کوفری عەمەلی بچـــووکە، واتە (کفر دون

کفر)ــــە! حەتمەن دەبێ ئەوە لەبەرچــاو بگیرێت کە کابرا پێی شــیاو بووە کــە حوکم بە غەیــری دینەکەی خــوای گەورە بــکات، پێــی جائیز بووە پێــوەی پابەند نەبێــت و ئەو بخاتە لاوەو یاســاو ڕێســایەکی دیکە بخاتە جێــی و حوکمی پێ بکات (یــان حوکمی پێ بکرێت) وەکو شەیخولئیســلام خــۆی لە ســەرەوە ڕوونی کردۆتــەوە، چونکــە ئیمامی ئیبنــو تەیمییە لە دەیان شــوێنی دیکــەدا ئەوە بــاس دەکات کە هەر کەس شــەریعەتەکەی خــوا بخاتــە کەنارو حوکم بە پێی یاســاو ڕێســایەکی دیکە بــکات کافر دەبێــت.. وەک دەفەرمووێ: لە بەڵگەنەویســتەکانی دینی موســوڵمانانە کە هەموو موســوڵمانان لەســەر ئــەوە ڕێکن کە هەر کەســێک پێــی جائیز بێت شــوێن دینێکی دیکەی غەیری ئیســلام بکەوێت، یان شــوێن یاســاو ڕێســایەکی غەیری شــەریعەتەکەی موحەممــەد صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بکەوێت، هەر بە پــێ جائیز بوونەکەی کافر دەبێــت.. (مجموع الفتــاوی ٢١٧/٢٨). ئەمما قەناعەتــی ناخ ئەوە حەتمــەن هاوڕێی گۆڕینەکەیە، چونکــە بەدیی دەرەوە بەڵگەیــە لەســەر بەدیــی دڵ و دەروون و قەناعەتی ناخ، بــەڵام ئەوە هەیە کە هەمیشــە ئەحکامی ئیســلام حوکم لەســەر زاهیری خەڵکی دەدات..

ئەوەی کە دەیڵێین هەڵوێســتی نەگــۆڕی ئمامی ئیبنــو تەیمییە بووە لە چەندین کتێــب و جێی تردا، ئــەوەی وەکو بەڵگەنەویســتی ئیعتیقاد باس کــردووە، لەوانــە:

* به نیســبەت ئەو کەسەوە کە شــەریعەتی خوا دەگۆڕێت؛ دەفەرمووێ: ئەو کەســەی لە زاهیــرو باتین پابەندە بە شــەریعەتی خــواو پێغەمبەری خــواوە صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بەڵام لە حوکمێکدا ســەرپێچی دەکات و شــوێن حەزو ئــارەزووی خۆی دەکەوێت، ئــەوەو هاووێنەی ئەو لە گوناهباران حســێبن.. (منهــاج الســنة النبویــة ١٣١/٥). ئەمــە ئــەو حاکمەیە کە بــە غەیری شــەریعەتی خــوا حوکمی کردووە کــە بــە لای ئیمامی ئیبنــو تەیمییەوە مەرجە لــە قەناعەتی ناخیــدا کارەکەی بە حــەڵاڵ زانیبێت..

* ئەو کەســەی بە شــەریعەتی ئیســلامەوە پابەند نابێــت؛ لای ئیمامی



ئیبنو تەیمییە کافرەو موناقەشەی تێدا ناکات، وەک دەفەرمووێ: ئەو کەسەی بە پەیامی خواو پێغەمبەری خواوە ﷺ پابەند نابێت کافرە.. (منهاج السنة النبوية ١٣١/٥). کەوابوو بۆ ئەمەیان نکوولّی کردنی شەرع یان نەبوونی قەناعەتی ناخی کابرا مەرج، بەڵکو پێی وایە کە هەر بە گۆڕینەکەی کافر دەبێت.. ئەمەت لە بیر بێت تا لە تۆڕو تەڵەی مورجیئەکانی سەردەم دەرچیت..

ئەمە بە نیسبەت ڕاو بۆچوونی ئەو زانایانەی کە وای بۆ چوون کە ئەو کوفرەی ئەو ئایەتە ئاماژەی پێ دەکات کوفری بچووکەو هەر بە تاوانی گەورە حسێبە نەک کوفر، ئەمما زانایانی دیکە کە زۆرینەی سەلەف و خەلەفن پێیان وایە کە ئەو کوفرەی ئەو ئایەتانە ئاماژەی پێ دەکەن کوفری گەورەیەو خاوەنەکەی لە دین و ئوممەتەکە دەباتە دەرەوە، بێ ئەوەی لا بکەن بەلای ئەوەوە کە ئەمان دەفەرموون، وەک نکوولّی کردن یان بەحەڵاڵ زانین یان قەناعەتی ناخ و شتی تری وا.. نا، ئەم زانا بەڕێزانە پێیان وایە هەر واز هێنان لە شەریعەتی خواو خستنە کەناری، یان گۆڕین و هێنانی بەدیلێکی دیکە بۆی، کوفری گەورەیەو بکەرەکەی پێی لە دین و ئوممەت دەچێتە دەرەوە.. وەکو ئیمامی ئیبنولقەییم دەفەرمووێ: لەو زانایانە هەیانە وای ئایەتەکە لێک داوەتەوە کە هەر کەسێک بە ئەنقەست حوکمی بە غەیری ئەوە کرد کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە بەو مەرجەی نەزان نەبوویێت یان هەڵەی لە لێکدانەوەدا نەکردبێت، ئەوە حەتمەن بەو حوکم پێ کردنە کافر دەبێت و کوفرەکەشی وەکو ئیمامی بەغەوی لە کۆڕای زانایانەوە نەقڵی دەکات کوفری گەورەیە کە لە دین و ئوممەتەکەی دەیباتە دەرەوە.. (مدارج السالكين ٣٣٦/١)..

خاڵێکی دیکەی گرنگ ماوە ئاماژەی پێ بدەین تا ناحەزێکی ڕەزاقورس لێمان ڕاست نەبێتەوەو بڵێ: جا خۆ ئەو شەرعەی ئێوە دەیڵێن هەمووی لە خواو پێغەمبەرەوە ﷺ نەهاتووە! یان ئەگەر

کابـــرا درۆی دەکرد، ئـــەوی چەســـپاندوێتی هەواو هەوەســـی خۆیەتی یان یاســـاو ڕێســـایەکی دیکەیەو بە درۆوە دەڵـــێ: ئەمە هەر شـــەریعەتەکەی خوایـــە! لە وەڵامی ئـــەم جـــۆرە گومانانەدایە کـــە ئیمامی ئیبنـــو تەیمییە دەفەرمووێ: هەر کەســـێک بڵێ ئەمە شـــەریعەتی خوایە، ئـــەوە بێ چەندو چـــوون کافر دەبێـــت، ئەمە هـــەر وەکو ئەو کەســـە وایە کـــە دەڵێ خوێن و مردارەوەبـــوو حەڵاڵـــە! ئەگەر بڵێ ئەمـــە هەر ڕاو بۆچوونـــی خۆمە هەر پێی کافر دەبێـــت.. (مجموع الفتـــاوى ١٦٨/٣).

بڕوانە هەر ئـــەو حوکمە قورســـەی کە داوێتی بەســـەر ئەو کەســـەدا کە شـــەریعەتی خوای گۆڕیـــووە کە کافر بوونـــە، داوەتەوە بەســـەر ئەو کەسەشـــدا کە دەڵێ ئەمە ڕاو بۆچوونـــی خۆمە! چونکە مەســـەلەکە کۆڕا (ئیجـــماع)ی ئوممەتی لەســـەرە، ڕاجوێیـــی نییە تا کەســـێکی دیکە بێت و بـــە ڕاو بۆچوونی خۆی ڕۆشـــنبیرمان بکات!

فەتـــوای ئیبنو تەیمییە لە مەڕ ئەو کەســـەدا کە شـــەرعی خـــوا دەخاتە کەنـــار یان دەیگۆڕێت یان هی تر دێنێتە شـــوێنی ڕۆشـــنە، هەمـــوو ئەوانە بـــە کافر دەزانێت و دەشـــفەرمووێ کە کوفرەکەیان کوفـــری گەورەیەو پێی لە دیـــن و ئوممەت دەچنـــە دەرەوە، وەک لە جێیەکی دیکـــەدا دەفەرمووێ: ئـــەوە ئاشـــکرایە کە هەر کەســـێک ئەو فەرمانـــەی خوای گـــەورە کە لە ڕێی نێردراوانی خۆیەوە ســـەلامی خوایـــان لێ بێـــت فەرموویەتی بیکەن، یان ئـــەو بەرهەڵســـتییەی لە ڕێی ئەوانـــەوە فەرموویەتـــی مەیکەن بخاتە لاوەو پەکـــی بخـــات و کاری پێ نەکات، بـــە پێی کۆڕای موســـوڵمانان و دیـــان و جولەکەش بـــەو کارەی کافر دەبێت.. (مجمـــوع الفتاوى ٦٦/٨).

ئینجا شەیخولئیســـلام ئیبنـــو تەیمییە ڕەحمەتی خوای لـــێ بێت ئەو دوو لایەنانە ڕوون دەکاتەوە کـــە عادەتەن پێچەوانەی شـــەرعیان لێوە دەکرێت، دەفەرمـــووێ: هـــەر پێچەوانەکارییەکی شـــەرع کـــە ڕوو دەدات حەتمەن لـــە نەزانین و ســـتەمکاریی و هەواو هەوەســـەوە دێت، ئەمـــەش لەم دوو بـــوارەدایە:

یەکەمیان کە چاکترەکەیانە: ئەوەیە کە ئەو یاسایە یان ئەو شەرعەی حوکمەکەی پێ کراوە لە پەیامی پێغەمبەرێکەوە وەرگیراوە کە حوکمەکەی سڕدراوتەوە.

بواری دووەمیان: ئەوەیە کە پێشتر یاساو ڕێسای کەس نەبووەو ئێستا لە جێی شەریعەتی خوایی دەهێنرێتە پێش و دەچەسپێنرێت.. بە هەر حاڵ خۆ هەر یاساو ڕێسایەک پێچەوانەی شەرعی خواو پێغەمبەر ﷺ بێت یان ئەوەیە سڕدراوەتەوە، یان شەریعەتەو گۆڕدراوە، کەسێک یان کەسانێک بێ مۆڵەتی خوایی دایانڕشتووە.. (مجموع الفتاوی ٣٨/١٣).

پاشان ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەو بڕیارە بنبڕە دەدات کە هەر کەسێک بەو شەریعەتانەوە پابەند بێت کە هی پێغەمبەرانی پێشوون کە بە پەیامی موحەممەد المصطفی ﷺ سڕدراونەتەوە (کە دەشفەرمووێ: ئەمیان چاکترەکەیانە) لێی قبووڵ ناکرێت چ جای ئەوەی خۆی لە هەواو هەوەس و دیدی خۆیەوە یان لە دیدو بۆچوون و هەواو هەوەسی کەسانی ترەوە هێنابێتی! بۆیە دەفەرمووێ: هەر کەسێک پابەندبوو بە سڕدراوەکە لەجیاتی سەرەوەکە ئەوە لەسەر دینی ئیسلام نییەو بە شوێن کەوتووی هیچ پێغەمبەرێکیش هەژمار ناکرێت، چونکە هەر کەسێک شەریعەتی پێغەمبەران بگۆڕێت و یاساو ڕێسایەکی دیکە بهێنێتە جێی، کارەکەی باتڵەو ناشێت کەس شوێنی کەوێت، چونکە کوفری جولەکەو دیانەکانیش هەر ئاوا بووە کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمووێ: ﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ﴾ الشوری/٢١. واتە: دیارە شەریکی وایان هەیە کە بۆ خوای گەورەیان داناوە کە یاساو ڕێسایەک دەردەکەن کە خوای گەورە ڕێی پێ نەداون..[1]

****

(١) حافز ئیبنو کەثیر لە کتێبی (البدایة والنهایة ١٢٨/١٣)دا دەفەرمووێ: هەر کەسێک ئەو شەریعەتە پاکە ڕەوایەی بۆ موحەممەدی کۆتا پێغەمبەر ﷺ **

⟵

دەبینیت کە خوای گەورە ئەوەی بە کوفر لەسەر حسێب کردووون کە بە یاساو ڕێسایەکی گۆڕدراوەوە پابەند بوون لەجیاتی پەیامەکەی خوا![1]
خوای گەورە ئەوەی لەسەر هەر هەموو مرۆڤایەتی فەرز کردووە کە دەبێت باوەڕ بە هەموو پێغەمبەرانی بهێنن، بە هەموو پەیامەکانی، بە موحەممەد المصطفی ﷺ کە کۆتا نێردراوی خوای گەورەیە، هەر هەموو مرۆڤایەتی داواکراون کە باوەڕ بە دینەکەی بهێنن، شوێنی کەون، شەریعەتەکەی وەرگرن و جێبەجێی کەن، هەموو ئەمانەش وان لە قورئان و سوننەتدا.. کەوابوو ئەوی لە قورئان و سوننەتدایە شەریعەتی خواو پێغەمبەری خوایە ﷺ و هەر هەموو مرۆڤایەتی موکەلەفن باوەڕی پێ بهێنن و پێوەی پابەند بن، کەس بۆی نییە لە شەریعەتی خوا دەرچێت، شەریعەتی خواش ئەوەیە کە موجاهیدەکان بەرگریی لێ دەکەن و لە پێناویدا دەمرن کە بریتییە لە قورئان و سوننەت.. (مجموع الفتاوى ٣٥/٢١٤).

بەمانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئا ئەوەی (سەلەفی)یەکان بە

****

هاتۆتە خوارەوە واز لێبهێنێت و داوەری خۆی بباتە لای ئەو شەریعەتانەی پێش ئەو کە بە دینەکەی ئەم نەسخ بوونەتەوە (حوکمیان سڕدراوەتەوە) کافر دەبێت، چ جای کەسێک کە دەیباتە لای یاسق و ئەوی پێ قبووڵە، چ جای ئەو کەسەی کە حوکمی یاسقەکەش لە پێشتر دەگرێت و هی ئەوی پێ باشترە لەوەی خواو پێغەمبەر ﷺ؟! هەر کەسێک وا بکات، ئەوە بە کۆڕا (ئیجماع)ی هەموو موسوڵمانان کافرە.. ئیبنو کەثیر ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەر لە یەک مەسەلەشدا حوکمی شەرعی گۆڕی و بە پێی یاسای دژ بە ئیسلام حوکمی دەرکرد هەر کافر دەبێت و کوفرەکەشی کافربوونی گەورەیە کە لە دین و ئوممەت دەیکاتە دەرەوە، ئەوە ئاگادار بین چونکە سەلەفیی زۆر دەبینین هەر لە بەهانەیەک دەگەڕێن بۆ حاکمە مورتەددەکانی بهێننەوە تا بڵێن ئەمانە هەر موسوڵمان ماون و ناشێت دژیان بوەستینەوە!
(١) ئەدی کەسێک بە شەرعی ناپلیۆن و کرۆمەرو جۆرج بۆشەوە پابەند بێت حوکمی چی دەبێت؟!

دەوروخولیـــدا دێن و دەچـــن زۆر هەڵەیەو پڕ پەڵەیە، ئەوەی ئەوان ســـواری ســـەری خۆیان بوون بـــۆی و دەیانەوێت بە نـــاوی ســـەلەفەوە خەڵکی لە بیدعەکـــەی خۆیان کۆکەنـــەوە، تەپکەیەو هـــەر گێلەپیاوی پێـــوە دەبێت! دەنا ئەو ســـەلەفێتییەی خۆیان پێوە هەڵڕۆســـکاندووەو ڕەســـمی جەژنی لە پەنـــاوە دەگرن هەر توێکڵـــەداری گەندەڵەو ناوەڕۆکی بـــە کرمی جەهمێتی خوراوە! ئـــەوەی ئـــەوان وا دەزانن بۆ هەمـــوو حوکمی بە کافـــر دانانێک دەبێـــت بزانرێت کە کابرای کافر لە ناخی خۆشـــیدا کافرێتییەکەی بەســـەر خۆیدا هێناوە! هەر گیزەگیـــزی زەردەواڵەیەو هەنگویـــن وەبەرهەم ناهێنێت، ئەوی شارەزاشـــیان بـــوو زوو دەکەوێتـــە ڕاوەدوونانیـــان و دەیانداتە بەر مێشکـــوژ!

*** ... *** ... ***

هەر کەسێک کەمێک لە توێژینەوەی عیلمیدا خۆی ماندوو کات و فیرقە گومڕاکان بناسێتەوە؛ زوو بۆی دەردەکەوێت کە (سەلەفی)یەکانی ئەم سەردەمە هەر ناویان لە ڕیزی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە دەنا لە ڕاستیدا کەڕە جەهمین، هەر لەبەر ئەوەشە ڕەنگی سەلەفیان لەخۆ داوە تا نەناسرێنەوە کە سەوزەو میوەی پلاستیکین! جا بۆ ئەوەی کەشفیش نەبن ئامادەن هەزارو یەک تەدلیس بکەن، حەق و باتڵ تێکەڵ دەکەن و دەیکەنە چەڕەدووکەڵ؛ تا لێت تێک چێت و نەزانیت خەریکی چین! سەیری نووسینەکانی (عەلی حەلەبی) کە بۆ سەرخستنی مەزهەبەکەی خۆی کە خوزلانی مورجەئییە چۆن قسە بەدەم زانای وەکو ئیمامی ئیبنو کەثیرەوە دەکات!

عەلی حەلەبی هەرچەندە دەزانێت کە ئیمامی ئیبنو کەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەو کەسە بە کافر دادەنێت کە شەریعەتی خوا دەگۆڕێت، هەر بە گۆڕینەکە بە کافری دادەنێت بێ ئەوەی لاکات بە باسی ناخی دڵ و نکوولی کردن و بەحەڵاڵ زانینەوە، بەڵام دەیەوێت ملی دەقەکانی ئەو بەرەو لای مورجەئییەتییەکەی خۆی باداتەوە!

ئیمامی ئیبنو کەثیر رحمه الله دەربارەی تەتار کە شەریعەتی خوایان لادابوو، یاسقیان هێنابووە شوێنی و حوکمیان پێ دەکرد، دەفەرمووێ: ئایا حوکمی جاهیلییەتیان دەوێت؟! کێ لە خوای گەورە حوکم و داوەری خەڵکانێک باشتر دەکات کە لە دینداریان دڵنیا بوون. ئیبنو کەثیر دەفەرمووێ: خوای گەورە لێرەدا سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکات کە وازی لە حوکمی خوای پەروەردگار هێناوە ـ کە هەموو خێرێکی لە خۆ گرتووەو لە هەموو خراپەیەکیش دوورە ـ واز لەم خێرە دێنێت بۆ بەرنامەی کەسانێک کە هەر هەواو هەوەس و ڕاو بۆچوونی کەسانێکە، کە خۆیان پەسەندییان کردووە و بێ ئەوەی ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت، یان شەریعەتەکەی خوا بیگرێتەوە ئەمەیان کردووە بە ڕێسای داوەری و حوکم! ئەمەش وەکو ئەوەیە کە ئەهلی جاهیلییەت (پێش

ئیسلام) گومڕایی و نەفامێتییەکەی خۆیان دەهێناو بە دیدو ڕای خۆیان دایان دەڕشت و دەیانکردە یاسای داوەری، یان وەکو ئەوەیە کە تەتارەکان حوکمی پێ دەکەن، کە لە سیاسەتی پاشایەتی خۆیانەوە هێناویانە، دیدو ڕای جەنگیزخانی پاشای خۆیانە، ئەو بەرنامەیەکی بۆ دارشتبوون و ناوی نابوو (یاسق)[1]، کە بریتییە لە کتێبێکی کەشکۆڵی ئەحکام و یاسا کە لە چەندین شەریعەتی جودا وەری گرتبوو وەک شەریعەتی جولەکەو دیانەکان و شەریعەتی میللەتی ئیسلام و هی تر، زۆر ئەحکام و بڕگەو بڕیاریشی تێدایە کە هەر لە هەواو هەوەسی خۆیەوە دایڕشتوون، ئیتر دواتر لای کوڕو نەوەکانی بوو بە یاساو ڕێسایەک کە شوێنی کەوتوون و خستوویانەتە پێش حوکمی قورئانەکەی خواو سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ حوکمی هەر کەسێک لەوانە وا بکات (دایڕێژێت یان داوەری پێ بکات) کوفرە، پێی کافر دەبێت و پێویستە جەنگی دژ بەرپا بکرێت تا دەگەڕێتەوە سەر حوکمی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ، تا داوەری بە غەیری حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ لە هیچ شتێکی کەم یان زۆردا ناکات.. (تفسیر القران العظیم / لابن کثیر ٢/٦٧).

کاتێک عەلی حەلەبی هەستی کرد کە ئیمامی ئیبنو کەثیر تەکفیری ئەو کەسە دەکات کە شەریعەتی خوا دەخاتە کەنار یان لێی دەگۆڕێت

****

(١) وا دەزانم ئەوەی لە فارسیدا پێی دەڵێن یاساغ هەر ئەم یاسقەیەو ئەوان چونکە ق دەکەن بە غ ئاوای لێ هاتووە، کوردیش یان لە فارسییەوە وەرگرتووە، یان هەر لە زەمانی تەتارەوە لای ماوەتەوەو بووە بە یاساغ واتە مەمنوع، پاشان بووە بە یاسا.. والله اعلم. گرنگ ئەوەیە زاراوەیەکی زۆر گونجاوو چەسپاوە بۆ بەکارهێنانی لای ئیسلامییان، چونکە لە مێشک و کلتووری کوردیدا بڕیارەکانی حکومەتە کە بەرامبەر شەرع دانراوە، بۆیە کوردەواری کە دەیانەوێت کێشەی کۆمەڵایەتی خۆیان چارەسەر بکەن، دەڵێن یا با مەلایەک شەرعمان کات، یان با بیبەینە دادگاو یاسا بۆمان یەکلا بکاتەوە! کەوابوو یاسا شتێکەو شەرعیش شتێکی تر.. (کرێکار).



یان حوکم بە یاساو ڕێسای پێچەوانەی شەرع دەکات دەستێکی کەوتە ئەملاو دەستێکی کەوتە ئەولا! ئەوجا بۆ خۆ قوتار کردن سێ تەختە ڕزیووی کردە بەلەم:

یەکەم: هەوڵیدا کە قەولەکەی ئیبنو کەثیر تایبەت بکات بە حوکمی تەتارەوە؛ بۆیە دەڵێ: ئەوە پەیوەندی تەنها بە تەتارەوە هەیە! ئینجا کەوتە وێزەی تەتار کە چەند کافرو خراپەکارو خوێنڕێژ بوون، ئەمە هەڵاتن و خۆدزینەوەیە، چونکە تایبەت کردنی حوکمی شەرع بە ڕووداوێکی تایبەتەوە باتڵە.. ئەمە جگە لەو چەواشەکاریی و تەدلیسەی کە لە فەتواکەی ئیبنو کەثیردا کردوێتی، چونکە ئەوی خوێندەواری هەبێت و دەقەکەی ئیبنو کەثیر بخوێنێتەوە دەبینێت کە ئەو دەفەرمووێ: ئەهلی جاهیلییەت و تەتار کە هەیانبوو هاتبووە ناو ئیسلامەتییەوە، ئەمانەی کردبووە نموونەی ئەوانەی کە حوکمی شەرعیان خستۆتە لاوەو یاساو ڕێسای دیکەیان خستۆتە شوێنی و حوکمی پێ دەکەن، ئیبنو کەثیر بۆ هەر یەکەیان نموونەی هێنابۆوە تا بواری ئەو تێکەڵاوی و تایبەت کردنەی حەلەبی دەیەوێت نەمێنێت! باسەکەی ئیبنو کەثیر لەسەر دوو پۆلە کافرە، یەکەمیان ئەهلی جاهیلییەت و دووەمیان تەتارە، بۆ هەر یەکەشیان نموونە دێنێتەوەو دەیاناسێنێت ئینجا حوکمی هەردوولایان دەکاتەوە بە یەک، چونکە ئەوەی کە کۆلکەی هاوبەشی حوکمەکەیە ئەوەیە کە هەردوولایان شەریعەتی خوایان خستۆتە کەنارو لە لای خۆیانەوە یاساو ڕێسای دیکەیان هێناوەتە جێی و حوکمی پێ دەکەن..

دووەم: دوای ئەمە حەلەبی پەنای بردۆتە بەر درۆیەکی ئاشکرا کە دەڵێ ئیبنو کەثیر تەتاری هەر بەوەندە تەکفیر نەکردووە کە شەریعەتی خوایان گۆڕیووە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەوان (درۆیان کردووەو مەبەستیان ئەوە بووە کوفر بکەن)! بۆیە دەڵێ: ئەو بۆیە تەکفیری کردن چونکە تەتارەکان بە ئەنقەست و کەڵەڕەقی خۆیان نکوولییان لە حوکمی شەرعی خوا کرد.. (التحذير ل ١٥). ئەمەش وا نییە.. حەلەبی وا دەزانێت

وەک بە ئاسـان بەسەر کەسـانی خۆیاندا بازی داوە بەسـەر ئێمەمانانیشدا باز دەدات! خـوای گەورە هـەر زوو مەکرو فێڵەکەی فـەزح کرد، چونکە هەر کەسـێک بچێتەوە سـەر تەفسـیری (ئیبنو کەثیر ٩٨/٢) لە تەفسیری (ئایەتی ٤٥ ی سـورەتی المائدة)دا ئەوە ڕوون دەبێتـەوە کە ئەوەی حەلەبی دەیەوێت بە زمانـی ئیبنو کەثیـرەوە ڕێکی خات ڕێـک ناکەوێت! چونکە ئەوەی حەلەبی لەوەوە نەقڵی دەکات لەسـەر جولەکەکانـە نەک لەسـەر تەتارو مەغۆل! ئـەم بە زۆر ملـی قەولەکەی ئیبنو کەثیر بـەرەو ئەولایە دەشـکێنێتەوە کە خـۆی دەیەوێت! دەنا ئـەو باس لە جولەکـەکان دەکات کە چـۆن بە نکوولـی کردنی حوکمی شـەرعی کافـر بوون.. جـا بڕوانە ئـەو فێڵکارییەی کاکەی (سـەلەفی) دەیکات؟!

ئاخر لەبـەر ئائەم فێڵ و چەواشـەکارییەیە کە هەمیشـە هۆشـداریی دەدەینە موسـوڵمانان کە لـە کتێبەکانی عەلی حەلەبی بە حـەزەر بن.. پێش ئێمـەش زانایانی تر ئەو هۆشـدارییەیان داوەتە موسـوڵمانان، کەسـێکی وەکـو دکتۆر محمد أبـو رحیم لـە کتێبەکەیدا (تحذیر الامـة من تعلیقات الحلبـي علی أقوال الائمة / جامعـة العلوم التطبیقیـة چ ١ / ١٩٩٧)..

سـێیەم: حەلەبی لـە کتێبەکەیدا (صیحـة النذیر) هەوڵی ئـەوەی داوە هـۆکاری تەکفیرکردنـی ئیبنو کەثیر بۆ ئەو کەسـەی شـەریعەتی خوای گۆڕیـوە، ئیعتیقـاد بێت نەک کـردار! تا بە حسـابی خۆی مەسـەلەی تەکفیـر زەبـت و ڕەبت کات! بـەڵام ناچار بووە قسـەی وا بـە دەم ئیبنو کەثیرەوە دروسـت کات کە ئیبنو کەثیر نەیفەرمووە! زۆر بە جورئەتیشـەوە درۆی بـەدەم ئەم ئیمامە بەڕێزەی ئەهلی سـوننەت و جەماعەتەوە دروسـت کردووە! دەنا توخـوا مەعقوولە عەقیـدەی ئیمامی ئیبنو کەثیـر هەر وەکو عەقیدەی (حەلەبی) و (جەهـم) بێـت؟!

بڕۆرەوە سـەیری دەقەکەی ئیبنو کەثیر بکـەرەوەو ورد دیقەتی بدە داخۆ هیچ شـتێکی لێ دەفامرێتـەوە کە حەلەبی بیکاتە بەڵگەی ئەو تەدلیسـەی کردوێتـێ؟! بزانە بـە هیچ کلۆجێک ئیمامـی ئیبنو کەثیـر دەفەرمووێ کە

مەرجە بۆ کافربوونی ئەو کەســـەی شـــەریعەتی خوای گۆڕیـــووە یان لادان و گۆڕینی شـــەرعی بـــە حەڵاڵ زانیووە، لـــە ناخدا ئیعتیقـــادی کافر بوونی هەبووبێـــت، یان جەخت لـــەوە دەکاتەوە کـــە هەر بەوەنـــدەی گوفتارێکی کوفریـــن یـــان ڕەفتارێکـــی کوفرین لە یەکێـــک دەرکەوت کـــە بەهانەی شـــەرعی نەبوو پێی کافـــر دەبێت.. بڕوانـــە ئیمامی ئیبنو کەثیـــر دەربارەی ئـــەو کەســـانەی کـــە حوکمیان بە یاســـا دەکەن چـــی دەفەرمـــووێ: هەر کەســـێک ئەو شـــەریعەتە پاکە ڕەوایەی بۆ موحەممەدی کۆتـــا پێغەمبەر ﷺ هاتۆتە خـــوارەوە واز لێ بهێنێت و داوەری خـــۆی بباتە لای ئەو شـــەریعەتانەی پێش ئەو کە بە دینەکەی ئەم نەســـخ بوونەتـــەوە (حوکمیان ســـڕدراوەتەوە) کافر دەبێـــت، چ جای کەســـێک کە دەیباتە لای یاســـق و ئەوی پێ قبووڵە، چ جای ئەو کەســـەی کە حوکمی یاســـقەکەش لە پێشـــتر دەگرێـــت و هی ئەوی پێ باشـــترە لەوەی خـــواو پێغەمبەر ﷺ؟! هەر کەســـێک وا بکات، ئەوە بە کـــۆڕا (ئیجماع) ی هەموو موســـوڵمانان کافرە.. (لبداية والنهاية ١١٩/١٣).

*** ... *** ... ***

بەندی دووەم

ڕەواندنـــــەوەی گومـــان و بەڵگەی مـەدخـــەلی و پاڵانتـــەوانانـــــی (سەلەفێتـــــی) لە (باب الکـــفر)دا

* گومانی یەکەم *

مەبەستی کافر بوون لە گوفتارو کرداری کوفریندا مەرجە بۆ بە کافر دانان

شێخی ئەلبانیی ڕەحمەتی زۆر هەوڵی دەدا بەڵگە لەسەر ئەو بۆچوونەی بهێنێتەوە کە گوایە هەر کەسێک گوفتارێک یان کردارێکی کوفرینی کرد، ئەگەر مەبەستی کوفر نەبووبێت پێی کافر نابێت! یەکێک لەو بەڵگانەی کە زۆر پشتی پێ دەبەست حەدیسی کابرایە کە پێش مردنی وەسێتی کرد کە ئەگەر مرد بیسووتێنن و سووتووەکەی لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا بە هەوادا بدەن تا خوای گەورە نەتوانێت کۆی کاتەوەو سزای بدات..

شێخی ئەلبانیی ڕەحمەتی لە شریتی (منهج الخوارج)دا کە یەکێکە لە زنجیرە شریتەکانی (الهدى والنور ژمارەکەی ١/٨٣٠) دەفەرمووێ: (لو كانَ كُفْراً، فالكفرُ لا يُغْتَفَرُ بنصِّ الاية، ليسَ كفراً لأنَّهُ لم يَقْصِدْ الكفرَ). واتە: بە کوفر حسێب ناکرێت، چونکە کوفر بە پێی دەقی ئایەتەکە لێخۆشبوون نایگرێتەوە.. کەوابوو مادام مەبەستی کوفر نەبووە پێی کافر نەبووە.. لە شریتی (الكفر كفران)یشدا کە (تسجيلات بيت المقدس) لە عەممان بڵاوی کردۆتەوە دەربارەی کافر نەبوونی ئەو کابرایە دەفەرمووێ: (إنَّهُ كُفْرٌلَم يَكُنْ مَقْصُوداً في القلبِ، لَم يَكُنْ مَعْقُوداً في القلبِ). واتە: ئەوە کوفرێکە مەبەستی دڵی لەسەر نەبووە، لە دڵدا بڕیاری لەسەر نەدراوە.. واتە شێخی ڕەحمەتی پێی وایە کە کارەکەی کابرا بۆ خۆی کوفرەو بکەرەکەی لە دین و ئوممەتەکە دەکاتە دەرەوە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە لە دڵ و دەروونیدا مەبەستی ئەوە نەبووە کافر ببێت، بەو کارەی کافر نابێت..

ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە لە چەند لایەکەوەیە:

یەکەم: پێشتر باس لەوە کرا کە بە مەرج وەرگرتنی (مەبەستی دڵ لە کوفر کردندا) بۆ حوکمی تەکفیر کردنی کەسێک کە گوفتارێک

یـــان کردارێکی کوفرینـــی ئەنجامداوە، ئەوە بۆچوون و هەڵوێســـتی (جەهم) و شوێنکەوتووانێتـــی، ئــەوە پێچەوانــەی بۆچوون و هەڵوێســـتی ئەهلی ســـوننەت و جەماعەتە..

دووەم: شـــێخی ئەلبانـــی بەردەوام ئـــەم بەڵگەیەی بۆ ئـــەوە دەهێنایەوە کـــە گوایە ئەنجامدانـــی کوفر بە کـــردەوە مادام (مەبەســـتی کافربوونی لە ناخـــەوە لەگەڵدا نەبێـــت) بە کوفری گەورە حســـێب ناکرێت. بـــەڵام دیارە ئەلبانی ڕەحمەتـــی خوای لێ بێت لـــە هێنانەوەی بەڵگەو چەســـپاندنی ئەم مەزهەبە بیدعەیەیدا شـــەپرێوانە دۆش داماو نەیتوانی خۆشـــی قوتار کات.. چونکە بە کەمێک ســـەرنجدانە خودی هەڵوێســـتەکەی کابـــرا دەزانین کە هەڵوێســـتەکە کـــردار نیەو ئیعتیقادە. کابـــرا لە مەبەســـتی دڵیەوەیەتی کە باوەڕی بە بێ دەســـەڵاتی خـــوای گەورە هەیـــەو پێی وایە خـــوای گەورە ناتوانێـــت ئاوا بە ســـووتوویی کۆی کاتەوەو موحاســـەبەی بکات!

کەوابـــوو کابرا بەوە کافـــر نەبووە کە ـ وەکو شـــێخ لێـــی حاڵی بووەو بەرگری پـــێ لـــە بۆچوونی خـــۆی دەکات ـ گوایـــە کوفرێکـــی عەمەلی کـــردووە.. چونکـــە کابرا بـــە هۆیەکی تر کافـــر بووە کـــە بریتییە لە:

ســـێیەم: نەزانین.. هەر کەســـێک کەمترین ئاســـتی حوکمی شـــەرعی لە کێشـــەی تەکفیردا شـــارەزا بێـــت دەزانێت کـــە نەزانین بەربەســـتێکە بـــۆ تەکفیر نەکردنی کەســـانی دیاری کـــراو.. دیارە کە خـــوای گەورە ئەم کوفـــرەی لەم کابرایـــەی نەگرت لەبـــەر نەزانینی بوو نـــەک لەبەر ئەوەی مەبەستی کافربـــوون نەبووە..

ئیمامـــی ئیبنـــو تەیمییـــەی ڕەحمەتـــی دەفەرمـــووێ: هەمیشـــە ئەو فەرموودەیـــەم دەهێنایەوە کە لە ســـەحیحی بوخاری و موســـلیمدا هەیە، ئەم کابرایـــە گومانی لـــە توانای خوای گـــەورە هەبووە، گومانی لـــەوە هەبووە کـــە ئەگەر ببێتـــە خاک و خۆڵ خـــوای گـــەورە ناتوانێت کـــۆی کاتەوە! باوەڕیشـــی وابووە کە ناتوانێـــت! ئەمەش بە کۆڕا (ئیجماع)ی موســـوڵمانان کافربوونـــە، بـــەڵام ئەو نـــەزان بوو، موســـوڵمانیش بوو؛ لەوە دەترســـا کە

خوای گەورە سـزای بـدات.. (مجموع الفتـاوی ١٤٨/٣).

به هۆی ترسـی له خـوای گـەورەو نەزانینیـەوە خوای گـەورە لێی خـۆش بوو، هەرچەنـده داواکەی لـه کوڕەکانی هەڵەش بـوو بەڵام خوای بەخشـنده پاداشتیشـی دایەوە، بەڵام لـه لوتفی خواوە بۆی بـوو بە خێرو ڕژا بەسەریدا!

شـێخی ئیسـلام دەفەرمووێ: ئـەم کابرایـه کەوتبووە نـاو نەزانین و گومانـەوە، نەزانینی ئەوەی کە خوای گەورە ئێسـک و پروسـکی پواوی خەڵکی کۆدەکاتـەوە ئینجـا زیندوویان دەکاتـەوەو لێیان دەپرسـێتەوە ئەمەش دوو ئەسڵی گرنـگە:

• یەکەمیـان: پەیوەنـدی بە خوای گـەورەوە هەیە کـه بریتییە لە بـاوەڕ پێبوونـی، بـەوەی کە توانـای بەسـەر هەموو شـتێکدا هەیە.

• دووەمیـان: پەیوەندی بـه ڕۆژی دواییەوە هەیە، کـە باوەڕبوونە بـەوەی خوای گەورە ئەم مرۆڤـه زیندوو دەکاتەوەو پاداشـتی کردەوەکانی دەداتەوە..

ئەم کابرایە بە شـێوەیەکی گشـتی دەیزانـی کە خوا هەیـەو قیامەت هەیەو سـزاو پاداشـت هەیە، کردەوەیەکی چاکەی دەربڕیوە کە ترسـانێتی لە خـوای گەورە کە زینـدووی دەکاتەوەو سـزای دەدات، لەبـەر ئەم بڕە بـاوەڕەی کە بە خوای ڕۆژی دوایـی هەیبوو و کردەوەی چاکەشـی پێکرد، خـوای گەورە لێی خۆش بـوو. (مجموع الفتـاوی ٢٦٣/١٢).

*** ... *** ... ***

* گومانی دووەم *

دڵخۆش بوون بە کوفر کردن مەرجە بۆ بە کافر دانان

شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت زۆرجار بۆ سەرخستنی بۆچوونی خۆی کە گوایە (بۆ بە کافر دانانی کەسێک کە گوفتاری کوفرین یان کرداری کوفرینی ئەنجامداوە، دەبێت بە ئەنجامدانی کارەکەی دڵخۆش بوو بێت، دەنا بە کافر دانانرێت) بەڵگەشی ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ النحل / ١٠٦-١٠٧. واتە: هەر کەسێک دوای موسوڵمان بوونی کافر ببێتەوە، مەگەر کەسێک لە ژێر تین و فشاردا ناچاری کافربوون بکرێتەوە، کافر نابێت بەو مەرجەی دڵی پڕ لە باوەڕ مابێت، بەڵام کەسێک کە بە کافربوونی دڵخۆش بێت ئەوانە خوا غەزەبیان لێ دەگرێت و سزای زۆر سەختیان دەبێت. چونکە ژیانی دونیایان پێ چاکتر بوو لە ژیانی دوارۆژیان، خوای گەورەش ڕێنمایی کافران ناکات..

ئەم بۆچوونە ڕێی ڕاستی نەگرتووە، لەبەر ئەوەی:

یەکەم: نەدەبوو شێخ خۆی لەم لێکدانەوە مورجیئانە بدات، دەبوو لەسەر ڕێسا شەرعییەکە بڕۆیشتایە کە هەمیشە دووبارەی دەکردەوە کە دەیفەرموو: (دەبێ بگەڕێینەوە سەر قورئان و سوننەت، بە تێگەیشتنی سەلەف)، لەم هەڵوێستەشدا دەبوو وای بکردایە.. بەڵام ئایا بۆچی لەم باسە دژوارەدا وای نەکرد؟ بۆچی لەم کێشە خەتەرەدا کە هەزاران زانا شوێن هەواو هەوەس کەوتن تێیداو پێیان تێیدا هەڵخلیسکاو ڕێ و شوێنی سەلەفی ساڵحی ئەم ئوممەتەیان تێدا بزر کرد؟! بۆچی ئەمیش کەوتە شوێنی ئەوانە؟!

دووەم: زانایانـــی ئەهلی ســـوننەت زۆرن لەوانەی ئەو جـــۆرە حاڵیبوونە مورجیئەییەیان لەو ئایەتە ڕەت کردۆتەوە. شـــێخ حەمەدی کوڕی عەتیقـــی نەجدی رحمە اللـــە دەفەرمووێ: ئەمما ئەو (بەرامبەرەکەی کە موناقەشـــەی ئەم مەســـەلەیە دەکات) بۆ ئەوەی خۆی ڕاپســـکێنێت لەو بەرپرســـێتییەی قورئان و ســـوننەت دەیخاتە ســـەری، بۆ ئەوەی لە ڕێی یاوەران و ســـەلەفی ســـاڵحی ئـــەم ئوممەتـــە دەرباز بێـــت دەڵێ: (هەر کەســـێک بـــە کوفر کردنەکـــەی دڵخۆش بـــوو، یەعنی بـــواری کافربوونی بۆ خـــۆی کردەوەو کردی بە شـــاڕێ و لە دینەکە پاشـــگەزبووەوەو بەمـــەش بەختیارو کامەران بوو، ئا ئەوە دەشـــێت بە کافر دابنرێـــت). ئەمە عیبارەتە ڕاشـــکاوەکەیەتی کە دەڵێ: ئەو کەســـەی کـــە گوفتارێکی کوفرین یـــان کردارێکی کوفرینی ئەنجامداوە بە کافر حســـێب ناکرێت هەتا خۆشـــحاڵی خـــۆی بەو کافربوونە دەرنەبڕێت! ئەمە بەراســـتی پێچەوانەی ئەقڵی ڕاســـت و نەقڵی دروســـتەو ڕێبازێکـــی تری غەیری ڕێبـــازی موســـوڵمانانە.. چونکە قورئانـــی پیرۆزو ســـوننەتی پێغەمبـــەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ و کـــۆڕا (ئیجـــماع)ی ئوممەتەکە هەمـــوو لەســـەر ئەوەیـــە کە هـــەر کەســـێک گوفتارێکـــی کوفرین یان کردارێکـــی کوفرینی ئەنجامدا، پێـــی کافر دەبێت، خۆشـــحاڵبوونی نەکراوە بە مەرجـــی دەرچوونی حوکمـــی بە کافـــر دانانەکەی.. ئەو کەســـەی ئەم حوکمـــە نایگرێتـــەوە، ئەو کەســـەیە کە خراوەتـــە ژێر تین و فشـــارەوەو ناچـــار کـــراوە ڕەفتارێکی کوفریـــن ئەنجام بـــدات.. ئەمما ئەو کەســـەی کە ڕەفتارێکـــی کوفرین دەکات و پێی خۆشـــحاڵە ئەوە کافـــری موتڵەقەو دوژمنـــی خـــواو پێغەمبەری خوایـــە صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ، با بە گوفتـــارو کرداریش وا نەڵێـــت، ئەمەش لـــە قورئان و ســـوننەت و کۆڕا (ئیجـــماع)ی ئوممەتدا شـــتێکی ڕوون و ئاشکرایە..

شـــێخ محمدی کوڕی عبدالوهـــاب ڕەحمەتی خوای لـــێ بێت دەربارەی هەمـــان ئایەت دەفەرمـــووێ: خوای پەروەردگار کەســـی لـــە حوکمی ئەو ئایەتە دەرنەکـــردووە ئیللا ناچارکراوێک نەبێت کە هێشـــتا دڵـــی بە باوەڕ ئاوەدانە، ئەمما غەیری ئەمـــی بە کافر داناوە، جا ئیـــتر ڕەفتارە کوفرینەکەی



لــە ترســاندا کردبێت یــان لەبەر خاتــران، یان لــە ترســی دەرنەکردن و جێنەهێشــتنی کەســوکارو عەشرەت و مــاڵ و حاڵی، یان بۆ ســوعبەت و یاری و مەزاقــی خۆی و هاوەڵگانــی خۆی کردوون یان بۆ هەر شــتێکی تــر.. ئایەتەکە ئەم حوکمــەی لە دوو لاوە تێدا ڕوون و ئاشــکرایە:

یەکــەم: ئایەتەکە دەفەرمووێ: ﴿ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ ﴾ النــحل/ ١٠٦. جگە لەو کەســەی خراوەتە ژێر تیــن و فشــارەوەو ناچارکراوە، حوکمــی ئایەتەکە هەمــووان دەگرێتەوە جگــە لەم ناچار کــراوە.. دیارە کەســێک کە ناچار دەکرێت بــۆ ئەنجامدانی گوفتارێکــە یان کردارێکە، خۆ کەس کەســێکی تر ناچــار ناکات کە دەبێــت باوەڕی لــە ناخدا بە شــتێک هەبێت!

دووەم: کــــە خــــوای گــــەورە دەفــــەرمــــووێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْـَٔاخِرَةِ ﴾ النــحل/ ١٠٧. چونکــە ژیانــی دونیایان پــێ چاکتر بوو لــە ژیانــی دوا ڕۆژیــان.. ئەمە ڕوون کردنەوەی هــۆکاری کوفر کردنەکەیانە کــە لەبەر ئەوە نییــە ئیعتیقادیان وایــە، یان نازانن، یــان ڕقیان لە دینەکەیــە، یان کافر بوونیان پێ خۆشــە، بەڵکــو لەبەر ئەوەیــە کە ژیانی دنیایــان هەڵبژاردووەو پشــکێکی ئەمیان پێ باشــتر بووە لە ژیانی ڕۆژی دوایــی بۆیە فەزڵی ئەوەیان داوە بەســەر دینەکەدا.. (کشف الشــبهات ل٤٣).

شەیخولئیســلام ئیبنو تەیمییــە دەربارەی هەمان بــاس دەفەرمووێ: (لو كان التَكَلُّــمُ بالكفر لا يكونُ كفــراً إلَّا إذا شَرَحَ به الصَّدْرُ لم يَســتثنى المُكْرَهَ فَلَمَّا اسْــتَثنَى المُكرَهَ عُلِــمَ أنَّ كُلَّ مَن تَكَلَّــمَ بالكُفْر غيرَ المُكْــرَهِ فَقَدْ شَرَحَ به صَدراً فَهو حُكْــمٌ وليسَ قَيدَاً لِحُكْــم) (ابن تيمية: الصارم المســلول ل١٧٨) واتــە: ئەگەر ئەنجامدانــی ڕەفتاریٌ کوفریــن پەیوەندی بە پێخۆشــحاڵی و دڵخۆشــبوونەوە بوایــە، ناچارکراوی لــێ دەرنەدەکرد، ئێســتا کە ناچار کــراوی لەو حوکمــە دەرکردووە، ئەوە نیشــان دەدرێت کە هەر کەســێک ڕەفتــاری کوفرینــی ئەنجامدا بە مەرجێــک ناچار نەکرابێــت، ئەوە خۆی لــە خۆیدا بــە کافربوونەکەی دڵخۆش بــووە، ئەمە حوکمــە نەک مەرجی

حوکم..

لە شـــوێنێکی تری هەمـــان کتێبـــدا دەفەرمـــووێ: (ومعلومٌ انَّـــهُ لَمْ يُرِدْ بالكُفــر هُنا اعتقادَ القلــبِ فَقَط لانَّ ذلــكَ لَم يُكْــرَه الرَّجُلُ عَلَيــهِ، وهو قَدَ اسْــتَثنَى مَن أُكْرِهَ) (ابن تيمية: الصارم المســلول ل٥٢٤) واتــە: دیارە لێرەدا مەبەســـتی لە باسـی ئەو کوفرە ئەوە نییــە باوەڕێک بێــت و تەنها لە دڵدا چەســپا بێت، خــۆ ئەمە ئەو باســە نییە کە کابرای لەســەر ناچــار کراوە، کە ئەســڵەن ناچار کراو لــەو حوکمە کراوەتــە دەرەوە..

خــۆ لەفزەکە وا نەهاتــووە بفەرمووێ: (وتی و بــاوەڕی وابوو) بەڵکو بە ڕاشــکاوی دەفەرمووێ: (ئەو کەســەی بێ ئەوەی ناچــار کرابێت وتی).. کەوابوو هەر کەســێک کە قســەیەکی کوفرینی کرد ئــەوە کەوتۆتە بەر غەزەبــی خواو حەتمــەن ســزایەکی بەژان دەدرێــت، چونکە بــەوە کافر بــووە، مەگەر ناچــار کرابێت لەســەر کردنی ئــەو قســەیە؛ ئەمیان بەر لێخۆشــبوون دەکەوێت بەو مەرجــەی ناچارکراو دڵی پڕ لە بــاوەڕ مابێت و ئیمانەکەی لاواز نەبووبێــت.. بەڵام ئەمیش ئەگەر لەژێــر ناچار کردنەکەدا بــە خۆشــحاڵییەوە قســە کوفرینەکەی کــرد، ئەمیــش ناچارییەکەی لێ قبووڵ ناکرێــت و بەو قســە کوفرینەی کردوێتــی کافر بووە..

کەوابوو پوختــەی حوکمەکە ئەوەیــە کە (هەر کەســێک گوفتارێکی کوفرینــی کــرد، پێــی کافــر دەبێت جگــە لەو کەســەی ناچــار کراوە لەســەری و دڵی پــڕ لە بــاوەڕ ماوە.. بــۆ تەئکید لەوەشــە کــە خوای گــەورە دەفەرمــووێ: ﴿لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ﴾ التوبــة/٦٦. واتە: تــازە ئێوە بە تەئکیــد دوای بــاوەڕ هێنانەکەتان کافر بوونەتــەوە.. یەعنی بە کردنی قســەی کوفریــن کافر بوون، ئەمــە لە کاتێکدایە کــە ئەوان لە ناخیاندا باوەڕیان وا نەبووەو پێشــیان ڕاســت نەبووە.. ئەمە باسوخواسێکی دوورودرێژە.. (الصارم المســلول ل٥٢٤).

* گومانی سێیەم *

(مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی) دەڵێن: زانایان لەگەڵ ئێمەدان

(حەلەبــی) خۆی هێناو بــرد تا کڵاوی مورجەئییەتی خۆی بکاتە ســەری ئیمامــی ئیبنولقەییمــی ڕەحمەتی و بــە ئێمەمانانیش بڵێ ئەوەتــا زانای وا لەگــەڵ بۆچوونەکــەی ئێمەدایە.. بــەڵام ئەمەی بۆ نەچووە ســەر، چونکە خوێندەوارانی شــەرع ئەو ئیمامە بەڕێزە دەناســن و دەزانن عەقیدەی چۆنە.. ئــەم (حەلەبی ســەلەفی)یە دەبــوو ڕێزی خــۆی و ئەو ئیمامــە بەقەدرەو ئەقڵی خوێنەرانیشــی بگرێــت و ئەو چەواشــەکارییە نــەکات، نەدەبوو ئیمامــی ئیبنولقەییم بخاتە ڕیــزی جەهمی کوڕی ســەفوان و هاوبیرانییەوە، بەڵام وا دیارە حەزی خۆسەرخســتنی ئــەو ڕێ چەوتەی پــێ گرتۆتە بەر.. ئەوەش ئەو زەیــن کوێری و دڵڕەشــییەیە کە خوای مەزن باســی فەرمووە خــوا لامانــدا: ﴿فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ﴾ الحج/٤٦: خــوای گەورە بینینەکان کوێــر ناکاتەوە بەڵکو زەینــەکان کوێر دەکات لەو دڵانەی وان لە ســینەدا..

(حەلەبــی) لە ئیمامــی ئیبنولقەییمەوە ئەم قەولە نەقــڵ دەکات: (والكلامُ اذَا لَــمْ يُرِدْ بــه قائلُهُ مَعناهُ، إمَّا لعَــدَمِ قَصده لَهُ، أمْ لعَدَمِ علْمــه به، او أنه أرادَ غيرَ مَعنــاهُ، لَمْ يُلْزِمْــهُ مَا لَم يُــرِدْهُ بِهِ بكلامــه، هَذا دينُ اللهِ الّذي أرسَــلَ بِهِ رســولَهُ) (الحلَبي: التحذير ل٧٢) واتە: ئەگەر قســەیەک بکەرەکــەی مەبەســتی ماناکەی نەبووبێــت، چ لەبەر ئەوەی مەبەســتی نەبووە وا بڵێ، یــان لەبەر ئــەوەی پەی پــێ نەبــردووەو نەیزانیــوە، یان لەبــەر ئەوەی مەبەســتێکی تری لێــی هەبوو، پێــوەی پابەنــد ناکرێــت.. ئەمەش ئەو دینەی خــوای گەورەیە کە بــە پێغەمبەری خۆیــدا ﷺ ناردویێتی..

(حەلەبی) ئا بەو شــێوەیە لــە ئیبنولقەییمی ڕەحمەتی نەقــڵ کردووە تا وا تێبگەیەنێــت کــە ئیبنولقەیمییش وەکو ئــەم دەڵێ: (بۆ بــە کافر دانانی بکــەری ڕەفتارێکی کوفرین مەرجە بکەرەکــە مەبەســتی لــەو کارەی کافربوون بێت و پێشــی خۆشــحاڵ بێت)! ئەمەی لە شــوێنێکی تریشــدا

هێناوەتـــەوەو چیرۆکـــی حەجاجی کـــوڕی عیلاتی خوا لێـــی ڕازی بێت هێناوەتەوە. (شریتی رد شـــبهة التكفيريين / تســـجيلات الميلـــم ـ مراكش).

شـــیکردنەوەو ڕەت کردنـــەوەی گومانەکـــەی (حەلەبـــی) لـــە چەنـــد لایەنێکەوەیـــە:

یەکـــەم: پێشـــتر ئـــەو جیاوازیانەمـــان دیاری کـــرد کە وا لـــە نێوان (ئەنجامدانـــی کرداری کوفریـــن بە ئەنقەســـت) و (ئەنجامدانـــی کرداری کوفریـــن بـــە مەبەســـتی دڵ)، وتمان کـــە حوکمـــی ئەهلی ســـوننەت و جەماعـــەت دەربـــارەی یەکەمیانە، بـــەڵام جەهمییەو هاوبیرانیان قســـەیان لەســـەر دووەمیانە، ئەویش نەک لەســـەر بە کافر دانانـــی بکەرەکە، بەڵکو لەســـەر حســـێب کردنی کارەکە کـــە کردارێکـــی کوفرینە! ١٩٤

(حەلەبـــی) بە ئەنقەســـت هاتـــووە دوو مەســـەلەی تێکەڵ کـــردووە: (مەسەلەی بە کافر دانانی گشتی) و (بە کافـــر دانانی کەسی دیاریکراو)، (ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی) زۆر جـار ئـــەم حیلەو حەواڵانە دەکـەن..

أ- ئیمامـــی ئیبنولقەییـــم وەکو هەر یەکێک لە پێشـــەوایانی ســـەلەفەو بـــاوەڕی وایە کە کـــردەوە جـــۆری وای هەیە کە حوکمی کوفـــری گەورەی بەســـەردا دەدرێت، بێ ئەوەی مەبەســـتی بکەرەکەی بە نـــەزەری ئیعتیبار وەربگیردرێـــت، بـــەڵام (حەلەبی) و ئەمســـالی ئەو وەکو پێشـــتر ڕوونمان کردۆتـــەوە باوەڕیان وایە کە مەرجە کەســـی بکەر کـــردەوەکەی بە حەڵاڵ بزانێت و لـــە ئەنجامدانیدا مەبەســـتی کافربوونی هەبێت!

ئیبنولقەییـــم دەفەرمـــووێ: (وأمَّا كُفــرُ العمَل فَينْقَســـمُ الى: مَـــا يُضادُّ الايمـــانَ والىَ مَا لا يُضادُّه، فَالسُّـــجُودُ للصَّنَـــم والاســـتهانَةُ بالمُصْحَف وقَتْلُ النَّبيِّ وسَـــبُّه يُضَادُّ الايمـــانَ) (ابن القيم: كتاب الصـــلاة ل٢٥). واتە: کرداری کوفریـــن دەبێت بە دوو بەشـــەوە: ئـــەوەی کە پێچەوانەی بـــاوەڕەو ئەوەی کـــە پێچەوانەی بـــاوەڕ نییە، ســـوجدە بردن بۆ بـــت و ســـوکایەتی کردن بـــە قورئان و کوشـــتنی پێغەمبەرو جنێـــو پێدانی لەوانەن کـــە پێچەوانەی

باوەڕن.

ب- ئیمامی ئیبنولقەییم و پێشەوایانی ئەهلی سوننەت چوار مەرج دادەنێن بۆ بەکافر دانانی ئەو کەسە دیاری کراوەی کرداری کوفرینی لێوە دەرکەوتووە، کە پێشتر باسمان کردن، لەوانە:

١- ئەنجامدانی کوفرەکە بە ئەنقەستێک پێچەوانەی هەڵەو ئەوی لە حوکمی ئەودایە، وەک: نوستن و سەرخۆشبوون و شتی وا.

٢- بە زانینی پێچەوانەی نەزانین و پەی پێنەبردنەوە کردبێتی.

٣- سەربەستییەکی وای بووبێت کە پێچەوانەی ناچارییە.

٤- مانای بەڵگەو هەنجەتە شەرعییەکان وا لای ڕۆشن بێت، بواری لێکدانەوەی تری شیاوی بۆ نەمێنێتەوە..

ئەگەر کەسێک بە پێی ئەو خاڵانەی سەرەوە کردارێکی کوفرینی لێوە دەرکەوت، ئەوە بە کافر دادەنرێت، ئەگەر یەکێکیشیانی بۆ بوو بە عوزر کوفرەکەی لەسەر ناکەوێت، مەگەر خۆی مەبەستی کافربوون دەرببڕێت، لەم حاڵەتە تایبەتییەیدا حوکمی کوفرە عەمەلییەکەی دەرێی لەسەر نەماوە، مەگەر خۆی بە قەولێکی کوفرین یان بە کردارێکی کوفرین تەعبیر لە کافربوونی ناخی بکات. نموونە لەسەر ئەوە: کەسێک گوفتارێکی کوفرینی لێوە بیسترا، بەڵام دوای تەحقیق لێکردن دەرکەوت کە ناچار کراوە لەسەری، یان بە هەڵە لەدەمی دەرچووە، ئەمە بە کافر دانانرێت مەگەر مەبەستی کافربوونی خۆی ڕاگەێنێت، بەوەی کە مەبەستی کافربوون بووەو خۆشحاڵە بە ئەنجامدانی ڕەفتاری کوفرین، لەم حاڵەتەیدا ناچار بوونی یان بەربەستی تری کافربوون نایگرێتەوەو حوکمی کافربوونی بەسەردا دەچەسپێت..

جا دیقەت لەمە بدەو هەڵوێستی مورجیئەی کۆن و (سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی) بهێنەرەوە بەرچاوی خۆت کە چۆن شتەکان تێکەڵ دەکەن!

ئیمامی ئیبنــو تەیمییە لەوبــارەوە دەفەرمووێ: (ولكنْ مَــن شَرَحَ بالكُفر صَــدراً مِن المُكْرَهينَ فإنَّهُ كافــرٌ أيضَاً) (ابن تيمية: الصارم المســلول ل٥٢٤). واتە: هەر کەســێک لــە ناچارکراوەکان بــە کوفر کردنەکەی خۆشــحاڵ ببێت ئەویش کافر دەبێــت.

کــە ئەمەت بــۆ ڕوون بۆوە، ئــەوە بزانە کــە ئیمامــی ئیبنولقەییم دوو مەرجی (مەبەســتی کافر بوون) و (خۆشحاڵ بوون بە کوفر کردن)ــەکەی بۆ ئەو کەســە کردووە بە عوزر کــە ڕەفتارێکی کوفرینی بــە هۆی نەزانین یان هەڵەکردن یــان جۆرێکی لێکدانەوە یــان ناچار کردنــەوە ئەنجامداوە، نەک بۆ هەمــوو بکەری ڕەفتــاری کوفرین. هــەر وەکو ئــەوەی ڕێی بە حەججاجی کــوڕی عیلات (الحجاج بــن عِلاط)دا خوا لێــی ڕازی بێت..

چیرۆکی ئەم یــاوەرە بەڕێزە وەکــو بەیهیقی لە ((دلائــل النبوة ٢٦٥/٤-٢٦٦) و (ابــن الاثير الجزري لــە الكامل في التاريــخ ١٥١/٢) و (ابن كثير لە البداية والنهايــة ٢١٦/٤) ڕیوایەتیــان کردووە، وەکــو ئیمامی ئەحمەدو بەیهیقی لــە معەممــەرەوە ڕیوایەتیان کــردووە کــە فەرموویەتی: گوێم لە ســابیتی بونانی بــوو لە ئەنەســەوە دەیگێڕایەوە کــە فەرموویەتی: کە پێغەمبــەری خوا ﷺ بــە ســەرکەوتوویی چووە نــاو خەیبەرەوەو فەتحی کــرد، حەججاجی کوڕی عیلــات هاتە خزمەتــی و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ســامان و کەســوکارم لــە مەککە جێهێشــتووە، دەمەوێ بیانهێنــم، ئەو پەیمانەم لەســەر ســووک کە، کــە پێم داویــت (یەعنی وا حســێب کە بەیعەتم هێشــتا نەداویتێ) تا لــەوە ئازاد بم قســەت پێ بڵێم و قســە بکەم، پێغەمبــەری خوا ﷺ ڕێــی دا چی دەڵــێ ڕێپێدراو بێــت!

نهێنی حوکمــی ئەمە لەوەدایە کــە حەججاجی کــوڕی عیلات هەرچی قســەیەکی بە پێغەمبــەری خوا ﷺ وتبێــت لــە دڵ و دەروونیدا مەبەســتی کوفر کــردن نەبــووە، دەنا ئەوە دەبــوو بە ڕێچکــەی هەموو موســوڵمانێک کە هەر کەســێک بیەوێت ســەروەت و ســامانی لە دەست

دوژمــــن دەربهێنێت بچێت و جنێــو بە پێغەمبەری خــوا ﷺ بدات! ئەمـــە ڕەفتارێک نییە قبـــووڵ بکرێت، چ جـــای ئەوەی ببێتـــە حوکمێکی شـــەرع..

نهێنی بە کافــر دانەنانی ئەم یاوەرە بەڕێزە لە قســـەوتن بـــە پێغەمبەری خـــوا ﷺ لەوەدایـــە کـــە حوکمێکـــی تایبەتـــە بە مافـــی خودی پێغەمبـــەری خوا ﷺ خۆیەوە.. پێغەمبـــەری خوا ﷺ دەیتوانی لەو مافەی خـــۆی بۆ هەر کەســـێک بیەوێت تەنـــازول کات.. بۆیە ئیمامی ئیبنـــو تەیمییـــە دەفەرمووێ: پێغەمبـــەری خوا ﷺ بـــۆی هەبوو لە ژیانی بەفـــەڕی خۆیدا، چۆن خۆی دەیویســـت، لە هەر کەســـێک لەوانەی جنێویان پـــێ دەدا، خۆش بوایە، بـــەڵام ئەمە لەســـەر ئووممەتەکە فەرزەو بۆیـــان نییە تەنازولـــی لێ بکەن و لە کـــەس خۆش ببن لەوانـــەی جنێو بە پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ دەدەن، چونکە ئەوە بەڵگە نەویســـتە کە هەر کەســـێک لە موســـوڵمانان جنێوی بـــە پێغەمبەری خـــوا ﷺ دا یان دوای مردنی ســـوکایەتی پێکرد ئـــەوە کافرەو خوێنی حەڵاڵـــە.. (ابن تيمية: الصارم المســـلول ل ٢٢٦).

ئا ئەمەت لە بیر بێت نەبـــادا بکەویتە تەونی جاڵجاڵۆکـــەیی مورجیئەو (ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵاتەوانانی ســـەلەفی)ی سەردەمـەوە..

تەنـــازل کردنی پێغەمبـــەری خوا ﷺ لە مافێکـــی خۆی هۆیەکی تایبەتەو ڕێ لـــە حوکمی بەکافر دانانـــی ئەو جنێودەرە نـــاسراوە ڕێپێدراوە گـــرت، بۆیە بەو قســـانەی کـــە کردبوونـــی کافـــر نەبوو مەگـــەر پێیان خۆشـــحاڵ بوایە، حاڵـــی ئەوو حاڵـــی ناچار وەکـــو یەکیان لـــێ هاتووە.. بەڵام هەر کەســـێک بێ هەبوونـــی ئەو ڕێپێدانـــە، یان بێ ئـــەوەی ناچار کرابێـــت، یان بەربەســـتێکی تـــری حوکمی کافـــر بوونی هەبێـــت جنێوی دابێـــت، حەتمـــەن بە پێـــی کۆڕا(ئیجماع)ی شەرعناســـان کافـــرەو خوێنی حەڵاڵە، کەســـیش غەیری مورجیئـــە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیـــان نەبووە.

بۆیە ئیبنولقەییم دەفەرمووێ: خوای پەروەرگار گلەیی و ڕەخنەی لەسەر ئەو کەسە هەڵگرتووە کە لە ناخی خۆیدا غایلەی وای بە دڵدا دێت، بێ ئەوەی بە گوفتار یان بە کردار دەری ببڕێت، هەر وەکو کە گلەیی و ڕەخنەی لەسەر ئەو کەسە هەڵگرتووە کە لە بێ ئاگاییەکیدا ڕەفتارێکی کوفرینی لێوە دەردەکەوێت بێ ئەوەی ویست و مەبەستی بوویێت، بۆیە ئەو کەسەی لە گەشکەی خۆشیدا یان لە سەدمەی ناخۆشیدا لە ناکاودا بە بێ بیرکردنەوەی پێشتر قسەیەکی کوفرینی لەدەم دەردەچێت بە کافر حسێب ناکرێت، هەر وەکو خۆشحاڵییەکەی خوای پەروەردگار بە تۆبەی عەبدەکەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ نموونەی پێ دەهێنێتەوە کە کابرا خۆراک و خواردنەوەکەی بەسەر حوشترەکەیەوە بوو، لەو بیابانە چۆڵە حوشترەکەی لێ بزر بوو، زۆری بۆ گەڕاو بەدوویدا وێڵ بوو؛ نەیدۆزیەوە، کە هیوابڕاو بوو، لە پڕ حوشترەکەی هاتەوە بۆ لای، لە خۆشیاندا هاواری کرد: (اللهُمَّ أنتَ عَبدِي وأنَا ربُّكَ، أخْطَأَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ) واتە: خوایە تۆ بەندەی منیت و منیش خوای تۆم! لە زۆر خۆشییدا هەڵەی کرد.. خوای گەورە لێی نەگرت.. حوکمی ئەو کەسەش کە لە زۆر تووڕەبوونیدا ئاوا لێی تێک بچێت هەر بە کوفر لەسەری حسێب ناکرێت. (ابن القيم: إعلام الموقعين عن رب العالمين ٣/٦٤).

هەروەها دەفەرمووێ: باس لەوە کرا کە کابرا لە خۆشی دۆزینەوەی حوشترو خۆراکەکەی وتی: (اللهُمَّ أنتَ عَبدِي وأنَا ربُّكَ) لە خۆشیاندا بەهەڵەدا چوو! هەرچەندە کوفرێکی زەق و ڕاشکاوی کرد، بەڵام بە کافر دانەنرا پێی، چونکە مەبەستی نەبوو. ناچاریش وایە کە گوفتارێک یان کردارێکی کوفرین ئەنجام دەدات و ویست و مەبەستی نییە، بە کافر دانانرێت پێی.. (ابن القيم: إعلام الموقعين عن رب العالمين ٣/٧٦).

ئەمما ئەو کەسەی کە ڕەفتارێکی کوفرینی لێوە دەرکەوتووە، بەڵام بەربەستێکی شەرعی هەیە کە ناهێڵێت حوکمی کافر بوونی بدرێت،

وەکو ئەو چوار خاڵەی پێشتر هێنامانەوە یان هۆیەکی تایبەت بە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوە نە ئیمامی ئیبنولقەییم نە یەکێکی تر لە پێشەوایانی سەلەفی ئەم ئەهلی سوننەت و جەماعەتە ئەوە ناکەن بە مەرجی حوکم نەدانی کە گوایە لە دڵی خۆیدا مەبەستی کافر بوون نەبووە! کەس ئەمە ناکات بە مەرج غەیری مورجیئەکان..

لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوەیە کە ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دوودڵ و ڕاڕا نەبوو لە دەرکردنی حوکمی کافر بوونی ئەو کەسەی بە سوعبەتەوە یان بە گاڵتەکردنەوە یان بە لاقرتێ و تانەو تەشەر لێدانەوە ڕەفتارێکی کوفرین ئەنجام دەدات، بێ ئەوەی ئەوەی لەسەر بکاتە مەرج کە مورجیئە دەیکەن کە دەڵێن: (دەبێ لە دڵەوە نیازی کافر بوونی هەبووبێت). بۆیە دەفەرمووێ: بە پێچەوانەی گاڵتەجاڕو سوعبەتچییەوە کە حوکمی کەوتنی تەڵاق و کافر بوونەکە دەیان گرێتەوە، ئەگەر کابرا بە سوعبەتەوە وتنی، ئەوە حوکمی شەرعی هەردووکیان (تەڵاق کەوتنەکەو کافر بوونەکە)ی دەکەوێتە سەر، لەبەر ئەوەی مەبەستی وتنەکە بووە (وتنەکە نەک مەبەستی تەڵاقدان و کافربوون لە دڵ و دەروونیدا)، سوعبەت کردنەکەی بۆی نابێت بە بەربەستی دەرنەکردنی حوکمە شەرعییەکە. بە پێچەوانەی ناچارو هەڵەوێژو بیرچووەوە کە خاوەن عوزرن و چاوپۆشییان لێ دەکرێت.. (ابن القيم: إعلام الموقعين عن رب العالمين ٧٦/٣).

هەروەها دەفەرمووێ: ئەگەر قسەکەی بۆ گاڵتەو لاقرتێ کردبوو، با مەبەستی ماناکەشیان نەبووبێت، شەرع حوکمی ئەوەی دەدات کە بەڵێ ماناکەشی مەبەست بووە، وەکو ئەو کەسەی کە گاڵتە بە کافر بوون و تەلاق کەوتن و مارەیی و گێڕانەوەی ئافرەتی تۆراو دەکات.. (ابن القيم: إعلام الموقعين عن رب العالمين ١٣٢/٣).

ئەمانە فێربە با (حەلەبی) و مەلەبی دینەکەت لێ تێک نەدەن، خوای گەورەش بەرچاومان ڕۆشنتر کات، گومانمان لە دڵ و دەروون‌دا

نەهێڵێـــت و حەقمان زیاتر بـــۆ ڕوون کاتەوەو نیشـــانمان دا..

ئەمە بە نیســـبەت حاڵ و دۆخی کەســـێکی دیاری کراوەوەیـــە، بەڵام بە شـــێوەیەکی گشتی ئەم کێشـــەیە بە پێی ئەو ڕێســـایەیە کە شەیخولئیسلام دەربـــارەی دەفەرمـــووێ: (وبالْجُمْلَة فَمَـــنْ قَالَ أو فَعَـــلَ مَا هوَ كُفْــرٌ كَفَرَ بذلـــكَ، وإنْ لَـــم يَقْصِدْ أنْ يَكـــونَ كَافِرَاً، إذ لا يَقْصِـــدُ أحَدٌ الْكَفْرَ إلَّا مَا شَـــاءَ اَللَـــهُ) (ابن تيمية: الصارم المســـلول ل ١٧٨). واتە: بە شـــێوەیەکی گشـــتی هەر کەســـێک گوفتارێک یان کردارێکـــی کوفرینی ئەنجامـــدا، پێی کافر دەبێـــت، با مەبەســـتی کافـــر بوونیشـــی نەبووبێت، خۆ کەس مەبەســـتی کافر بوونـــی ڕاناگەیەنێت، مەگەر خـــوا حەز کات!

*** ... *** ... ***

کۆتایی باس

خوا کـــردی هەنجەتی (ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی)ـــیان کەمێک بنبڕ کردو بەڵگەی شـــەرعیمان لەسەر دیدو پێناســـەو بۆچوونیـــان هێنایەوەو ســـەلماندمان کە (ســـەلەفییەکانی بـــەر ســـێبەرو مەدخەلییـــەکان و پاڵانتەوانانـــی ســـەلەفی) بۆچوونـــی مورجیئەیـــان تێخـــزاوە، لە باس و پێناســـەی بـــاوەڕ (الایـــمان)دا حاڵیان شـــەڕەو مورجیئەییتـــییەکەیان پێوە دیـــارە، لە باس و پێناســـەی کافر بوون (التکفیـــر)دا وێرانـــترن و دەڵێی لەم ســـەردەمەدا بە نوێنـــەری مورجیئەی کۆن هاتوونەوە! بـــەڵام لە دادو ویژدانـــی زیندووش نییـــە نکوولّی کردنی ڕەنجیـــان لـــە لادان و ڕادانـــی بیدعەو زینـــدوو کردنەوەی ســـوننەت، بە تایبەتی ڕەنجی شـــێخی ئەلبانیـــی ڕەحمەتی لەو هەمـــوو خزمەتە گرنگ و گەورەیـــەی بە ســـوننەتی پێغەمبەری خوای ﷺ کـــردووەو بەردەوام داوای بـــە فەرمـــوودەوە پابەندبوونی کـــردووەو ئوومەتەکـــەی هانداوە ئەوەنـــدە تەقلیدگەرا نەبن، بەردەوام داوای لە ســـۆفی دەکرد لە شـــیرکیات و بیدعە خۆ بپارێـــزن، لـــە حزبییەکانی داوا دەکرد ئیســـلام نەکەنە قوربانی حزبایەتـــی خۆیان.. ئـــەم بانگـــەوازەی بنەماو ئوســـوڵی ئیســـلامن بۆیە هەموو لەگەڵیـــدا هاودەنگین.. هەمیشـــە دەمانەوێت بـــە دادو ڕێزەوە باس لە ڕەنجـــی خێریان بکەیـــن، چونکە ناشـــێت لەبەر هەندێک هەڵوێســـتی هەڵە چاو لـــە چاکەکانیان بقوچێنیـــن.. ئیمامی ئیبنولقەییـــم دەفەرمووێ: جا هەر کەســـێک هەڵەی کردو وازی لێ بهێنرێـــت، کەس باســـی چاکەکانی نەکات، خـــۆ هەموو زانســـت و پیشەســـازیی و ئەزموونـــەکان بە هەدەر دەدرێن، مەشـــخەڵێکی ڕێ نامێنێـــت و هەموو بەردەبـــازەکان ژێرو ژوور دەبن.. (مدارج الســـالکین ٢/٣٩).

ئێمـــە وا دەڵێین تا ئەوەندە دادو ئینســـاف ڕەچاو کەین کە پارســـەنگیی پـــێ بێتـــە دی، نەبـــادا ئێمـــەش وەکـــو (ســـەلەفییەکانی بەر ســـێبەرو

مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی) بێ ویژدانانە تێکەوین و نکووڵی لە مافی خەڵکانی تر بکەین، چونکە ئەمە پابەندبوونە بە فەرمانی خوای بەرزو بێ هاوتاوە کە دەفەرمووێ: ﴿ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ ﴾ المائدە/٨. واتە: بوغزتان دەرهەق بە کەسانێک واتان لێ نەکات دادپەروەر نەبن، دادپەروەر بن، چونکە ئەوە لە تەقواو خواویستی نزیکترە..

بەڵام ئەوەی لەگەڵ شێخی ئەلبانی و (سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی)ی سەردەمدا جیاوازین، ئەو مورجیئەییەتی و جەهمێتییەیە کە تێی کەوتوون و سووریشن لەسەر لاف و گەزاف لێدانی سەلامەتی عەقیدەکەیان، کە واش نییە.. چونکە بەرنامەی خوێندنی شەرعی و بانگەشەکەیان لە خوێندنی عەقیدەکەدا زۆر نوقسانە، ئیسلامەکەیان بەش بەش کردووە، بەشێکی سووک و ئاسانیان دەست داوەتێ کە هیچ دەسەڵاتدارێکی کافرو ملهوڕیان لێ زویر ناکات! هەمیشە هۆشیان لای سەلامەتی خۆیان و پاراستنی ژیانی بەرسێبەریانە! ئەم هەڵوێستە نامۆیانەشیان لەسەر حسابی عەقیدەو دینەکەیە! زۆر پێچەوانەی مەنهەجی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت وەستاونەتەوە.. ئەوان سەلامی خوایان لێ بێت پێناسەی حەقیان پێ ئەرکی خواویستی بوو، کەچی ئەمان لە پێناسەی حەقدا منجەمنجیانەو لەبەر خاتری حاکمە ڕەزاقورسەکان چەواشەکارانە پێناسەی عەقیدەکە دەکەن!

کە بیر دەخرێنەوە؛ زۆر ملهوڕانە لەسەر هەڵەی خۆیان سوور دەبن و بە داعیانی حەقناسدا هەڵدەشاخێن و دەست و دەمیان دژیان دەخەنە کار! بە جۆرەها ناوو ناتۆرە ناوزەدیان دەکەن، لەبەر خاتری حکومەتەکان بە داعیانی حەق دەڵێن خەواریج، تا هاونەغمەی دوژمنانی ناوەو دەرێ بچڕن! دژی هەموو زاناو کەسایەتییەکن کە لەگەڵ خۆیان هاوبیر نییە، چاویان بەرایی نایات کۆمەڵێکی ئیسلامی گەشە بکات، پێیان ناخۆشە

کەسێک لە غەیری خۆیان نزیک بێتەوە، دەڵێی مەعسومییەتی شیعەیان بۆ خۆیان پچڕیوە!

(سەلەفییەکانی بەر سێبەرو مەدخەلییەکان و پاڵانتەوانانی سەلەفی) هەر چییەک بن، هەر چۆنێک بن؛ لای ئێمە موسوڵمانن ئەهلی قیبلەن، هەر دەبێت بیرخستنەوەیان بخەینە بەر دەست، تکای خواناسانیان لێ بکەین تا برایەتی دینی لەگەڵ موسوڵمانانی تردا نەپسێنن، تا سینەفراوان بن، حەقیان پێ گرنگتر بێت لە خەت و خاڵ و شیوخ و شاڵ.. تا ئەوەندە شوێن گومان و دوودڵیی نەکەون، تا بگەڕێنەوە سەر ئەم دیدە دینیەی لە قورئان و سوننەتەوە هەڵهێنجراوە، تا نەفس و نەوسیان بخەنە لاوەو لەگەڵ موسوڵماناندا بکەونە ڕێ، نەک ببنە خزمەتکاری خۆڕایی حاکمە مورتەددو مەلعوونەکان.. با هۆشیان لە سزاو پاداشتی قیامەت بێت و لەبەر خاتری خوا فەزڵی ئەو دنیا بدەن بەسەر دنیای بەردەستیاندا.. لە کۆتاییشدا پێمان چاکە بۆ بیرخستنەوە چەند خاڵێک ڕاشکاوانە بخەینەوە ڕوو، چونکە هەمیشە خوای کارزان بیرخستنەوەی کردووە بە مایەی سوود، وەک دەفەرمووێ: ﴿وَذَكِّرۡ فَإِنَّ ٱلذِّكۡرَىٰ تَنفَعُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ الذاريات/٥٥:

یەکەم: پابەندبوون بە قورئان و سوننەت بە پێی تێگەیشتنی سەلەف و پێشەوایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت فەرزە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی گۆڕاوو نەگۆڕی ئەحکامەکانی شەرع، وەکو ئیمامی ئیبنولقەییم دەفەرمووێ: بە ڕەچاوکردنی کات و شوێن و بارودۆخ و نیازو مەبەست و کارو کاردانەوە..

دووەم: کۆبوونەوەو گردبوونەوەمان لەسەر عەقیدەو بەرنامەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، وەکو زانست و مومارەسە، چونکە بە بێ گەڕانەوە سەر عەقیدە پاکەکەو بیناکردنەوەی دیدو ڕێ لەسەری، ئەستەمە سەر لە نوێ ژیانێکی ئیسلامییانە داڕێژرێتەوە، ئەمەش بەوە دەبێت کە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ و یاوەرانی بکرێتە نەخشەی ڕێ و شێوازی کاری ئەو شەرعناسانە بگیرێتە بەر کە ئوممەتەکە شایەتی

دینداریی ساغ و سەلامەتی ڕێبازو ڕەنجی پڕ خێرو فەزڵی بۆ داون.

سێیەم: پێکەوە گرێدانی بانگەوازی گشتیی خواویستی و پەروەردەی پشوودرێژی لەسەر سەرچاوەی پاکی ئیسلام، دوور لە هەموو خڵتەو خۆڵ و ڕەچاوکردنی چۆنیەتی شایەتیدانی حەقویستی و قۆناغی ململانێ و نەشونمای چەندو جۆر، هەر وەکو قۆناغەکانی سیرەی پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ..

چوارەم: فەرمانکردن بە چاکەو بەرهەڵستی کردن لە خراپە، کە مایەی کۆمەڵکاریی موسوڵمانان و پاکبوونەوەی ڕیزو کۆڕو کۆمەڵیانە لە مونکەرات و هۆکاری ڕەفتاری دۆستانەی ناوخۆی موسوڵمانانە.. لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و تواناو لێوەشاوەیی موسوڵمانان.. بۆ ئەوەی لانی کەم داعیانی خواویستی بتوانن ئەوە لە خۆیاندا بچەسپێنن کە خوای خاوەن دەفەرمووێ: ﴿ وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا ﴾ الفرقان/٥٢. واتە: جهادیان بەم قورئانە لەگەڵدا بکە. پێویستە بەوە ناکات چاوبەست لە موسوڵمانان بکرێت و فریو بدرێن بەوەی کە گوایە ئەم واقیعەی تێی کەوتوون ناشەرعی نییەو لەبەر خاتری سەلامەتی و تێکنەچوونی بارودۆخی گەدەبەلەکانی بەر سێبەر بوترێت ئیدارەی سیاسی و بارودۆخی یاسایی و داوەری و ئابووری و فێرخوازیی وڵات ناشەرعی نییە!

پێنجەم: مەرجی ڕاستیی ڕێباز وەرگرتنی هەموو ئیسلامەکەی پێکەوە، بێ ئەوەی دابڕ دابڕ بکرێت و بەشێکی لێ بگیرێتە بەر.. لەگەڵ باش تێگەیشتنی ئیسلامەکە پێویستە لە واقیعەکەش باش تێبگەیەنرێن و دیراسەی هەموو هۆکارو شێوازەکانی سەرخستنی حەق بکرێت و وەسیلەی کاریگەریی خۆی بۆ بگیرێتە بەر، تا گشتگیریی ئیسلامەکەش دەرکەوێت..

ئەگەر داعیانی ئیسلام و پێشڕەوانی کۆمەڵکاریی ئوممەتەکە لایەنێکی ئیسلامەکەیان وازلێهێنا، یان لایەنێکی ژیان و واقیعەکەیان ئیهمال کرد، بۆ نموونە گوێیان بەوە نەدا کە عەقیدەکە چۆن دەچەسپێت،

یان بەرنامە سیاسییەکە چۆن دادەڕێژرێت و دەخرێتە بەرچاوان، یان وەسیلە کاریگەرەکانی سیستەمی ئاڕاستەی ئابووریی ئیسلامیی دیاری نەکران، یان وەسیلەو چۆنیەتی فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە دیاری نەکران، یان هۆکاری خۆ بەهێزکردن نەگیرانە بەر، حەتمەن خوای پەروەردگار سەرکەوتنی خۆی دەگرێتەوەو لە جیاتی خەریکبوون بە دوژمنانی خواوە، ناکۆکی و پشێوی دەکەوێتە نێوان موسوڵمانان خۆیانەوەو ئەمەش هەر سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی و شەڕو پێکدادانی موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا.. بۆ شیکاریی زیاتری ئەم پێشەکی و ئەنجامانە بڕوانە: (ابن تيمية: مجموع الفتاوى ١٥/٤٤-٤٥)، (محمد بوالنيت: الحركة الاسلامية و مسألة الافتراق ل ٨٧-٨٨).

*** ... *** ... ***

خوای گەورە هەموومان بۆ ڕێی ڕاستی خۆی ڕێنمایی بکات.. ئامین.

*** ... *** ... ***

تەواو بوو.

والحمد لله رب العالمين

سەرچاوەکان

• ابن أبي شيبة، أبوبكر عبدالله بن محمد:

ـ كتاب الايمان / تحقيق الالباني / الكويت.

• ابن الأثير، ابو الحسن علي الجزري:

ـ الكامل في التاريخ / دار الكتاب العربي، بيروت ـ الطبعة السادسة.

• ابن تيمية، ابو العباس تقي الدين أحمد بن عبدالحليم:

ـ مجموع الفتاوى / مطابع الرياض، الطبعة الاولى ١٣٨٢ هـ.

ـ مجموع الفتاوى / تحقيق الجظار والباز / الطبعة الاولى ١٩٩٧.

ـ منهاج السنة النبوية / تنحقيق د. محمد رشاد سالم، مكتبة ابن تيمية ـ القاهرة

الطبعة الثانية ١٩٨٦.

ـ الصارم المسلول على شاتم الرسول: تحقيق محي الدين عبدالحميد، عالم الكتب ١٩٨٣.

• ابن الجوزي، عبدالرحمن:

ـ موافقة صحيح المنقول لصريح المعقول: دار الكتب العلمية، بيروت / الطبعة الاولى ١٩٨٥.

• ابن حجر، أحمد بن علي العسقلاني:

ـ تقريب التهذيب / عناية عادل مرشد ـ مؤسسة الرسالة: الطبعة الاولى ١٩٩٦.

ـ تهذيب التهذيب / مؤسسة الرسالة ـ الطبعة الاولى ١٩٩٦.

ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري / تحقيق عبدالعزيز بن باز: دار المتب العلمية / بيروت ـ الطبعة الاولى ١٩٨٩.

• ابن حزم، ابو محمد علي الاندلسي:

ـ المحلى بالآثار / دار الفكر.

ـ الفصل في الملل و الآهواء والنحل: دار صادر ـ الطبعة الاولى ١٣١٧هـ.

• ابن حنبل، أحمد الشيباني:

ـ المسند / دار صادر ـ بيروت.

• ابن خزيمة، ابوبكر:

ـ متاب التوحيد / تحقيق د. عبدالعزيز بن شهوان، الطبعة الخامسة ١٩٩٤.

• ابن رجب الحنبلي، عبدالرحمن بن أحمد الحنبلي:

ـ جامع العلوم والحكم / تحقيق شعيب الارناؤوط و ابراهيم باجس / الرسالة ـ الطبعة الثانية ١٩٩١.

ـ شرح علل الترمذي / تحقيق السامرائي، دار الكتب العلمية، الطبعة الثانية ١٩٨٥.

• ابن عبدالعزيز، عبدالقادر:

ـ الجامع في طلب العلم الشريف / الطبعة الثانية /١٤١٥ هـ.

• محمد ابن عبدالوهاب:

ـ اسباب نجاة المسؤول من السيف المسؤول.. وا لەناو (محموعة التوحيد) مكتبة المؤيد ـ الطبعة الثالثة ١٩٩٦.

كشف الشبهات / دار ابن خزيمة، الطبعة الاولى ١٩٩٧.

• محمد صالح ابن عثيمين:

ـ المجموع الثمين / مكتبة الثقافة ـ الطبعة الاولى ١٤١٦ هـ.

• ابن القيم، شمس الدين محمد بن أبي بكر:

ـ إعلام الموقعين عن رب العالمين / دار الفكر، بيروت / الطبعة الاولى ١٩٥٥.

ـ مدارج السالكين / تحقيق محمد حامد الفقي / دار الكتاب العربي، بيروت ١٩٧٢.

ـ الفوائد / دار النفائس / الطبعة الاولى ١٩٧٩.

ـ كتاب الصلاة / دار الفكر ـ الطبعة الخامسة ١٣٩٩.

• ابن كثير، ابوالفداء الدمشقي:

ـ البداية والنهاية / تحقيق أحمد ابو ملحم وآخرون ـ دار الكتب العلمية ـ بيروت / الطبعة الثالثة ١٩٨٧.

ـ تفسير القرآن العظيم / دار الفكر ت الطبعة الثانية ١٩٧٠.
• ابن ماجة، ابو عبدالله محمد بن يزيد القزويني:
ـ السنن / نحقيق محمد فؤاد عبدالباقي، دار إحياء التراث العربي ١٩٧٥.
• أبو بصير، عبدالمنعم حليمة:
ـ الانتصار لأهل التوحيد / نييه..
• ابوداود، سليمان بن الاشعث السجستاني:
ـ السنن / الدار المصرية اللبنانية ١٩٨٨.
• ابوالرحيم، محمد:
ـ تحذير الأمة من تعليقات الحلبي على الائمة / جامعة العلوم التطبيقية، الطبعة الاولى ١٩٩٧.
• بكر بن عبدالله أبو زيد:
ـ تصنيف الناس بين الظن و اليقين/ دار العاصمة، الطبعة الاولى ١٤١٤ هـ.
ـ الخطاب الذهبي / مكتبة السنة.
• محمد ناصرالدين الالباني:
ـ التحذير من فتنة التكفير، دار الراية / الطبعة الاولى ١٤١٧ ع.
ـ التحرير لاصول التكفير (شريته) سلسلة الهدى و النور ١/٨٥٥.
ـ ثلاث مسائل مهمة (شريته) سلسلة الهدى و النور ١/٨٢١.
ـ حكم تارك الصلاة / دار الجلالين، الطبعة الاولى ١٩٩٢.
ـ سلسلة الاحاديث الصحيحة / الجزء الاول، المكتب الاسلامي ـ الطبعة الرابعة ١٩٨٥.
ـ سلسلة الاحاديث الصحيحة / الجزء السادس، مكتبة المعارف ـ الطبعة الاولى ١٩٩٦.
ـ الكفر كفران (شريته) تسجيلات بيت المقدس ـ عمان.
ـ من منهج الخوارج (شريته) سلسلة الهدى و النور ١/٨٣٠.
• البغدادي، عبدالقاهر بن طاهر:
ـ الفرق بين الفرق / دار الجيل ١٩٨٧.

• البغوي، الحسين بن مسعود:
ـ شرح السنة / تحقيق شعيب الارناؤوط و زهير الشاويش، المكتب الاسلامي، بيروت: الطبعة الثانية ١٩٨٣.
• بوالنيت، محمد المراكشي:
ـ الحركة الاسلامية ومسألة الافتراق و الفرقة الناجية / دار الاعتصام، الدار البيضاء / المغرب الطبعة الاولى ١٩٩٧.
• البيهيقي، أبوبكر أحمد بن الحسين:
ـ دلائل النبوة ومعرفة أحوال صاحب الشريعة / تحقيق د. قلعجي / دار الكتب العلمية، بيروت / الطبعة الاولى ١٩٨٥.
• علي حسن الحلبي:
ـ التصفية والتربية / دار التوحيد، الطبعة الثانية ١٤١٤.
ـ رد شبهة التكفيريين (شريته) تسجيلات المسلم / مراكش ز
ـ صيحة نذير بخطر التكفير / نيه.
• سفر الحوالي:
ـ ظاهرة الارجاء في الفكر الاسلامي / منشورات جامعة أم القرى / مكتب ا لطيب .
• سعيد حوى:
ـ دروس في العمل الاسلامي / دار عمار بيروت ١٩٨٨.
• الدارقطني:
ـ السنن / عالم الكتب بيروت: الطبعة الرابعة ١٩٨٦.
• الذهبي:
ـ سير أعلام النبلاء: تحقيق شعيب الارناؤوط / مؤسسة الرسالة بيروت / الطبعة السادسة.
• سليمان، ابن عبدالله بن محمد بن عبدالوهاب:
ـ حكم موالاة أهل الأشرام وا لەناو (مجموعة التوحيد)دا.
• الشاطبي، ابو اسحاق ابراهيم بن موسى بن محمد اللخمي:
ـ الاعتصام / دار الطكتب العلمية بيروت الطبعة الثانثة ١٩٩١.

ـ الموافقـــات في أضول الشريعـــة: شرح عبداللـــه دراز / دار الكتب العلمية الطبعة الاولى ١٩٩١ز

• محمد ابراهيم شقرة:

ـ هي السلفية / مكتبة ابن تيمية / الطبعة الاولى ١٩٩٢.

• الشهرستاني:

الملل و النحل، حاشية الفصل / ابن حزم.

• محمد بن علي بن محمد الشوكاني:

ـ إرشاد الفحول / مؤسسة الكتب الثقافية الطبعة الرابعة ١٩٩٣.

• جعفر محمد بن جرير الطبري:

ـ جامع البيان في تفسير القران / دار لافكر بيروت ١٩٨٧.

• ابو جعفر الطحاوي:

ـ العقيـــدة الطحاويـــة / شرح الالباني / المكتب الاســـلامي الطبعـــة الثانية ١٩٩٣.

• ابو القاسم بن الحسن اللالكائي:

ـ شرخ أصول إعتقاد أهل الســـنة والجماعة / تحقيق ســـعد حمـــدان / دار طيبة / الرياض الطبعة الثانية ١٩٨٥.

• محمد بن عبدالرحمن المباركفوري:

ـ تحفة الاحوذي بـــشرح جامع الترمذي / دار الكتـــب العلمية بيروت الطبعة الاولى ١٩٩٠.

• ابوعبدالرحمن أحمد بن شعيب النسائي:

السنن / دار المعرفة بيروت الطبعة الاولى ١٩٩١.

• ابو زكريا محي الدين بن شرف النووي:

ـ صحيح مسلم بشرح النووي / دار الفكر بيروت، الطبعة الثانية ١٩٧٨.

پێڕست